غازی حەسەن

# لە ئەمەریکاوە

## ناسین، مەعریفە، شیکردنەوە

### بەشی یەکەم

٢٠٢٢

ئاسان بۆچاپ و بلاوکردنەوە

* ناوی کتێب: لە ئەمەریکاوە ناسین، دۆزینەوە، شیکردنەوە ٢٠٢٢
* نووسینی: غازی حەسەن
* تایپێست و نەخشەساز : نووسەر
* چاپ: یەکەم : ٢٠٢٤
تیراژی دیار نییە و بە پی دی ئێف بڵاو دەکرێتەوە

**تێبینی:**

**بەهۆی نەبوونی کڕیار و توانای دارایی، بڕیارم دا ئەم کتێبەشم بۆ ئەوەی لەنێو کۆمپیوتەرەکەم خۆرکە لێی نەدات. تەنیا بە (پی دی ئێف) بڵاویکەمەوە. نرخی کتێبەکەم تەنیا یەك (سوپاس)ی هەقیقی و لە دڵەوەیە.**

# پێشگوتن

ئەم کتێبە، دەتوانم بڵێم بریتییە لەبینین و دۆزینەوە و ناسین و ئاشنایەتی و فکر و تێڕوانینی بیرەوەریی ئاسا نووسینی ڕۆژانە و هەفتانەی خودی خۆم، لەبارەی ڕووداوە گەورەکانی جیهان و نێوەخۆی ئەمەریکا. زانیارییەکانم بە گشتی لە میدیا و دەزگا ڕاگەیاندنە جیهانییە مەزنەکانی دونیا و بەتایبەتی ئەمەریکییەکانەوە وەرگرتووە. واتە بەشێکە لە پشکنین و چاودێریی و خوێندنەوەی ڕۆژانەی ڕووداوەکان. ئەو بابەت و شت و بیرۆکانەن، کە ڕۆژانە بینراون و بوونەتە سەرەتایەک بۆ زانین و ناسین و لێکدانەوەی ئەمەریکا و لە ئەمەریکاشەوە بە دیدێکی جیاواز.

بۆ ناوم ناوە (لە ئەمەریکاوە)، بە کورتی و پوختی چونکە زانیارییەکانم بەگشتی دەربارەی سیاسەت و دۆخ و ژیان و ململانێ و پێکهاتەی بیرکردنەوەی نێوخودی ئەمەریکایە و دەمەوێت گوتارێک بێت هەقیقەتی هەنووکەی ئەمەریکا وەکو خۆی، دوور لە جووینەوە و وەسفی ئەوانی دیکە بێت.

دەمەوێت زانیارییەک بە کەسانێک بدەم، کە تێڕوانیان بۆ ئەمەریکا، تێڕوانینە بۆ بەهەشتێکی گەورەی بەهێزی گەشەکردوو.

ئەم کتێبە لە چەند بەرگێک پێکدێت، هەر بەرگەش لە چەند بەشێک پێکهاتووە، بەشێکیانم لە کاتی نووسین و سەردەمی

ڕووداوەکان بڵاوکردۆتەوە، لێرەدا بێ دەستکاریی و گۆڕانکاری وەکو خۆیان ئەو کات چۆنم نووسین بۆ مێژوو، بڵاویان دەکەمەوە. من لە ڕوانگەیەکی جیاواز لەوانی دیکە باسی نێوەخۆی ئەمەریکا دەکەم، لە دیدگایەکی جیاوازی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی شیکاری هەڵومەرجی نێوەخۆی ئەمەریکا دەکەم. نازانم چەند توانیوومە واقیع و هەقیقەتی ئەم وڵاتە مەزنە، ئەم کۆمەڵگەیە گەشەسەندووە، لە سایەی سیاسەتێکی بەهێز، خودانی گوتارێکی هەمەلایەنی زیندوو و لە هەمان گاڤدا پڕە لە کێشەی گوتاری ڕاگەیاندن پێناسە بکەم. لێرە هەموو کەسێک ئازادە و توانای ڕەخنەگرانەی هەیە و جیاوازیشە لەوانی دیکە، بە جۆرێکە گوتاریان هێز و دەوڵەت و دەسەڵات بەرهەم دەهێنێت و قەتیش خۆی لەسەرووی یاسا نابینێت. باسی دیموکراسیەت و ناکۆکییەکانی ئەم سیستەمە هێندە کۆن و کاریگەر و بەلەزەتە، سەرکوتکردنەکان و ڕەگەزپەرستی و بەپاشکۆ کردنەکانیشیان جۆریکە لەناسنامەیەکی بەهێزی هەستکردن بە سەربەخۆیی، بەڵام پێم وایە ئەمەریکای مەزن، پڕە لە کێشەی مەزن، ئەم کێشانەش سروشتین و بابەتگەلێکی ئاسایی هەر کۆمەڵگەیەکن، کە ژیان و ناکۆکی و گەشەکردن تێیاندا زیندووە.

**غازی حەسەن / ئەمەریکا**

# ئەمەریکا بڕوای وایە چەند ڕۆژێکی دیکە ئۆکرەین دەکەوێت

## (1)

ڕۆژی هەینی ١٢شوباتی ٢٠٢٢ ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆشکی سپی "جیک سالیڤان" ڕایگەیاند: (داگیرکردنی ئۆکرەین لەلایەن ڕوسیا لەهەر کاتێکی نزیک ڕوودەدات، ڕەچاو دەکات ئەمە پێش کۆتایی هاتنی ئۆلۆمپیاتی زستانەی پەکین ڕوودات)، ئەمەریکییەکان پێیان وایە (ئامارژەکان ئەوە نیشان دەدەن، کە ڕوسیا بەردەوام هێز دەنێرێتە سەر سنووری ئۆکرەین، پێشیان وایە سەرەتا هێرشی ئاسمانی دەست پێ دەکەن و دواتریش هێرشێکی خێرا بۆ گرتنی کێیف ئەنجام دەدەن).
بڕیارە بەیانی شەممە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەنێوان (بایدن)ی سەرۆکی ئەمەریکا و (پوتین*ی سەرۆکی ڕوسیا ئەنجام بدرێت. بێگومان باسی کێشەی ئۆکرەین و تاکە بژاردەی ڕوسیا و

بژاردەکانی جیهان دەکەن. لەکاتێدا ئەمەریکا داوای لە ئەمەریکییەکان کردووە، ئۆکرەین بەخێرایی جێ بهێڵن، واتە داگیرکردنی ئۆکرەین لەلایەن ڕوسیا چەند ڕۆژێکی ماوە. ڕوسیاش بەجۆرێک لەخۆبایی بوونەوە گوتیەتی "ئەمەریکا داوای پەیوەندیی و گفتوگۆی لەگەڵ پوتین کردووە"، واتە دەیانەوێت بڵێن ئێمە لەپێگەیەکی بەهێزداین.




https://www.whittierdailynews.com/2023/02/27/ukraine-/one-year-later-political-cartoons

هەموو ئەوروپا و وڵاتەکانی جیهان، جگە لە چین و هەندێک وڵاتی نزیک ڕوسیا نەبێت، هەموو دژی بیرۆکەی داگیرکردنی ئۆکرەینن، بەڵام پێ ناچێت "ورچەکەی ڕوسیا" بیر لەسزا ئابوورییەکان بکاتەوە، چونکە وای داوەتە بەر دەمی داس، کە ئیدی ڕوسیا چی دیکە ناتوانێت دان بەخۆدا بگرێت و واز لە تام و چێژی ئۆکرەین بهێنێت، یان بەڕاستی لەم زستانە ساردەدا، ڕوسیا برسی بووە و حەزی چۆتە "خواردنی لاشەی ئۆکرەین" و دەیەوێت لەهێرشێکی خێرای ئاسمانی و زەمینی ئەم وڵاتە، کە مێژوونووسەکان بە دڵی سۆڤیەتی پێشوویان دادەنا، بگەڕێنێتەوە باوەشی مۆسکۆ و کۆتایی بەم سەریەشە و کێشە بهێنێت، کە پێی دەڵێن "کێشەی ئۆکرەین". لەهەمان کاتدا ئۆکرەین ماسییەکی پڕ لەئێسکی گەورەیە و لەکاتی خواردنی لەلایەن ورچەکەی مۆسکۆ، دوور نییە هێسکەکانی لەقوڕگی ڕابچن و نەتوانێت بێ ئازار و بریندار بوون و گیرانی قوڕگی بیخوات.
چەند ڕۆژێکە و بزانین ئۆکرەین پەل بەست دەکرێت و لەسەر مێزێکی ڕازاوەی مۆسکۆ دەخورێت، یان دەبێتە ژان و کێشەیەکی گەورە بۆ مۆسکۆ.




https://www.globaltimes.cn/page/202310/1299174.shtml

# پارتی کۆماریی:
# یان گۆڕانکاریی لەهێزی ڕەشەکان، یان مردن!

## (2)

کۆمارییەکان لەپێناوی سەرکەوتنی ئەمجارەی هەڵبژاردنەکان و پاشەکشە پێکردنی دیموکراتەکان، کە هەنووکە زۆرینەی کورسییەکانی کۆنگرێسیان کۆنترۆل کردووە، بیر لەوە دەکەنەوە نوێنەرە بەفکر پارێزگارخوازە ڕەشپێستەکان بەکاربهێنن، پێیان وایە لەهەندێک ویلایەتدا لەم ڕێگەیەوە دەتوانن لەڕکابەرە دیموکراتەکان ببەنەوە.
دوای ئەوەی ساڵی ٢٠١٢ (میت رۆمنی)ی کاندێدی کۆمارییەکان لەبەرانبەر (ئۆباما) دۆڕا، دەرکەوت گەورەترین کێشەی پارتی کۆماری شێوازی پەیوەندیکردن و ڕاکێشانی دەنگدەرە جیاکانی ئەمەریکا بوو لە (ڕەنگ و پێستدا)، هەتا ئەمڕۆش بەهۆی جۆرێک لەبڕوابوون بەڕەنگی پێست، کۆمارییەکان خۆیان پتر وەکو نوێنەری زۆرینەی سپی نمایش دەکەن. هەڵبژاردنی ئەمساڵ

٢٠٢٢ دەبێتە دەرفەتێکی نوێ بۆ کۆمارییەکان بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشە کۆنە بکەن.
لە جۆرجیا پالێوراوە ڕەشپێستەکانی کۆمارییەکان ئەمجارە کار دەکەن دەنگی زۆرینە بهێنن و ئەو دیوارە بڕوخێنن، کە پێشتر کۆمارییەکان بایەخیان پێ نەدەدا و پتر گرنگیان بەدەنگی سپی پێستەکان دەدا. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە ڕەشپێستەکانیان بۆ حاکمی ویلایەتەکان و سیناتۆریش کاندێد کردووە. لە میشگانیشدا سەرۆک پۆلیسی پێشووتری دیترۆیت (جێمس کریچ) یەکێکە لەوانەی چانسی بردنەوەی زۆرە بەسەر (گریتچن ویتمەر)ی حاکمی پێشووی ئەم ویلایەتە، کە لەڕێزی دیموکراتەکان دایە.
ئێمە دەزانین ڕەشپێستەکان پتر ڕوویان لە دیموکراتەکانە و دەنگ بەنوێنەرەکانی ئەوان دەدەن، لەم هەڵبژاردنەدا کۆمارییەکان دەیانەوێت ئەم هەڵە کۆنە باوەی خۆیان چارەسەر بکەن و دەرفەتی پتر بەو کاندێدە ڕەشپێستانە بدەن، کە خاوەنی بیروبۆچوونی پارێزگارخوازین.
بەپێی ڕاپرسییەکان ئەم کاندێدە ڕەشپێستانەی لەڕیزەکانی پارتی کۆماری خۆیان کاندێد کردووە، چانسی بردنەوەیان لە سپی پێستەکان پترە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەوەی کۆمارییەکان بیر لەگرتنەبەری ئەم هەنگاوە بکەنەوە، تاکو تەرازووی لاسەنگ بوویان لەگەڵ دیموکراتەکان هاوسەنگ بکەنەوە و لەم ڕێگەیەوە دەنگی پتر لە کۆمارییەکان بهێنن و چی دیکە ئەوان لە کۆنگرێس زۆرینە نەبن.

خاوەنی کتێبی "گۆشەگیربوونی ڕەشەکان" (لیا ڕایت ڕیگوێر) لەزانکۆی جانس هۆپکن دەڵێت: ئەگەر ئەمانە بەڕێژەی ٪١٠-١٥ لەهەڵبژاردنی ویلایەتەکان و ناوەخۆییەکان دەنگی پتریان هێنا، ئەوە وادەکات دەرفەتێکی نوێ بۆ کۆمارییەکان بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە ئەو ئامانجەی دەیانەوێت. ئاماژەکان بەرەو ئەوە دەچن، کە کۆمارییەکان دەیانەوێت ئەو پەیوەندییە توندەی نێوان دیموکراتەکان و ڕەشەکان هەڵبوەشێننەوە و ئەوانیش سوود لەدەنگ و پێگەی ڕەشەکان وەرگرن. بەم شێوەیە ڕەشەکان بۆ یەکەمجار دەیانەوێت پێگەی گەورە لەنێو کۆمارییەکان بەدەستبهێنن، ئەمەش هەر تەنیا گۆڕانکاریی لەڕێژەی دەنگەکان نابێت، بەڵکو جۆرێکە لەگۆڕنکاری لەچۆنیەتی بیرکردنەوەی کۆمارییەکان و شێوازێکی نوێی مامەڵەکردن و کرانەوەیە بەڕووی ڕەشپێستەکاندا، کە لە ئەمەریکا وەکو دیاردە و ڕەوشت و خووێکی باو، ڕەشەکان پتر بەلای دیموکراتەکاندا ڕۆیشتوون و تەنیا هەندێک پێیان وایە دیموکراتەکان زیرەکانە ڕەشەکانیان بۆ بەدیهێنانی مەبەستە سیاسییەکانیان ئیستغلال کردووە.



https://www.google.com/search?sca_esv=8e5d42b73fd

تاکو ئێستا تەنیا پێنج ڕەشپێست لەنێو کۆمارییەکاندا پلەی بالآیان بەدەستهێناوە لەوانە گۆنگرێسمان لەویلآیەتی کارولینای باشوور و (تیم سکۆت) و (بۆرگیرس ئۆینەز) لە ئۆهایۆ و (بایرۆن دونالنز) لە فلۆریدا و لەم دوایانەشدا (وینسوم سیرز) لە ڤەرجینیا دەسەلآتی وەرگرت. بەپێچەوانەی ئەوە چواردە نوێنەر لەنێو پارتی دیموکراتەکان ڕەشپێستن لەئاستی ویلآیەتەکان و پەنجا و پێنج کەسی دیکەش لە کۆنگرێس پلە و پایەیان هەیە. ئەم ژمارانە جیاوازییەکی گەورەمان لەپێگە و بوون و دەنگی ڕەشپێستەکان نیشان دەدەن.

بەم جۆرە ڕەشەکان لەزۆر شوێندا دەرفەتی بەدەستهێنانی دەنگیان پتربووە، بەمەش ڕێژە و ژمارەی ڕەشپێستەکان لەنێو هەردوو حزبدا بەرەو هەڵکشان دەچێت و ئەم گۆڕنکارییە لەخشتەی کارکردن لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٢دا دەرفەتێکی نوێ بۆ ڕەشپێستەکان دەرەخسێنێت، بەتایبەتی ئەوانەی لەبیرکردنە و پارێزگارخوازیدا لە کۆمارییەکان نزیکن، سەردەمێکی نوێیان بۆ ڕەخساوە تاکو بگەنە کۆنگرێس و حووکمڕانی ویلایەتەکان.
بەپێی ئەو زانیاریانەی ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا لەم ڕۆژانە بلاویان کردۆتەوە (جان جێمس) لەهەڵبژاردنەکان ٢٠٢٠ لە دیترۆیت بەجیاوازی ١.٧ دۆڕا، (ویلسی هانت) کە فرۆکەوانێکی جەنگییە بە سێ خاڵ ئەویش لە تکساس دۆڕا، هەروەها بزنسمان (کوینسی ماکنایت)یش لە ناشفیل نەیتوانی سەربکەوێت و (رۆد دۆریلاس)یش لە فلۆریدا سەرنەکەوت.
لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٢دا بەهۆی گۆڕنکاری لەبیرکردنەوە و بەرنامەی کۆمارییەکان، کە ئەمجارە دەیانەوێت ڕەشپێستەکان ببنە هۆکارێک بۆ سەرکەوتن بەسەر دیموکراتەکان، ڕەشەکان ئاسانتر دەتوانن پێگە و پلەی باشتر بەدەستبهێنن. هەندێک لەشرۆڤەکاران پێیان وایە، کۆمارییەکان نایانەوێت چی دیکە دیموکراتەکان کۆنترۆلی دەنگدەر و کاندیدی ڕەشپێست بکەن، بەم هەنگاوەیان دەرفەتێکی باش لەپێناو بردنەوە دروست دەکەن.
یەکێک لە بەرپرسە کۆنەکانی پارتی کۆماریی بەڕاشکاوی ئەمەی بە ڕۆژنامەکان گووتەوە و ئاشکرای کردووە کە" (ئیتر چی دیکە وەکو حزبی سپی پێستەکان نامێننەوە، سپییەکان ژمارەی

پێویستی دەنگدەریان نییە، بۆیە یان دەبێت بگۆڕێین، یان دەبێت بمرین). ئەمەش ئەوە نیشان دەدات، کە کۆمارییەکان لەئەنجامی دۆڕانەکانی پێشوو، لەوە گەیشتوون، کە چی دیکە نابێت بەشێوەیەکی گشتی تەنیا نوێنەرایەتی یەک ڕەنگ و ڕەگەز و گروپ بکەن.

# سەرۆکە نوستووەکە و ئۆکرەین

## (3)

(پوتین) بەبڕیارەکانی ئاگری لەپاوانی وشکی ئەوروپا و ئۆکرەین بەردا. ئەمەریکا پێشتر لەسەر زاری (بایدن) ڕایگەیاند ڕوسیا لەماوەیەکی دیاریکراوی نزیکدا هێرش دەکاتە سەر ئۆکرەین و داگیری دەکات. ڕوسەکان ئەم قسانەی (بایدن) و زانیارییە خێراکانی هەواڵگریان بەگەمژەیی وەسفکرد، کە لەکردەوەدا خۆیان (درۆی ئاشکرا و زەقیان بۆ زەمینەخۆشکردن بۆ هێرشەکەیان دەکرد) و بەکردەوە (پوتین) گوتارێکی ئاگرینی، بەنیازی داگیرکردن پێشکەش کرد. (جۆنسون) سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا (پوتین)ی بە (دیکتاتۆر) وەسفکرد.
سەرۆکی ئەمەریکا هیچ کاتێک لەم ڕووداوە مەزنە جیهانیانەدا هێندەی ئێستا خاو و کەم قسە و لاواز دەرنەکەوتووە، تا کار گەیشتۆتە ئەوەی هەندێک لە ئەمەریکییەکان بڵێن "پوتین لە بایدن ناترسێت". بەواتای ئەوەی (بایدن) هیچ شکۆ و هێزێکی بۆ خۆی و ئەمەریکا نەهێشتۆتەوە، هەرچەندە لەسیاسەتدا ئەنجامی کۆتایی گرنگە، نەک شەڕ و خۆدەرخستنی سەرەتایی. بەڵێ دیارە (بایدن) ئەمەریکای خستۆتە سەر دووڕیانێکی مەترسیدار و دونیا گلەیی لەم وڵاتە بەهێزە کرد و مەزەندەشیان

وابوو، کە لەتەنگانەدا دۆست و هاوپەیمانەکانی پشتگوێ دەخات، تەنیا حیسابی پووشکەیەکیشان بۆ ناکات.
بەکردەوە ئەمە لەگوتارەکانی ئەم دواییەی (بایدن) و هەڵوێستی ئەمەریکا بەزەقی بەدیار دەکەوێت. ئەمەش وایکرد ڕوسیا هان بدات بەشێوەیەکی خێراتر لەخێرایی سروشتی و چاوەڕوانکراو پەلاماری ئۆکرەین بدات و جەنگی داگیرکردنی ئەم وڵاتە ڕابگەیەنێت.
لەهەمان کاتدا (ترەمپ) سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا لەیەکەمین کاردانەوەیدا (پوتین) بەکەسێکی ژیر وەسف دەکات و سەرکردەکانی ئەمەریکا بە گەمژە دادەنێت و واخۆ نیشان دەدات، ئەگەر سەرۆک بووایە ئەمە ڕووی نەدەدا. لەهەمان کاتدا دوای ئەوەی (بایدن) پێچەوانەی ئەو شتە چاوەڕوانکراوەکان، لەگەڵ ئەوروپاییەکان و ئەندامانی ناتۆ دەستیان بەجووڵە کردەوە، لەنێوەخۆی ئەمەریکادا پێیان وایە (بایدن) دەیەوێت تێکشکانەکانی لە ئەفغانسان و عێراق و هەڵوێستی بەرانبەر ئێران لەڕێگەی بڕیارە تازەکانی بۆ هاوکاری ئۆکرەین و ناتۆ ڕاست بکاتەوە. لەڕۆژانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا ڕکابەرەکانی بە (بایدن)یان دەگووت (نوستوو، یان خەوالوو). لەکردەوەدا ڕەفتاری ئەم سەرۆکە خاوە و نەرم و نیانە و دوورە لەکاردانەوەی خێرا و نیازی جەنگ و بەرەنگاربوونەوەی بەدەگمەن لێ بەدی دەکرێت. بێگومان بەهۆی گۆڕانی واقیعی شەڕەکە و خۆڕاگری ئۆکرەنییەکان کاردانەوە دژی ڕەفتارەکانی ڕوسیاش گۆڕا، بەڵام هیچ مەرج نییە تەنیا بەسزای ئابووری بتوانرێت ئەم وڵاتە بووەستێنرێت.




https://www.charlotteobserver.com/opinion/article257196522.html

ئێمە دەزانین هەر جووڵەیەکی سەربازی ئەمەریکی بۆ پاڵپشتی ئۆکرەین، پووشە وشکەکانی ئەم مەسەلەیە خراپتر گڕ دەدات و لەکێشەیەکی ناوچەیی بەرەو جەنگێکی بێ کۆتایی سەرتاپاگیری جیهانی دەبات. واتە (بایدن) یان دەبێت ئەم شەڕە جیهانییەی (پوتین) دەستی پێکردووە و چین و ئێران پاڵپشتی دەکەن، بەنزینی بەسەردا بکات، یان دەبێت خەو لەخۆی بخات و بیر لەچارەسەری دیکە بکاتەوە. سەرەتای بیرۆکەی دوورکەوتنە لەشەڕی ڕاستەوخۆی سەربازی ڕێچکەی

خۆی گرتووە و خەریکە جیهان دەبێتە یەک دەنگ و ئەنجامەکانی جەنگ شتی نوێ دەهێننە پێشەوە.

لەهەمان کاتدا لە سەعاتی یەکەمی جەنگەکەدا، ئەمەریکا پێگە و هاوپەیمان و دۆستەکانی لە ئەوروپا و جیهان تووشی نیگەرانیی و مەترسی کرد و نێوبانگ و متمانەی نێودەوڵەتی خۆی بەرەو شۆڕبوونەوە برد. هاوپەیمانە نوێیەکانی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و وڵاتەکانی بەلتیق کە تازە بوونەتە ئەندامی ناتۆ، خستە بەردەم هەڕەشە و مەترسییەکی دیکەی نوێ، بەڵام دۆخەکە خێرا گۆڕا و خەریکە دەڵێن ئەمەریکا بەشێوەیەکی دیکە سەرکردایەتی بەرەنگاربوونەوەی ڕوسیا دەکات.

ئەوەی من دەبینیم ئەم هێرشانە لەکردەوەدا بۆ تێکشکاندن و سافکردنی کێشە و ڕکابەریی و ناکۆکییەکانی نێوان ڕوسیا و چین و ئەمەریکایە، ئۆکرەین تەنیا کارتێکی قوربانی سیاسی و سەربازیی و ئابوورییە. جەنگە لەنێوان دوو جیهانی جیاواز.

# دیموکراتەکان و کۆمارییەکان جیاوازن و یەکڕیزیشن

## (4)

هێرش دژی ئۆکرەین هەموو دوانیای بەرەو ئاراستە و شێواز و قەناعەتی سیاسی و ئەخلاقی نوێ برد، زۆربەمان بڕوامان وایە, کە سیاسەت هیچ ڕەچاوکردنێکی ئەخلاقی تێدا جێ نابێتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا سیاسەتیش بریتییە لەڕەوشت و ڕەفتار و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان. ئەمەش ئەگەر ڕاستەوخۆ ئەخلاقی دروستکەری سیاسەتیش نەبێت، بەریتییە لەڕەوشت و هەڵسوکەت و بیرکردنەوەی سیاسەتمەداران.

ڕەفتارەکان و بیرکردنەوەی سەرۆکی ڕوسیا، لەجیاتی دابەشکردن و فراوانکردنی پتری جیاوازییەکان و لێکهاوێرکردنی دەوڵەتەکانی ئەوروپا، بینیمان بەپێچەوانەوە لەشەو و ڕۆژێکدا بەخێرایی پیرە ئەوروپای ڕاچڵەکاند و یەکیخستن. ئەمەریکای لەناوەخۆدا بەرەو یەکهەڵوێستیی لەبارەی هێرشەکانی سوپای ڕوسیا لە ئۆکرەین هاندا. کۆمارییەکان و دیموکراتەکانی یەکخست، بەلای کەمەوە ئەم دوو حزبە لەگەڵ پارێزگاریی و

درێژەپێدانی جیاوازییەکانیان و بیرولێکدانەوە و شرۆڤە جیاوازەکانیان بۆ کێشەی ناوەخۆیی و جیهانیش دەپارێزن، بەڵام لەداکۆکی لەئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکا یەکڕیز و یەکدەنگ دەبن، لەکاتی گوتاری ساڵانەیدا (بایدن) لەبارەی دۆخی دەرەوەی سیاسەتی ئەمەریکا بەچەپڵە و هاندانێکی گەرمەوە پێشوازی لێکرا، ئەمە نمایش نییە، بەقەد ئەوەی ئەخلاق و کەلتووری ئەم وڵاتە لەئیدارەی کێشە و قەیرانەکان بەرجەستە دەکات.

کۆمارییەکان پاڵپشتی هەڵوێست و سیاسەت و ڕەفتارەکانی (جۆ بایدن)ن لەبارەی کێشەی ئۆکرەین، هیچ گاڤێک ئەخلاق و ڕەفتاری ڕەخنەگرانەی خۆیان لەبارەی کێشە ناوەخۆییەکان و سیاسەتی ئیدارەی (بایدن) لەبیر نەکردووە. سیناتۆری کۆمارییەکان (تید کروز) دەڵێت "دەتوانین لەسەردەمی بایدن دۆخی ناوەخۆیی ئەمەریکا لەیەک وشە کورت بکەینەوە ئەویش "قەیرانە" قەیرانی هەڵئاوسانی ئابووری و قەیرانی ئەفغانستان و قەیرانی کۆڤید و قەیرانی ئۆکرەین و قەیرانی تاوان، هەروەها (لیندسی گراهام)ی نوێنەری کۆمارییەکان لەگۆنگرێس دەڵێت: تێ ناگەم لەکاتێکدا (بایدن) لەگەڵ سەپاندنی سزایە دژی کەرتی نەوت و غازی ڕوسیا، بۆچی "ئێستا ئەمە ناکات".

لەبیری نەکەین، (بایدن) دەیەوێت سود لەقەیرانە هەنووکەییە نێودەوڵەتییەکە و ئەم هەماهەنگی و پەیوەندییە نوێییە لەئاستی سیاسی و ئابووری و سەربازییە لەنێوان وڵاتەکەی و ئەوروپاییەکان و تەنیا پاڵپشتییەکانی کەنەدا و ئوسترالیا و وڵاتەکانی دیکەش وەربگرێت. سیاسەت ئەوەی نییە کە

چاوەڕوانی دەکەیت ڕووبدات، بەڵکو سیاسەت ئەوەیە چ دەکەیت و چی بەدەست دەهێنێت و چۆنی دەستەبەر دەکەیت!.
لەسیاسەتدا ئەخلاق لەپلەیەکی نزم دایە و لەبۆگەنیشدا لەپلەی یەکەم دایە، بەڵام ئەوانەی وڵاتی خۆیان و ئاسایشی نیشتمانیان لا گرنگە، لەکێشە سەرەکییەکاندا یەکڕیز دەبن، بێ ئەوەی جیاوازییەکانی خۆیان لەبیر بکەن. جیاوازیی هەمیشە نیشانە و هێمایەکی تەندروستە بۆ پێشکەوتن، بەمەرجێک ئەم جیاوازییە نەکرێتە هۆکار بۆ سنوور بەزاندن و سەپاندنی خواستی تاکڕەویی و شێواندنی ڕاستییەکان، یان نەبێتە هۆکار بۆ سەپاندنی بازنەیەکی داخراو بەدەوری گروپە جیاوازەکاندا.
ئەمەریکا لەڕێگەی ناکۆکی و ململانێی ناوەخۆیی درێژە بەپاراستنی ئەخلاق و کەلتووری دیموکراسی دەدات و بەیەکڕیزی و هاوکاریی یەکتریش پارێزگاریی لەبەرژەوندیی سیاسی و ئابووری و سەربازیی و ئاسایشی نیشتمانی خۆیان دەکەن.



https://www.etsy.com/listing/1508167951/sleepy-joe-biden-cartoon-drawing-asleep

ئەمە لەگوتاری بەهێزی ساڵانەی (جۆ بایدن) بەڕوونی دیاربوو. سەرۆکی ئەمەریکا بەزمانێکی ڕاشکاونە و شێوازێکی دۆستانە ئاخاوت، کە دژی بەکارهێنانی هێزی سەربازی دژی ڕوسیا بوو، لەهەمان کاتیشدا بەهێز بوو، نیشاندانی ڕێگر دەبێت لەهەر هەڕەشەیەک دژی هاوپەیمانەکانیان لەناتۆ، گوتی بێ دەنگ و بێ وەڵام نابن و شەڕی ئابووری بۆ ماوەیەکی درێژ لەدژی

ڕەفتارەکانی ئێستای (پوتین) بەردەوام دەبێت. ئەو گوتی ئێمە یەکگرتووین و حیسابەتەکانی (پوتین) هەڵەن. لەهەمان کاتدا گوتی ئەخلاقی ئێمە ئەوە نییە پشت بکەینە هاوپەیمانەکانمان، چاوەڕوانی ئەوەش نەبن، واتە ئاماژەی بەئەخلاق و کەلتووری ئەمەریکییەکان کرد، کە بریتییە لەدیموکراسیی و ئازادیی و هاوکاری دۆستەکانیان دژی دیکتاتۆریەت.
(جۆ بادین) لەم گوتارەیەدا نیشانی دا، هێشتا سەرکردەیەکی بەهێزە، دەتوانێت سەرکردایەتی قەیرانە جیهانییەکان بکات، هەرچەندە بەکردەوە سەرکردەیەکی پشوودرێژ و خاوە لەبڕیاردان.

# ئایا ئەمەریکا
# تا دیماهی هەر بینەر دەبێت!

## (5)

ڕوسیا گوتارەکەی بەشێوەیەک ئاراستەی ڕای گشتی دەکات، کە ئەوان لەترسی بوونی ئەمەریکا لەنێو ئۆکرەینن و نزیک کەوتنەوە لەسنووری ڕوسیا، دەستیان بەهێرش کردووە و دەیانەوێت ئەم وڵاتە کە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە داگیر بکەن. ئەمەریکاش لەگوتاری فەرمیدا بەڕاشکاوی دەڵێن بۆ ئەوەی مەرامەکەی ڕوسیا کە پێداگرییە لەسەر هەڵایسانی جەنگێکی بێ کۆتایی جیهانیی ئێمە بەسوپا هاوکاری ئۆکرەین ناکەین.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، ئایا ئەمەریکا تاکو کۆتایی دۆخەکە هەر بینەر دەبێت و لێ دەگەڕێت سوپای ڕوسیا ئەوەی دەیەوێت ئەنجامی بدات و ڕوسیا لەکۆتایدا حکوومەتێکی کارتۆنی سەربەخۆیی لە ئۆکرەین ڕابگەیەنێت و لەڕووی ئابووری و

سەربازیی و سیاسیی و دەروونی و ئەخلاقییەوە ئەم وڵاتە وێران دەکەن.
لەناوەخۆیی ئەمەریکادا لەیەکەم ڕۆژدا گوتیان ئێمە هیچ کاردانەوەیەکمان بەرانبەر هەڵسوکەوتی (پوتین) نابێت، لەڕۆژی دووەمی هەڵگیرسانی جەنگەکە لەئاکامی ڕەنگە هەڵوێستی ئەوروپاییەکان و خۆڕاگری ئۆکرەین بەشێوەیەکی یەکگرتوو پەنایان بردە بەر بیرۆکەی فشاری دیبلۆماسی و سیاسی و سزای ئابووری، بەڵام پێ ناچێت ئەم بیرۆکەیە، کە تەنیا سیناریۆیەکە نەک هەموو سیناریۆیەکان، کاریگەریی ئەوتۆیان لەسەر گۆڕینی ستراتیژی (پوتین) لەم جەنگە هەبووبێت، ڕاستە ڕوسیا لەدونیا دادەبڕن، بەڵام تاکو ئێستا نایانتوانییە پەکی بخەن.
لەناوەخۆیی ئەمەریکا خەریکە بۆچوونێکی دیکە دەردەکەوێت، ئەویش بیرۆکەی مامەڵەکردنە لەگەڵ (پوتین) وەکو تاوانبارێکی جەنگ، بەواتای (گۆڕین و دەستکاریی و تا دەگاتە کوشتنیشی) دەکرێت، هەروەها بەجۆرێک لەجۆرەکان خەریکە بیرۆکەی بەکارهێنانی سوپا و هێزی سەربازیش بۆ ڕێگەگرتن لە بەردەوامبوونی (پوتین) باسی لێوە دەکرێت. هەرچەندە تاکو ئێستا ئەمەریکا نایانەوێت ناوچەی دژە فڕین دروست بکرێت، بۆ ئەوەی هیچ پێکدادانێکی سەربازی ڕاستەوخۆ نەقەومێت، بەڵام (بلینکن) وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەسەردانی ئاوارەکانی ئۆکرەین گوتی "لەکۆتایدا ئێوە دەیبەنەوە".



https://www.caricaturemaster.com/biden-caricature

پێ ناچێت ڕای گشتی دونیا و ئەوروپا و ئەمەریکا بتوانن، یان لەقازانجیان بێت هەتا کۆتایی گەمەکە هەر بینەری مەیدانەکانی جەنگ بن و لێ بگەڕێن سوپای ڕوسیا ئەوەی دەیەوێت بیکات.

بۆیە ئەگەر ستراتیژی بیرکردنەوە و کاردانەوەکان بگۆڕێت سیناریۆی هەمە لایەن دێتە ئاراوە، لەوانە: بەکارهێنانی هێزی سەربازی دژی ڕوسیا، دانانی ناوچەی دژە فڕین. پەنا بردنە بەر چەکی قەدەغەکراو و وێرانیکەر، بەکارهێنانی شەقام دژی ڕوسیا

لەناوەخۆ و دەرەوەدا. لەتەک سیناریۆی گۆڕانکاریی لەسیستەمی بەرێوەبردنی ڕێکخراوە جیهانییەکان لەوانە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش و دادگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان. سەرباری ئەوانەش پێکهێنانی حکوومەتی کاتی لەمەنفا و درێژەپێدانی شەڕی شەقام بە شەقام و بەرگری دژی سوپای ڕوسیا پاش ڕووخانی ئەم حکوومەتەی ئۆکرەین لەئارایە.

لەبەرانبەر ئەوەشدا ڕوسیا ژمارەیەک سیناریۆی لەبەردەستە، لەوانە: دابەشکردنی ئۆکرەین بۆ چەند هەرێم و حکوومەت و دەسەڵاتێکی سەربەخۆ، هاندانی چین بۆ گرتنی تایوان، هاندانی ئێران بۆ گرتنی عێراق و سوریا و لوبنان، فەشەلپێهێنانی دانوستانی چەکی ئەتۆمی ئێران، گرتنی هەندێک وڵاتی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان سونە و شیعە. لەکۆتایشدا دوور نییە سیناریۆی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بکاتە ڕاستی و لەم ڕێگایەوە بیەوێت کۆتایی بەخەونەکانی مرۆڤایەتی و پێشکەوتن بهێنێت.

کورد گوتەنی ئەمەریکا لەم دۆخەدا دارێکی بەدەستەوە، هەردوو سەری پیسە، بێدەنگی و خۆدوورگرتن لە جەنگی ڕاستەوخۆی سەربازیی هانی پتری ڕوسیا دەدات لەبەردەوام بوون، بەکارهێنانی بیرۆکەی هێزی سەربازیش کێشەکان خراپتر و مەترسیدار دەکات و هەموو شتێک لەکۆنترۆل دەردەچێت.

# ترەمپ و بەنزین، کێشەی بایدنن

## (6)

لەدوای هەڵگیرسانی شەڕی ئۆکرەین، نرخی سوتەمەنی و بەتایبەتیش بەنزین لە ئەوروپا و ئەمەریکاش بەرەو بەرزبوونەوەیەکی خێرایە. لەهەندێک ویلایەتی ئەمەریکا یەک گالۆن بەنزین بۆتە نزیکەی حەوت دۆلار و لەهەندێکیشیان گەیشتۆتە چوار دۆلار و نیو. ئەمە بۆ هاووڵاتیان بەکارەسات دادەنرێت. (بایدن) لەهەموو گوتارەکانیدا بەبایەخەوە ئاماژەی بە بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین و کەلوپەل کردووە، داواشی کردووە کۆمپانیاکان ئیستغلالی بارودۆخەکە نەکەن.

هەرچەندە کۆماریی و دیموکراتەکان لەچۆنیەتی مامەلەکردنی سەرۆکی وڵات لەگەڵ کێشەی ئۆکرەین یەکڕیز و یەکدەنگ بوون، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە بیر لەبیرۆکە و پڕۆژەی جیاوازیش نەکەنەوە، بۆ ڕاگرتنی سەرۆکی ڕوسیا و سزادانی پتر و تەنیا بیرکردنەوە لەهاوکاری سەربازیی ئۆکرەین بۆ تێکشکاندنی خەونی (پوتین). لەهەمان گاڤیشدا هەڵبژاردنیان لەپێشە و پێویستیان بە ڕکابەری و بیرۆکە و پڕۆژەی هەمەجۆری جیاوازیش دەبێت. ژمارەیەکی زۆری کۆنگرێسمانەکان داوای سزادانی پتری (پوتین) و ڕوسیا دەکەن،

سەرباری خێراکردنی هاوکاری سەربازی مرۆیی ئۆکرەین. هەرچەندە ئەمەریکا هەتا ئێستاش بیرۆکەی ناوچەی دژە فڕین ڕەت دەکاتەوە.

بەپێی ڕاپرسییەکی نوێی کۆمپانیای ( Redfield & Wilton Strategies ) دەرکەوتووە، کە (ترەمپ) دەتوانێت (بایدن) لەهەڵبژاردنی دادێ ببەزێنێت، بەپێی ڕاپرسییەکە (ترەمپ) بەڕێژەی ٤٢٪ سەردەکەوێت و ٤٠٪یش پاڵپشتی (بایدن) دەکەن. (ترەمپ) دەبێژێت لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٤دا "خەڵک زۆر دڵخۆش و بەختەوەر" دەبن. دیارە لەمەدا مەبەستی ئەوەیە، کە خۆی سەردەکەوێت و تاکو ئێستاش پێداگری دەکات لەهەڵبژاردنەکان گزی و ساختەکاری کراوە، ئەگەر نا ئەو براوە بووە.



https://suindependent.com/editorial-cartoon-biden-/border-security-action

لەوتارێکی سیاسی (نەوت گینگێرچ) لەرۆژنامەیەکی ئەمەریکیدا لەبارەی سیاسەتی (بایدن) و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی وزە و نەوت و بەنزین لەنێو ئەمەریکا بەدیدێکی ڕەخنەگرانە دەڵێت: کاتێک سەرۆک داوای لە سعودیە و ئێران و ڤەنزوێللا کرد تاکو نەوتیان لێبکڕێت، لەپێناو چارەسەری کێشەی نەوت و غازی ناوەخۆیی. کەچی بەرهەمهێنانی نەوت و غازی ئەمەریکی و کەندەی ڕەت دەکاتەوە. ئەم نووسەرە دەپرسێت بۆ (بایدن) لەجیاتی پارە بنێرێتە ئۆکلاهۆمای ئەمەریکی پارە دەنێرێتە ئێران، یان پارە دەنێرێتە ڤەنزوێللا لەجیاتی ئەوەی بە تکساسی بدات؟. بۆچی دەیەوێت پارە ڕەوانەی دەرەوەی ئەمەریکا بکات، بۆچی ئەو پارەیە نانێرێتە کەنەدا لەجیاتی ئەوەی بۆ سعودییەی بنێرێت؟. (ترەمپ) چەند رۆژێک پێش ئێستا لە کەنالی فۆکس نیوز، کە پێشتریش هاوکاری ئەویان کردووە، دەڵێت (هەنگاوەکانی پوتین بۆ دروستکردنەوەی سۆڤیەت، خۆشەویستی لەپشتە) ئەو پێشتریش هەنگاوەکانی (پوتین)ی بەژیرانە وەسفکرد، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ڕەخنەی توندی ڕووبەڕوو ببێتەوە، هەرچەندە لەکۆتایی ئەم قسانەیدا دەڵێت (پوتین) نەیتوانی ئەوەی دەیەوێت بیکات و "داگیرکردنی ئۆکرەین بە فاشل" ناو دەبات. قسەکانی (ترەمپ) لێدانی (بایدن)ە و لەهەمان کاتیشدا ئەوەمان

نیشان دەدات، کە (ترەمپ) جۆرێک لەسەرسامی بە (پوتین)ی پێوە دیارە.

(بایدن) لەنێوەخۆدا و دیموکراتەکان بەگشتی لەقۆناغی نوێی هەڵبژاردنەکانی دادێ، لەنێوەخۆدا بەهۆی سیاسەتی دەرەوەی سەرۆک و کێشە جیهانییەکان و هەڵاوسانی نێوەخۆی ئابووریی و بەرزبوونەی نرخی بەنزین و کرێ و کەلوپەل و پێویستییەکانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان ڕووبەڕووی چەندین کێشە دەبنەوە، وەلێ ئەوەی ئێستا دەبینرێت لێدوانەکانی (ترەمپ)ە، کە بەتوندی قسە دەکات و ئەوی دیکەش سیاسەتی (بایدن)ە لەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە دەرەکییەکان و بەرنامەی ڕووبەڕووبوونەوەی بەرزبوونەی نرخی نەوت و غاز و بەنزین لەنێوەخۆی ئەمەریکا و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی سزادکان دژی ڕوسیا و چارەسەرکردنی کێشەی ئۆکرەینە.

(بایدن) بیرۆکەیەکی نوێی بۆ چارەسەری بەرزبوونەی نرخی بەنزین، پێشکەش کرد، ئەویش هاندانی خەڵکە بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلی کارەبایی بکڕن، کڕینی ئەم ئۆتۆمبێلە نوێیانە پێویستی بەپارەیەکی زۆر هەیە و هاووڵاتیان ناتوانن ئەم پارە زۆرە بە ئۆتۆمبێل بدەن، لەکاتێکدا هاووڵاتیان ئێستا بەدەست نرخی بەنزین دڵتەنگن، چۆن دەتوانن بەپارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێلی کارەبایی بکڕن. ئەمە بیرۆکەی ئەوروپاییەکانمان بیر دەخاتەوە، کە نرخی نان بەرز دەبێتەوە بە هاووڵاتیانیان دەڵێن بڕۆن کێک بخۆن. (بایدن)یش کە نرخی بەنزین بەرز دەبێتەوە بە هاووڵاتیان دەڵێت بڕۆن ئۆتۆمبێلی گرانبەهای کارەبایی بکڕن. نازانین ئەمە نوکتەیە، یان گاڵتەکردنە بەعەقڵی خەڵک.


هەموو دونیا خەریکی کێشە ئۆکرەین و چارەنووسی جیهانە و ترسی جدی لەهەڵگیرسانی شەڕی سێیەمی جیهانیی هەیە، کەچی (ترەمپ) خەریکی بەرنامە و کاری خۆیەتی، کار بۆ بەدەستهێنانی متمانەی دەنگدەر لەهەڵبژاردنی داهاتوو دەکات. کورد گوتەنی هەر شەڕێک بۆ جوامێرێک.

# ئەمەریکا
# بەرەو سیاسەتە کۆنە نوێیەکە

## (7)

گەلێک لەسیاسییە جیهانییەکان و بڕیار بەدەستانی جیهان پێیان وایە دوای هێرشەکانی سوپای ڕوسیا بۆ سەر ئۆکرەین و هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لەلایەن سەرۆکی ڕوسیا، دونیا تووشی ڕاچلەکین و وەستانێکی تۆقێنەر بوو.
سەرۆکی ئەمەریکا لەپێناو پینەکردنی ئەو کون و شەبەقە گەورانەی لەئاکامی سیاسەتی دەرەوە دروستبووە، دەیەوێت بۆ ڕاستکردنەوەی باری خواربووی سیاسەتی دەرەکی وڵاتەکەی، لەناوەخۆی ئەمەریکادا هەندێک لەبوارەکانی خزمەتگوازی باشتر بکات، بەڵام کۆرۆنا وەکو بەڵایەکی گەورە یەخەی (بایدین)ی گرت و کۆرۆنا تەواو نەبووە، کێشەی ئۆکرەینیشی بەسەردا هات. ئەمە وەکو دوو کێشەی جیهانیی و لەهەمان کاتدا ناوەخۆیش کاریگەرییان لەسەر سیاسەت و ئیدارەکەی سەرۆکی ئێستای ئەمەریکا هەیە.

لەسەردەمی سەرهەڵدانی شەڕی ساردا، سەرۆکی ئەو کاتی ئەمەریکا (هاری ترۆمان)بوو سیاسەتێکی نوێی بەناوی (پاڵپشتی گەلانی ئازاد) ڕاگەیاند، بۆ ئەوەی پێش لە سۆڤیەت بگرێت. لەم سەردەمەشدا (بایدن) لەگوتاری ساڵانەدا ڕایگەیاند ئەوان پاڵپشتی ئەورووپان و (ئازادی سەردەکەوێت بەسەر ستەمکاری).




https://theweek.com/cartoons/745258/political-cartoon-trump-gop-tax-plan-democrats

بۆ بەختی (بایدن) ناتۆ لەترسی هەڕەشەکانی ڕوسیا هاتنەوە ژێر سێبەری ئەمەریکا و بەهەزاران سەربازی ئەمەریکا چوونە

ئەوروپا و سنووری ڕۆژهەڵاتی ئەم وڵاتانەی لەسەر سنووری ڕوسیان دەپارێزن. خەریکە ڕای گشتی لەبەر ئۆکرەین، پاشەکشە و کارەساتی کشانەوەی ئەمەریکا لە ئەفغانستان لەبیر بکەن. لەناوەخۆ چەند ئەندامێکی کۆنگرێسی کۆمارییەکان بەتوندی ڕەخنە لەسیاسەتی (بایدن) دەگرن و بەلایەنگیری سیاسەتی (پوتین) ناویان دەهێنرێت و دژی سیاسەتی ئۆکرەینن و پێیان وایە سەرۆکی ئۆکرەین خوێنڕێژە. پێچەوانەی ڕوسیا بیروڕای هیچ کەسێک و بەرپرسێک و دەزگایەکی ڕاگەیاندن سانسۆر ناکرێت.

وەکو ڕۆژنامەی "فاینانشیال تایمز دەڵێت: کۆشکی سپی ئەگەر توانی ئیستغلالی ئەم دۆخە تازەیە بکات دەتوانێت سیاسەتێکی نوێی دەرەکی بینابکات.

ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمزیش پێی وایە ئەگەر ئاو گەیشتە کونەکەوە، دوور نییە (پوتین) چەکی ئەتۆمی بچووک لەهەندێک ناوچەی دوور لەدانیشتوان بۆ تۆقاندنی جیهان بەکاربهێنێت. بێگومان کێشەکان ئاڵۆزن، لەنێوان دانانان بەشکان و بەدەستهێنانی دەستکەوتی سەربازی و سیاسیی، ڕوسیا دەیەوێت نیشانی بدات ئەم جەنگە بۆ کۆتایی پێهێنانی تاکجەمسەریی جیهانە بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا و ئەمەریکاش بەڕاشکاوی ڕایگەیاندووە، کە ئەوان بەهیچ شێوەیەک سەربازی خۆیان نانێرنە نێو ئۆکرەین، بۆ ئەوەی شەڕی سێیەمی جیهانی هەڵنەگیرسێت، بەڵام هاوکاری مرۆیی ئەمنی و چەکی سەربازی ئەم وڵاتە دەکەن.

ئەمەریکییەکان لەلایەک خۆیان بۆ هەڵبژاردنی ناوەخۆیی و مژولی چارەسەری کێشەی ئابووری و دارایی و کرێ و تەندروستی و پەروردە و نەوت و غاز و وزەن و لەلایەکی دیکەشدا خۆیان بۆ سەرکردایەتی جیهانی ئازاد ئامادە دەکەن. پێ دەچێت لەئاکامی شەڕی ئۆکرەین پەیوەندیی نێودەوڵەتی بەرەو ئاراستە و ئاقارێکی نوێ بچێت، بۆیەشە ئەمەریکا بێ ئەوەی هێزی سەربازی بەکاربهێنێت، سەرکردایەتی جەنگێکی ڕانەگەیەنراو دەکات (لەپێناو پاشەکشە پێکردنی ڕوسیا بۆ نێو کریملین) ئەم جەنگەش، جەنگێکی ئابووری درێژخایەنە.

ئەمەریکا لەناوەخۆدا لەڕووی دەروونییەوە خۆیان بۆ کێشە و قەیران ئامادە دەکەن، لەهەمان کاتیشدا دەیانەوێت ئەم شەڕەی کە ئەوان دەستیان پێ نەکردووە و بە سوپا تێیدا بەشدار نین لەقازانجی گێڕانەوەی شکۆی ئەمەریکا بەکاربهێنن. بۆیە ئەمەریکا دەبێت دۆستەکانی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا ئاشت بکاتەوە و متمانەیەکی نوێ بینا بکات. کە هەمیشە دۆستەکانی لەنیگەرانی دان و پێیان وایە ئەمەریکا زوو پشتیان تێ دەکات.

# وشە ئەتۆمییەکانی بایدن

## (8)

قسەکانی بایدن لە پۆلەندا، ئەو کاتەی لەبەردەم سەربازەکانی سوپای ئەمەریکا وەستابوو، پیتزای لەگەڵیان خوارد و وێنەی سێلفی لەگەڵیان گرت جۆرێک لە ئاوازەی دەربڕینەکانی گۆڕا، هەندێکیش پێیان وایە ئەو شتانەی گوتی پەیوەندیی بەناخی خۆیەوە هەیە و بڕوای بەم شتانە هەیە و هەشیانە پێیان وایە ئەمە لەزار دەرچوونە و کابرا پیر بووە. لە میانەی سەردانەکەیدا گوتارێکی پێشکەشکرد، لەگوتارەکەیدا وەکو ئەوەی موشەکێکی ئەتۆمی بتەقێنێت، بە وشە تەنیا لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەیەک گوتی "پێویستە پوتین لەدەسەڵات نەمێنێت" هەموو دوانیای تووشی هەژان و لێکدانەوە و پەرچەکردار کرد. هەر زوو هێشتا جێ خشکەی وشەکان بەسەر زاری (بایدن)ەوە مابوون، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (ئەنتۆنی بلینکن) گوتی مەبەستی سەرۆک ئەوە نەبووە و گۆڕینی ڕژێم لە ڕوسیا لەبەرنامەی ئەمەریکادا نییە، گوتی "ئەم شتە لەسەر

مێزی سیاسەتی ئەمەریکا نییە". کۆشی سپیش بەهەمان شێوە کۆشا ئاراستەی قسەکانی بایدن ڕاست بکاتەوە.
قسە لەزارێک دەکەوێتە شارێک، ئەو قسەی خۆی کرد، لەم ماوەیەدا (ئارۆن دێڤید میللەر) لەدامەزراوەی (کارنیگی ئاشتی نێوەدەوڵەتی) ئاماژەی بە بۆچوونێک کرد و گوتی: "گوتارەکە زۆر گرینگ بوو، یەک ڕستە ئامانجی گوتارەکەی پیشان دا". ئەمەی (بایدن) گوتی ئەگەر هەمووی بیروڕا و قەناعەتی سیاسیشی نەگرێتەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەمە بەشێکە لەهەڵوێست و بیرکردنەوەی سەرۆکی ئەمەریکا. لەڕێگەی ئەم دەربڕینەدا هەڵوێست و لێکدانەوە و تێڕوانینی وڵاتەکانی دونیا و کاردانەوەی ڕوسەکانیشیان زانی. پێشتر (ترەمپ) گومانی خرایە سەر کە لایەنگریی (پوتین)ە و پەیوەندییەکانیان جێگەی پرسیار و نیگەرانییە، تەنیا ڕوسیا گومانی دەستێوەردانی هەڵبژاردنی ئەمەریکاشی لێ دەکرێت.




https://thelistwire.usatoday.com/lists/president-joe-biden-and-former-president-donald-trump-in-political-/cartoons

سەرۆکی ئەمەریکا لەماوەی یەک مانگی ڕابردوو ژمارەیەک وشەی وەکو وەسف و هەڵوێست بۆ نیشاندانی پێگەی سەرۆکی ڕوسیا بەکارهێنا، کە هەر هەموویان (هێرش و نیشاندانی پوتین وەکو کەسێکی تاوانبار و شەڕانگێز)ە. سەرکردە گەورەکانی دونیا زۆر بەدەگمەن ئەم جۆرە وشانە لەوەسفی سەرکردەکانی دیکەدا بەکاردەهێنن. (بایدن) بەزاری خۆی ئەوها وەسفی

(پوتین) دەکات و دەڵێت "تاوانباری جەنگە" و "قەساب" و "بەلتەچی" و "دیکتاتۆرێکی خوێنڕێژ"ە و "ویژدانی نییە".. تاد. کرملینیش وەکو کاردانەوەیەکی خێرا گوتی "ئەمە ئیشی بایدن نییە، کێ لەلایەن ڕوسەکان بە سەرۆک هەڵدەبژێرن". لەهەمان کاتدا ئاوازەی کاردانەوەکەیان توند نەبوو، پێ دەچێت نەیانویستبێت ئەم مەسەلەیە ببێتە مشتومڕێکی سەرتاسەری و زۆر قسەی لەبارەوە بکرێت و لەڕاگەیاندن پتر گەورە بکرێت. ئاخر ڕاگەیاندن مێشێک دەکاتە گامێشێک و کاریگەریشی لەسەر سیاسەتدا بەهێزە.

ئەوروپییەکان بەتایبەتیش فەرەنسا کار دەکات قەناعەت بە (پوتین) بکات شەڕەکە بوەستێنێت، هەرچەندە ڕوسیا لەپێشوازیی (ماکرۆن)ی سەرۆکی فەرەنسا لەسەر مێزێک لەگەڵی کۆبۆوە، کە چەند مەترێک لەدووری یەکتر دانیشتبوون، ئەمەش نیشانەیەکی دیپلۆماسی نەرێنییە. (ماکرۆن) پێی وایە نە بە "قسە و نە بەکردار" نابێت هانی خۆشکردنی ئاگری شەڕەکە بدرێت.

دیپلۆماتکاری ئەمەریکی (ریچارد هاتس) لەبارەی قسە ئەتۆمییەکانی (بایدن) دەڵێت: "ئەمە لەگەڵ سیاسەتی ئەمەریکا هاوسەنگ نییە، کە بریتییە لە وەستاندنی شەڕ و ڕێگەگرتن لەهەر هەولێکی پوتین، کە شەڕەکە بەرەو خراپتر ببات". لەهەمان کاتدا (دێڤید رۆسکویڤ) شرۆڤەکاری سیاسەتی دەرەوە و سەرۆکی گروپی (روسکوبف)ی ئەمەریکی پێی وایە قسەکانی (بادین) نیەتی هەقیقیان تێدایە، (پوتین) نابێت وڵاتێک کاول بکات و دەیان هەزار هاووڵاتی سڤیل بکوژێت.

لەنێوەخۆی ئەمەریکاشدا ڕکابەرەکانی سەرۆکی ئەمەریکا پێیان وایە (بایدن) زوو زوو هەڵەی دەربڕین و لەزار دەرچوونی نادروستی لێ دەقەومێت، بۆ ئەوەی شتی هەڵەی بەزاردا نەیەت، پێویستە ئیلتیزام بەم کاغەزە نووسراوە بکات، کە بۆی نووسراوەتەوە بە کوردییەکەی نابێت هەر وا لەخۆوە بێ کۆنترۆل قسە بکات. بۆیە هیوادارن (بایدن) ئەو گوتارەی بۆی نووسراوە ئەوە بخوێنێتەوە، نەک لەخۆڕا و بە ئارەزووی خۆی قسە بکات، دەنا شتی لە پلی دەردەچێت.

بێگومان باڵوێزی ئۆکرەین (ئۆکسانا مارکارۆڤا) لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەرنامەی (دیدار لەگەڵ ڕۆژنامە)ی کەناڵی (ئێن بی سی) ئەمەریکی پاڵپشتی قسەکەی بایدن دەکات و دەڵێت "هەر تاوانبارێکی جەنگ کە هێرش دەکاتە سەر دەوڵەتێکی دراوسێی خۆی ناتوانێت لەسەردەمی شارستانیەتدا لە دەسەلات بمێنێتەوە". باڵوێزی پێشووی ئەمەریکا لە ڕوسیا (مایکل ماکفۆل)یش لەتویتەری خۆیدا گوتیەتی "دەبێت قسەکانی (بایدن) هەندێک جیاواز بخوێندرێتەوە، (بایدن) پێی وایە ملیۆنان کەسی لەسەرتاسەری جیهان و لەناو ڕوسیا بڕوایان وایە نابێت (پوتین) لەدەسەلات بمێنێت، ئەو نەیگوتووە دەبێت ئەمەریکا (پوتین) لەدەسەلات لابدات، ئەمە جیاوازە".

لەتەک ئەو ڕەخنانەی لەشێوازی ئاخاوتنی (بایدن) گیرا، (فەرەنسوا هایسبۆرگ) لە پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی دەڵێت: "پێویستە ئەمەریکییەکان ئاگاداری دەمی خۆیان بن".

دوای ئەوەی سەرۆکی ئەمەریکا لەسەردانەکەی گەڕایەوە ئەمەریکا لە کۆشکی سپی بەرۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند "لەهیچ شتێک پاشەگەز نابمەوە" و "دەمەوێت ڕوونی بکەمەوە ئەوکات و ئێستاش قسەم لەبارەی گۆڕینی سیاسی نەکردووە، من تەنیا ئاماژەم بەم توڕەییە کردووە، کە لەڕووی ئەخلاقییەوە هەستی پێ دەکەم، هیچ داوای لێبوردنێک پێشکەش ناکەم لەبارەی نیشاندانی هەست و نەستی تایبەتی خۆم".

لەکردەوەدا قسەی سەرۆکی وڵاتەکانی دونیا هەندێک جار وەکو چەکێکی هەقیقی جەنگ وان. لەشیکردنەوەی پراگماتیکی و بەپشت بەستن بەتیۆری (کردە قسە) بۆمان ڕوون دەبێتەوە هەندێک کەس، کە قسە دەکەن، قسەکانیان وەکو کار و بڕیار و حووکم وایە، قسەکانیان ڕێک وەکو ئەنجام دانی کارێکە. (بایدن)یش کە ئاخاوتن و گوتاری هەبێت، وەکو ئەوەیە حووکم بدات، قسەکانی ئاسایی و سادە و بێ دەسەڵات نین.

لەم ڕوانگەیەوە من پێم وایە ئەم گوزارشت و قسەیەی (بایدن) لە دژی (پوتین) کردی، وەکو چەکی ئەتۆمی بوو، کردەیەک بوو، لەڕێگەی قسە و بەکارهێنانی وشەدا ئەنجامی دا و لەئاکامدا دونیای هەژاند. (پوتین) خۆی تاکە دەسەڵاتدارە کاتێک گوتی "چەکی ئەتۆمی بخەنە ئامادەباشی و هەڕەشی بەکارهێنانی کرد"، کەس نەیتوانی شتەکانی پینە بکات و چارەسەری ئەم لێدوانەی بۆ بکات، بەڵام کە (بایدن) قسەی کرد و وشە ئەتۆمییەکانی لەزاری دەرچوون، دامەزراوەکانی ئەمەریکا خێرا، خێراتر لە گوتنی قسەکان شتەکانیان بۆ پینەکرد. جیاوازیی

نێوان دامەزراوەی دیموکراسی و کاریگەریی و دەسەڵاتی دامەزراوەکان لەم قۆناغ و کێشە و گرفتانەدا بەدیار دەکەوێت.
لەنێو ئەمەریکادا هەندێک لەنوێنەرانی کۆمارییەکان لەڕاگەیاندندا ڕەخنەیان لەشێوازی ئاخاوتن و ئەم گوزارشتەی (بایدن) گرت و سیناتۆری کۆمارییەکان (جیم ڕیچ( لەکەناڵی (سی ئێن ئێن)ی ئەمەریکی ڕاشکاوانە گوتی: "بایدن پابەست بە دەقی نووسراو ببە". (ترەمپ)یش گوتی باشترە ئیستفزازی (پوتین) نەکەن. لەنێو ئەمەریکادا ڕاگەیاندن و ئەوانەی بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بێ سانسۆر دەتوانن ڕەخنە لە گوتاری سەرۆکی وڵاتەکەیان بگرن، لەکاتێکدا لە ڕوسیا (پوتین) ژمارەیەک یاسای نوێی دژی ئازادی ئاخاوتن و بڵاوکردنەوە و کاری ڕۆژنامەنووسی دەرکردووە، بەواتای ئەوەی دەمی ڕۆژنامەکانی داخستووە و دەبێت تەنیا لەقازانجی جەنگەکەی لە ئۆکرەین قسە بکەن و بئاخڤن و کەس ناتوانێت ڕەخنە بگرێت.

# لەدەست دەرچوونەکانی بایدن...!

## (9)

پێش ئەوەی باسی سیاسەت بکەین، با ئامارژەیەک بەهەڵە خۆش و لەدەست دەرچوونەکانی (جۆ بایدن)ی سەرۆکی ئەمەریکا بکەین. ڕۆژی پێنجشەممە ١٤ نیسانی ٢٠٢٢ جارێکی دیکە جەنابی سەرۆک بزاڤێکی کرد، کە بووە جێگەی ڕەخنە و جۆرێک لەگاڵتەپێکردن و بەفشە دووبارەکردنەوەی شێوە جووڵەکەی (بایدن) لەمیدیا و سۆشیال میدیا و لدەڤ بەرهەڤکارە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە. لەدیماهی گوتاردانەکەی لە (گرینسبۆرۆی ویلایەتی نۆرس کالۆرینا) (جۆ بایدن) دەستی تۆقەکردن بۆ کەسێک درێژ دەکات، لەکاتێکدا لەسەر تەختی شانۆکەدا کەس لەو دەوروبەرەدا نییە. نمایشەکەی (بایدن) وا نیشان دەدات دەیەوێت تۆقە لەگەڵ کەسێک بکات، کەچی لەڕاستیدا هیچ کەسێکی لانییە. بەم جۆرە ڕاگەیاندنی ئەمەریکا (بایدن) بەتووشبوو بە(نەخۆشی لەبیرچوونە) ناو دەبەن. لەم ماوەیەدا هەندێک لەزاردەرچوون و لەدەست دەرچوونی هەندێک شتی لێقەوماوە.




https://theweek.com/articles/859289/7-scorching-cartoons-about-joe-bidens-gaffe-spectacular

با بگەڕێینەوە لای سیاسەت، ئەوروپییەکان بیر لەوە دەکەنەوە سەرۆکی ڕوسیا بەقسەیان بکات و کۆتایی بەشەڕ لەئۆکرەین بهێنێت، لەکاتێکدا بەهۆی هێرشەکانی ڕوسیا چەندین ملیار دۆلار زیان بەم وڵاتە گەیشتووە، سەرباری کوشتنی سەدان هاووڵاتی سڤیل. (جۆ بایدن)ی سەرۆکی ئەمەریکا لەم ڕۆژانەدا بەڕاشکاوی لەگوتارەکانیدا ئاماژە بەکۆمەڵکوژی ڕوسیا لەدژی ئۆکرەین دەکات، قسەکانی سەرۆکی ئەمەریکا بۆتە جێگەی مشتومڕی ناوەخۆیی و ئەوروپایی و توکی تورەیی ڕوسەکانیشی ڕەپکردووە. لەڕاستیدا هەندێک لە دەزگا ئەوروپییەکانیش وسا

دەبێژن، لێ ئاخاڤتنی هیچ یەکێکیان بەقەد زارڤەکرتنەکانی (بایدن) بەهێز و کاریگەر نییە.
(ماکرۆن)ی سەرۆکی فەرەنسا ڕەخنەی لەم جۆرە ئاخاوتن و لێدوانە گرتووە و پێی وایە ئەمە ئاگری شەڕ خۆشتر دەکات و کۆششەکانی ڕاگرتنی شەڕ پەک دەخات. (زلینیسکی) سەرۆکی ئۆکرەین ڕەخنە لەم هەڵوێستەی (ماکرۆن) دەگرێت. ئەوروپاییەکان لەهەڵوێست و کاردانەوەی ڕوسیا تۆقیون، لەکاتێکدا سوپای ڕوسیا لەبەشێکی ئۆکرەین بەردەوامە لەجەنگ و کاولکردنی شوێنە گشتییەکان.




https://theweek.com/articles/859289/7-scorching-cartoons-about-joe-bidens-gaffe-spectacular

لێدوانی ڕوسەکان بەئاراستەی ئەوەیە، کە ئەوان دەیانەوێت لەنێو ئۆکرەین کۆتایی بەبالادەستی و پێگەی ئەمەریکا لە جیهان بهێنن، واتە بەناڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکەن، کە گەرەکیانە ئەم جەنگە بکەنە سەرەتایەک بۆ کۆتایی پێهێنانی سیستەمی ئێستای نێودەولەتی بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا.
ئەمەریکاش لەڕێگەی هاوکاری سەربازی دەیەوێت ڕوسەکان لە ئۆکرەین تووشی چەقین و تێکشکان و بەزمێک بکات لە ئەفغانستان و شوێنەکانی دیکە باشتر نەبێت.
لێدوانەکانی (بایدن) لەم دوو هەفتەیەدا توند و ڕەقن بەرانبەر ڕوسیا و پوتین، لەهەمان کاتیشدا ڕوسیا هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی زۆرتر لەدژی ئۆکرەین دەکات، بەتایبەتی ئەوەی ڕاگەیاندووە ئەو برە هاوکارییە سەربازیی و ئەمنییەی ئەمەریکا بەبری ٨٠٠ ملیۆن دۆلار پێشکەشی ئۆکرەینی دەکات، دەکاتە ئارمانج و دەستی لێ ناپارێزێت.
بەشێک لەولاتەکان و بەتایبەتیش نەتەوە یەکگرتووەکان پێیان وایە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە "کۆمەلکوژی" پەیوەندی بەیاسا و لێکۆلینەوە و بەدواداچوونی وردی دادوەریی تایبەتەوە هەیە، بۆیە نابێت هەروەسا بەئاسانی بەکاربهێنرێت.
(ماکرۆن)یش پێی وایە ئەم گوزارشتە دەبێت یاساناسەکان دەریبڕن، نەک سیاسییەکان.
لەنێوەخۆی ئەمەریکاشدا جارێکی دیکە بەهۆی بلاوبوونەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە پۆلیسێکی پێستسپی گەنجێکی پێسترەش دەکوژێت، لە مەشیگان نارەزایەتی لێکەوتۆتەوە. خۆپیشاندنی خەلک لە گراند ڕابیدزی مەشیگان دەستی پێکرد، لەسەر

لافیتەکانیان نووسراوە "ژیانی ڕەشەکان گرنگە". ساڵی ٢٠٢٠ کوژرانی (جۆرج فلۆید) هەڵا و بەزمێکی گەورەی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی و دابەشبوون و سەرهەڵدانی ئاژاوەیەکی سیاسی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. ئەمە وەکو دۆزەکی نیشتمانی سەیر دەکرێت. ڕەشەکان بەردەوام لەلایەن پۆلیسەوە فشاریان دەخرێتە سەر، ئەم فشارانە تا پلەی کوشتن و بەکارهێنانی توندوتیژی چووە.

قوربانییەکان کراونەتە سیمبولی ئەو دروشمەی ئاماژە بەژیانی ڕەشپێستەکانی ئەمەریکا دەکات، ئەم ناڕەزایەتییەی لەشەقامەکان دژی بەکارهێنانی هێز لەلایەن پۆلیسەوە دەردەبرێت، لەهەڵبژاردنەکان و لەبەرنامەی سیاسی دەوڵەت و کاندێدەکان و سەرۆکی ئەمەریکاشدا ڕەنگی داوەتەوە. دیموکراتەکان توانیویانە ئەم کارتە وەکو فشارێکی سیاسی بەکاربهێنن، بۆ ڕاکێشانی پتری دەنگدەری پێسترەش بەلای خۆیاندا.




https://theweek.com/articles/859289/7-scorching-cartoons-about-joe-bidens-gaffe-spectacular

ئەمەریکا کۆمەڵکوژی وەکو فشارێکی سیاسی دژی سیاسەتی ڕوسیا بەکاردەهێنێت، لەهەمان کاتیشدا ئەم فشارە نێودەوڵەتییە وەکو کارتێکی هەڵبژاردنەکان و بەهێزکردنی پێگەی حزبەکانیان لەنێوەخۆدا بەکاردەهێنن. لەهەمان کاتدا کێشەی پۆلیس و هاووڵاتی کێشەیەکی نێوەخۆیی ئەمەریکایە و تاکو هەنووکە نکارینە چارەسەری بنەڕەتی بۆ بدۆزنەوە.

چەند ڕۆژێک بەری نووکە لە گەڕەکی برۆکنی نیۆیۆرک بەهۆی تەقەکردن چەندین هاووڵاتی بریندار بوون. بەهۆی ئازادانە بەکارهێنانی چەک، توندوتیژی لەزۆر شوێنی ئەمەریکا ڕوودەدات و ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لەکاری توندوتیژیی لەلایەن پۆلیس، یانژی لەلایەن خەڵکەوە دەقەومێت.

ئـەمـەریکـا پێویستـی بـەهـاندانـی یاسای نێودەوڵـەتییـە دژی کۆمـەڵکوژیـی ڕوسیا، لـەهـەمان کاتیشدا پێتـقـی بـەیاساییـە بۆ سنووردارکردنـی بـەکارهێنانـی چەک و ئـەو توندوتیژیانـەی لـەلایـەن پۆلـیس و خـەڵکـەوە لـەنێوەخۆی وڵاتدا ڕوودەدەن.

# تاوان دژی گیانەوەران.. !!

## (10)

ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا هەواڵی تاوان کاتێک بڵاودەکەنەوە، کە پۆلیس و لایەنە فەرمییەکان زانیاریی دروست و پشتڕاستکراوە دەخەنە بەردەم ڕای گشتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بەواتایەکی دیکە ڕۆژنامە لەخۆڕا لوت لەهەندێک زانیاریی نادات، کە هێشتا بەفەرمی هیچی لەبارەیەوە نەگوتراوە. ڕۆژنامە دەستپێشخەرە و دەیەوێت یەکەم هەواڵ و زانیاریی نەزانراو بڵاوبکاتەوە، بەڵام ئاسان نییە بوختان بکات و زانیاریی هەڵە بەمەزاج و مەرامی کەسی بڵاوبکاتەوە، یان بیەوێت کەسایەتی کەسەکان لەکەدار بکات.




https://www.google.com/search?q=care+animals+in+USA+cartoon&sca_esv=e831

لەبەر ئەوەی نا ڕۆژنامەکان حەز ناکەن کاری وابکەن یەکەمی بێ ڕکابەر بن، یان بابەتی ورووژێنەر بڵاف بکەنەوە، نەخێر...! لەترسی دادگا و لێپێچینەوە و سزا قورسە داراییەکان ناتوانن سنووری سروشتی مامەڵە لەگەڵ هەواڵ و زانیاریی ببەزێنن و هەروەسا نایانەوێت نێوبانگی خۆیان لەکەدار بکەن.

بەپێی ڕاپۆرتی پۆلیسی ویلایەتی ئەریزۆنا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەنێو ساردکەرەوەی ئاساییماڵێکدا جەستەی ١٨٣ گیانەوەری بووە بووزیان دۆزیوەتەوە. دوای ئەوە کەسێک بەناوی (مایکل باتریک تۆرلاند تەمەن ٤٣ ساڵ) دانی بەتاوانی ئەوەدا ناوە، کە ئەو گیانەوەرەکانی خستۆتە نێو بەفرگرەکانی ماڵەکەی و وشکی کردوونەتەوە و لەوێدا لاشەکانی پەناداون. بەپێی قسەکانی پۆلیس هەندێک لەگیانەوەرەکان لەکاتی پشکنین و دۆزینەوە و کردنەوەی بەفرگرەکان هێشتا زیندوو بوون. ئەمانە بە ناخ هەژێن و تاوانێکی هۆڤیانەی دژ بە یاسا دادەنێن.

بینە بەرچاوی خۆت لەسەرتاسەری دونیا مرۆڤ دەکوژن بێ لێپێچینەوە و بەجۆرێک مرۆڤەکان ئازار دەدەن، کە هیچ یاسا و ویژدانێک ناتوانێت پێشوازی لێ بکات، کەچی لەتاوان دژی گیانەوەران بەم جۆرە لێکۆڵینەوە دەکرێت.

دادگا ٩٤ تاوانی داوەتە پاڵ ئەم تاوانبارەوە، چونکە پێی وایە ئەم کەسە بەشێوەیەکی هۆڤیانە ئەم گیانەوەرانەی کوشتووە و ئازارداوە.

(مایکل) گوتیەتی ئەو یەکێکە لەو کەسانەی بایەخی بەگیانەوەران و بەخێوکردنیان داوە، کاتێک ئەو گیانەوەرانەی

خستۆتە نێو بەفرگرەکانییەوە، بەدیاریانەوە گریاوە و پێی وابووە وێنەیەکی ناخۆشی قورس و ئازار بەخشی ئەنجام داوە.
بۆ بەدبەختی ئەم کەتنە کاتێک لە (مایکل) ئاشکرا دەبێت، ڕۆژێک ئافرەتێک چەند مارێک لای (مایکل) دادەنێت بۆ ئەوەی چاودێریان بکات، بەڵام دوای چەند مانگێک مارەکان بزر دەبن، عارد قوتی دان، یان ئاسمان هەڵی لووشین، شوونیان نامێنێت.
ئەم تاوانە کاتێک ئاشکرا دەبێت، کاڤێک (مایکل) و خێزانەکەی لەو خانووەی تێیدا ژیاون دەگوازنەوە، خاوەن خانووەکە ئەو کاتەی بەنیازی پاکردنەوەی ماڵەکەی چاو بەکەلوپەلاندا دەخشێنێت، دەبینێت بەفرگرەوەکان پڕن لەگیانەوەری بە بەستەلەک بووی بووە بووزە. لەنێو گیانەوەرەکان مار و مشک و دووپشک و جورج و سەگ و کەروێشک و کیسەڵ و باڵندە هەبووە.
دادگا کابرا سزا دەدەن، لەبەر ئەوەی تاوانی دژ بە ژیانی گیانەوەران ئەنجام داوە. ئەمە یەکێکە لەو تاوانانەی لەنێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دژ بە ئاژەلان ئەنجام دراوە. نابێت لەبیری بکەین لەم وڵاتەدا بایەخی زۆر بە بەخێوکردن و پەروەردەکردن و تەندروستی گیانەوەران و ڕاگرتنیان لەنێو ماڵەکاندا دەدرێت.




https://www.reddit.com/r/funny/comments/ao7kmy/mother_cares_not_for_us_artist_verbal_vomit

بەپێی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری ئیکۆنۆمیستی بەریتانی ساڵانە لە ئەمەریکا پارەیەکی یەکجار زۆر بۆ بەخێوکردنی گیانەوەرە ماڵییەکان خەرج دەکرێت، لەساڵی ٢٠١٩دا بڕی ٣٤ ملیار دۆلار لەهەموو ئەمەریکا بۆ بەخێوەکردنی گیانەوەری ماڵی خەرج کراوە. لەنێو ئەمەریکا لەهەر سێ خێزاندا یەکێکیان گیانەوەرێکی ماڵی ڕاگرتووە. هەر ئەمەریکییەک ساڵانە ١٥٠

دۆلار و بەریتانییەک ٩٣ دۆلار و فەرەنسییەکیش ٨٧ دۆلار لە گیانەوەرەکانیان خەرج دەکەن. بەپێی ڕاپرسییەکی ساڵی ٢٠١٥ ٩٥٪ ئەمەریکییەکان خاوەنی گیانەوەرێکی کەوین و ئەم گیانەوەرانە بە بەشێک لە خێزانەکەیان دادەنێن، ئەم ڕێژەیەش لەبەرزبوونەوە دایە.

مەبەستم ئەوەیە لەنێو ئەم کۆمەڵگەیانەدا بایەخێکی ئێجگار زۆر بەڕاگرتن و بەخێوکردنی گیانەوەران و بەتایبەتیش سەگ و پشیلە لەنێو ماڵەکاندا دەدرێت. گەلێک لەو خێزانانە ناوی خۆیان لەگیانەوەرەکان دەنێن، هەیانە لەدوای مردنیان موڵک و سەروەتەکانیان بۆ سەگ و پشیلەکانیان جێ دەهێڵن، هەشیانە وەسیەت دەکەن دوای مردنیان ئەو پارە و سامانەی لەدوایان بەجێ دەمێنێت، بۆ خانەی بەخێوکردنی گیانەوەران تەرخان بکرێت.

پێتان سەیر نەبێت بڵێم، (جانسەری چوارەم) ناوی ئەو سەگەیە کە بەدەوڵەمەندترین گیانەوەری جیهان دادەنرێت و خاوەنەکەی ٢٢٧ ملیۆن دۆلاری لەدوای خۆی بەناوی ئەم سەگە جێهیشتووە. پشیلەی گرامبیش خاوەنی ٦٦ ملیۆن دۆلارە و تۆبی ریمسیش یەکێکە لەو سەگانەی خاوەنەکەی نزیکەی ٤٠ ملیۆن دۆلاری بۆ جێهیشتووە و پشیلەی ڕەشیش ١٣ ملیۆن دۆلاریان بەناوییەوە بۆ جێهێشتووە.

ئەمە ژیانی گیانەوەرانە، بەدڵنیاییی سەدان هەزار مرۆڤیش لە ئەمەریکا بەشێوەیەک ژیان بەسەر دەبەن، کە شوێنی نووستن و حەوانەوەیان نییە و لەشەقامەکاندا، لەژێر پرد و لەشوێنە گشتییەکاندا دەژین. بەپێی ڕاپۆرتی ئێف بی ئای لەساڵی

٢٠٢٠دا ٢١ هەزار و پێنجسەد تاوانی کوشتنی مرۆڤ لە ئەمەریکا ئەنجام دراوە. بەپێی زانیارییەکان لەنێو هەر سەد هەزار کەسدا نزیکە ٦.٦ کەس کوژراوە. ئەگەر ئەم ژمارە و ڕێژە زۆرانە بەراورد بکەین بۆمان دەردەکەوێت جیاوازیی ژیانی گیانەوەران و مرۆڤ لەنێو ئەمەریکا چۆنە و مرۆڤ چەندە بەدبەخت و گیانەوەرە ماڵییەکان چەندە بەختەوەرن!.
مرۆڤ بایەخ بەگیانەوەران دەدات و گیانەوەرەکانیش مرۆڤەکان بەختەوەر دەکەن و تەنیا سەگە ڕاهێنراوەکان لەشوێنە گشتییەکاندا هاوکاری ئەو مرۆڤانە دەکەن، کە تووشی نەخۆشی تایبەت بوون، لەنێو بازاڕەکاندا هاوکاری ئەو کەسانە دەکەن، کە پێویستیان بەڕێنوێنی و ڕێگا نیشاندانە. گیانەوەرەکان خاوەن بەختێکی گەورەن، بەڵام بەشێکی مرۆڤەکان لەبەدبەختی دەژین بەهۆی کێشەی دەروونی و یاسایی و تووشبون بەمادەی هۆشبەر و کێشەی دارایی و هۆکاری دیکە.


# بایدن
# هۆکاری هەڵئاوسانی ئابووری دەخاتە ملی ئەوانی دیکە

## (11)

لە دونیای ئازاد ڕەخنە بەشێوەیەک دەگیرێت، کە شوێنێک بگرێت و هەروا قسە لەگۆترە ناکرێت. ڕۆژنامەکان ئازادیی بەشێوەیەکی بەرپرسانە بەکاردەهێنن، ڕەخنەی توند، بەڵام نایگەیننە سوکایەتی و شتی تایبەتی خودی. ڕەخنەی بەهێز، بێ ئەوەی سنووری یاسایی و کەسیی ببەزێنن. ڕۆژنامەگەریی ئازادی قسەکردن لەپێناو سڕینەوەی ئەوانی دیکە بەکارناهێنن، بەڵکو قسە لەپێناو چاککردن و پێشکەوتن و دۆزینەوەی بیرۆکە و پڕۆژەی باشتر دەکەن.

لەگۆڤارێکی نیوز ویکی ئەمەریکیدا (براد پۆلومبۆ) کە کەسێکی پسپۆرە لەبواری ئابووری، وتارێکی ڕەخنەگرانەی لەدژی (جۆ بایدن)ی سەرۆکی ئەمەریکا نووسیوە و دەڵێت (بایدن لەپێناو دەرچوون لەم هەڵئاواسە ئابوورییەی لەماوەی دەسەڵاتی ئەودا دروستبووە، یەکەم ویستی پیشانی بدات لەم ماوەیەدا هیچ هەڵئاوسانێکی ئابووری ڕووی نەداوە، دواتر گوتی " ئەمە شتێکی

کاتییە" و دواتریش گوتی هەمووی خەتای سیاسەتی (پوتین)ە. (بایدن) ڕایگەیاند و گوتی: با لامان ڕوونبێت هۆکاری هەڵئاوسانی ئابووری کۆڤید و فلادیمێر پوتینن. لەمانگی ڕابردوو ڕێژەی هەڵئاوسان گەیشتە ٧٠٪ لەئەنجامی بەرزکردنەوەی نرخی غاز و نەوت لەلایەن (پوتین)ەوە. ئەمە هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە، ڕاستە جەنگی (پوتین) لە ئۆکرەین کاریگەریی لەسەر جیهان دروستکردووە، بەڵام نرخی غاز ساڵێک بەر لەوە لەبەرزبووەنەوە دابوو.




https://www.washingtonpost.com/opinions/2023/12/06/eric-allie-cartoon-inflation-biden-view-economy

ئەم توێژەرە ئەمەریکییە ڕاشکاوانە دەڵێت ڕێژەی هەڵئاوسانی سالآنە ئێستا ٦.٥، ئەمەی لەنێو ئەمەریکا ڕوو دەدات لەئەنجامی کۆڤید و سیاسەتی (پوتین)ەوە نەهاتووە، بەڵکو ئاکامی هاتنی (بایدن)ە بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا.
بژاردەکانی (بایدن) لەچەندین ملیار دۆلار بۆ ڕاگرتنی بازاڕ لەسەردەمی کۆڤید بەپێی بۆچوونەکانی ئەم نووسەرە (هەڵئاوسانی) پتر کردووە. لەهەمان کاتدا (بایدن) بەهەمان ستاف کە هۆکاری ئەم ئەنجامەن دەیەوێت چارەسەری قەیرانەکە بکات. سەرۆکی ئەمەریکا بڕی ١.٩ تریلۆن دۆلاری بەکارهێناوە بۆ بەگڕخستنەوەی بازاڕ کە تەنیا ٩٪ ئەم بڕە پارەیە پەیوەندی بەبواری تەندروستییەوە هەیە. لەحزبەکەی خۆشی کەسێکی وەکو (لاری سمرز) ناڕازی بوو و گوتی ئەمە دەبێتە هۆکار بۆ زیادکردنی ڕێژەی هەڵئاواسان.
تەنیا یەکێک لەکەسە نزیکەکانی ئۆباما لەڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز ڕایگەیاند ئەم بەرنامەیەی بەناوی ڕزگارکردنی ئەمەریکا دانراوە لەکردەوەدا سیاسەتێکی هەڵەی ئاسایی نییە.
هەڵئاوسانی ئابووری لەزۆر سەردەم ڕوودەدات، کێشەیەکی ئاڵۆزە، زەحمەتە بڵێین خودی کەسێک و سەرۆکێک لێی بەرپرسە، چونکە ئەم دیاردەیە لەگەڵ هەر قەیرانێکی ناوەخۆیی یان جیهانی پەرەدەستێنێت.
هەندێک لەپسپۆرە ئابوورییەکان پێیان وایە (بایدن) بەشدارییەکی زۆری لەبەرزکردنەوەی نرخی کەلوپەل کردووە، لەکاتێکدا سیاسەتی دژایەتی وزە پەیڕەو دەکات. دەبێت بزانین


کێشەی ئابووری کاریگەرییەکی پتەوی بەسیاسەتی ئیدارە و حووکم و خودی هەڵبژاردنەکانی نێو ئەمەریکاوە هەیە. گوتاری کاندێد و لایەنە سیاسییەکان بەشێوەیەکی بەردەوام قسەکردنە لەسەر دۆخی ئابووری و ڕێژەی بێکاری و نرخی کەلوپەل و تەندروستی و خواردن و کار و هەڵئاوسان و .. تاد.




https://www.syracuse.com/opinion/2024/07/editorial-cartoons-for-july-14-2024-bidens-campaign-crisis-trump-and-project-2025.html

لەسەردەمی کۆڤیدا، سەرۆکی ئەمەریکا (جۆ بایدن) هاوکاری زۆری خێزانە کەم دەرامەتەکانی کرد، هاریکاری منداڵەکانی

کرد، ئەمەش بۆ ئەوەی بازار تووشی وەستان و دارمانێکی سەرتاسەری نەبێت. ئەو خۆی لەگەڵ قەیرانی سیاسی و قەیرانی تەندروستی و پەتای کۆڤید ١٩ دەستی بە حووکمڕانی کرد. ئەمە نزیکەی دوو مانگیشە شەڕی ئۆکرەینی هاتۆتە سەر. لەکردەوەدا هەردوو قەیران کۆڤید و جەنگ دژی ئۆکرەین جیهانین، زیانی زۆریان بە ئابووری جیهان و هەڵئاوسان لەئاستی دونیا گەیاندووە، بەڵام هەندێک لەشرۆڤەکار و پسپۆرانی ئابووری پێیان وایە مەسەلەکە لەنێو ئەمەریکا پەیوەندی بەخودی سیاسەتی ئیدارەی (بایدن)ەوە هەیە، لەچۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی دارایی و ئابووری و هەڵئاوسان. بۆیە داوا لەگەڵی ئەمەریکا دەکەن، کە پاڵپشتی ئەم سیاسەتەی سەرۆک نەکەن.




https://www.globaltimes.cn/content/1206191.shtml

لەمەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە ڕکابەرەکانی بایدن، بەشێوەیەکی هێمنانە و پشت بەستن بەزانستی ئیدارەی ئابووری و تێڕوانینی قووڵ ڕەخنە لەسیاسەتی سەرۆک دەگرن، تەنیا ئەگەر هەندێک توندیش بن، توندگوتنەکە بەسەر عەقڵ و لۆژیکدا زال نابێت.

ئەمەی باسی دەکەین، نموونەیەکی ئەو مشتومڕ و گوتارە سیاسییە ڕەخنەگرانەیە، کە ڕۆژانە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمەریکا بڵاودەکرێنەوە. گوتارێکە پاساو بۆ هیچ شتێکی خراپ ناهێنێتەوە، لەهەمان کاتدا بێ پشتبەستن بەبۆچوونی زانستی پاساو بۆ هیچ ڕەتکردنەوەیەکی سیاسی و فکریش ناهێنێتەوە.

# ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا
# چۆن بیر لە دوارۆژی ڕوسیا دەکەنەوە؟

## (12)

لامان ڕوونە تاکو ئەو سنوور و شوێنەی پەیوەندیی بەئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە هەیە، ڕۆژنامەکان لەچوارچێوەی بیروڕاو و گەیاندنی زانیاریی شیکردنەوەی ڕووداوەکان ئازادن، بەڵام هیچ کاتێک ئەم ئازادییە ڕێگەیان پێ نادات سوکایەتی بە نیشتیمان و سیمبولەکانیان و ئاسایشی نەتەوەییان بکەن.

ئەمەریکا بانگەشەی دیموکراسی و سیستەمی لیبرالی لەسەرتاسەری دونیا دەکات، دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە کۆمپانیای بازرگانی و پیشەسازیی بەڕێوەیان دەبەن، لەپێناو بەدەستهێنانی خوێنەر و بەکارهێنەری زۆرتر هەمیشە پەنا وەبەر شێواز و ڕێگای نوێتر دەبەن. ڕۆژنامە چاپکراوەکان لەبەردەم تۆڕە کۆمەڵایەتیی و پێگەی ئەلەکترۆنی و خێرا بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان لەپاشەکشەدان. ئێمە بەشێوەیەکی ئاسایی دەقی دیزاینی ڕۆژنامەکان و وتار و هەواڵ و ڕاپۆرتە

ڕۆژنامەوانییەکان لەپێگە ئەلەکترۆنییەکان دەخوێنینەوە و ئاڵوگۆڕیان دەکەین و بەئاسانی لای خۆمان کۆپیان دەکەین و بۆ کەسانی تایبەتیان دەنێرین، سەرباری ئەوانەش ئەم زانیاریانەمان بەخۆڕایی و بێ بەرانبەر و بێ سانسۆر و چاودێری تایبەت دەست دەکەوێت.

بابگەڕێینەوە سەر باسی بنەڕەتی و سەرەکی خۆمان. ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا لەڕوانگە و بەرژەوەندی سیاسی وڵاتەکەیان سەرنج لەهێرشەکانی ڕوسیا دژی ئۆکرەین دەدەن. ئەگەر بیروبۆچوون و شیکردنەوەیەکی جیاوازیشیان هەبێت، سنووری سروشتی ئەو بەرژەوەندییە باڵایە نابەزێنن، واتە ئارەزووی تایبەتی خۆیان بەسەر خواستی گشتی و بەرژەوەندی وڵاتدا فەرز ناکەن.



https://slguardian.org/is-vladimir-putin-making-strategic-mistakes/

ڕۆژنامەی (زی نیۆیۆرک تایمز) دەنووسێت "ڕۆژنامەنووس و بەرپرسە ڕوسەکان لەم دوو دەیەی دوایدا بەخۆشحالییەوە زانیاریی شێوێندراو بەهەماهەنگی لەگەڵ کرێملن بڵاودەکەنەوە". هەر ئەم ڕۆژنامەیە ئاماژەی بەپێنج سیناریۆ و تیۆر دەربارەی ڕوسیا و کێشە و ئەگەرەکان کردووە. ئێمە بەشێوەیەکی کورت ئاماژە بەهەر پێنج تیۆر و سیناریۆ دەکەین:

یەکەم: ڕۆژئاوا دەیەوێت ڕوسیا دابەش بکات

ئەم بیرۆکەیە بۆ ساڵی ٢٠٠٧ دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی (پوتین) لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی پرسیاری لە (مادلین ئۆلبرایت)ی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کرد، گوتی گوایە ئەمەریکا دەیەوێت سامانی سروشتی ڕوسیا دابەش بکاتەوە و دەستی بەسەردا بگرێت. ئەم بیرۆکە لەوێ ڕۆژێوە ئاماژەی پێ دەکرێت و بۆتە یەکێک لە ستراتیژەکانی سیاسەتی (پوتین) لەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمەریکا و ڕۆژئاوا.

دووەم: ناتۆ ئۆکرەینی کردۆتە شوێنی سەربازی خۆی

بەپێی بۆچوونەکانی ڕۆژنامە ئەمەریکییە ناتۆ بۆتە یەکێک لەکابووسەکانی (پوتین). گاڤێک ناتۆ لە سربیا و عێراق و لیبیا جەنگان، بەکردەوە ترسیان بۆ ڕوسیا دروستکردووە. (پوتین) ئەمەی بەستۆتەوە بە (تیۆری موئامەرە" ساڵی ٢٠٢١ پوتین لەگوتارێکی دوور و درێژدا ئاماژەی بەترسەکانی خۆی لەباڵادەستی سەربازی ڕۆژئاوا لە ئۆکرەین کرد. بۆیەشە جارێکی دیکەش لە گوتاری ٢١ی شوباتی ٢٠٢٢دا ئاماژەی بەوەدا، کە

ناتۆ هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی ڕوسیا شەڕ دژی ئۆکرەین بکات.
گوتی: "ناتۆ دەیەوێت جیاوازی لەنێوان ڕوسیا و ئۆکرەین بکات". بە بۆچوونی (پوتین) هەردووکیان یەک گەلن، چالاکییە سەربازییەکانی ڕۆژئاوا ئۆکرەینی کردە لایەنێکی دژ بە ڕوسیا، بۆیە ڕوسیا دەیەوێت بیگەڕێنێتەوە باوەشی خۆی.




https://www.reddit.com/r/PoliticalHumor/comments/zthfb/n/us_reacts_to_vladimir_putin_calling_russias

سێیەم: ئۆپۆزسیۆنی ناوەخۆی ڕوسیا دەیانەوێت بەهاوکاری ڕۆژئاوا وڵات کاول بکەن.
ئەمەش لایەنێکی دیکەی تیۆری موئامەرەیە، کە ڕوسەکان کروویانەتە بنەمایەکی بەهێز بۆ دروستکردنی ئەم دۆخە و ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز دەڵێت "بەپێی تیۆری موئامەرە ناتۆ و ڕۆژئاوا هەر لەدەرەوە هەڕەشە لە ڕوسیا ناکەن، بەڵکو دەیانەوێت کێشە بۆ ناوەخۆی وڵاتیش دروست بکەن. لەساڵی ٢٠١٤وە (پوتین) ترسی لەوە هەیە ئۆپۆزسیۆن وەکو ئەوەی لە ئۆکرەین ڕوویدا لەنێو ڕوسیاشدا شۆڕش بکەن. بەم پێیە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن وەکو تابووری پێنجەم سەیر دەکرێن و خزێندراونەتە نێو وڵات. لەبەر ئەوەیە ڕوسیا هەر چالاکییەکی ئەو هێزانە و ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوەکان بە بەکرێگیراونی بێگانە تاوانبار دەکات".
چوارەم: بزوتنەوەی هاوڕەگەزەکان لەئاستی جیهاندا دژ بە ڕوسیان
(فلادیمێر پوتین) لەیەکێک لەلێدوانەکانی ئاماژەی بەوە کردووە، ئەگەر منداڵەکانی ڕۆژئاوا ٥ یان ٦ جۆر ڕۆلی نێرایەتی و مێیایەتی بگێڕن ئەمەش دەبێتە "هەڕەشە دژی دانیشتووانە ڕەسەنەکانی ڕوسیا". لەم پێناوەدا ساڵی ٢٠١٢ داوایەکی یاساییان دژی گروپی (بوسی کات) بەرزکردەوە، ئەم گروپە تیپێکی ڕۆک بانکی ئافرەتانەی بەنێوبانگی ڕوسییە. ئۆپۆزسیۆنی سیستەمی سیاسی حووکمڕانی ڕوسیان. ڕوسیا دەیەوێت ئەم تیپە مۆسیقییە بەتێکدەر و ڕابواردنی سێکسی تاوانبار بکات. گوایە ئەم تیپە بەپێی وەسفی ڕوسیا ئامانجیان

تێکدانی کەنیسەی ئەرسۆدیکسیی و بەها ئاساییە کلاسییەکانی ڕوسیاییە.

پێنجەم: ئۆکرەین دەیەوێت چەکی بایۆلۆژی دژی ڕوسیا بەرهەم بهێنێت

بەم شێوەیە دەبینرێت تیۆری موئامەرە سنوورەکانی کارتێکردن و کاردانەوەکانی کاریگەریی پتر دەبێت. (پوتین) ساڵی ٢٠١٧ زاناکانی ڕۆژئاوای بە کۆکردنەوەی کەرەستەی بایۆلۆژی لە ڕوسیا تۆمەتبار کرد، لە دووەمین هەفتەی جەنگ دژی ئۆکرەین هەندێک لایەن و لەناویاندا (سێرگی لاڤرۆڤ) ڕاپانگەیاند، هەواڵگری ڕوسیا گەیشتۆتە ئەو زانیاریانەی، کە ئەمەریکا و ئۆکرەین چەکی بایۆلۆژی لەشێوەی شەمشەمەکوێرە و باڵندەی چێندراو بەنەخۆشی بەرهەم دەهێنن. ئەمەشیان بۆ ئەوەیە ڤایرۆس لە ڕوسیا بڵاوبکەنەوە. تاکو گەیشتە ئەوەی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا بڵێت بەڵگەیان لەبەر دەستە و بەڵگەکان ئاماژە بەهاوکاری ئەمەریکا و ئۆکرەین لەم بوارە دەکەن.

ئەم بیرۆکە و بۆچوونانە لەکوێ هاتوون؟ ئەمەی ئاماژەمان پێکرد لەڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاوکراوەتەوە، هەروەها هەندێک لەڕاگەیاندە عەرەبییەکانیش لەم بارەوە سوودیان لەم وتارە شیکارییە وەرگرتووە، لەنێویاندا جەزیرە ئاماژەی بەوە کردووە، کە "تیۆرەکان خەریکە هیچ ڕۆڵێکیان لەحیساباتی سیاسیدا نامێنێت. ئەم چیرۆکانە و گێڕانەوەکان بەشێوەیەک داڕێژراون، کە خزمەتی هەڵسوکەوتی ڕوسیا بکەن. (یابلوکوف) کتێبێکی بەناوی (قەڵای ڕوسیا: تیۆری موئامەرە لەدوای جیهانی سۆڤیەت Fortress Russia: Conspiracy Theories in the

(post- Soviet World) بڵاوکردۆتەوە. بەپێی بۆچوونەکانی نووسەرەکەی ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز وەکو جەزیرە ئاماژەی پێکردووە ئەم تیۆرانە بوونەتە بنەمایەکی بەهێز بۆ هاندانی بڕیارەکانی کرەملین لەو جەنگەی لە دژی ئۆکرەین بەڕێوەی دەبات.

لەبیر نەکەین قسەکانی پێشکەشکاری بەرنامەی تۆڕی ڕاگەیاندنی (فۆکس نیوز)ی ئەمەریکی (تاکر کارلسون) بۆتە یەکێک لەو سەرچاوانەی ڕوسیا دژی ئەمەریکا بەکاری دەهێنێت، کە گوتیەتی "کۆشکی سپی تێوەگلاوە لەجەنگی بایۆلۆژی دژ بەڕوسیا لە ئۆکرەین".

شیکاری سیاسی و فکری، ئاماژەکردن بەو تیۆرە سیاسیانەی بوونەتە هۆکاری جەنگ بەشێوەیەک ئەنجام دەدرێت، مرۆڤ هەست دەکات زانیاریی نوێ، لێکدانەوەی بەسوود و هەروەها پێشهاتی گرنگی تێدایە. گرنگە ڕۆژنامە نەبێتە مەیدانی بڵاوکردنەوەی شتێک، کە دوژمنکاریی و بەلادابردنی زانیاریی و سوکایەتی تێدا بێت. لەم جۆرە گوتار و شیکردنەوانەدا بەهیچ شێوەیەک بۆنی سوکایەتی بەهیچ کەس و لایەنێک نایەت، کە ئاماژەیان پێکراوە.

دۆزینەوەی هۆکار و پاساو بۆ دەستپێکردنی جەنگیش زۆرە. ئەم جەنگە بەپێی بۆچوونەکانی ڕوسیا لەکردەوەدا دژی سیستەمی باڵادەستی ئەمەریکا لە ئۆکرەین دەیکەن. ئەمەریکاش بەئاشکرا دەیەوێت جەنگەکە بە ئۆکرەین بکات و لەجیاتی بەشداری سەربازیی هاوکاری هەمەجۆرەی ئەم وڵاتە بۆ تێکشکاندن و وەستاندنی ڕوسیا دەکات.

# ترەمپ پاشای "ماگا"یە...!!

## (13)

پێش ئەوەی باسی گوتارەکەی جۆ بایدن لە شیکاگۆ بکەم، کە لەڕۆژی ١١ی ئایاری ٢٠٢٢ پێشکەشی کرد، سەرۆکی پێشووی ئەمەریکای بە "پاشای ماگا" وەسفکرد. دەمەوێت بزانین بزوتنەوەی (ماگا) چییە. ماگا ناو و هێمای کورتکراوەی بزاڤێکی نوێیە بەناوی (باجارێکی دیکە ئەمەریکا مەزن بکەینەوە) کورتکراوەکەی بەئینگلیزیی دەبێتە (MAGA). ئەمە یەکێک بوو لەدروشم و ناونیشانەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٦ی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا دۆلاند ترەمپ. لایەنەکان ئەمە بە توندڕەوترین بزاڤی سیاسی لەنێو کۆمەڵگەی ئەمەریکی وەسف دەکەن.

ئەم بزوتنەوەیە (ترەمپ) سەرکردایەتی دەکات و کەسانی بەنێوبانگی تێدایە، تەنیا ئەوانەش لەخۆ دەگرێت، کە بڕوایان بەهاوڕەگەزیی هەیە. لەوانە (ریچارد گرینیل)، کە ساڵی ٢٠٢٠ یەکەم بەرپرسی هاوڕەگەزەکانی وڵات بوو (ترەمپ) بە بەڕێوەبەری هەواڵگری نیشتمانی دایمەزراند. بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی (نیویۆرک پۆست) و بۆچوونەکانی ڕۆژنامەی (پۆلتیکۆ)

ئەم بزاڤە بەهۆی مانەوەی (ترەمپ) لەنێو پارتی کۆماریدا نیشانەی بەهێز مانەوەیەتی، بەتایبەتیش لەم دوایانەدا یەکێک لەکەسە نزیکەکانی (ترەمپ) لەویلایەتی ئۆهایۆ بەناوی (جی دی فانس) لەهەڵبژاردنی پێشوەختە بردییەوە، بەمەش پێگەی ئەم بۆچوونە بەهێزتر دەردەکەوێت. پار نزیکەی هەزار کەس لەلایەنگرانی (ترەمپ) هێرشیان کردە سەر کۆنگرێس و لەئەنجامی هێرشەکانی سەر کەپیتۆل پێنج کەس کوژران و بەلای کەمیشە ١٤٠ کەس بریندار بوون، ئەمەش دوای ئەو گوتارە ئاگرینە هات، کە (ترەمپ) لەکۆشکی سپی لەبەردەم هەزاران کەس لەلایەنگرانی خۆی پێشەکشی کرد.




https://theweek.com/cartoons/857832/political-cartoon-maga-rally-trump-fans-cabinet-appointment

بەپێی بۆچوونەکانی کەناڵی بەنێوبانگی (سی ئێن ئێن)ی ئەمەریکی "بایدن دەیەوێت لەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەرنامە و کێشەی ئابووریشدا ئەو جیاوازییانە دیار بکات، کە لەنێوان دیموکراتەکان و کۆمارییەکاندا هەیە، وەکو چۆن جیاوازییان لەبارەی مافی لەبەربردنی کۆرپە لەسکی دایکدا هەیە".

(بایدن) لە شیکاگۆ لە ١١ی ئەیاری ٢٠٢٢دا لە وتارێکی حەماسی و ئاگریندا هێرشێکی توندی کردە سەر دۆلاند ترەمپ و بە (پاشای مەزنی ماگا)ی وەسفکرد، لەگەڵ ئەم هێرشە توندە و بەستنەوەی ناوی (ترەمپ) بەم بزاڤە کە بە توندڕەو ناو دەبرێت، کە بەرپرسن لەهێرشەکانی سەر کۆنگرێس و ڕەتکردنەوەی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمەریکا.

(بایدن) پێداگری لەسەر بەرنامەی ئابووری خۆی کرد و هەرچەندە نایەوێت ئاماژە بەناوی سەرۆکی پێشە خۆی بکات، بەڵام ئەم جارە وەکو جۆرێک لەگالتەپێکردن و نوکتە ناوی هێنا و گوتی "ئەو بەهیچ شێوەیەک بیر لە ترەمپ ناکاتەوە، بەڵام ترەمپ بەرپرسی هەڵئاوسانی ئابووری ئەمەریکایە".

سەرۆکی ئەمەریکا قسەی بۆ کرێکارانی بواری کارەبا کرد بەبۆنەی (ڕۆژی جیهانی کرێکارانی کارەبا) و گوتی: "لەساڵی یەکەمی دەسەڵاتی خۆمدا بە بەهای ٣٥٠ ملیار دۆلار هەڵئاواسانم دابەزاند". بەپێی بۆچوونی ڕۆژنامەکان لەم ڕۆژانەی دوایدا بەهۆی بەرزبوونەی نرخی بەرکاهێنان و کڕین ڕێژەی هەڵئاوسان بەرز بۆتەوە، ئەمەش بۆتە یەکێک لەو خاڵانەی بەردەوام هێرش بکەنە سەر (بایدن) لەبەر سیاسەتی

ئابووری. ئەو کاتەی (ترەمپ) ٢٠٢٠ سەرۆک بوو، پەتای کۆرۆنا زیانێکی گەورەی لە ئەمەریکا دا، نزیکە ٢٢.٤ ملیۆن کار لەدەستدرا. ئەمەریکا ئەم هەقیقەتەی بۆ هاووڵاتیانی خۆی ئاشکراکرد و گوتی: "ئێمە لەسەردەمی داتەپینێکی گەورەی ئابووری دەستمان پێکرد و ملیۆنان کەس بێکار بوون، خانووەکانیان لەدەستدا لەهەمووش گرنگتر لەدەستدانی هیواکانیان بوو". لەبەرانبەر ئەوەش کۆمارییەکان هێرشێکی توندیان دژی سیاسەتی ئابووری (بایدن) دەستپێکردووە و پێیان وایە هەڵئاوسانی ئابووری لەئەستۆی سەرۆکی ئێستای ئەمەریکایە.

سیناتۆری کۆماری لە فلۆریدا (ریک سکوت) دەڵێت: "لەگەڵ پتربوونی هەڵئاوسان لەسەردەمی بایدن، ژمارەیەکی زۆری ئەمەریکییەکان بەدەست ئەم دۆخە داراییە دەناڵێنن، کە هاوشێوەی حەفتاکانە". بایدنیش لای خۆییەوە لەگوتارەکەی شیکاگۆی وەڵامی پڕۆژەی سکۆتی بۆ چارەسەری قەیرانەکان دایەوە لەو چوارچێوەیەدا گوتی "ئەمە دژی بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستییە" و هێرشی کردە سەر بزوتنەوەی (ماگا) و ناوی ترەمپی بەوانەوە بەستا. ئەمەش ئامانجێکی سیاسییە. بەشێکی پەیوەندیی بەخۆ ئامادەکردنەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتوو هەیە.

وەکو ئاماژەی پێ دەکەن هەموو شتێک بەسیاسەتی حزبەکانەوە بەستراوەتە، بەڵام ئەوان لێرەدا لەنێو ئەمەریکا بەشێوەیەکی ئاشکرا قسە لەسەر ستراتیژی چارەسەری کێشەکان بەپێی لێکدانەوەی فکری خۆیان دەکەن. قسەکردن لەگۆترە نییە،

گوتارەکانیان ڕەنگدانەوەی بەرنامەی کرداری سیاسی درێژخایەنی دیموکراتەکان و کۆمارییەکانە. باس لەڕووداو و قەیران و کێشە جدییەکان و چارەسەرەکانی دەکەن، حیساب بۆ سبەینێ دەکەن و دەیانەوێت تاکو ئاستێکی باش ڕاستگۆ بن لەگەڵ ئاخاوتن و گوتار و گفتوگۆکانیان.

(ترەمپ)ی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا تاکو ئێستاش دەیەوێت هەستی خەڵکی دژی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بجووڵێنێت و (بایدن)یش دەیەوێت پەیوەندی (ترەمپ) بە گوتاری لایەنە توندڕەوەکان ئاماژە پێ بکات و هەست و نەستی ڕەشەکان و گروپە چەپەکان و دیموکراتەکان و لیبرالەکان بەلای خۆیدا ڕبکێشێت. لەهەڵبژاردن شەڕێکی هەقیقی بەگوتار ئەنجام دەدەن و هەموو شتێکیش لەم بوارەدا کراوەیە.

# منداڵێکی
# چپس دز و پێنج ملیۆن بینەر

# (14)

شاری نیۆیۆرک یەکێکە لەشارە گەورەکانی ئەمەریکا، چەندەها نەژاد و زمان و ڕەگەز و نەتەوەی جیاوازیی تێدا دەژیت. پڕە لەڕووداوی سەیر سەیر. فیلمەکانی هۆلیۆد زۆر ئاماژە بەڕووداوەکانی نێو شاری نیۆیۆرک دەکەن، یان ئاماژە بەکارەساتە سروشتییەکانی ئەم شارە پڕ جووڵە و داهێنان و گەشەکردووە دەکەن.
لە ٢٠ نیسانی ٢٠٢٢ دا گرتەیەکی ڤیدیۆیی لە تویتەر بڵاوکرایەوە، کە پتر لە پێنج میلۆن کەس سەیری ڕووداوی نێو گرتە ڤیدیۆکەی کردووە. دەقی ڕووداوەکە ئەوەیە: پۆلیسێک منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵی پێسترڕەشی گرتووە، چونکە تەنیا یەک کیسە چپسی دزیوە. منداڵەکە لەنێو ڤیدیۆکە بەهەموو هێزی دەگرییێت و پۆلیسیش لەپشتەوە دەستی کەلەپچە کردووە. پۆلیسەکەش پێستسپییە. وێنەگری ئەم ڕووداوە، بە پۆلیسەکە دەڵێت ئەم منداڵە تاوانی چییە؟ پۆلیسیش دەڵێت کیسە چپسێکی دزیوە. وێنەگرەکە دەڵێت باشە من پارەی چپسەکە

دەدەم و منداڵەکە ئازاد بکەن، بەڵام پۆلیس ڕازی نابێت، دواتر لەدادگا منداڵەکە بێتاوان دەردەچێت و ئازاد دەکرێت.
گرنگی ڤیدیۆیەک لەچییە؟ سۆشیال میدیا بۆتە خاوەنی ئیرادەیەکی ئازادی بەهێزی کاریگەر، لەهەر چرکەیەکدا دەتوانێت وەکو داهێنەرێک و خاوەن ئیرادەیەکی سەربەخۆ ڕووداوەکان وەکو خۆی، بەخێرایی و بێ دەستکاریی و گۆڕانکاریی بگەیەنێتە ملیۆنان بینەر لەسەرتاسەری دونیادا. بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی نێو سۆشیال میدیا هیچ لایەنێک بەڕێوەی نابات، وایکردووە هەر هاووڵاتییەک ببێتە ڕۆژنامەنووسێکی کارای سەربەخۆیی دوور لەدامەزراوە یاسایی و ڕۆژنامەنەوانییەکان و کاریگەریش لەسەر ڕای گشتی دروست بکات.




https://x.com/cartoonlka/status/687121961072390144


لایەنێکی دیکەی گرنگی نێو ئەم گرتە ڤیدیۆیە ئەوەیە پۆلیسێکی پێستسپی منداڵێکی پێشترەشی هەشتساڵی کەلەپچە دەکات. ئەمە وەکو جۆرێک لەهەڵسوکەوتی ڕەگەزپەرستانەی پۆلیس دژی ڕەشپێستەکان سەیر دەکرێت.

لای منیش ئەوەیە، یاسا گەورە دزەکان ناگرێت، چونکە ڕێکارە یاساییەکان ڕەنگە چەندین ساڵ بخایەنێت، بەڵام پۆلیس هەمیشە بەخێرایی و لەناکاو و دەستوبردێکی خێرا کەسە لاواز و بچووک و منداڵ و بێ دەسەڵاتەکان دەگرێت و دەیانخاتە بەردەم یاسا و زیندانیان دەکات. مەبەستم ئەوەیە دزە گەورەکان بەدەگمەن دەگیرێن و دزە بچووکەکانیش هەمیشە میوانی زیندانن.

بەپێی ژمارەکان ڕێژەی تاوان لە ئەمەریکا بەرەو کەمبوونەوەیە. بۆ نموونە لەساڵی ٢٠١٦ لە کالیفۆرنیا ١٨٦١ کەس کوژروان، کە لەهەشتاکان و نەوەدەکاندا ٣٥٠٠ کەس کوژراون. هەمان ساڵ لە تیکساس ١٣١٦ تاوانی کوشتن تۆمارکراوە. کە لەساڵی ٢٠١٠ تەنیا ١٢٤٩ کەس کوژراوە، تیکساس یەکێکە لەو ٣١ ویلایەتەی یاسای لەسێدارەدانی هەیە. لە فلۆریدا هەمان ساڵ ١١٤٩ کەس و لە ئیلینۆیش ٧٤٤ کەس کوژراون، لەکاتێکدا ئەم ویلایەتە یەکێکە لەپێنج ویلایەتە بەنێوبانگەکانی ئەمەریکا لە زۆری تاوان. ئیلنۆی ساڵی ٢٠١١ یاسای لەسێدارەدانی نەهێشت.

ڕێژەی تاوان و بەکارهێنانی یاسا مشتومڕێکی سیاسی زۆری لەنێو ئەمەریکا دروستکردووە، هەندێک لایەن داوای

هەموارکردنەوەی دەستووری ئەمەریکا دەکەن، کە پەیوەندی بەڕێگەگرتن لەبەکارهێنانی چەک هەیە. لە ئەمەریکا هاووڵاتیان بەئاسانی دەتوانن چەک بەدەست بخەن، ٤٥٪ ئەمەریکییەکان بەشێوەیەکی یاسایی چەکی تۆمارکراویان لەماڵەکانیاندا هەیە، ئەمەش وایکردووە ڕێژەی کوشتن زیاد بکات.




https://www.dailymail.co.uk/news/article-3753048/Don-t-meet-St-Louis-City-tops-FBI-s-list-dangerous-urban-centers-America.html

لە واشنتنی پایتەختدا تاوانی کوشتن بەشێوەیەکی بەردەوام ڕوودەدات و ٤٢٪ کێشەی کوشتن فایلەکانیان کۆتایی پێهێنراوە واتە لەهەر شەش تاوان پۆلیس توانیویەتی دوو

لەگومانلێکراوەکان بدۆزێتەوە، ئەمە بەپێی داتاکانی ساڵی ٢٠٢١ە.

ساڵی ٢٠٢٠ لە واشنتن ١٩٨ تاوانی کوشتن و ساڵی ٢٠٢١ گەیشتۆتە ٢٢٦ کەس. لەم ساڵانەی دوایدا لە واشنتن و شارە گەورەکاندا خۆپیشاندان و کاری تێکدەرانە و توندوتیژی ڕوویداوە، بەهۆی نارەزایەتی دەربڕینی هاووڵاتیان دژی هەڵسوکەوتی خراپی پۆلیس. ئەم کێشەیە کاریگەری لەسەر بەرنامە سیاسییەکان و هەڵبژاردن و ڕکابەری نێوان دیموکراتەکان و کۆمارییەکانیش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەیە.

بەپێی ڕاپۆرتی کەناڵی (سی ئێن ئێن)ی ئەمەریکی و گواستنەوەی زانیارییەکانی (ئێف بی ئای) تاوانی کوشتن بەڕێژەی ٪٣٠ لەنێو ئەمەریکا لەنێوان ساڵی ٢٠١٩- ٢٠٢٠ زیادی کردووە، هەروەها بەڕێژەی ٪٥یش توندوتیژی لەنێوان ئەم دوو ساڵە زیادی کردووە. بەپێ زانیارییەکانی (ئێف بی ئای) ساڵی ٢٠٢٠ تاوانی کوشتن ٢١٥٠٠ بووە، لەم ساڵەدا لە هەر ١٠٠ هەزار کەسێک ٦.٥ کەس کوژراوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێژەی ٪٤٠ تاوانی کوشتن لەچاو ساڵەکانی هەشتاکان کەمی کردووە.

بەپێی زانیارییەکانی (واشنتن پۆست و نیۆیۆرک تایمز) و سەرچاوەکانی پۆلیس لەساڵی ٢٠١٥ەوە تاکو ئێستا بیست شاری ئەمەریکا پتر لە یەک ملیار دۆلاریان لەداهاتی پۆلیس لەبڕی قەرەبۆکردنەوە خەرج کردووە و پارەکە دراوەتە ئەو کەسانەی لەئاکامی خراپ بەکارهێنانی هێز و دەسەڵاتی پۆلیسەوە تووشی زیان هاتوون و دادگا سزای پۆلیسی داوە لەئاکامی خراپ

بەکارهێنانی ڕەفتار و پێشێلکردنی مافە مەدەنییەکان دژی هاووڵاتیان و گومانلێکراوەکان.




https://www.reddit.com/r/PropagandaPosters/comments//164jyis/american_exceptionalism_no_exceptions_a

بەپێی بۆچوونەکانی ڕۆژنامەی (وۆل ستریت جۆرنال) ئەم بڕە پارە زۆرە وەکو قەرەبوو دراوە، کە پەیوەندی بەخراپ بەکارهێنانی هێز و دەستگیرکردنی نایاسایی و پێشلکارییە مەبەستدارەکانەوە هەیە و لەهەندێک ڕووداودا گومانلێکراوەکان کوژراون، یان تووشی لەدەستدانی بەشێک لەجەستەیان هاتوون. لەساڵی ٢٠١٦ ڕێکخراوی چەکی نیشتمانی (The Association National Rifle) پتر لە پەنجا ملیۆن دۆلاری پێشکەشی (دۆلاند

ترەمپ) کرد بۆ ئەوەی لەهەڵبژاردنەکان بباتەوە و پاڵپشتی بەرنامەکانی ئەوان بکات. ئەمەش بۆ ئەوەیە زۆرترین قازانج لەفرۆشتنی چەک بەدەست بهێنن. هەر ئەوانە لەمانگی ئابی ساڵی ٢٠٢٠دا گەورەترین ناوەندەکانی ڕیکلامکردنیان دژی (جۆ بایدن) کرِی، بۆ ئەوەی ڕکابەرە دیموکراتەکەی دژ بە (ترەمپ) لەهەڵبژاردن بدۆڕێت. ئێستا لەدادگای نیۆیۆرک داوایەک جووڵێنراوە بۆ داخستنی ئەم ڕێکخراوە.

لەنێو ئەمەریکا بەهۆی ڕۆڵی ڕاگەیاندن و هەروەها یاسا زۆربەری ئەو زانیاریانە بڵاودەکرێنەوە، کە پەیوەندییان بەتاوان و ئاژاوە و توندوتیژییەوە هەیە. لەهەمان کاتدا ڕکابەرییەکی سیاسی توندیش لەنێوان دیموکراتەکان و کۆمارییەکان هەیە، لەچۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی تاوان و بەکارهێنانی چەک لای هاووڵاتیان. سەرباری ئەوەش بەشێکی ئەم تاوانانە دەبەسترێتەوە بەخراپ بەکارهێنانی هێز لای پۆلیس و هەندێکیشان دەگەڕێندرێنەوە بۆ ڕەگەزپەرستی و جیاوازی ڕەنگ و ئاستی کۆمەڵایەتی و جیاوازیی چینایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری شارەکان.

## واشنتن پۆست:
## کۆمارییەکان دژی دیموکراتین

## (15)

لەسەروتاری خۆیدا ڕۆژنامەی بەنێوبانگی ئەمەریکی (زی واشتن پۆست The Washington Post) ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ٢٠٢٢ بابەتێکی ورووژاندووە، کە پەیوەندیی بەلێکدانەوە و شیکردنەوەی فکری لەنێو کۆمەڵگەی ئەمەریکا هەیە. لەم بابەتەدا دەڵێت "هەموو کۆمارەییەکان نا، بەڵام هەندێکیان دژ بەدیموکراتین. تیشک دەخاتە سەر کۆبوونەوەی مانگی نیسانی ئەندامەکانی حزبی کۆماریی لە ویلایەتی کۆلۆرادۆ و ئاماژە بەڕۆل و کاریگەریی (تینا پیتەرز) دەکات، کە یەکێکە لەنووسەرەکانی دەڤەری میسا و پەنجەی تۆمەتی بۆ درێژ دەکەن و گوایە کەسێکی شاردۆتەوە و ئەو کەسە موچەخۆری ئەم ناوچەیە نەبووە و دێسکی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی بەشێوەیەکی نایاسایی بەکارهێناوە. دادوەر قەدەغەی کردووە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٢ بکات.

بەپێی بۆچوونەکانی ڕۆژنامە ئەمەریکییەکە (پیتەرز) بۆتە پاڵەوان لەنێوان لایەنگرانی (دۆلاند ترەمپ)ی سەرۆکی پێشووی

ئەمەریکا، کە هەتا ئێستاش پێداگرە لەسەر ئەوەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٠ دەستکاریی کراوە.
ئەم کەسە بانگەشەی ئەوە دەکات ئەو کارەی دژ بەو دەکرێت بۆ ئەوەیە زانیارییەکان لەبارەی دەنگدانی ٢٠٢٠ بشاردرێتەوە و ئاشکرا نەکرێت و بانگەشەی ئەوەش دەکات ئەوان و هەرکەسێکی دیکە بێت، کار دەکەن ئەو زانیاریانە ئاشکرا بکەن لەکاتی گزییدا ئەنجام دەدرێن. ڕۆژنامەکە لەم بارەوە نووسیویەتی مەبەست قسەکردنە لەبارەی درۆکانی هەڵبژاردن، لەکن (پیتەرز) بۆتە هۆکار تاکو هانی یاساناساکانی سەر بەکۆمارییەکان لەژمارەیەک ویلایەت بدات، بۆ ئەوەی کۆتوبەندی نوێ بخەنە بەردەم هەڵبژاردن.





https://www.bostonglobe.com/2020/11/12/opinion/trump/-undercuts-democracy

لەهەمان کاتدا هەندێک شتی دیکەش ڕوویداوە، لەوانە (مایکل ئەدەمز) لە کەنتاکی و (ئاندی بەشیر) حاکمی ویلایەتی کەنتاکی، کە سەر بە دیموکراتەکانە هاوکاری یاساناسەکانی کۆمارییەکانی کردووە بۆ دانانی یاساییەکی نوێی هەڵبژاردن لەپێناو ئاسانکاری لەدەستخستنی مافی دەنگدان و ئاسایشی دەنگدان. بەپێی ڕۆژنامەی (زی واشنتن پۆست) ئەم یاسایە ئاسنکاری بۆ دەنگدەرەکان دەکات، بەتایبەتی لەو شوێنانەی دەنگدەری کۆمارییەکانی تێدا زۆرترە.
هەمان ڕۆژنامەی بەنێوبانگی ئەمەریکی لەم سەروتارەیدا دەڵێت لەگەڵ بوونی کارەکتەری وەکو (پیتەرز) و ئەوانی دیکەش، کە هەمان بیرکردنەوەیان هەیە و هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٠ ڕەت دەکەنەوە، دەیانەوێت چاودێری کارتەکانی دەنگدان لەسەرتاسەری وڵات بکەن. ئەو کەسانە دەیانەوێت پرۆسەی دەنگدانە ڕێکخراو و شەرعییەکان تێک بدەن، بەمەش خۆیان بەسەر هۆکار و ئامرازەکانی دیموکراتیدا دەسەپێنن.
لەوتارێکی دیکەدا (ماسک بۆت) کە گۆشەنووس و توێژەرێکی گەورەی ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەیە لەهەمان ڕۆژنامەی ئەمەریکی (زی واشنت پۆست)دا نووسیویەتی ئێستا کۆمارییەکان دەستیان بەدزینی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٢و ٢٠٢٤ کردووە، کار دەکەن سەرکەوتن بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، ئەمەش دوای ئەوە دێت نزیکەی حەوت مانگ تێ دەپەرێت بەسەر سەرکەوتنی دیموکراتەکان لەهەڵبژاردنی ٢٠٢٠دا. ئەم نووسەرە

پێی وایە سەرکەوتنی ئەم جارەی کۆمارییەکان وەکو ئەمە وایە دیموکراتیەتی ئەمەریکا کۆتایی پێبێت.

١٤ ویلایەتی ئەمەریکا بەلای کەمەوە کۆمارییەکان حووکمی تێدا دەکەن، لەمانگی کانوونی یەکەمەوە تاکو ١٤ی ئەیاری ئەمساڵ ٢٢ یاسای نوێیان دەرکردووە و ئەم یاسایانەش کۆسپ لەبەردەم دەنگدان دروست دەکەن، سەرباری ئامادەکردنی ٦١ پرۆژەی یاسایی دیکە، کە ئەمانەش دەبنە بەربەست لەبەردەم گواستنەوەی دەنگەکان لەڕێگەی ١٨ دەستەی یاسادانەرانی ویلایەتەکان.




https://americanpromise.net/cartoon-of-the-week-the-anxiety-of-democracy/

کۆمارییەکان ئەم جارە دەیانەوێت بەلای کەمەوە لەچوار ویلایەتی تکساس و فلۆریدا و جۆرجیا و نۆرس کالۆراینا دەنگەکان ببەنەوە بەمەش دەتوانن لەهەڵبژاردندا ببەنەوە و زۆرینەی کۆشکی سپی بەدەست بهێنن. ئەم سیناریۆیە ئەوە نیشان دەدات کۆمارییەکان گەرەکیانە ئەم جارە زۆرینەی کۆنگرێس بەدەست بهێنن و ببنەوە زۆرینە. بەپێی بۆچوونەکانی ئەم توێژەرە ئەگەر لەهەڵبژاردنی ٢٠٢٤دا نوێنەری کۆمارییەکان بۆ سەرۆکی ئەمەریکا دەنگی پێویستی بەدەست نەهێنا، ئەوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەڵ دەوەشێننەوە.

ئەم نووسەرە (بۆت) لەشیکردنەوەکانیدا ئامازە بەوە دەکات ڕەنگە کۆمارییەکان لەکۆنگرێس ڕەتی بکەنەوە و قورس بێت ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٤ پێشوازی لێ بکەن بەتایبەتی لەو ویلاتانەی یەکلاکەرەوەن. ئەگەر کۆمارییەکان زۆرینە بن لە کۆنگرێس، دەتوانن دیموکراتەکان بێبەش بکەن لەدەستەی هەڵبژاردن، بەمەش دوور نییە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن تێپەڕێنن، ئەگەر ئەمە ڕوویدا ئەوە وەکو ئەوەیە سیستەمی دیموکراتی ئەمەریکا بەرەو کۆتایی بچێت.

بانگەشەکانی (دۆلاند ترەمپ) کە ئێستا خۆی وەکو بەربژێری کۆمارییەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ٢٠٢٤ نیشان دەدات، ئەوە دەردەخات تاکو ئێستاش بڕوای وایە هەڵبژاردن دەستکاری کراوە و ئەو براوە بووە نەک (بایدن).

لەلێدوانێکدا (ترەمپ) لەکاردانەوەکانی سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕووداوەکانی کەپیتال و هێرشکردنە سەر دامەزراوە دیموکراتییەکانی ئەمەریکا و کۆنگرێس و ڕوودانی ئاژاوەیەکی

جەماوەریی و سیاسی گەورە لەنێو ئەمەریکادا، (ترەمپ) گوتیەتی "پەشیمان ئەو کات نەچوومە نێو خۆپیشاندانەکان".
لەم چەند ساڵەی دوایدا ڕکابەری سیاسی لەپێناو بەدەستهێنانی دەنگی زۆرینە لەنێو ئەمەریکا بەرەو توندیی و ڕکابەرییەکی سەخت هەنگاو دەنێت. کۆمارییەکان و بەتایبەتیش ئەوانەی لایەنگریی سەرسەختی (دۆلاند ترەمپ)ن، بەگورج و گۆلی کار دەکەن لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٤ دەنگی زۆرینە بەدەست بهێنن. بۆ ئەوەی لەکۆنگرێسدا زۆرینە بن و بتوانن ڕێگری لەهەر پێشکەوتنێکی دیموکراتەکان بگرن. تەنیا هەندێک لەو نووسەرانە ترسی خۆیان لەپاشەکشەی دیموکراسی و کۆتایی هاتنی سیستەمی دیموکراسی ئەمەریکا نەشاردۆتەوە، بەهۆی ئەو ئاراستەی ڕاستڕەوە توندڕەوەکانی نێو کۆمارییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن. بێگومان ئەوانیش گلەیی و بۆچوونی خۆیان لەبارەی ئەنجامی هەڵبژاردەنکانی ٢٠٢٠ ناشارنەوە و پێیان وایە ساختەکاریی کراوە و ئەوەی ڕوویدا، دادپەروەرانە نییە.

# زەکات و هەڵکشانی ژمارەی موسلمانەکان لە ئەمەریکا

## (16)

بەپێی زانیاریی و ئامارەکانی ئەم ڕۆژانەی دوایی ڕێژەی زەکاتی ساڵی ٢٠٢١ ئیسلام لەنێو ئەمەریکا گەیشتۆتە ١.٨ ملیار دۆلاری ئەمەریکی، ئەم زانیاریانە لەلایەن (Middle East Eye) بەریتانی لە ٢٦ نیسانی ٢٠٢٢ بڵاوکراوەتەوە. بێگومان بەپێی زانیارییەکان ژمارەی موسڵمانەکان لەم وڵاتەدا ساڵ بەساڵ پتر دەبێت، واتە ڕێژەی زەکاتەکەش بەرەو سەر دەچێت.

بەپێی زانیارییە ئامارەپێکراوەکانی کاری خێرخوازی لە زانکۆی ئەندیانا ئەوە پشتڕاست کراوەتەوە کە هەر موسڵمانێکی ئاسایی بەپێی داهاتەکەی زەکاتی ٢٠٧٠ دۆلاری ئەمەریکی لەسەر دەکەوێت. بەپێی قسەکانی یەکێک لەبەرپرسەکانی ئەم ڕێکخراوە خزمەتگوزارییە داهاتی زەکاتی ئیسلامەکان لەمانگی ڕەمەزان گەیشتۆتە ١.٨ ملیار دۆلار. ئامارەشیان بەوە کردووە کە ٪٢٣.٥ی ئەم زەکاتە دەدرێتە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە

خزمەتگوزارییەکان، کە هیچ قازانجێک لەپارەکە بەدەست ناهێنن. هەروەها ٢١.٧٪ دەدرێتە ئەو وڵاتانەی زۆرینەی موسڵمانی تێدا دەژیت و لەڕێگەی دەوڵەتەوە زەکات کۆ دەکەنەوە. ١٨.٣٪ی ئەم پارەی لەزەکاتیش کۆ دەکرێتەوە دەدرێتە ڕێکخراوە ناوەخۆییەکان.
ڕێکخراوی خۆراکی ئیسلامی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندووە نزیکەی ١٣٥ ملیۆن دۆلاری هاوکاری وەرگرتووە، ئەم بڕە پارەیە لەچاو ساڵی ڕابردوودا ٣٥ ملیۆن دۆلاری زیادکردووە. هەمان سەرچاوە لەبارەی زەکاتەوە گوتیەتی "ڕاستە زەکات ئەرکێکی ئایینیە، بەڵام چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتیش دەکات، کە کاریگەری لەسەر خەڵک هەیە و خەڵکەکە هەژارتر کردووە و ژیانیان قورس بووە".



https://springerhistory.weebly.com/debate-topics.html

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی سەنتەری (بیۆ)ی ئەمەریکی کە یەکێکە لەو سەنتەرانەی نەحزبییە و نەحکوومی و بایەخ بە ڕاپرسی گشتی و لێکۆڵینەوە لەبارەی دیموگرافیا دەدات و سەرباری شیکردنەوەی نێوەڕۆکی کاری ڕاگەیاندن و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی دەدات. ڕەچاو دەکرێت تاکو ساڵی ٢٠٤٠ ئیسلام ببێتە دووەمین گەورەترین ئایین لەنێو ئەمەریکادا، ئەم لێکۆڵینەوەیە پشتی بەژمارەی دانیشتوان بەستووە، بەپێی سەرژمێرییەکان ژمارەی موسڵمان لە ئەمەریکا ٣.٤٥ ملیۆن کەسە. بەدواداچوونەکان ئەوەیان ڕاستکردۆتەوە ژمارەی موسڵمانان لە ئەمەریکا بەشێوەیەکی بەرچاو لەزیاد بوونە.

سەرچاوەیەکی ئیسلامی ئاماژە بە ژمارەی جووەکان لە ئەمەریکا دەکات و دەڵێت "ژمارەی موسڵمانەکان لەبەراورد بە جووەکان هێندە گەورە نییە، بەڵام ڕەچاو دەکرێت ژمارەی دانیشتوانە موسڵمانەکانی ئەمەریکا لەچاو جووەکان خێراتر بەرەو سەرەوە بچێت و زیاد بکات". بۆیە ڕەچاو دەکەن "لەساڵی ٢٠٤٠ موسڵمانەکان لەڕووی ژمارەوە شوێنی جووەکان بگرنەوە، کە ئێستا دووەمین گەورەترین ئایینی ئەمەریکان لەدوای کریستیانییەکان، لەهەمان کاتدا ڕەچاو دەکرێت لەساڵی ٢٠٥٠ ژمارەی موسڵمانەکان بگاتە ٨.١ ملیۆن کەس".

بەپێی سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان ژمارەی موسڵمانەکانی ئەمەریکا لەساڵەکانی ٢٠٠٧- ٢٠٠٨دا ٢.٣٥ ملیۆن کەس بووە و ساڵی ٢٠١١ گەیشتۆتە ٢.٧٥ ملیۆن موسڵمان. بەپێی ڕاپرسییەک کە پار کراوە، ٧٥٪ پێیان وایە جیاوازییکاری بەرانبەر

موسڵمانەکانی ئەمەریکا دەکرێت و ٦٠٪یش پێیان وایە ڕاگەیاندنی ئەمەریکا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ هەواڵی موسڵمانەکان ناکات.
لەبیری نەکەین ٨٩٪ ی موسڵمانەکانی ئەمەریکا ڕایانگەیاندووە کە شانازیی دەکەن هاووڵاتی ئەمەریکاین، هەر وەکو چۆن شانازیش دەکەن موسڵمانن، بەشی زۆری موسڵمانەکانی ئەمەریکا خەونی ئەمەریکاییان هەیە.

# سۆشیال میدیا
# پاشەکشە بەدیموکراسی دەکات

## (17)

یەکێک لەمینبەرە ئازادە کاراکانی ئێستا سۆشیال میدیایە، کە هاووڵاتیان نەک هەر زانیاری لەم ڕێگەیەوە کۆ دەکەنەوە، بەڵکو خۆیان ڕۆلی ڕۆژنامەنووسیش لەبڵاوکردنەوەی هەواڵی خێرا و کورت و بیروبۆچوونی تایبەتی خۆیان و وتار و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی دەبینن. بێگومان لەتەک لایەنە باشەکان و خێرایی و کاریگەرییەکانی سۆشیال میدیا لەهەندێک بواردا، لەهەمان گاڤدا بۆتە هەڕەشە و خراپکردنی باری کۆمەڵایەتی و سوکایەتی و تێپەڕاندنی سنوورە ئاساییەکانیش. بەواتایەکی دیکە بەناسروشتی هەڵسوکەوت دەکەن.

(باراک ئۆباما)ی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا لەکاتی پێشکەشکردنی گوتارێک لە ٢٠ی نیسانی ٢٠٢٢ لەزانکۆی ستانفۆرد لە سیلیکون ڤالی لە ویلایەتی کالیفۆرنیا ڕایگەیاند

"سۆشیال میدیا نیەتە هەرە خراپەکانی مرۆڤایەتی گەورە و قەبە کردۆتەوە. لەم گوتارەدا داوای کرد سەرلەنوێ ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانە ڕێکبخرێنەوە، چونکە ئەمانە بوونەتە هۆکاری سەرەکی بۆ لاوازکردنی دیموکراتیەت و ئەمە گۆڕانکارییەکی قووڵە سەبارەت بەچۆنیەتی بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردن و بەدەستهێنانی زانیاری.
(ئۆباما) گوتی ڕەنگە ئەگەر پێگەی کۆمەڵایەتی (مای سپیەس) و (فەیسبووک) نەبووایە من نەدەبوومە سەرۆکی ئەمەریکا. دەزانین کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پەرەپێدانی هوشیاریی و پێگەیاندنە و سوودی بۆ چالاکوانەکان لەسەرتاسەری دونیا هەیە.
لەهەمان کاتدا (ئۆباما) دەڵێت فەیسبووک و تویتەر سەرکەوتنی ئابووریان لەڕێگەی ڕیکلامە ئاراستەکراوەکان دەستخستووە، بەڵام بۆ بەدبەختی نێوەڕۆکی ئەو شتانەی ئاژاوە و هاندانی لەخۆگرتووە سەرنجمان ڕادەکێشت و هانمان دەدات بۆ بەکارهێنانی پتری ئەم بوارە. نازانرێت تاکو کەی تیۆری درۆ و موئامەرە پێشوازی لێ دەکرێت، کە (دۆلاند ترەمپ) لەگەڵ خۆی ئەم تیۆرەی هێنا.
واتە (ئۆباما) لەتەک ئاماژە بەلایەنە باش و پێشکەوتووەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێی وایە بەهۆی ئەو ئاژاوە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەی لەئارادا دایە، ئەم بوارە بۆتە هەڕەشە و هۆکاریش بۆ پاشەکشە پێکردن و لاوازکردنی بنەماکانی دیموکراسی.

ئاماژەی بەدەستێوەردانی (پوتین) لەقازانجی (ترەمپ) و دواتر هاندانەکانی (ترەمپ) لەبارەی ڕووداوەکانی کاپیتۆل کرد. بۆیە داوای کرد چاکسازی لەیاسای بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەئاراستەی ڕوونیی و بەرپرسیاریەتی لەبڵاوکردنەوە بکرێت.

لەڕاستیدا لەنێو فێیس بووک و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا دەستکاری زانیارییەکان دەکرێت بەمەبەستی تایبەتی لەپێناو دروستکردنی ئاژاوە و شێواندنی ڕاستییەکان. ئەمەش نەک هەر ئەمەریکا بەڵکو زۆر شوێنی دونیای گرتۆتەوە و هەندێک لایەن و کەس ئەم بوارە لەپێناو دروستکردنی پەشێوی و ئاژاوە و تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەکاردەهێنن.

بۆ زانیاری ئێوە بەپێی زانیارییەکان تاکو کۆتایی مانگی نیسانی ٢٠٢٢ پتر لە ٤.٤٨ ملیار کەس لەسەرتاسەری دونیا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن واتە ٥٦.٨٪ دانیشتوانی جیهان ئەم بوارە بەکاردەهێنن، هەروەها ٥.٢٧ ملیار کەس تەلەفۆن بەکاردەهێنن.

لە ئەمەریکای باکوردا ٥٤٪ بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئافرەتن و ٤٦٪یشیان پیاون، هەروەها لە ئەمەریکای باشووردا ٥٢٪ ئافرەت و ٤٨٪ پیاون ئەم بوارە بەکاردەهێنن و لە ڕۆژئاوای ئەوروپادا پەنجا بەپەنجایە و لە باشووری ئەفریقیاش ٥٢٪ ئافرەت و ٤٨٪ پیاو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن و لە باشوری ئاسیاش ٢٧٪ ئافرەت و ٧٣٪ پیاو سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن.

بەپێی سەرژمێرییەکان لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بەم جۆرە تۆڕە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی ڕەگەز بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای ئافرەتان پتر بایەخی پێ دەدرێت و پیاو پتر لە ٧٨٪یشان یۆتۆب و تویتەر بەکاردەهێنن. بەپێی نەژادیش ٨٠٪ی ئیسپانییەکان و ٧٧٪ی پێسترەشەکان و ٦٩٪ سپیپێستەکان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، هەروەها بەپێی تەمەنیش بەم جۆرەیە: تەمەنی ١٨-٢٩ لە ٨١٪ ئەم بوارە بەکاردەهێنن و تەمەنی ٣٠-٤٩ش بەرێژەی ٧٣٪ و تەمەنی ٥٠-٦٤ بەرێژەی ٤٦٪ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن.





https://www.startribune.com/sack-cartoon-your-brain-on-social-media/504771602

ڕۆژنامەی (زی واشنتن پۆست)ی ئەمەریکی لە ٤ی ئایاری ٢٠٢٢دا سەروتارێکی لەبارەی بۆچوونەکانی (ئۆباما) و بۆ چارەسەری کێشەی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکردۆتەوە و دەڵێت: "ئۆباما لە ٢١ی نیسان لە زانکۆی ستانفۆرد قسەی کرد و بۆچوونەکانی خۆی بۆ چارەسەری بڵاوکردنەوەی زانیاری ساختە و دەستکاریکراو ڕاگەیاند. لەدواین مانگەکانی دەسەڵات هەندێک گەشبینی ڕوویدا بەتایبەتی دوای ئەوەی ئاشکرا بوو، کە هەندێک لایەنی پیس بەشداربوون لەدەستوەردان لەئەنجامی هەڵبژاردنەکان. سەرباری ئەو گلەییە ڕەوایانەی کە کۆشکی سپی شایانی بوو، چونکە ساڵی ٢٠١٦ نەیتوانی ئەمەی ڕوویدا بەتەواوی ڕوونبکاتەوە، کە ڕوسیا چی کردووە و تۆڵەیان لێ بکاتەوە. کۆنگرێس نەیتوانی چاکسازیی لەم بوارە ئەنجام بدات. ڕۆژنامەکە ئامازەی بەوەش کردووە، کە لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە دوژمنانی گەل توانیان کاریگەریی لەسەر "بێلایەنی و دابەشبوونمان" دروست بکەن.

بۆیە (ئۆباما) بەپێی ڕۆژنامە ئەمەریکییەکە داوای کردووە پەناببرێتە بەر مادەی ٢٣٠ لە یاسای سزادانی ئەدەبی پەیوەندیکردن. ئەمە دەسەڵات بەپێگەکان دەدات لەڕووی یاساییەوە پارێزبەندی لەبەکارهێنەرانی ئەم بوارە بسێننەوە، هەروەها پێشنیاری "چاودێری ئاستی باڵا"ی کردووە سەبارەت بەو "ڕیکلامانەی ڕۆژانە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی دەکەنەوە، ئەمەش هاوسەنگییەکی گونجاو لەنێوان بەندی

٢٣٠ و پێگەکە ئەلەکترۆنییەکان دروست دەکات ئەو کاتە بەرپرس دەبێت لەهەموو شتێک و هەموو شتێکیش ناکات".
بۆچوونەکانی (ئۆباما) لایەنە هونەرییەکە دەگرێتەوە، نەک نێوەرۆکی ئەو شتانەی بڵاوی دەکەنەوە، کە ئەمڕۆ بۆتە جێگەی مشتومڕ لەبارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەپێی بۆچوونی ڕۆژنامەی (زی واشنتن پۆست) (ئۆباما) ناوی لەمە ناوە "چاودێری دیموکراتیانە". ئەمەش وا دەکات خەڵک لەوە بگات چۆن لەژیانی ڕۆژانە و لەبارەی ژیانی وڵاتەکەی بڕیاری گرنگ دەدات، ئەو کاتە "دەتوانرێت شتێکی باشتر داوا بکات".




https://www.cartoonmovement.com/cartoon/social-media-addiction

واتە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە یەکێک لەئامرازە کاریگەر و بەرچاوەکانی ئەم سەردەمە و کاریگەریی لەسەر کەسایەتی و عەقڵ و بیرکرنەوەی هاووڵاتیان دروستکردووە. لەتەک لایەنە ئەرێنییەکان، ژمارەیەک دیاردەی خراپیشی لەگەڵ خۆی هێناوە. وەکو چۆن سەرچاوەیەکی گرنگی مەعریفە و بەدەستهێنانی زانیاریی و کردەی پەیوەندیکردن و بەیەکەوە بەستنی مرۆڤە لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە، ژمارەیەک کێشەی گەورەی وەکو نەبوونی یاسا بۆ کۆنترۆل و چاودێری بەسەر بەکارهێنەرانی هەیە ئەمەش وایکردووە زانیاریی دەستکرد و شێواو و نادروست بڵاوبکرێتەوە و ئاژاوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دروست بکات.
مرۆڤایەتی بەهۆی ئەم خێرایی و کاریگەرییەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دروستیان کردووە، لەبەردەم بیرکردنەوە و هەڵوێست و لێکدانەوەی تازەیە. مرۆڤ لەم ڕێگەیەوە بەرەو پێشکەوتنی گەورەیە، لەهەکان کاتیشدا خۆی تووشی قەیران و کێشە و ئاژاوەی گەورەش کردووە. بۆیە بیرکردنەوە لەڕێکخستنەوە و داڕشتنی یاسا و هەموارکردنەوەی هەندێک لەیاساکان بۆتە داواکاریی ئەوانەی دەیانەوێت ئاشتی کۆمەڵایەتیی و ئارامیی ببێتە هاندەر بۆ پتر پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و ئاژاوە و خراپ بەکارهێنانی ئەم پێشکەوتنە زانستییە گرنگە لەکۆمەڵگاکان درووا بخرێتەوە. پێویستە بڵێم ڕۆژنامەی (زی واشنتن پۆست)ی ئەمەریکی بۆچوونەکانی (باراک ئۆباما)ی ناو ناوە "تیۆری ئۆباما بۆ چارەسەری کێشەی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان".


بەڵێ بەکردەوە ئەم بوارە پێویستی بەتیۆرێکی نوێ و فەلسەفەیەکی نوێ هەیە، بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم بوارە لەپێناو گەیاندنی زانیاری دروست و دوور لەشێواندن و درۆ و ساختەکاریی و هەواڵی ژەهرئاسا، چونکە هاووڵاتیانی نەک هەر لەبەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەڵکو لەوەرگرتن و شیکردنەوە و بەکارهێنانەوەی زانیارییەکانیشان پێویستە شارەزایی پەیدا بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بەباشترین شێوە ئەم بوارە بەکاربهێنن. نەک ببێتە "حەمام".

# تەلەفۆن و جەنگی ئۆکرەین

## (18)

ڕۆژنامەی (زی واشنتن پۆست)ی ئەمەریکی بابەتێکی لەبارەی کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی ئامێری تەلەفۆن لەجەنگی ئۆکرەین بڵاوکردۆتەوە و ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەم ئامێرە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پلان و بەرنامەی جەنگی سەربازی سوپای ڕوسیا هەبووە. بەپێی بۆچوونی ڕۆژنامەکە "ڕوسیا لەبەر لاوازیی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چاودێرە هاوپەیمانەکانی لەسەر خاکی ئۆکرەین تووشی گرفتی زۆر بووە". هەردوو توێژەری ئەمەریکی (سمۆل و ورز جۆرنال) لەبارەی بەکارهێنانی تەلەفۆن لەم جەنگەدا گووتیانە: "تەلەفۆنی دەستی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاراستەی جەنگەکەی گۆڕی، وایکرد وزە و توانای هێزی هێرشکەر لاواز بکات". ئەم ئامێرە بەتەنیا نەبۆتە هۆکار بۆ تێکشکانی ڕوسیا، لەتەک ئەوەشدا بەرەنگارییەکی سەرسەخت لەلایەن ئۆکرەنییەکان هەیە سەرباری هاوکاری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پێشکەکردنی زانیاریی سەرەکی بە

سوپای ئۆکرەین. بۆیە ژەنەراڵێکی ئەمەریکی شانازی بەوە دەکات، کە توانیویانە زانیاریی هەواڵگری زۆر ورد بە ئۆکرەین بدەن و لەکاتی پێویستیشدا بەکاریان هێناون.



https://www.forbes.com/sites/davidhambling/2024/07/24/russia-plans-to-punish-troops-using-smartphones-in-ukraine/

بەپێی ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسیش لەدیداری لەگەڵ (یۆری) ئاشکرای کردووە، کە ئەو کەسە لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە هاوکاری وڵاتەکەی وەکو پێویست بکات، بۆیە دەستی کردووە بە تۆمارکردنی پێگە و شوێن و بوونی سوپای ڕوسیا و ئەمەشی بە

سیستەمی تۆمارکردنی شوێنەکانەوە بەستاوەتەوە، کە سیستەمێکی جیهانییە، سەرباری جوولّەی تانک و دەبابەی ڕوسی. ئەوەش هەر لەڕێگای تۆمارکردنی شوێن و جوولّەی سوپای ڕوسی لەرێگەی تەلەفۆنی ئەلەکترۆنی و زیرەک و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان ئەنجام داوە و (میخالۆف یدروف) وەزیری ئەلەکترۆنی ئۆکرەین گوتیەتی "کۆکردنەوەی زانیاریی لەلایەن ١٧ ملیۆن کەسی هاوبەش و هاریکارمانەوە کاریگەری هەبووە و ئێستا ئەم زانیاریانە بەکاردەهێنرین بۆ چۆنیەتی زانین و دیاریکردنی شوێنی جوگرافی هێزەکانی ڕوسیا".

بەکارهێنانی تەلەفۆن یەکێکە لەو ئامرازە گرنگانەی هاووڵاتیانی ئۆکرەین بەکاریان هێناوە بۆ ئەوەی شوێن و چۆنیەتی جوولّەی هێزەکانی ڕوسیای پێ تۆمار بکەن و لەڕێگەی تۆڕی ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە ئەم زانیاریانەیان بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمانەش بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵگریی سەربازیی بۆ چۆنیەتی لێدان و شکاندنی هێزەکانی ڕوسیا.

سوپای ڕوسیا ناتوانێت هاووڵاتیان لەگرتنی وێنە و تۆماکردنی وێنە لەڕێگەی تەلەفۆنەکانیان قەدەغە بکات، یان بەئاسانی هەستی پێ بکات، دووەمیش بەهۆی ئەم تۆمارانەی لەڕێگەی تەلەفۆنەکانەوە ئەنجام دراون، سوپای بەرگریی ئۆکرەین گورزی لەناکاوی لەسوپای داگیرکەری ڕوسیا داوە، کە چاوەڕوانی ئەم جۆرە کارادانەوە و لێدان و بەرهەڵستکارییە نەبوون، بۆ ئەوەی بەم شێوەیە بەرەنگارییان ببنەوە و شوێنی کۆبوونەوە و جوولّەکانیان بزانرێت.

بۆیە ئاساییە بڵێین سوپای ئەلەکترۆنی و تەلەفۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان توانیان بەرنامە و نەخشەی هێرشی لەشکری کلاسیکی و خاوەنی هەزارەها سەرباز و تانک و فڕۆکەی جەنگی ڕوسیا بگۆڕن و تووشی کێشە و گرفتی گەورەیان بکەن.
ڕۆژنامە ئەمەریکییەکان ئاماژە بەو زانیاریانە دەکەن، کە چۆن پنتاگۆن توانیویەتی هاوکارییەکی بەهێزی سوپای ئۆکرەین بکات، لەڕێگەی پێدانی زانیاریی وردی ئەلەکترۆنی لەبارەی بوون و جووڵەی سوپای ڕوسیا و ئەم هاوکارییانەش کاریگەرییان لەسەر بەرنامە و سەرنەکەوتنی سوپای ڕوسیا لەجەنگی ئۆکرەین هەیە.
بەپێی ئەو بۆچوونانەی (ئەلجەزیرە) لەپێگەی کۆمەڵایەتی فەرەنسی (لافوا دو لیبی) گواستیتیەوە ژەنەرالی خانەنشینی فەرنەسی (میشیل گویا) گوتیەتی: "سوپای ئۆکرەین بەشێوەی باش زانیاریی تەکتیکی بەکاردەهێنێت و لەڕێگەی تەلەفۆنی زیرەک و یەکەکانی هەواڵگری زانیاریی کۆ دەکەنەوە" هەرچەندە بەشێکی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بەهۆی تۆپبارانی ڕوسیا لەکارکەوتوون، بەڵام ٩٠٪ تۆڕەکانی پەیوەندیکردن کار دەکەن و هاووڵاتیانی ئاسایی دەتوانن تەلەفۆنەکانیان و بوارەکانی دیکەی ئەلەکترۆنی بەکاربهێنن بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی و تۆمارکردنیان".
وتار و زانیارییە سەربازییەکان، ئەو پەیوەندیی و هاوکارییەی لەنێوان ئەمەریکا و ئۆکرەین هەیە، لەپێناو دروستکردنی ئاژاوەی سیاسی و زانیاریی و ورژاندنی هاووڵاتی بەکارناهێنرێت، بەڵکو وەکو بەشێک لەستراتیژی تێکشکانی

هێرشەکانی ڕوسیا بەکاردەهێنرێت، بەواتایەکی دیکە ڕۆژنامە ئەمەریکییەکان بەرپرسانە زانیارییەکان دەگوازنەوە و شیکاری ڕووداوەکان دەکەن و لێکدانەوەی نوێ بۆ ڕەوشەکە دەخەنەڕوو. ئەمەش بەشێکە لەئازادی گواستنەوەی زانیاریی و شیکردنەوەی ڕووداوەکان، نەک شێواندنی ڕاستی و هاندانی بی بنەما و دژایەتی ستراتیژیەتی ئەمەریکا لەم جەنگەی کە ئامادەنین بەهێزی سەربازی بەشداری تێدا بکەن، بەڵکو هاوکارییەکانیان لۆجیستی و هەواڵگری و پێدانی زانیاریی ئەلەکترۆنی و چەک و داراییە. ئەمە پەیوەندی بەتێگەیشتن و بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامەکانەوە هەیە، چۆن مامەڵە لەگەڵ گواستنەوەی زانیارییەکان دەکەن و لەچ بوارێکدا دەتوانن بەشداری لەتێکشکانی ڕکابەرە ناحەزەکانی وڵاتەکەیان بکەن.


# زلەیەکی شکۆدار

**(20)**

ئەو زلەیەی (ویل سمیث will smith ) لە (کریس ڕۆک)ی دا بووە یەکێک لە بابەتە گەرم و گوڕەکانی نێو ڕاگەیاندن، ئەم ڕەفتارەی ویل دەنگدانەوەیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. لە (نیوز ویک) دوو بابەت و بۆچوونی پێچەوانەی یەکتر لەبارەی ئەم هەڵسوکەوتەی (ویل) نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە. (ئەندرەو تالمان) دەڵێت: (ویل سمیث) دەیتوانی بڵێت "مەرحەبا ئەی بەرێز، تۆ هەستی هاوسەرەکەمت بریندارکرد، تکایە شتێک بڵێ و داوای لێبوردنی لێبکە"، ئەمە زۆر باشتر دەبوو و پەیوەندییەکانی چاکتر دەکرد. من حەز ناکەم کەسانێک سوکایەتی بکەن و دواتر مەسەلەکە بگاتە بەکارهێنانی هێزی جەستە، ئەگەر ئەم کێشەیە پەیوەندی بە هونەرمەندێکی کۆمیدی یان سیاسییەک، یان هەرکەسێکەوە هەبێت. ئەمە کارێکی پڕ لەکاردانەوە دەبێت، کە یەکێک "زلەیەکی شکۆمەندانە" لەیەکێک دەدات، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێم ئەوە ڕاست نییە، کە دەڵێت وشە هەرگیز نابێتە هۆکار بۆ کاردانەوەی

جەستەیی. ئێمە دەزانین وشە وەکو بیروباوەڕی شەعبیەتدان بە جەنگە. هەندێک جار تووڕەبوونێکی گونجاوی شیاو هەبێت، ئەوە بەکارهێنانی جەستە شتێکی قبوولکراوە.

لەهەمان کاتدا لەتەک ئەم وتارە، وتارێکی پێچەوانە نووسراوە بەناوی (کێلێستی هێلدیی) و دەڵێت: "زلەکەی ویل سمیث هەڵە بوو". ئەم نووسەرە لە بابەتەکەیدا دەنووسێت "هیچ وشەیەک و نوکتەیەک هێندە خراپ نابێت تاکو وای لێ بکات توندوتیژی وەکو کاردانەوە بەکاربهێنێت. من ڕۆژنامەنووسێکی بواری تویتەرم، هەموو ڕۆژێک تووشی هەڵوێستی ئابڕوبەرانەی ناخۆش دەبمەوە، من ناڵێم ئەمە شتێکی باشە، ڕۆژانە وشەی خراپم ڕووبەڕوو دەکەنەوە. لەکاتێکدا (کرسی رۆک) هەندێک شتی نزم و نوکتەی خراپ دەڵێت، دەبێت ڕەچاوی بەدواداهاتنی کێشە و ڕووداو و کاردانەوەی نەرێنی بێت، بەڵام ئایا ئەمە شتێکی مەعقولە (ویل سمیث) بچێتە سەر شانۆ و زلەیەک لە (کرسی ڕۆک) بدات؟ دواتر لەسەر کورسیەک دابنیشێت و لەبەردەم تەلەڤزیۆنی نیشتمانی سوێند بخوات؟. نەخێر بڕوا ناکەم شتێکی باش بێت".




https://wacotrib.com/opinion/columnists/s

با بگەڕێمەوە سەر بابەتەکە و بزانین چ ڕوویدا، ئەوێ ڕۆژێ لە شاری لۆس ئەنجلسی ئەمەریکا مەراسیمێکی فەرمی بۆ دابەشکردنی خەڵاتی ئۆسکار ڕێکخرابوو لەوێدا ڕووداوێک قەوما، کە کەس ڕەچاوی نەدەکرد ئەمە لەبەردەم کامێرا و بە بەرچاوی دونیاوە ئەکتەرێک، کە بانگراوە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی باشترین ئەکتەر کارێک بکات ببێتە جێگەی ڕەخنە و مشتومڕی نێو ڕاگەیاندنەکانی دونیا. (کریس ڕۆک) ئەکتەر و کۆمیدیی ئەمەریکی بەهۆی گاڵتەکردن بە (جەیدا سمیثی) خێزانی (ویل سمیث) و ئاماژەکردن بە تاشینی قژیی لەئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکاردا کاردانەوەیەکی توندی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەم قسەکردن و نوکتەیە (ویل سمیث) توڕە دەکات و ئەویش لەهیکڕا دەچێتە سەر شانۆکە و زلەیەک لەم پێشکەشکارە دەدات. لەدوای ئەمە (ویل سمیث) دوای ڕووداوەکە گوتی: من دەزانم دەبێت چی بکەین، چۆن دەبێت ئەو بێ ڕێزییە قبووڵ بکەیت، کە خەڵک بەرانبەرت ئەنجامی دەدات. لەم پیشەیەدا خەڵکی تێدایە بێ ڕێزیت بەرانبەر دەکەن و تۆش دەبێت تەنیا بەزەرەدەخەنەوە پێشوازی لێ بکەیت و وا خۆت نیشان بدەیت، کە هەموو شتێک ئاساییە.

مەسەلەکە پەیوەندیی بەبەکارهێنانی وشە و زاراوە و زمان و نوکەتەوە هەیە، لەهەمان کاتدا کاردانەوەکەش سنووری زمان و وشە تێ دەپەڕێنێت و دەبێتە کاردانەوەیەکی توند و بەکارهێنانی جەستە.

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد یەکێک دەڵێت ئەمە زلەیەکی شکۆدار بوو، واتە (ویل سمیث) لەسەر هەقە و کاردانەوەکەی جۆرێک لەشەرعیەتی تێدایە، هەرچەندە پەنابردنە بەر وەڵامدانەوەی وشە بەوشە، قسە بەقسە گونجاوترە لەگۆڕینی بەکارهێنانی وشە بۆ بەکارهێنانی جەستە و توندوتیژیی. هەشە پێیان وایە نابێت کاردانەوەکان بگاتە ئەو ئاستەی لەبەرانبەر سوکایەتی و بێ ڕێزییەکاندا پەنا وەبەر بەکارهێنانی جەستە و لێدان و زلە ببرێت.




https://www.reddit.com/r/memes/comments/tqd7fd/petiti /on_to_replace_batman_slap_meme_with_will

خێزانی (سمیث) توشی نەخۆشی پرچ هەڵوەرین (ڕێوییە) بووە، ئەکادیمیای زانست و هونەری وێنەی بەجووڵە، لەڕێگەی ئەنتەرنێت کۆبوونەوەیەکی دوای ڕووداوەکە ئەنجام دا و بڕیارێکی دژ بە (ڕەفتاری زیانبەخش و نابەجێی سمیث) دا و دوای ئەوە (سمیث) لەتەک داوای لێبوردن، دەستی لەئەندامیەتی ئەم ئەکادیمیایە کێشایەوە و لەداهاتوودا ناتوانێت بڕیار لەبارەی کاندێدەکانی ئۆسکار بدات. پێشتریش چوار ئەندامی دیکەی ئەم ئەکادیماییە دوورخرابوونەوە بەهۆی هەڵسوکەتی خراپی سێکسی لەوانە دەرهێنەر (هارفی وینشتاین و ئەکتەر بیل کوسبی و دەرهێنەر ڕۆمان بولانسکی و وێنەگر ئادەم کیمیل). (سمیث) ناتوانێت بۆ ماوەی دەساڵی دیکە ئامادەی ئاهەنگ و بۆنەکانی ئەم ئەکادیماییە زانستی و هونەرییە بێت.

با قسەیەکیش بۆ دز بکەین، ئەم زلەیەی (سمیث) بووە خێر و بەرەکەتێکی گەورەش بۆ (کرس ڕۆکی) ئەکتەری کۆمیدیی، بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی (میرۆر)ی بەریتانی بەهۆی زلەکەوە پارەیەکی زۆر پێشکەشی (ڕۆک) کراوە بەرانبەر ئەنجامدانی بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی لەبارەی ئەو چرکەیەی کە "زلەیەکی شکۆداری" پێ دەکەوێت. ئافرەتە پێشکەشکارە بەنێوبانگەکەی ئەمەریکا (ئۆپرا وینفەر) داوای لە (ڕۆک) کردووە لەبەرنامەیەکی ئەود بەشدار بێت بەرانبەر پارەیەکی زۆر، کە بڕی پارەکە ئاشکرا نەکراوە چەندە. بەپێی زانیارییەکانی ئەم ڕۆژنامە بەریتانییە بڕی ٢.٦٥ ملیۆن دۆلاریان بۆ (ڕۆک)

پێشنیارکردووە بۆ ئەوەی لەبەرنامەی کەناڵێکی ئەمەریکی دەربکەوێت.




https://www.alamy.com/stock-photo/will-smith-chris-rock-slap.html?imgt=8&sortBy=relevant

ڕەفتار و خووڕەوشتی ئەکتەرەکانی هۆلید و بواری سینەما لە ئەمەریکا ڕۆژانە لە ڕۆژنامەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن

بڵاودەکرێتەوە. ڕاگەیاندن هەمیشە وەکو ڕاوچی ڕاوی ئەو نێچیرانە لەنێو دونیای هونەردا دەکەن. بەردەوام بەدوای وێنەی نوێیان و ژیانی نێو خانەوادە و منداڵەکانیان، یان هەواڵی سەیر و نهێنییەکان و پەیوەندییە سێکسی و ئابڕووچوونەکانیانن. تاکو وای لێهات (سمیث) دوای ئەم ڕووداوانە بڕوای بەخۆی هێنا کە "ژنهێنان زیندان نییە".

(ویل سمیث) ناوی خۆی (ویلارد کارول سمیث جونیور)ە. ئەکتەر و دەرهێنەری فیلمە لە ئەمەریکا، لە پەنسلڤانیای ویلایەتی فیلادیلفیا لە ٢٥ دیسمبەری ١٩٦٨ لەدایک بووە. لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا نێوبانگی لەبواری نواندن دەرکرد بەتایبەتی لەڕۆڵی پاڵەوان لە فیلمی (سیتکوم) سەرباری بڵاوبوونەوەی نێوبانگی لەدوای فیلمەکانی ( Ali) و ( Bad boys) و ( The pursuit of happyness ) و (I’m legend) پتر بوو. کاندید بووە بۆ وەرگرتنی چوار خەڵات. لەئاستی کەسیدا دوای ئەو بەرنامە ڕاستەوخۆیەی پێشکەشکرا، تۆمەتی خیانەتی سێکسی و خیانەت لەخێزانەکەی درایە پاڵ، بۆیە دوای ئەمە ڕاستەوخۆ گرێبەستی هاوسەرگیریی لەگەڵ (جادا بینکیت) بەست. لەخێزانی یەکەمی دوو منداڵ و لەوەشیاندا دوو منداڵی هەیە. (سمیث) یەکێکە لە چل دەوڵەمەندەکانی ئەمەریکا بەپێی تەمەن و بواری ئیش و پیشەکانی خۆیان. سەرمایەکەی دەگاتە ٢٥٠ ملیۆن دۆلار و ساڵی ٢٠٠٠ی نزیکە ١.٣ ملیۆن دۆلاری پێشکەشی ڕێکخراوە خێرخوازییەکان کرد سەرباری پارەبەخشینەوە لەبۆنە و بواری جیاوازدا.

# سیاسییەکانی ئەمەریکا خانەشین نابن

## (20)

چ هۆکارێک هانی گەورە سیاسییەکانی ئەمەریکا دەدات خۆیان لەکاری سیاسیدا خانەنشین نەکەن؟ ئایا بەڕاستی ئەوانەی هەتاسەر لێوی گۆڕ سیاسەت دەکەن، مەیلی دیکتاتۆری و خۆفەرزکردن و نیەتی خراپ بەکارهێنانی پێگە و دەسەڵات و لەزەتی کورسیان هەیە؟ یان ئەم پێداگریی و مانەوەیە لەنێو سیاسەتدا نهێنی و شتی دیکەی لەپشتە؟.

(جۆ بایدن)ی سەرۆکی ئێستای ئەمەریکا حەفتا و نۆ ساڵە و ماوەیەک بەر لەئێستا گوتی دەمەوێت بۆ خولی ئایندەش خۆم کاندێد بکەمەوە. لە ڕۆژهەڵاتدا یەکێک تەمەنی هەشتا ساڵ بێت، وەکو ئەوەی لێدێت هەشتا جار مردبێت.

بەپێی ڕاپۆرتێکی تۆڕی (جەزیرە) و هەندێک سەرچاوە و ڕاگەیاندنی ئەمەریکی تەمەنی ناوەڕاست بۆ هاووڵاتیانی ئەمەریکیی ٣٨ ساڵە. کەچی تەمەنی ناوەڕاست بۆ ئەندامانی نوێنەران گەیشتۆتە ٥٨ ساڵ، تەمەنی ناوەندیی بۆ ئەنجوومەنی

پیرانیش ٦٣ ساڵە. واتە کۆنگرێسمان و سیناتۆرەکان مەیلی ئەوەیان هەیە بۆ چەند جارێک، یان بۆ ماوەیەکی درێژ لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە لەکارەکانیان وەکو نوێنەر بمێننەوە.

(نانسی پۆلسی) تەمەنی ٨٢ ساڵە و سەرۆکی کۆنگرێسە و ئەمە ٣٦ ساڵە بەردەوام و بێ پچڕانەوە نوێنەرایەتی یەکێک لە هەرێمەکانی ویلایەی کالیفۆرنیا دەکات، بەنیازیشە لە کانوونی دووەمی ساڵی داهاتووشدا جارێکی دیکە خۆی بۆ کۆنگرێس کاندێد بکاتەوە.



https://www.nytimes.com/2023/07/29/us/politics/mcconnell-feinstein-biden-age.html

(متیچ ماکۆنیل) تەمەن ٨١ ساڵە، کە یەکێکە لەسەرکردەکانی کۆمارییەکان و ٣٧ ساڵە لەکۆنگرێسە و نوێنەرایەتی ویلایەتی کنتاکی دەکات، هەروەها سەرکردەی دیموکراتەکان (ستینی هۆیەری) تەمەن ٨٢ ساڵ، کە نوێنەرایەتی یەکێک لەهەرێمەکانی ویلایەتی مێریلاند دەکات ٤٢ ساڵە لەئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا کار دەکات و بەردەوام خۆی هەڵبژاردۆتەوە بۆ ئەوەی لەم شوێنە خزمەت بکات.
(جێمس کلایبۆرن)یش، کە سەر بە دیموکراتەکانە ٣٠ ساڵی ڕەبەقە وەکو نوێنەری هەرێمێکی ویلایەتی ساوس کارۆلینا بەردەوامە.




https://trib.com/opinion/santos-cartoons/collection_b58bb456-08ca-504c-b28d-33e9d5f7bd69.html

پێتان سەیر نەبێت خەڵکی لەمانەش بەتەمەنتر لەم کۆنگرێس و ئەنجوومەنی پیرانەدا کاریان کردووە. لەوانە (ڕیچارد شیبل)ی لە ویلایەتی ئەلەباما تەمەنی ٨٨ ساڵ بوو، بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ لە ئەنجوومەنی پیران کاری کردووە و نوێنەرایەتی ویلایەتەکەی خۆی کردووە و سیناتۆر (دیان فاینشتاین)ی تەمەن ٨٩ ساڵیش کە نوێنەرایەتی وێلایەتی کالیفۆرنیا بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ کردووە، بەردەوام خۆیان هەڵبژاردۆتەوە بۆ مانەوەیان لەم کارە.

سیناتۆرێکی دیکە، کە لەمێژووی سیاسی ئەمەریکا بەتەمەنترین نوێنەر لەژیانی سیاسی ئەم وڵاتە دادەنرێت (ستروم سۆرمۆند)ی نوێنەری ویلایەتی ساوس کارۆلینایە. ئەو تاکو تەمەنی ١٠٠ ساڵی لەم شوێنە مایەوە، لە ساڵی ١٩٤٨ لەم بوارەدا نوێنەرایەتی ویلایەتی کردووە تاکو پێش بیست ساڵ کۆچی دوایی دەکات. لەتەمەنی سیاسی و نوێنەرایەتیدا ١١ سەرۆکی ئەمەریکای بەڕێکردووە.

ئایا بەڕاستی لەم تەمەنەدا کەسانێک چۆن دەتوانن خزمەت بکەن و گفتوگۆی پێویست لەبارەی کێشە و گرفتە سیاسی و ئابووری و فکریی و یاساییەکان بکەن. هەندێک پێیان وایە ئەم کەسانە لەم تەمەنەدا تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوە و لەدەستدانی وزە دێن و ناتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ و پێویست گفتوگۆی ئاسایی لەبارەی بابەتەکان بکەن. ئێمە دەبینین وەکو ڕاگەیاندنی ئەمەریکا ئاماژەی پێ دەکات بەهۆی تەمەنەوە (جۆ بایدن)ی سەرۆکی ئێستای ئەمەریکا تووشی نەخۆشی

لەبیرچوونەوە بووە و لەکاتی گوتار پێشکەش کردندا هەندێک شت تێکەڵ دەکات، یان ئەو شتانەی لەبیر دەچێتەوە کە پێویستە بیانڵێت. دەبێژن قسەیەک دەکات، کە نابێت بیکات.
بەپێی بۆچوونی دکتۆرێکی ئەمەریکی، کە قسەی بۆ کەناڵی (جەزیرە) کردووە، ئاماژە بەوە دەکات بەشی زۆری ئەم نوێنەرە سیاسیانەی ئەمەریکا پێیان وایە خانەشین بوون وایان لێ دەکات خێرا بمرن. بۆیە بیرکردنەوە لەبەردەوام بوون لەکارەکەیان لەوە دەیانپارێزێت تەندروستیان خێرا تێکبچێت و تووشی نەخۆشی و داهێزران ببن، لەبەر ئەوەشە مژول بوونیان بە کاری سیاسی و کاروباری ڕۆژانە وایان لێ دەکات مێشک و فکریان هەمیشە لەبزاڤ و چالاکیدا بێت.
پێتان سەیر نەبێت، کە هەندێک بۆماوەی ٦٠ ساڵ بەردەوام نوێنەرایەتی ویلایەتەکانی خۆیان لە کۆنگرێس و ئەنجوومەنی پیران کردووە، دەکرێت بڵێین ئەمانەی خوارەوە بەتەمەنترین کەس بوون، کە لەژیانی سیاسیدا بۆ ماوەیەکی درێژ لەکارەکانیان بێ پێچڕانەوە بەردەوامبوون، وەکو:
(جۆن دینگل)ی دیموکرات و نوێنەری ویلایەتی مشیگان بۆ ماوەی ٦٠ ساڵ بەردەوام بووە و (ڕۆبەرت بیرد)ی دیموکرات نوێنەری ڤەرجینیای ڕۆژئاوا بۆ ماوەی ٥٧ ساڵ لە کۆنگرێس و ئەنجوومەنی پیران بووە. (کارل هایدن)ی دیموکراتیش کە نوێنەری ئەریزۆنا بووە ٥٦ ساڵ لە کۆنگرێس و پیران کاری کردووە و (دانیال ئینۆی)ی دیموکراتیش لە ویلایەتی هاوای ٥٣ ساڵ لە هەردوو ئەنجوومەن بووە و (جێمی ویتن)ی دیموکراتیش

لە ویلایەتی میسیسپی بۆ ماوەی ٥٣ ساڵ ئەندامی کۆنگرێس بووە.

هیچ لاتان سەیر نەبێت، کە دەنگدان بەکەسانی بەتەمەن هۆکاری خۆی هەیە. ئەم هۆکارانەش پەیوەندییان بەتێگەیشتن و خواستی دەنگدەرەوە هەیە. لەوانە تەمەن پەیوەندی بەئەزموون و پسپۆری سیاسییەوە هەیە. ئەم جۆرە کەسانە هانی دەنگدەری بەتەمەنی وەکو خۆیان دەدەن، کە بەشداری کارا و باشتر لەپرۆسەی دەنگدان بکەن. سەرباری ئەمەش نێوبانگی کەسانی بەتەمەن هۆکارێکە گەنجە کەم ئەزموونەکان لە دەنگدان ببەزێنن.

تاکو ئێستا هیچ سنوورێکی تەمەن بۆ خۆ کاندێکردن بۆ کۆنگرێس و ئەنجوومەنی پیران لە ئەمەریکا نییە، هەر کەسێک تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت دەتوانێت بەردەوام و بێ پچڕانەوە خۆی وەکو نوێنەرایەتی هەرێمێک لەهەرێمەکانی ویلایەتەکەی کاندێد بکات. هەرچەندە لەنەوەدەکاندا لە ١٧ ویلایەتی ئەمەریکا بیریان لەوە کردۆتەوە یاسایێک هەبێت و ماوەی خۆکاندێکردن دیاریی بکرێت. بەپێی ڕاپرسییەک ٪٦٦ ئەمەریکییەکان لەگەڵ ئەوەن ماوەی چەند بارە بوونەوەی خۆ کاندێدکردن دیاریی بکرێت. دادگای باڵای دەستوور لەساڵی ١٩٩٥ ئەم پێشنیارەی بەهۆی یاسایی نەبوونەوە ڕەتکردۆتەوە.

ئەمە ژیانی سیاسییە، تەمەن لەتەک لایەنی باش و ئەرێنی، هەندێک لایەنی نەرێنیش لەگەڵ خۆی دەهێنێت، بەڵام لە ئەمەریکادا هیچ یاسایێک ناتوانێت ڕێگری لەو کەسانە بکات، کە ئارەزووی نوێنەرایەتی ویلایەتەکانی خۆیان لە کۆنگرێس و

ئەنجوومەی پیرانیان هەیە. لەم ڕێگەیەشەوە هەر تەنیا کار بۆ بەردەوام بوون و پاراستنی ژیانی سیاسی خۆیان ناکەن، بەڵکو دەیانەوێت لەم ڕێگەیەوە بایەخ بەپاراستنی باری تەندروستی خۆشیان بدەن. هانی دەنگدەری بەتەمەنیش بدەن بۆ ئەوەی بەشداری لەپرۆسەی دەنگدان بکەن. لەکاتێکدا گەنج بەهۆی تەمەن و بیرکردنەوە و کەلتووری نوێ هەمیشە لەبەشداری کردن لەپرۆسەی دەنگدان دەکەوێتە بەردەم گریمانە و لێکدانەوە و گۆڕان و دوودڵیی و ئەگەری هەمەجۆرەوە. پێ دەچێت بەپێی ئەو زانیاریانە دیموکراتەکان لەپێناو بایەخدان بەدەنگدەری بەتەمەن هانی بەتەمەنەکان بدەن خۆیان کاندید بکەنەوە و بەردەوام بن لەکاری سیاسیی و نوێنەرایەتی لە کۆنگرێس و ئەنجوومەنی پیران.

ئەمە دۆخی ئەمەریکایە، کەچی لە کوردستاندا لەیەکەم هەنگاودا ئەندام پەرلەمانەکان دەیانەوێت خانەشین بن، کە خانەشینیش بوون، ئیدی دەچنە خانەی لەبیرچوونەوە، ڕەنگە لەماوەی نوێنەرایەتیشدا نەبنە خاوەنی هیچ ئەزموون و پسپۆریی و شارەزاییەکی ئەوتۆ لە ئایندەدا سوودیان لێوەربگرن. لە ئەمەریکا نایەنەوێت ببنە خانەشینی سیاسی، لای ئێمەش دەیانەوێت ببنە خانەنشین لەپێناو بەدەستهێنانی دەستکەوتی دارایی و کەسی. وڵات بەپەیداکردنی ئەزموون و شارەزایی پێش دەکەوێت و گەشە دەکات، نەک خانەشین بوون.

# بایدن:
# ئاگاداری هەواڵی ژهراوی بن

# (21)

یەکێک لە مەترسییە دیارەکانی نێو کاری رۆژنامەنووسی لەسەرتاسەری دونیا هەوڵی ساختە و دەستکاریی کراو و ژەهراوییە. ئێمە هەمیشە لەڕۆژهەلآت و وڵاتە دواکەتووەکاندا، ئەوانەی تامەزرۆی ئازادین، بەڵام ئازادی وەکو چەکێکی بکوژ و خراپ بەکاردەهێنین، ڕەخنەمان لە ڕۆژنامەنووسان ئەوەیە هەواڵی ساختە و ژەهراوی بڵاودەکەنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ شێواندنی زانیارییەکان و تێکدانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و شلەژانی ئاشتەوایی لەنێو کۆمەڵگا و فریودانی هاووڵاتیان.




https://www.seacoastonline.com/story/opinion/cartoons/2017/01/05/granlund-cartoon-fake-news-/politics/22810936007

گرنگ ئەم دەردە کوشندەیە ئەمەریکا و ئەورووپای ئازادیشی گرتۆتە، ئەگەر باسی پڕوپاگەندەی جەنگی ئۆکرەین و ڕوسیا بکەین، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت هەواڵی درۆ، و ساختە و ژەهراوی وەکو (بایدن) ئاماژەی پێ دەکات، چ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر شێواندنی زانیاری و ئاراستەکردنی هاووڵاتیان و بەدیهێنانی ئامانجی سەربازی و سیاسی و دیبلۆماسییەوە هەیە.

کۆبوونەوەی ساڵانە و ئاسایی لە ئەمەریکا هەیە، کە سەرۆکی ئەمەریکا لەکۆشکی سپی لەگەڵ گەورە ڕۆژنامەنووسان و کەسانی دیاری وڵاتەکەی و سەرۆکەکانی پێشەخۆی ئاهەنگێکی ئێوارەخوانێکی ئەنجام دەدات، ئاهەنگێک نوکتە و قسەی جدی و گوتاری سیاسی و فکری تێدا پێشکەش دەکرێت.




https://www.sltrib.com/opinion/bagley/2022/05/16/bagley/-cartoon

بەهۆی کۆرۆنا دوو ساڵە ئەم کۆبوونەیە ئەنجام نەدراوە، ئەمجارە لە ٢٩ی نیسانی ٢٠٢٢ سەرۆکی ئەمەریکا (جۆ بایدن) لەهوتێلی (هیلتۆن) لە واشنتن بەئامادەبوونی ٢٦٠٠ کەس ئەم کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و پەیامنێرە بڕواپێکراوەکانی کۆشکی سپی ئەنجام دا، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو


(دۆلاند ترەمپ) ڕەتی کردۆتەوە بەشداری ئەم ئێوارەخوانە باوە فەرمییە بکات. ئەم جۆرە کۆبوونەوەیە لەساڵی ١٩٢٤ەوە لەنێو ئەمەریکادا ئەنجام دەدرێت و هەموو سەرۆکەکانی ئەمەریکا تێیدا بەشدار دەبن، تەنیا (ترەمپ) نەبێت ڕەتی کردۆتەوە بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە بکات.

بەپێی ڕاپرسییەکان جەماوەری (بایدن) لە دابەزینە، ئەو خۆشی ئامارژەی بەوە کردوە، کە ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵیان لەم بوارە هەیە و کاریان کردووە ئاستی دەنگەکان و متمانەی خەڵک لەدەست بدات، هەروەها ڕەخنەی لە (ترەمپ)یش گرت، کە ئامادە نەبووە بێتە ئەم ئێوارەخوانە باوەی ساڵانە ساز دەکرێت، هەروەها لەم کۆبوونەوەیەدا ئەکتەری کۆمیدی (تریڤور نوا) بە نوکتەکانی بەشداری لەم ئاهەنگە کرد و ئامادەبووانی خستە پێکەنینەوە. ئەوەی ئەم ئەکتەرە کۆمیدییە ئەنجامی دا، شتێکی ئاسایی و باوی هەموو ئێوارەخوانێکە، کە سەرۆکی وڵات لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە برواپێکراوەکانی نێو کۆشکی سپی ئەنجامی دەدات.

(بایدن) لە گوتاری دەستپێکی ئاهەنگەکە گوتی: زۆر شادمانم لێرەدا ئامادەم.. ڕەخنەیشی لەئامادەنەبوونی (ترەمپ) گرت. ئامارژەی بەوەش کرد "پێویستە ئاگادار بین لەو هەواڵانەی لەبارەی شەڕی ئۆکرەین بڵاویان دەکەینەوە هوشیار بن لەو ژەهرە هەواڵانەی لەڕێگەی دیموکراتیەکەمان بڵاودەکرێتەوە، کە زانیاری خراپ بەشێوەیەکی گەورە بڵاودەکرێتەوە". گوتیشی "ئێوە ڕۆژنامەی ئازادن و بایەخی ئێوە پترە لەوەی لەسەدەی ڕابردوو هەبوو". سەرباری ناردنی سەڵاو بۆ گیانی ئەو

ڕۆژنامەنووسانەی لە جەنگدا بوونەتە قوربانی. لەچوارچێوەی گوتارەکەیدا کاتێک باس هاتە سەر ئەکتەری کۆمیدی (تریڤۆەر) گوتی "ئێستا دەتوانی ڕەخنە لەسەرۆکی ئەمەریکا بگریت، پێچەوانەی ئەوەی لە مۆسکۆ ڕوودەدات، ئەگەر ڕەخنە لەسەرۆکیش بگریت لێرە ناتخەنە زیندانەوە".
ئەگەر لەبیرمان بێت لەساڵەکانی ڕابردوو لەم بۆنەیەدا (ترەمپ) هێرشی کردە سەر ڕۆژنامەنووسان و بە "دوژمنی گەل" ناوی بردن..
ئەمە نەریتی سیاسی و پەیوەندیی بەردەوامی نێوان ڕۆژنامەنووسان و ئەکتەرە بەنێوبانگ و کەسایەتییە کاریگەرییەکانی نێو ئەمەریکا و سەرۆکی ئەم وڵاتەیە. لەم کۆبوونەوەیەدا گوتاری سیاسی سەرۆک پێشکەشی دەکات و لەهەمان کاتدا نوکتەش دەڵێت و ئەکتەرێکی نوکتەبازی بەنێوبانگیش بانگ دەکرێت بۆ ئەوەی دوو قسەی خۆشی ڕەخنەگرانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئازادانە پێشکەش بکات. (جۆ بایدن) لەم کۆبوونەوەیەدا ئاماژەی بە کارەساتی کۆڤید کرد، کە سێ ساڵە نەیهێشتووە ئەم کۆبوونەوە ئەنجام بدرێت، بەڕۆژنامەنووسانیشی گوت: ئەرکی ئێستای ئێوە زۆر زیاترە لەئەرکەکانتان لەچاو سەدەی ڕابردوو.
ئاماژەی بەوەش کرد، کە پێویستە خۆ لەهەواڵی ژەهراوی دووربگرن و کە لەڕێگەی دیموکراسیەتەوە بڵاو دەبێتەوە، لەپلارێکی سیاسی ڕاشکاوانەشدا گوتی، ئەی ئەکتەری نوکتەباز قسەی خۆت بکە و ڕەخنە لەخودی منیش وەکو سەرۆکی ئەمەریکا بگرە، ئێرە ڕوسیا نییە تاکو (پوتین) بتخاتە

زیندانەوە. لەگەڵ ڕێکارەکانی خۆپارێزی، ئەمجارە (بایدن) بێ ڕووپۆش و دەمامک بەشداری لەم کۆبوونە گەورەیە کرد، کە ٢٦٠٠ کەس بەشداریان تێدا کردبوو.




https://www.cartoonmovement.com/cartoon/wars-and-fake-news

بەکردەوەش بەهۆی ئەو ئازادیی و دیوکراسییەی هەیە، هەروەها کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەموو دونیا ترسیان لەوە هەیە، کە هەواڵی ژەهراویی بکرێت و ئەو زانیاریانەی بڵاودەکرێتەوە زیان بە دیموکراسی و وڵات و هاووڵاتیان بگەیەنێت. واتا هەر ئێمەی هاووڵاتیانی کوردستان نین، ترس و نیگەرانیمان لە هەواڵی ژەهراویی و ساختە و دروستکراو هەیە، سەرۆکی ئەمەریکاش (جۆ بایدن) ڕاشکاوانە لەنێو گوتارکەیدا

ترسی خۆی لە هەوڵی ژەهراویی و هەواڵی ساختەی دروستکراو دەربڕی. واتە هەرچەندە ڕۆژنامەگەری پێشبکەوێت و گەشە بکات و ئازادی زۆرتر بێت، ئەرکی بەرپرسیاریەتی ڕۆژنامە قورستر دەبێت. وریایی و بەئاگاوە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکان ئەرکێکی ئەخلاقی و پیشەیی گرنگی ڕۆژنامەنووسانە.

# دادگای ئەمەریکا
# لەگەڵ کۆرپە لەباربردن نییە

**(22)**

ئەمەریکا یەکێکە لەو وڵاتانەی سەرکردایەتی دونیای ئازاد و دیموکراسی دەکات، نەک لەنێوەخۆیدا، بەڵکو دەیان جەنگی لەپێناو بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی و کەلتور و شێوازی دیموکراسی و کۆمەڵایەتی خۆی بەسەر دونیادا بەرپاکردووە. دواین پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی گەورە بوو، کە دەیەوێت دیموکراسی تێدا بڵاو بکاتەوە.




https://www.cartoonmovement.com/collection/right-to-abortion

پێش ئەو باسە بەپێویستی دەزانم بەپێی زانیارییەکانی (ڕۆیتەرز) ئاماژە بەوە بکەم، کە ١٥٧ ملیۆن کەس لەنێو ئەمەریکا پرۆتستانین واتە ٤٣٪ کۆی گشتی دانیشتوانی ئەمەریکا و ١٥ ملیۆنیش پابەندی کەنیسەی دیکەن. پرۆتستانییەکان خاوەنی ٤٧ هەزار کەنیسەن لەنێو ئەمەریکادا. بەپێی زانیارییەکان کەنیسەکانی ئەمەریکا لەم ساڵانەی دواییدا پێشوازییان لە سێ هەزار کەسی موسلمان کردووە، کە ئاینی خۆیان گۆڕیوە و چوونەتە ڕیزی کەنیسەخوازەکانەوە. لەهەمان کاتدا بەپێی زانیارییەکانی کەنیسەی کاسۆلیکی لەم ساڵانەی دواییدا ١٢٦ هەزار منداڵ بوونەتە قوربانی دەستدرێژی سێکسی لەلایەن پیاوە ئاینییەکانەوە.

بەپێی زانیارییەکانی کەناڵی (ئەلجەزیرە) بۆ چارەسەری ئەم کێشانەی لەڕوانگەی ئاینییەوە هەولی چارەسەریان دەدرێت، چەند پێشنیار و داواکارییەکیان خستۆتە ڕوو لەوانە:
دانانی لیژنەیەکی سەربەخۆ بۆ ئیدارەی ئەم کەنیسانە. دانان و پێداچوونەوەی سیستەمی ئەو زانیاریانەی پێشکەشکراون لەلایەن قوربانییەکانەوە. دابینکردنی پرۆگرامی چاکسازیی و ڕاهێنان و فێرکردن و پرۆتۆکۆلەکان و ڕێگەگرتن لەبەکارهێنانی شتی نهێنی لەمەسەلەی دەستدرێژی سێکسی و ئاشکرا نەکردنی ئەم زانیاریانە ئەگەر قوربانییەکە خۆی داوای کرد ئەو ڕووداوە بەنهێنی بمێنێتەوە.
لەکاتێکدا ئەم وڵاتە ڕێبەرایەتی دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئازادی تاکەکەسیی و بەدیهێنانی مافە مەدەنییەکانی تاک دەکات. لەم ڕۆژانە گفتوگۆیەکی زۆر لەنێو دادوەران و پسپۆرانی یاسایی لەهەندێک ویلایەت لەبارەی مافی لەباربردنی کۆرپە لەنێو سکی دایکدا سەری هەڵداوەتەوە.





https://www.mercurynews.com/2019/05/22/political-/cartoons-new-abortion-laws-spark-national-protest

ڕۆژنامەی (پۆلیتیکۆ) ڕۆژی دووشەممە ٢ ئایاری ٢٠٢٢ بابەتێکی سەرنجڕاکێشی لەم بارەوە بڵاوکرۆتەوە. لەساڵی ١٩٧٣ یاساییێکی تایبەت لەدادگای باڵاوە بۆ مافی لەباربردنی کۆرپە دەرچوو، ئەم یاسایە مافی بە ئافرەتانی ئاوس و سکپڕ دەدات، بەپێی دەستور کۆرپەکەیان لەبار ببەن.

ڕۆژنامەکە دەنووسێت پڕۆژەیەکی یاسایی لە دادگا پێشکەشکراوە بەدەنگی زۆرینە لە ١ی شوباتی ٢٠٢٢ پێشکەشکراوە، دادوەری ڕاستڕەو (ساموێل ئەلیتۆ) ئەم پڕۆژەی ئامادەکردووە، کە بۆتە جێگەی گفتوگۆیەکی گەرم لەلایەن کەسە

پسپۆڕەکانی ئەم بوارە و هێشتا هیچ بڕیارێکی کۆتایی لەبارەیەوە نەدراوە.
وەکو ئاماژەمان پێکرد ساڵی ١٩٧٢ دادگای باڵای ئەمەریکا لە دۆزی "ڕی زد وید"دا بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری دا، بەڵام ئێستا دەیانەوێت ئەمە هەڵوەشێننەوە و پێیان وایە لەباربردنی کۆرپە بەهیچ شێوەیەک دەستووریی نییە. پێکهاتەی ئەمەریکا لەڕووی ژمارەی دانیشتوان و جوگرافیا و کەشوهەوا و نەژاد و ئایین و دەستووری تایبەتی ویلایەتەکان و دەستووری فیدرالی جیاوازیی زۆری لەخۆگرتووە. لەڕووی فکرییەوە بیروڕای دیموکراتی و چەپڕەوانەی کۆمەلایەتی و ڕاستڕەو و کاریگەر بە بیروڕای ئایینی بڵاوە. بەپێی زانیارییەکانی ئەم ڕۆژنامە ئەمەریکاییە خوارووی ئەمەریکا و بەتایبەتی کۆنەپارێز و ڕاستڕەوەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ئەم بڕیارە نین و پێیان وایە ئەمە لەدەسەلاتی دەستووری فیدرالی نییە، بەمەش دەردەکەوێت کۆمەڵگەی ئەمەریکی دابەشی سەر دوو بۆچوون و لێکدانەوە بووە.
لەهەمان کاتدا کەرتی تایبەت و ئەو ڕێکخراوانەی لەبواری لەباربردنی کۆرپە لەنێو سکی دایکان کار دەکەن، دەستیان بەدەربڕینی ناڕەزایەتی کردووە بۆ نموونە ڕێکخراوی "بلاند بارینتهود" کە سەرپەرستی کرداری لەباربردنی کۆرپە دەکات، ناڕەزایەتی بەرانبەر ئەم پڕۆژە یاسایە دەربڕی، کە بانگەشەی ئەوە دەکات یاساکەی ساڵی ١٩٧٣ دەستووری ئەمەریکا دروست نییە. بۆیە لەگوتارێکی کورتدا لە (تویتەر) ئەم ڕێکخراوە گوتیەتی "هەتاکو ئێستاش یاسای لەباربردن یاساییە و مافی خۆتە ئەمە بکەی".

ئێمە دەزانین لەسەردەمی (ترەمپ) ژمارەیەک دادوەری ڕاسترەو دانران، کە ئەمەش وایکرد لەئەنجامی ئەم بڕیارانەی (ترەمپ) ژمارەی دادوەرانی فیدرالی لەکۆی نۆ کەس شەشیان ڕاسترەوەکان بن، بەمەش دۆخەکە لەقازانجی ئەم جۆرە پڕۆژانەیە، کە هەندێک لەپسپۆر و دادوەری خاوەن بیروبۆچوونی ڕاسترەو و کۆنەپارێز لەنێو ئەمەریکا بانگەشەی بۆ دەکەن.
بەپێی داتاکان لە ئەمەریکا لەنێوان ساڵی ١٩٧٠- ٢٠١٥ ٤٥.٧٨٩.٥٥٨ ملیۆن کەس پەنای بردۆتە بەر لەباربردنی کۆرپە، ئێستا مشتومڕێکی زۆر لەبارەی ڕاگرتنی ئەم یاسایە دەکرێت. لەڕاپرسیەکی ناوەندی (پیو Pew )ی تایبەت بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، کە لەساڵی ٢٠١٨دا ڕاپرسیەکەی کردووە، بەم شێوەیە بۆچوون و لێکدانەوەی ئەمەریکییەکانی بەرجەستە کردبوو. ٥٨٪ لەگەڵ لەباربردن و ٣٧٪یش داوای هەڵشوەشانەوەی یاساکەیان کردووە. کەچی ساڵی ٢٠١٩ دەزگای گالوپ ڕاپرسییەکی دیکەی ئەنجام دابوو لەوێدا ٩٠٪ ی دانیشتوانی ئەمەریکا پاڵپشتی یاسای لەباربردن دەکەن.
لەڕوانگەی سیاسیشەوە لە ڕاپرسییەکەی (پیو)دا بۆچوون و هەڵوێستی هەردوو حزبی باڵادەستی ئەمەریکاش بەمشێوەیە بووە. ٥٩٪ کۆمارییەکان پێیان وایە لەباربردن کارێکی یاسایی نییە، کەچی ٧٦٪ دیموکراتەکان پاڵپشتی لەباربردن دەکەن. ساڵی ١٩٩٥ ٤٩٪ کۆمارییەکان و ٦٤٪ دیموکراتەکان پاڵپشتی بیرۆکەی لەباربردنی کۆرپەیان کردووە.




https://theweek.com/cartoons/616190/political-cartoon-trump-abortion-2016

ئەم مەسەلەیە بەپێی ڕاپرسییەکان و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی ڕەهەندی جیاوازی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی و مرۆیی لەپشتە. لەڕاپرسییەکی دیکەی (گالۆپ) ئاماژە بەوە کراوە ئەگەر ژیانی ئافرەتەکە لەمەترسی بێت هەڵوێست و بۆچوونەکان چۆن دەبێت؟ لەم دۆخەدا کە پەیوەندی بەچارەنووس و تەندروستی و ژیانی ئافرەتەکەوە هەیە ٨٣٪ پێیان وایە دەبێت لەباربردنی کۆرپە کارێکی ڕێگە پێدراو بێت، لەهەمان کاتدا ٪ ٧١یش پێیان وایە لەکاتی دەستدرێژی سێکسی بەزۆر پێویستە ڕێگە بە لەباربردنی کۆرپە لەسکی دایک بدرێت.

لەگفتوگۆی سیاسی و لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا یەکێک لەو بابەتانەی قسەی لێ دەکرێت کێشەی لەباربردنی کۆرپەیە، ئەم مشتومڕە لەگفتوگۆ و ڕووبەڕبوونەوەکانی نێوان (ترەمپ) و (هیلاری کلنتن)یش بینرا. (ترەمپ) وەکو کۆمارییەکان لایەنگیری لەباربردنی نەکرد. لەهەمان کاتدا بەپێی زانیارییەکانی (جیلیان مینسەر ) لە (ڕۆیتەرز) ساڵی ٢٠١٠ لەباربردن لەڕێگەی بەکارهێنانی دەرمان بەم شێوەیە بووە: ٣٥٪ بووە و لە ساڵی ٢٠١٤ش ٤٣٪ بووە. بەکارهێنانی دەرمان، کە لە ئەمەریکا وەکو هۆکار و کەرەستەیەک بۆ لەباربردنی کۆرپە بەکاردەهێنرێت لە مەشیگان گەیشتۆتە ٥٥٪ و لە ئایوا ٦٤٪.


یەکێک لەبابەتە گەرم و جدییەکانی نێو ئەمەریکا کێشەی لەباربردنە، کە ڕەهەندێکی سیاسی و فکری و ئەخلاقی و سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتیشی لەخۆگرتووە، ئەم کێشەیە نەک هەر دابەشی سەر میانڕەو و مۆدێرنەکان بووە، یان بەپێی جوگرافیای ئەمەریکا دەگۆڕێت، نەخێر یەکێکە لەبابەتە گرنگەکانی نێوان کۆمارییەکان و دیموکراتەکانیش و لە هەڵبژادنەکانیان ڕەنگی داوەتەوە. سەرباری سەیرکردنی ئەم مەسەلەیە لەڕوانگەی یاسا و بنەمای کۆمەڵایەتی و ڕەچاوکردنی دۆخی ئەو ئافرەتانەی دەستدرێژی سێکسیان دەکرێتە سەر.

(جێمس س. مۆهر) لەلێکۆڵینەوەکەی لەو کتێبەی ناوی ( [Abortion in America: The Origins and Evolution of National Policy]()ە، ساڵی ١٩٨٧ گوتیەتی: پێش سەدەی ڕابردوو لەباربردن لای ئافرەتانی ئەمەریکا لەلایەن ئەو ئافرەتانەوە ئەنجام دەدرا، کە هێشتا

بەفەرمی هاوسەرگیریان نەکردبوو، لەو کاتدا ٥٤ کێیسی لەباردبردن لەلایەن گۆڤارەکانی ئەمەریکا لەنێوان ١٨٨٠- ١٨٣٩ بڵاوکراوەتەوە. نیوەیان ئەو ئافرەتانە بوون، کە هێشتا بەفەرمی هاوسەرگیریان نەکردبوو، ٪٦٠یش ئەو ئافرەتانە بوون کە هاوسەرگیریان کردبوو بەلای کەمەوە یەک منداڵیان هەبووە، لەم سەردەمدا لەباربردن لای ئەو ئافرەتانەی هێشتا هاوسەرگیریان نەکردووە لە زیاد بوونە، ئەم زیادبوونە جێگەی نیگەرانییە و بۆتە مایەی نیگەرانی دکتۆرە کۆنەپارێزە ڕاسترەوەکان، لەکاتی شەڕی ناوەخۆی ئەمەریکا بەگشتی لەم بارەوە پەنجەی تۆمەت بۆ بزاڤی مافی ئافرەتان درێژ دەکەن و بەوە تاوانباریان دەکردن، کە داکۆکی لە لەباربردنی کۆرپە دەکەن.

(گلۆریا پۆرفیس) لە گۆڤاری (نیوزویک) بابەتێکی جددی ورژووا‌ندووە و پێی وایە ئەمەریکا پێویستی بە گۆڕنکاریی لەعەقڵیەتی ڕۆشنبیریی لەبارەی ئافرەت و ئازادی هەیە، ئەو پێی وایە پێویستە پێداچوونەوە بەمەرجەکانی یەکسانی ئافرەت بکرێت، دەپرسێت بۆچی دەبێت کۆرپە لەبار ببەین؟. ئەمە لەپێناو خودی خۆمان و ئەو منداڵە دەکەین، کە هێشتا لەدایک نەبووە، چونکە توندوتیژی بۆ گەیشتنە یەکسانی و بەدەستهێنانی فێرکردن و کار و سوپا و دەرفەتی ئابووری هەیە. دەڵێت چارەسەریی کێشەی هەژاری بەکوشتنی هەژارەکان بەدی نایەت. بۆیە پێویستە چارەسەری باشتر بۆ ئافرەتان لەکاتی قەیرانەکاندا بدۆزینەوە. ئافرەتە گەنجەکان کە سکیان پڕ بێت، ناتوان پێشکەوتن لەکارەکانیان بەدەست بهێنن، بۆیە لەباربردن نامانگەیەنێتە چارەسەرە بنەڕەتییەکە. باشترین شت ئەوەیە

لێ بەگەڕێین ئافرەتان بەتەواوی مافەکانیانەوە بەشداری لە کۆمەڵگادا بکەن.




https://www.facebook.com/EditorialCartoons/posts/plan-

ئەمە پرسیارێکی زێدە گرنگە، کە خودی ئافرەتان لەبارەی چارەنووس و دۆخی ئافرەتایەتی و کێشەی سکپڕی و چارەنووسی کۆرپەکانیان دەیکەن و بەشی بنەڕەتی پرسیارەکەشیان پەیوەندی بە یەکسانی لەماف و ئابووری و کارکردنەوە هەیە.

# جەنگی دژی بە ئۆکرەین کریستانییەکانی دابەش دەکات

## (23)

یەکێک لەو باسانەی ڕۆژانە لەچوارچێوەی هەواڵ و زانیاری و بابەتی شیکاری لە ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا و دونیا قسەی لەبارەوە دەکرێت هەڵوێستی کەنیسەی ڕوسیایە لەچۆنیەتی پاڵپشتی جەنگی (پوتین) بۆ داگیرکردنی ئۆکرەین و لەئاکامیشدا بەپێی هەندێک بۆچوونی ڕۆژنامەوانی و سەرچاوەی لێکۆڵینەوە ئەم هەڵوێستەی کەنیسە لە ڕوسیا جیهانی کریستیانییەکانی بۆ سەر دوو بەرەی ناکۆک و پێچەوانەی یەکتر دابەشکردووە.
ڕۆژنامەی (زی واشنتن پۆست) (The Washington Post) لەبابەتێکی شیکاریدا ئاماژە بەوە دەکات دابەشبوونێکی بەرچاو بەهۆی پاڵپشتی کەنیسەی ئەرسۆدیکسی ڕوسیا بۆ پاڵپشتی جەنگی ڕوسیا لەدژی ئۆکرەین دونیای دابەشکردووە.




https://www.cartoonstock.com/cartoon?searchID=EC430186

کریستیانییە ئەرسۆدیکسییەکان یەکێکن لەگروپە هەرە گەورەکانی جیهانی کریستانیەتی لەسەرتاسەری دونیا و پێڕەوکاریان هەیە، ئەمانە لەڕووی ژمارە لەدوای کاسۆلیکی و پرۆتستانتەکان دێن، زۆربەی پێڕەوانیان کە ژمارەیان نزیکەی ٢٦٠ ملیۆن کەس دەبێت لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ڕوسیا و وڵاتەکانی دیکەی سەر بە سۆڤیەتی پێشوو دەژین. ئەم بیروڕا و ئیمانە لە ڕوسیا و ئۆکرەینشدا باڵادەستە، بەڵام پێگەی کەنیسە بۆتە سەرچاوەی دڵەڕاوکێ و ئاڵۆزیی لەنێوان مۆسکۆ و کیڤ.
بەپێی ورووژاندن و پرسیارێکی ئەم ڕۆژنامە ئەمەریکییە هاتووە: "بۆ سەرۆکی ڕوسیا فلادیمێر پوتین و هاوپەیمانەکەی لە کەنیسەدا (پاتریک کیریل) ئۆکرەین بە بەشێکی جیانەکراوە لە جیهانی ڕوسیای گەورە دادەنێن"؟.
نێوەڕۆکی پرسیارەکەی ئەوە نیشان دەدات، کە (کیریل) تەمەن ٧٥ ساڵە بەهێزەوە پاڵپشتی جەنگی دژ بە ئۆکرەین دەکات، ئەمەش وایکردووە پێگەی لەجیهانی کریستانیەتدا بەرەو لاوازی بچێت بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوە ئابڕوچوونەکانی جەنگ، ئەمەش وایکرد بڕیاری پاڵپشتی جەنگ کەنیسەکانی نەکەن و تورەشیان بکات، کە بەشی زۆریان ئیدانەی جەنگیان کردووە، بۆیە داواین لە (کیریل) کردووە لەم بڕیارەی پەشیمان بێتەوە.
بەپێی زانیارییەکانی ویکیپیدیا
هەمەجۆری ئایینی لە ڕوسیا هەیە، ئەرثۆدیکسی ڕوسیا بەرفرەترین ئایینە، یاسای ساڵی ١٩٩٧ دان بەمافی ئازادانەی ویژدان و عەقیدە دەنێت بۆ هەر هاووڵاتیەک، سەرباری ڕێزگرتنی ئایینەکانی دیکەی وەکو مەسیحی و ئیسلام و بودی و

جوو و ئەوانی دیکەش. ئەگەر ئایینێکی نوێ بەپێی یاسای ١٩٨٢ هەبێت پێویستە هەموو ساڵێک بۆ ماوەی ١٥ ساڵان کاغەزی بوونی خۆی پێشکەش بەلایەنی پەیوەندیدار بکات. ئەرسۆدیکس باشترین ئایینە لای دەوڵەت. بەپێی بۆچوونی چاودێرانی سیاسی ڕۆژئاوایی بایەخدان بە ئازادی ئایین لە ڕوسیا لەکۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی پێکردووە و ئێستاش لەپاشەکشەیە. بوونی ئایین و ڕێبازەکانی دیکەی کریستانی وەکو مەترسی بۆ سەر دەسەلاتی ئۆرسۆدیکس سەیر دەکرێت و پێیان وایە ئەمە "جەنگە دژی ڕۆح". ساڵی ٢٠١٢ ٤٧.١٪ پەیوەندییان بە ئایینی مەسیحییەوە لەنێو ڕوسیا هەبووە، کەچی هەندێک ئاماری دیکە لەهەمان ساڵدا دەڵێن ٧٦٪ ڕوسەکان مەسیحین. ساڵی ٢٠١٣یش دامەزراوەی ڕای گشتی دەڵێت ٦٥٪ی ڕوسەکان مەسیحین. ساڵی ٢٠١١یش ناوەندی (پیۆ) دەڵێت ٧٣.٦٪ی ڕوسەکان مەسیحین. بەم پێیە بێت دیار نییە ڕێژەی چەندی ڕوسەکان پەیوەندییان بەئایینی مەسیحییەوە هەیە.

لەئامارە بەژمارە دەردەکەوێت لەساڵی ٢٠١٢دا ٥٨،٨٠٠.٠٠٠ کەس یان ٤١٪ی تێکڕای دانیشتوانی ڕوسیا بڕوایان بە کەنیسەی ئەرسۆدیکسی ڕوسی هەیە.٤١٪-٦٠ لە ڕۆژئاوای ڕوسیان و ٤١٪-٦٠ لە یامالیا و بێرمن و پتر لە ٦٠٪ لە کۆرسک ئۆبلاست و ٦٩٪ لە فۆرینج ئۆبلاست و ٦٢٪ لە لبستک ئۆبلاست و ٧١٪ لە تامبۆڤ ئۆبلاست ٧٨٪ لە بنزا ئۆبلاست ٦٣٪ ، لە ئۆلیانوفسک ئۆبلاست ٦١٪، لە مۆدافیا ٦٩٪ لە نیجی نۆفگۆرۆد ئۆبلاستە ٦٩٪یە. لەبیر نەکەین ناکۆکی و ململانێ لەنێو خودی ئەم گروپە

ئاییینەش هەیە، کە ئەمڕۆ بەهێزترین گروپی ئاییینی ڕوسیایە. لەوانە گروپی کەنیسەی ئەرسۆدیکس کاسۆلیکی و کەنیسەی ئەرسۆدیکسی بێلایەنی ڕوسین. ناکۆکی زۆریان لەنێوان دابووە بۆ بوژانەوە و وەرگرتنی کەنیسە کۆنەکان و نۆژەنکردنەوەیان هاوڕا نەبوون، بەڵام بەهۆی پەیوەندی پتەوی ئەرسۆدیکسەکان لەگەڵ دەسەڵات ئەوانەی لەبەراورد بەوانی دیکە براوەترن بوون.




https://www.cartoonstock.com/cartoon?searchID=EC342383

گروپە ئایینەکانی دیکە بەم جۆرە ئیمانداریییەکەیان و ڕێژەیان دیاریی کراوە: کۆنەکان ٤٠٠ هەزار کەس، کاسۆلیکەکان ١٤٠ هەزار کەس واتە ٪٠.١ پرۆستانتەکانیش ٣٠٠ هەزار کەس دەبن واتە بەڕێژەی ٪٠.٢ کەس.

بەپێی سەروتارێکی (فایننشال تایمز) نووسراوە "شەڕی کرملن دژی ئۆکرەین پیرۆزە و کەنیسەی ئەرسۆدیکسی پاڵپشتی ئایدیۆلۆژی جەنگەکە دەکات". ناوبردنی ئەم جەنگە بە پیرۆز وەکو ئەوە وایە ئەوروپا گەڕابێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست. پارتیکی مۆسکۆ (کیرێل) نوێژی لەپێناو گیانی سەربازە کوژراوەکانی ڕوسیا کرد و ئەم جەنگەی بە "سەربەخۆیی هەقیقی ڕوسیا" ناوبرد و گوتیشی مۆسکۆ دژی شەڕانگێزە دەرەکییەکان دەجەنگێت. ڕۆژنامەکە دەڵێت: هەرچەندە ئەم کەنیسەیە بەفەرمی بەشێک نییە لەدەسەڵات، بەڵام بەپێی هەقیقەت و واقیع و کردەکان بۆتە یەکێک لەپێکهاتە دیارەکانی ڕژێمی سەرکوتاری پوتین. دوای چەندین ساڵ لەسەرکوتکردنی کەنیسەکە لەسەردەمی کۆمۆنیستەکان، کەنیسە پەیوەندییەکی سەرسوڕهێنەر و نامۆی بەنەوەکانی دەزگای هەواڵگری سۆڤیەتی هەبووە، کە پێشتر چەوسێنەری خودی ئەم کەنیسەیە بوون.
ڕوسیا و کەنیسە بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە کەنیسە داکۆکی لەگیانی کۆنی ڕەسەن دەکات و دژی ئەوروپای لەخراپ و لەڕێ لادەرە. ئەمەش یەکێکە لەهێما و سیمبولەکانی بازرگانی نەتەوەیی ڕوسیی ئاغای (پوتین). ئەوانەی پاڵپشتی کەنیسە دەکەن دەوڵەمەندە ئۆلیگراشیەکان و نەوەکانی ڕوسیای سپین، کە لەساڵی ١٩١٧ دوای شۆڕش بەرەو دەرەوە کۆچیان کردووە.


تاکو دەرکەوتنی کەنیسەی سەربەخۆی ئەرسۆدیکس لە ئۆکرەین، ڕوسیا سەرپەرستی بزاڤ و کارەکانی کەنیسەی ئۆکرەینشی دەکرد. بەپێی بۆچوونی ڕۆژنامەکە "وەکو چۆن ئەم جەنگە ڕوودای لەناکاو لەگەڵ خۆی دەهێنێت، کەنیسەی ئەرسۆدیکسیش لە مۆسکۆ و کیف دوور دەخاتەوە".

جەنگ لەتەکماڵوێرانی و زیانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کاولکاریی، دیاردەی دیکەش لەگەڵ خۆی دەهێنێت، کە هەندێکیان پەیوەندییان بەسیاسەت و پەیوەندی نێودەوڵەتییەوە هەیە، هەشیانە پەیوەندی بەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و فکری و ئایینی دەبێت. بەهۆی ئەوەی کەنیسەی ئەرسۆدیکسی ڕوسی وەکو کۆڵەگە و بەشێک لەسیستەمی سیاسی دەوڵەت و فکرەی (پوتین) بۆ ڕووداوەکان هەڵسوکەوت دەکات و پاڵپشتی جەنگە، کەنیسەکە دەکەوێتە ژێر بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی و مرۆیی زۆرەوە. بێگومان ئاکامی دوو جەنگ وەکو ئەو سەرەتایانە نابێت، کە پێش جەنگ هەبووە.

# گەشەکردنی توندوتیژی
# لای ڕاست و چەپڕەوەکانی ئەمەریکا

## (24)

نامەوێت بەپێی پێناسەی کلاسیکی سەیر ئەم دوو دەستەواژە فکری و سیاسییە بکەم، بەپێی گۆڕانکارییەکان نێونەتەوەیی و فکرییەکان هەندێک لەو دەستەواژە باوانەی ڕۆژانە بەکاردەهێنرێن، تێگەیشتن و واتا و ئەرکیشیان لەڕووی فکرییەوە دەگۆڕێت. بۆ نموونە، کە دەڵێین چەپڕەوەکانی ئەمەریکا مەبەستمان ئەوانە نینە کە فکری مارکسی و کۆمۆنیستیان هەیە، بڵکو ئەوانەن، کە پێداگری لەسەر مافە مەدەنییەکانی تاک و پتر خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و بایەخدان بە مافی تاک و کەمکردنەوەی باج و مافی ئافرەت و دیموکراسی لیبرالی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەکەن.




https://www.cartooningforpeace.org/en/editos/lannee-2023-debute-sous-le-signe-de-la-violence-aux-etats-/unis

لەئەمەریکا لەزۆر هەڵوێست و بۆچوونی سیاسیدا ئاماژە بە هەڵوێستی ڕاسترەو و توندڕەوەکان و چەپرەوەکان لەتێڕوانین و لێکدانەوە دەکرێت.

بابزانین ئەم دوو چەمکە لەنێو کۆمەڵگەی ئەمەریکی چ دەگەیەن.

پارتی ڕاسترەو (Whig Party) پارتێکی سیاسی ئەمەریکی کۆنە لەساڵی ١٨٦٠ بوونی هەیە. لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم چالاکی هەبووە، چوار لەسەرۆکەکانی ئەمەریکا ئەندامی ئەم حزبە بوون. کاتی خۆی ئەم حزبە لەدژی سیاسەتی سەرۆک

(ئەندرۆ جاکسۆن) و حزبی دیموکراتی دامەزراوە. ئەم حزبە داکۆکی لەسەروەری کۆنگریس و سەرۆکایەتی کۆمار کردووە. ساڵی ١٧٧٦ ئەم ناوە بەکارهێنراوە، کە لەپێناو سەربەخۆیی جەنگاون. ئەم ناوەیان لەبەرئەوە بەکارهێناوە، چونکە دژی سیاسەتی خۆفەرزکرن بوون. ئەم ئاراستەیە گەشەی کرد دوای یەکگرتنی ئەو حزبەی دژی ماسۆنیەت و پارتی کۆمارییە نیشتمانییەکان بوون. تا کار گەیشتە ئەوەی جەماوەر و نێوبانگێکی زۆریان پەیداکرد و کەسایەتی سیاسی دیاری وەکو (دانیال وبستەر و هنری) لە کەنتاکی و پاڵەوانەکانی جەنگیان لەوێنەی (ولیام هێنری هاریسۆن و زاکاری تایلور و وینفیلد سکوتیان) کاندێد کردووە لەنێوان ساڵەکانی ١٨٤٠- ١٨٥٢. لەگەڵ گەشەکردنی ئەم حزبە و بەدەستهێنانی پلەی سەرۆکی کۆمار، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی کێشەی کۆیلایەتی لە ئەمەریکا ئەم حزبەش هەڵوشێنراوەتەوە و دابەشبوونێکی گەورە لەریزی حزبەکەدا روویداوە. ئەو کاتە بزاڤی دژ بە کۆیلایەتی رێگەی لە سەرۆک (فیلمۆر) لەساڵی ١٨٥٢ گرتووە وەکو بەربژێری هەڵبژێرن بۆیە حزب لەجیاتی ئەم کەسایەتییە (وینفیلد سکۆتی) بەربژێر کردووە.

زۆربەی سەرکردەکانی حزبی راسترەو دەستیان لەکار کێشایەوە، (ئەبراهام لنکۆلن) یەکێک بوو لەوانە. زۆربەری جەماوەری حزب لەباکووری وڵات چوونە نێو پارتی کۆماری کە پارتێکی نوێ بوو، بەڵام ئایدیۆلۆژیای راسترەوی بەردەوام بوو، هەروەها رۆڵێکی گەورەی لەپێکهاتەی سیاسیی نوێ و حکوومەتەکانی ئەمەریکا

هەبووە و بەردەوامیشە لە فشار و دروستکردنی کارتێکردن و جووڵاندن و کاریگەریی.




https://medlind.wordpress.com/2018/05/20/guns-in-america-analysing-cartoons/

چەپڕەوەکانیش بەشێکی دیکەی کۆمەڵگەی ئەمەریکان و بریتین لەتاک و گروپەکانی نێو کۆمەڵگا، کە داوای یەکسانی لەدامەزراوە ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکەن. لیبرالییە مامناوەندەکان بڕوایان وایە دەکرێت یەکسانی لەنێو پێکهاتەی سەرمایەداریدا بەرجەستە بکرێت، هەروەها سۆسیالیستی و کۆمۆنیست و ئەوانەی دژ بەدەسەلاتن لەنێو ئەمەریکا هەن، هەرچەندە بیروڕای چەپخوازی لەسەدەی نۆزدەهەم گەیشتۆتە ئەمەریکا، بەڵام هیچ حزبێکی چەپڕەو بوونی نییە، بەڵام زۆربەی چەپخوازەکان وەکو ئەندامی حزبی دیموکرات تێ دەکۆشن.

هۆزە سەرەتاییەکانی ئەمەریکای باکوور، کە دواتر مارکسیەکان ناویان نا کۆمۆنەی سەرەتایی هاوکاری ئابووری لەنێو ئەندامەکانی هۆزەکاندا بەڕێوەدەبرا. یەکەمین گروپی سۆسیالیستی ئەوروپایی، کە گەیشتنە ئەمەریکا بریتی بوون لەهۆزی مەسیحییەکانی (لابادیست)، دواتر (کمیونە بوهیمیا مانور)یان لەساڵی ١٦٨٣ پێکهێنا، لەدووری ٦٠ کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای فیلادلفیا لە ویلایەتی پەنسلڤانیا. بەشێوەی گروپی بەکۆمەڵ دەژیان و وەکو نوێنەر و مەسیحییە سەرەتاییەکان هەڵسوکەوتیان دەکرد.

یەکەمین سۆسیالیستییە عیلمانییەکانیش وەکو کۆچبەر گەیشتنە ئەمەریکا بریتیی بوون لەوانەی دوای شۆڕشی ١٨٤٨ کۆچیان کردووە، لەوانە ج(ۆزیف فیدیمایر)ی هاوڕێی (کارل مارکس)ی ئەلمانی بووە، کە ساڵی ١٨٥١ خۆی گەیاندۆتە نیۆیۆرک لەدوای ڕووداوەکای شۆڕشی ١٨٤٨. یەکەمین گۆڤاری مارکسی لە

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەناوی "شۆرش" لەساڵی ١٨٥٢ بڵاوکردۆتەوە. (Proletarierbund ) دواتر بووە هاوبەندی کرێکارانی ئەمەریکا و یەکەمین ڕێکخراوی مارکسی بووە لە ئەمەریکا. هەرچەندە ئەمە تەمەنی کورتبووە و نەیتوانیوە کرێکاران بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بەشێکی فەشەلەکەیان پەیوەندی بەتوانا و خودی بەکارهێنانی زمانەکەیانەوە هەبووە، کە نەیانتوانیوە زمانی ئینگلیزی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە بکاربهێنن بۆ ڕاکێشانی ئەندامەکان بۆ ناو ئەو گروپە کرێکارییەی دروستیان کردووە. ساڵی ١٨٦٦ (ویلیام ئیتچ سیلڤیس) یەکێتی کرێکارانی نیشتمانی دروستکرد، ئەو کات (فریدریک ئەلبرت) لەدوای نسکۆی شۆڕشی ١٨٤٨ پەنای بردبووە بەر نیۆیۆرک و بەشی ناوەخۆیی ژمارە پێنجی وەرگرت، ئەمەش وەکو بەشێک لەنێونەتەوەیی یەکەم سەیرکرا، بەو پێیەی، کە بەشی ژمارە یەک لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بووە، ئەم یەکێتییە ٢٢ بەشی تاکو ساڵی ١٨٧٦ پێکهێنا، دواتر توانیان کۆنگرە لە نیۆیۆرک ببەستن. ئەنجوومەنی گشتی نێونەتەوەیی گواسترایەوە بۆ نیۆیۆرک و سەرۆکی ئەمینداری گشتی بوو، بەڵام بەهۆی ناکۆکی و ملململانێی ناوەخۆیی ئەم ئەنجوومەنە هەڵوەشێنرایەوە.

ساڵی ٢٠١٧ ساڵەکانی پێش ئەم کاتە و دواتریش بەڕاشکاوی ئاماژە بەزیادبوونی نیەتی ڕاستڕەویی توندڕەو لەنێو کۆمەڵگەی ئەمەریکی دەکرێت. ئەمەی مانگی ئابی ٢٠١٧ بەستراوەتە بەڕووداوەکانی شاری شارلوسڤیل لە ویلایەتی ڤێرجینیای ئەمەریکی لەئەنجامی فراوانبوونی چالاکیی ڕاستڕەوە

توندڕەوکان بووە و بەپێی ئامارەکان کێشەکەش لەهەڵکشانە. هەڵبژاردنی (دۆلاند ترەمپ) کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەم ئاراستەیە هەیە. بینیمان دوای سەرکەوتنی (جۆ بایدن) چ لە کەپیتۆل قەوما و چۆن ڕاستڕەوە توندڕەوەکان، کە هەڵگری ئاراستە و بیرکردنەوەی جیاوازن هێرشیان کردە سەر ڕەمز و دامەزراوە دەستوورییی و فەرمییەکانی ئەمەریکا، گەلێک لایەن و دەزگای ڕاگەیاندن ئەمەیان بە هەڕەشە دژی دیموکراسی ئەمەریکی و مەترسی بۆ سەر پاشەکشە لەدیموکراسی وەسفکرد. لەم سەردەمەدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی کارا بانگەشە بۆ ئایدیۆلۆژیای توندڕەوی ڕاستڕەو دەکەن، بەپێی زانیارییەکانی ناوەندی یاسایی خواروو بۆ هەژاری، کە دامەزراوەیەکی بڕواپێکراوی ئەمەریکییە بۆ مافە مەدەنییەکان گوتیەتی "ئێستا نزیکەی ١٦٠٠ گروپی توندڕەویی لە ئەمەریکا هەن".




https://medlind.wordpress.com/2018/05/20/guns-in-america-analysing-cartoons/

بەپێی زانیارییەکانی ڕاگەیاندنی ئەمەریکا لە ویلایەتی تکساس لە قوتابخانەیەکدا لە ٢٥ی ئەیاری٢٠٢٢ لە ڕووداوێکدا ١٩ قوتابی لەقوتابخانەیەکی سەرەتایی کوژران، ئەمە ڕاگەیاندنی ئەمەریکا و دونیای هەژاند. بەپێی قسەکانی دادوەری تکساس تاوانکار ناوی (سلڤادۆر رامۆس- ١٨ساڵ)ە. خێرا ئەم مەسەلەیە لەلایەن کاندیدی دیموکراتەکان قۆزرایەوە و گوتیان حکوومەت بۆ ڕێگەگرتن لەم کارانە هیچ کارێکی پێویست ناکات و حاکمی ویلایەتەکەش (گریگ ئابۆت) کە نوێنەری کۆمارییەکانە ڕایگەیاند ئەم قسانە بۆ بە سیاسی

کردنی کێشەکانە. بەپێی قسەکانی پۆلیس و زانیارییەکانی کەناڵی (سی ئێن ئێن) تاوانکار سەرەتا تەقەی لە داپیرەی خۆی کردووە و پاشان ڕویکردۆتە ئەم قوتابخانەیە و ئەم کارەساتەی قەوماندووە. دوای ١٠ ڕۆژ پاش ئەم کارەساتە لە ناوچەی (بافالۆ)ی نیۆیۆرک تەقە لە ١٣ کەس دەکرێت. (جۆ بایدین)یش گوتی با ئێمە وەکو میللەت لەخۆمان بپرسین ئەمە هەتا کەی؟ دەبێت دژی گروپەکانی فشار ڕابین و بیانوەستێنین. ئەمە گوتاری (بایدن) بوو سەبارەت بەکێشەی بەکارهێنانی چەک. کۆمارییەکان بەشێوەیەکی گشتی لەکۆنگرێس دژی یاسای قەدەغەکردنی چەکن.

گروپە توندڕەوەکانی ئەمەریکا:


ڕاسترەوەی ئەلتەرناتیڤ: توندڕەوەکان بریتین لەژمارەیەک گروپی جیاواز، هاندەر و چالاکن دژی (سیاسەتی تەباین)، پاڵپشتی سەرۆک (ترەمپ)یان کردووە و دەکەن، ڕەخنەگرانیش دەڵێن ئەم گروپە بریتین لە پێستسپییە ڕەگەزپەرەستە توندڕەوەکان.
بەپێی زانیارییەکان ئەم گروپە لەم دوایانەدا گەشەی کردووە و گوتارەکانی (ترەمپ) زۆر هانی داون و هۆکارێکە بۆ پەرەپێدانی فکری ڕەگەزپەرستی، بەتایبەتیش دژی جووەکان و ئیسلام. لەهەمان کاتدا لە نۆڤێمبەری ٢٠١٦ ترەمپ ڕەخنەی لەم گروپە گرتووە و خۆی لێ بێ بەریی کردوون. گروپی ڕاستڕەوی ئەلتەرناتیڤ بریتییە لە ڕۆشنبیران و کۆنەپارێزە خۆڕسکەکان و

گروپێکی تایبەتمەندی کۆمپیوتەرن. بنەما سەرەتاییەکانی ئەم بزاڤە بریتییە لە "ناسنامەی سپی" و پارێزگاریی لە "شارستانیەتی ئاسایی رۆژئاوا" دەکەن. ئەم گروپە هیچ ئەندامێکی فەرمی نییە و چالاکییەکانی لەڕێگەی ئەنتەرنێت بڵاودەکاتەوە و ئەنجام دەدات، ئەم بزاڤە ئەندامەکانی لەنێو ئەنتەرنێتە و لەهیچ شوێنێکی دیاریکراودا نین، بەپێی زانیارییەکان پێگە و بوونی لەسەرتاسەری ئەمەریکا لەگەشەکردنە.

گروپی کو کلوکس کلان: ئەم گروپە ساڵی ١٨٥٦ لە شەڕی ناوەخۆیی ئەمەریکا دروستبووە، بریتیبوون لەژمارەیەک ئەفسەر، کە لە ڕیزەکانی سوپای باشوور لەسەردەمی شەڕی ناوەخۆی ئەمەریکا خزمەتیان کردبوو. ئەمانە بەوە بەنێوبانگن کە ڕەگەزپەرستە پێستسپییەکانی لەخۆگرتووە، بەخێرایی لە باشوور بڵاوبۆوە، تاکو لەسەرەتای سەدەی بیستەم بەهەموو وڵاتدا گەشەی کرد. ئەم ڕێکخراوە دژی پێستەڕەشەکان و جوو و کۆچبەرانە، لەم دوایانەدا دژی هاوڕەگەزە نێر و مێیەکانیش هەڵسوکەوت دەکات، یەکێک لەو ڕێکخراوە خۆبەشانەیە لەدەرەوەی یاسا هەڵسوکەوت دەکەن. بەوە بەنێوبانگن جلکی تایبەتی سپی بەسەر داپۆشراوی دەپۆشن و خەڵک لەسێدارە دەدەن و هێرشبەرن. هەندێک وا وەسفی ئەم ڕێکخراوە دەکەن، کە لە "ڕێکخراوێکی مەسیحی پێستسپییەکانە، ئەندامە کاراکانی ئەم ڕێکخراو ٥-٨ هەزار کەس دەبێت".

دەیان لقی ئەم ڕێکخراوە لە ئەمەریکا بڵاوبۆتەوە لەوانە لە ویلایەتی نیوجەرسی لەڕۆژهەڵات و شاری لۆس ئەنجلس

لەویلایەتی کالیفۆرنیا لە ڕۆژئاوای وڵات، هەروەها ڕێکخراوی سوارچاکانی کۆنفدرالی سپی و ڕێکخراوی سوارچاکانی ئەمەریکی دەگرێتە خۆی. بەپێی زانیارییەکانی کو کلوکس کلان لەساڵی ٢٠١٦ گوتیانە "ڕێکخراوەکەیان لەگەشەکردنێکی بەرچاوە".





https://theweek.com/cartoons/763811/political-cartoon-student-protests-march-lives-gun-violence

گروپی نازییە نوێکان: ئەمانە گروپێکی نوێن و دژایەتی جووەکان دەکەن و هیتلەریان خۆش دەوێت. لەسایەی ئازادی دەربڕین لەلایەن دەستوور پارێزراون. بەپێی زانیارییەکانی ٢٠١٢ ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتۆتە ٢٥٠٠ کەس، هەروەها

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز ژمارەی ئەندامەکانی بزوتنەوەی نیشتمانی سۆسیالیستی پتر لە ٤٠٠ کەس دەبێت. ئەم گروپە گەشەیان کردووە و ڕێکخراوەکانیان ناوی جیاوازی هەیە لەوانە پارتی نازی ئەمەریکی و بزوتنەوەی نیشتمانی سۆسیالیستی، بەناوبانگترین ڕێکخستنەکانی بریتییە لە هاوپەیمانی نیشتمانی هەروەها "پێشڕەوانی ئەمەریکا"ش گروپێکی دیکەن. بزوتنەی نیشتمانی سۆسیالیستی ساڵی ١٩٩٤ دامەزراوە، زۆرترین ژمارەی نازییە نوێیەکانی ئەمەریکای لەخۆگرتووە، پتر لە سی لقی لە ئەمەریکا هەیە.

ئەنجوومەنی هاووڵاتیانی کۆنەپارێز: ساڵی ١٩٨٥ دامەزراوە و ڕەگەزپەرستن و لە ئەمەریکای باشوور هەیە. بزاڤی ئازادی ئەمەریکا ساڵی ٢٠٠٩ لە کالیفۆرنیا دامەزراوە، بەرنامەی ڕەگەزپەرستانەی دژی کۆچبەرانەی لە ئەمەریکا هەیە.

هەندێک لەتوێژەران پێیان وایە ڕاگەیاندن کاریگەری لەسەر گەشەکردنی نازییە نوێیەکان هەیە، لەتەک ئەو پەیوەندییەی لەنێوان نازییە نوێیەکانی ئەمەریکا و ئەورپاییەکان هەیە، هێزی ئەم بزوتنەوەیە زیادی کردووە.




https://www.chappatte.com/en/guns-america

ڕۆژی ٣ی ئەیاری ٢٠٢٢ (جۆ بایدن) بەتوندی ڕەخنەی لە بزوتنەوەی ( MAGA )ی توندڕەوی ڕاستڕەو گرت و گوتی"ئەم بزوتنەوەیە بەکردەوە توندڕەوترین ڕێکخراوی سیاسی ڕاستڕەوە لەمێژووی ئەمەریکا و مێژووی هاوچەرخی ئەمەریکادا". دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامارەیان بەوە کردووە، کە (بایدن) ئەم بزوتنەوەی بەستاوەتەوە بەسیاسەتەکانی (دۆلاند ترەمپ)ی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا.
قسەکانی (بایدن) دوای ئەوە هات، کە ڕاستڕەوەکان ویستوویانە یاسای لەباربردنی کۆرپە لەنێو سکی دایکی هەڵوەشێننەوە،

یەکێک لەو گروپە ڕاستڕەوانە (MAGA)یە و پاڵپشتی سیاسەتی ترەمپ دەکەن. ئەم داواکارییەی ڕاستڕەوەکان بەپێی ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا ملیۆنەها ئافرەت لە باشوور و ناوەڕاستی ئەمەریکا لەکردەی لەباربردنی کۆرپە بێبەش دەکات، کۆمارییەکان پاڵپشتی ئەم بیرۆکەین و ڕێگری لە لەباربردن دەکەن. (بایدن) گوتی کۆنەپارێزەکان دەیانەوێت پاشەکشە لە دەستکەوتەکان بکەین، ئەمەش وەکو ئەوە وایە "پاشەکە لە مافەکان لە ژیانی تایبەتی بکرێت".

(فرانس ٢٤) لە بابەتێکدا دەربارەی گروپی (باتریوت برایر) ڕاستڕەوی ئەمەریکی گوتیەتی" لە ئەیلولی ٢٠٢٠دا بەشداریان لەکاری توندوتیژی لە شاری بورتلاند و لە باکووری ڕۆژئاوای ئەمەریکا کردووە، یەکێک لەئەندامەکانی بەگوللە کوژراوە. لەکردەوەدا ئەمانە خۆیان بەگروپێکی مەسیحی دژ بە چەپڕەوە توندڕەوەکان دادەنێن. ئەم گروپە تاوانبار کراوە بەئەنجامدانی توندوتیژی دژی خۆپیشاندەرانی دژ بە ڕەگەزپەرستی. ئەم گروپە دوای هەڵبژاردنی (ترەمپ) وەکو سەرۆکی ئەمەریکا لەساڵی ٢٠١٦ لە ویلایەتی ئۆریگۆن و واشنتن دروستبوون.




https://www.gettyimages.com/photos/george-floyd

سەرچاوە ئەلمانییەکان گوتیانە "نەبوونی یەکسانی کۆمەڵایەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان هۆکارە بۆ ئەوەی توندوتیژی دژ بە پێستڕەشە بەڕەگەز ئەفریقییەکان ڕووبدات". ماڵپەڕی (دی دەبلیو)ی ئەلمانی لەبارەی پەرەسەندی توندوتیژی و بزاڤی ڕاستڕەوی لە ئەمەریکا دەڵێت "مەسەلەی کوشتنی (جورج فلوید) هەر تەنیا پەیوەندی بە هەڵسوکەتی پۆلیس نییە، بەڵکو پەیوەندی بە نەهێشتنی ڕەگەزپەرستی و جیاوازی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەمەریکا ڕەشپێستەکان بەپێی یاسای مافە مەدەنییەکانی ساڵی ١٩٦٤ یەکسانن لەگەڵ ئەوانی دیکە، بەڵام تاکو ئێستا کۆمەڵگەی سپی خاوەنی خۆشگوزەرانییەکی گەورەتر لەبەراورد بەوانی دیکە". بۆ نموونە لەم دەساڵەی

دوایدا داهاتی ساڵانەی تاکی ئەمەریکی بەشێوەیەک جیاوازی بەخۆیەوە دیتووە، کە جێگەی سەرنجە. ڕەشپێستەکان داهاتەکانیان بەڕێژەی ٪٢٠-٢٥ لە پێسستسپییەکان کەمترە. لەهەمان کاتدا دەرکەوتووە لەساڵی ٢٠١٨دا ڕەشپێستەکان ٪١١.٨ یان بیمەی تەندروستیان نییە، کەچی ٪٧.٥ی پێستسپییەکان بیمەی تەندروستیان نییە. ئەم زانیاریانە لەڕاپۆرتێکی (دی دەبلیوی)ی ئەلمانی تۆمارکراون.

هەروەها زانیارییەکان لەڕووی پەروەردە و تەندروستی و نیشتەجێبوونەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە "ڕەشپێستەکان بەشێوەیەکی گشتی لەو گەڕەکانە دەژین، کە ئاوهەواکەی پیسە، توانای کڕینی خۆراکی باش نییە و باری تەندروستیان خراپترە لەوانی دیکە، بەزۆری خواردنی ساردی نێو ساردکەرەوە دەخۆن" ئەمەش وایکردووە تووشی نەخۆشی قورس و بەردەوام بن. ڕێژەی نەخۆشی شەکرە لەنێو پێشترەشەکان زۆر زیاترە لە پێستسپییەکان، بۆیە ژمارەی مردووەکانیان پترە لەوانی دیکە.

ڕۆژنامەنووسی ئەمەریکی (ئی. سی. تۆمسون) کە یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسانەی گرنگی بە هەواڵ و کێشە ناوەخۆییەکانی ئەمەریکا دەدات، دەڵێت "پەلاماردانی باڵاخانەی کۆنگرێس و ڕووداوەکانی کاپیتۆل و توندوتیژی هیچ ناگەیەنێت ئەوە نەبێت، کە ئەمە دیاردەیەکی توندوتیژانە و ڕقلێبوونەوەی ئەوانی نیشان دەدات لەمە پتر شتێکی دیکە نییە، لەسەردەمی (ترەمپ) ڕێکخراو و بزاڤی چەکداری بەشێوەیەکی ترسێنەر پەرەی سەندووە، بەئاشکرا دژی دیموکراتین، بڕوایان بەوەیە، کە بەکارهێنانی توندوتیژی تەنیا ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی

ئامانجەکانیان و مەبەستە فکرییەکانیان". لەهەمان کاتدا ڕۆژنامەنووس (ریچارد ڕۆلی) دیداری لەگەڵ بەرپرسانی ئەم گرووپانە کردووە. بەپێی ڕاپۆرتێکی (ئەلجەزیرە) ئاماژە بە ڕۆڵی گروپی (پراود بویز)، کە گروپێکی ڕاستڕەوە کردووە و ئاڵاکەیان ڕەش و زەردە، گوتاری زۆربەی سەرکردەکانیان دژایەتی کۆمۆنیستەکانە، بەتایبەتیش بزوتنەوەی (ئەنتیفا)ی دژی بەڕەگەزپەرستی، هەروەها (گروپی مردنی ڕاستڕەوانە)ش دژی موسلمان و جووەکانن، بڕوایان بەڕاهێنانی چەکدارانە هەیە، بۆ ئەوەی هەرچی کەس و لایەنێک ڕێگریان لێ بکات لەناویان ببەن. لەهەمان کاتدا (بزوتنەوەی هێزی سپییەکان)، کە ئێستا ناوێکی نوێیان بەناوی (نادی فینلاندرزی کۆمەڵایەتیان) لەخۆیان ناوە لەشێوەی داواکردنی لیبرالیەتی نوێ خۆیان نمایش دەکەن، کەچی لەڕاستیدا ئامانجیان گەیشتنە دەسەڵات و بڕیاری سیاسییە لە واشنتن و بیروڕای ڕەگەزپەرستی بڵاودەکەنەوە.

واتە توندتیژی پەیوەندییەکی پتەوی بە ژمارەیەک هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و توندڕەویی و جیاوازیی لەنێو کۆمەڵگا هەیە، سەرباری ململانێی سیاسی لەنێوان دیموکرات و کۆمارییەکان و گەشەکردنی ژمارەیەک بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیریی، کە پەیوەندییان بەڕەگەزپەرستی و توندڕەوی ڕاستڕەوانە و چەپڕەوانەی توند هەیە.

# وۆل ستریت جۆرنال: گۆڕانکاری لەمێژوودا

**(25)**

ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا ڕۆژانە لەڕێگەی وتار و بابەتی شیکاریی و لێکۆڵینەوەی سیاسی و فکری و ئابووری و کۆمەڵایەتی باس لەگۆڕانکارییە جیهانییەکان و پێشهاتەکان و ئەنجامەکانی جەنگ لە ئۆکرەین و کێشە ناوەخۆییەکانی ئەمەریکا دەکەن. هەواڵ و ڕاپۆرت و وتار و بابەتەکانیان ئاوسن بەزانیاریی و لێکدانەوەی وردی سوود بەخش. ئەو بابەتانەی دەنووسرێن شتی نوێمان پێ دەڵێن و فکرمان دەبەستنەوە بە پەیامی گوتارێک لەنووسینەکەدا کاری لەبارەوە کراوە. بەواتایەکی دیکە گوتاری هیچ نووسینێک بێ پەیام و مەبەست و خواست بڵاوناکرێتەوە. وتارێکە لەپێناو وتارۆکەیەکی لاوازتر نانووسرێت و گوتاریکە ئەرکێک ڕادەپەڕێنێت.




https://iroon.com/irtn/assets/miroon_3753/cartoon/8169/ukraine.jpeg

لە ٣ی ئاراری ٢٠٢٢دا ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئەمەریکی (وۆڵ ستریات جۆرنال Wall Street Journal ) بابەتتێکی بەناوی (بەم شێوەیە جەنگی ئۆکرەین مێژووی گۆڕی) بڵاوکردۆتەوە، کە بابەتەکە بریتییە لەوتارێکی شیکاری لەلایەن نووسەری ڕۆژنامەنووس (ویلەم گالستۆن) نووسراوە و باسی لە جەنگی

داگیرکاری ڕوسیا دژی ئۆکرەین دەکات و پێی وایە ئەم جەنگە "بیرخەرەوەیەکی توند بوو بۆ سەرکردەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی بیر لەبەدەستهێنانی هێزێکی پتەو بکەنەوە و ئەمەش بۆتە سەرەتای گۆڕانکاری گرنگ". یەکێک لەو گۆڕانکاریانە ئەوەیە "چۆنیەتی فراوانکردنی هاوپەیمانی ناتۆیە".

نووسەری بابەتەکە (گالستۆن) دەبێژێت "پسپۆرە ستراتیژییەکان دەترسان ئاماژە بەکرانەوەی دەرگا بۆ فراوانکردنی هاوپەیمانی ناتۆ بکەن، بەتایبەتیش بۆ ئەوروپای ناوەڕاست و وڵاتەکانی بەتلیق، بۆ ئەوەی ڕوسیا تورە نەکەن. کەچی جەنگی داگیرکردنی ئۆکرەین وایکرد بەئاشکرا باس لەفراوانکردنی ناتۆ بکرێت و ئەمەس بۆتە کارێک ناتوانرێت خۆی لێ بدزنەوە. بەئاشکرا فلندا و سوێد داوای چوونە نێو ناتۆ دەکەن". ئەم نووسەرە پێشی وایە "ناتۆ لە جەنگی ئۆکرەین بەشێوەیەکی بەهێز و یەکگرتوو و چالاکتر لەجاران دەردەکەوێت".

گۆڕانکارییەکی دیکەش ئەوەیە ئەلمانیا وەکو خۆی نامێنێت، وازی لەو سیاسەت و بەرنامە بەرگریکارییە کۆنەی هێنا، کە دوای جەنگی دووەمی جیهانی دروستی کردبوو، بڕیاری دا سەرلەنوێ سوپاکەی ڕۆبنێتەوە و بودجەی سەربازی بەڕێژەی ٪٢ زیاد بکات. لەهەمان کات بەرلین ئەو کۆت و بەندانەی سووک کرد، کە پەیوەندی بەهاوکاری سەربازییەوە بۆ ئەو وڵاتانەوە هەیە، کە تووشی جەنگ بوون، لەم چوارچێوەیەشدا هاوکاری سەربازی بۆ ئۆکرەین نارد.

گۆڕانکاریی سێیەم پەیوەندی بەگۆڕانی مێژووەوە هەیە، ئەویش بریتییە لەو ئەنجامەی جەنگی ڕوسیا لە ئۆکرەین دروستی کردووە، جەنگەکە وڵاتەکانی ئەوروپای ناچارکرد، پشتبەستن بەنەوت و غازی ڕوسیا کەم بکەنەوە و بیر لەئەلتەرناتیڤی دیکە بکەنەوە.




https://upfront.scholastic.com/issues/2023-24/121123/cartoons.html?language=english

بۆیە "سیاسەتی بڕیاری پشتکردنە نەوت و غازی ڕوسیا کارێکی ئازار بەخش دەبێت بۆ ئەوروپییەکان و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخ، تەنیا ئەلمانیاش، کە پەیوەندییەکی فراوانی لەم بوارە لەگەڵ ڕوسیا هەیە، هەست بەوە دەکات

تەنیا چارەسەرێک هەبێت ئەویش پشتکردنە نەوت و غازی ڕوسیایە". بەپێی بۆچوونەکانی نووسەرەکەی (وۆل ستریت جۆرنال) "ئەوروپا لەدەیەی دادێت ڕوو دەکاتە سەرچاوەی نوێی وزە، بۆیە ئێستا بیر لە هاوکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا و ئەمەریکا دەکەنەوە. ئەم جەنگەی ڕوسیا شتێکی دیکەشی گۆڕی و لەناوی برد ئەویش ئەم بیروبۆچوونە کۆنە بوو، کە "لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی پێی وابوو ئابووری خۆی بەسەر سیاسەتدا سەپاندووە".

(پوتین) باش دەزانێت ئەم جەنگە دەبێتە هۆکار بۆ قەیرانی ئابووری و داتەپینی ئابووری وڵاتەکەی و دابەزینی ئاستی خزمەتگوزاری و سەختبوونی ژیان لەوڵاتەکەیدا، بەڵام "پوتین بێ گرنگیدان بەم شتانە و بێ بایەخدان بەبواری ئابووری لەپێناو لەناوبردنی ئەو هەڕەشانەی ڕەنگە ببنە سەرچاوە بۆ سڕینەوەی شەرعیەتی مانەوەی لەحووکم و بیرکردنەوە لەدروستکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕوسیی، پەنای وەبەر جەنگ برد".

ئەم جەنگەی لە ئۆکرەین بەڕێوەدەچێت، جەنگێکە لەدژی ئەوروپا و ئەمەریکا، ڕوسیا نایشارێتەوە ئەوان ئەم جەنگە لەپێناو تێکشکاندنی باڵادەستی و خۆسەپاندنی تاکڕەوانەی ئەمەریکا لەچوارچێوەی سیستەمی جیهانی دەکەن. خەریکە ئابووری جیهان بەهۆی جەنگەکەوە تووشی قەیران و کێشە دێت. ڕوسیا لەتەک ئەو سزا ئابووری و سیاسی و دیپلۆماسیانەی دژی بەڕێوە دەچێت، لەتەک سەرنەکەوتنی بەرنامە سەربازییەکانی کە دەیویست لەچەند کاتژمێرێکدا تەواوی ئۆکرین داگیر بکات و

حکوومەتێکی سەربەخۆی تێدا دروست بکات درێژە بەم سیاسەتە دەدات، کە ئەوروپای خستە ترس و نیگەرانییەکی قووڵەوە، لەهەمان گاڤدا پەرچەکردار و هێرشەکانی سوپای ڕوسیا ئەوروپای لەڕووی سەربازیی و سیاسی یەکگرتوو و بەهێز کردەوە. لەجیاتی دەرکردنی ئەمەریکا لەنێو سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئەمەریکا ئەمجارە بەهێزی سەربازی زۆرترەوە لە ئەوروپا خۆی بەهێزکردەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوروپا پتەوتر کردۆتەوە و ئەو گومانانەی سڕییەوە کە سیاسەتی (ترەمپ) بەرانبەر وڵاتە ئەورپاییەکان دروستی کردبوو.




https://www.google.com/search?q=Nato+and+Ukraine+c

بۆیە دەکرێت بڵێین ئەمەی ڕوودەدات سەرەتاییەکی نوێیە لەگۆڕانکاریی مێژوویی، دوور نییە بەدۆڕانی ڕوسیا جیهان بەرەو سەردەمێکی جیاوازتر لەجاران بچێت، هاوپەیمانەکانی ڕوسیا ئەو بەهارەیان بۆ نەڕەخسێت، کە پێیان وابوو بە داگیرکردنی ئۆکرەین ئەوانیش دەتوانن بیر لەبیرۆکەی هاوشێوەی ڕوسیا بکەنەوە.




https://www.cartooningforpeace.org/en/editos/the-stalemate-of-the-war-in-ukraine/

بەڵێ نە خواستەکانی ڕوسیا لەبارەی هەڵبژاردنی جەنگ سەرکەوتنی تۆمارکردووە و نە ئەمەریکاش لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکان پاشەکشەی پێکراوە، ئەوروپاش باجێکی قورسی ئەم جەنگە دەدات، ڕوسیا لەجیاتی گۆشەگیرکردنی ئەمەریکا و تێکشکاندنی سیستەمی جیهانگەرایی

بەسەرکردایەتی خودی ئەمەریکا خۆی خۆی خستۆتە گۆشەیەکی تەنیا و داخراو و ژمارەی دۆستەکانی سنووردارە. ئەورووپاش پێچەوانەی فشارەکان بیر لەجێگرەوەی نەوت و غازی ڕوسی دەکاتەوە و توانا سەربازییەکانی خۆشی نوێکردۆتەوە و لەترسی هەڕەشەکانی سوپای ڕوسیا پەیمانی ناتۆیان کاراتر کرۆدتەوە.

# جەنگی ئۆکرەین
# مەترسییەکی گەورەیە دژی ئەمەریکا

**(26)**

نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی ئەمەریکا ئازادانە و دوور لەهەڕشە دەتوانن بیروباوەڕ و شیکارە تایبەتییەکانی خۆیان دەربارەی زۆر مەسەلەی گرنگ و ورد و ستراتیژی بڵاوبکەنەوە، لەهەمان کاتیشدا سنووری ئاسایشی نیشتیمان و بوارە یاساییەکان تێ ناپەڕێنن و دەست لەکاروباری تایبەتمەندی کەسی و خودی کارەکتەرەکان نادەن. وەکو "بایدن گوتی دەتوانێت لەسەر خودی منیش سەرۆکی ئەمەریکا قسە بکەیت، ئێرە ڕوسیا نییە پوتین زیندانت بکات". ئەمە لایەنێکی پڕ بایەخە لەچۆنیەتی دروستکردنی ڕای گشتی و پێدانی زانیاریی دروست بە هاووڵاتیان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی و ئەو هەواڵە گەرمانەی هەڵمیان لێ هەڵدەستێت.
(تۆماس فریدمان) یەکێکە لەو نووسەرانەی هەمیشە بەقووڵی و جدییەوە بابەتەکانی بڵاودەکاتەوە و سیاسییەکان بۆچوونەکانی

بەهەند هەڵدەگرن و بەشدارییەکی بەرچاو لەپێشکەشکردنی بیروبۆچوون لەبارەی ڕووداوە سیاسییە ستراتیژییەکان دەکات . لە ٦ی ئایاری ٢٠٢٢دا لە ڕۆژنامەی (زی نیۆیۆرک تایمز)ی ئەمەریکی بابەتێکی بەناوی (جەنگی ئۆکرەین مەترسییەکانی دژ بەئەمەریکای زیادکردووە و بایدنیش ئەمە دەزانێت) بڵاوکردۆتەوە.

(فرێدمان) دەنووسێت "ئەمەریکا پێویستی بەوەیە بەشێوەیەکی مەزن لەئامانجە سەرەکییە دیاریکراوە سنووردارەکەی خۆی دەرنەچێت، بەشێوەیەکی ڕوون هاوکاری کێیڤ بکات بۆ دەرکردنی هێزەکانی ڕوسیا و بەپێی توانا دانوستانیش لەپێناو پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی ڕوسیا بکات، بەمەرجێک کاتەکە گونجاو بێت و لەگەڵ بۆچوونی سەرکردەکانی ئۆکرەین هاوتا بێت". لەتەک ئەوەشدا دەڵێت "ئەمەریکا شتی وا غەریب دەکات عەقڵ قبووڵی ناکات لەوانە کوشتنی ژەنەراڵەکانی ڕوسیا و ژێرئاو خستنی پاپۆڕی مۆسکڤا، یان خۆشەویستیی لەگەڵ ئۆکرەین. ئەگەر کارەکە بەم شێوەیە ئەنجام بدات، کە هەندێک زانیاریی لەبارەی کوشتنی ژەنەراڵەکانی ڕوسیا دزەی پێکراوە، ڕەنگە تاکو هەتا هەتایێ لەوێ تێ بئاڵێت و ئەمەش لەکردەوەدا لوتکەی گەمژایەتییە"، چونکە "ئەگەر پوتین لەهاوکاری سەربازی و هەواڵگری ئەمەریکا بۆ ئۆکرەین نەتوانێت کاردانەوەیەکی ئەوتۆی هەبێت. دەبێت حیساب بۆ ئەوە بکرێت وەکو چۆن (بایدن) لەدزەپێکردنی هەواڵی هاوکاری ئەمەریکا بۆ کوشتنی ژەنەراڵە ڕوسییەکان و تێکشکاندنی پاپۆڕەکانی ڕوسیا تووڕە بووە، بەهەمان شێوەش ئەمە ببێتە دەرفەتێکی نوێ بۆ

(پوتین) و لەئاکامدا کاردانەوەکانی بەفراوانی نیشان بدات و ململانێکە مەترسیدار بێت و ئەمەریکا ڕابکێشێتە نێو قووڵایی کێشەکانەوە".

بەپێی بۆچوونەکانی نووسەر گەورەترین شت، کە (بایدن) کردبی بۆ ئەوەی شەڕەکە فراوانتر نەبێت، ئەو سەرکەوتنە بوو، کە ڕێگەی لە چین گرت یارمەتی سەربازی پێشکەشی ڕوسیا بکات. هەرچەندە ئێمە دەبینین ململانێیەکی توندی مەترسیدار لەنێوان چین و ئەمەریکا لە ئاسیادا هەیە، ڕوسیا تێ دەکۆشێت چین بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و جیهان بەرەو دوو لوتکەیی و دوو هێزی دژ بەیەکدا ببات.



https://www.linkedin.com/pulse/war-rages-europe-here-/why-i-am-optimistic-eden-d-cohen

لەوتارێکی دیکەی (فریدمان) لە ڕۆژنامەی (زی نیۆیۆرک تایمز) ئاماژە "بەزۆر قسەکردنی بەرپرسانی ئەمەریکا" دەکات، کە لەم

ماوەیەدا لەبارەی ڕوسیا دەیکەن و قسەکانیشیان بەزیاد دادەنێت. بۆیە دەڵێت "زۆر قسەکردن و لێدوان کەشێکی نارێک لەنێوان مەبەستەکان و ئامرازەکاندا دروست دەکات. دۆخی لەم جۆرەش کاردانەوەی گەورەی بێ مەبەستی لێ بەرهەم دێت". نووسەر ئاماژەی بەقسەکانی وەزیری بەرگری و سەرۆکی ئەمەریکا لەکاتی سەردانیان بۆ پۆڵەندا و قسەکردن لەسەر خودی (پوتین) و نەمانی لەدەسەڵات و سنووردارکردنی ڕوسیا کردووە، کە ئەمانە بەجۆرێک لەقسەی نابەجێ و نەگونجاو لەگەڵ واقیعی سیاسی و ئامانجە مەبەستدارەکانی ئەمەریکا وەسف دەکات.




https://chappatte.com/en/bye-biden?page=1

نووسەر پێی وایە ئەم جۆرە لێدوان و قسەکردنانە ئاراستەی شەڕەکە، کە ئێستا لەنێوان (پوتین) و هەموو جیهانە دەگۆڕێت بۆ ململانێ لەنێوان (پوتین) و ئەمەریکا، ئەمەش بەزیانی

ئەمەریکا تەواو دەبێت، چونکە ئەمەریکا دەبێت کارێک بکات ڕوسیا توانای سەربازی نەمێنێت، تاکو نەتوانێت پەلاماری وڵاتانی دیکە بدات.




https://www.cartoonmovement.com/collection/biden-putin

بێگومان لێدوان و گوتاری بەرپرسە مەزنەکانی دونیا وەکو حووکم و بڕیار وایە، نەک تەنیا سیاسەت و شێوازی بیرکردنەوەی خودی خۆیان دەرنابڕن، نەخێر کاریگەریی لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئابووری و سیاسەت و جەنگ و کاری دیپلۆماسیش دەبێت.
ئەمەریکییەکان بەگشتی ڕەخنە لەشێوازی قسەکردنی (بایدن) دەگرن، کە لەم ماوەیەدا گوایە "بەهۆی کەوتنە تەمەنەوە" هەڵەی زۆری لە دەربڕین و گوزارشت لە مەبەستەکانی کردووە،

ئەم هەڵانەش گونجاو نین و زیان بەسیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و مەبەستەکانیان لەنێو واقیعی شەڕی ئۆکرەین دەگەیەنێت.
لەهەمان کاتدا (بایدن) بەهۆی سیاسەتی بەشداری نەکردنی ڕاستەوخۆی سەربازی لەجەنگی ئۆکرەین، شەڕەکەی خستۆتە نێوان ڕوسیا و جیهان، ئەمەش بەسەرکەوتن بۆ ئەمەریکا دادەنرێت و شەڕەکەی لەنێو ئۆکرەین سنووردار کردووە و ئەوروپا و ڕای گشتی دونیای دژ بە ڕوسیا و سیاسەتی (پوتین) یەکخستووە لەجیاتی هەڵوەشانەوەی بەرە دابەشبووەکەی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا، بەرەیەکی بەهێزی یەکگرتووی دژ بە ڕوسیا پێکهێنایەوە. بۆیە ناوەندەکان لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکارانی سیاسی و ستراتیژی پێیان وایە، تا ئێرە سیاسەتێکی سەرکەوتووانە ئەنجام دراوە و نابێت ئەمە بکرێتە قوربانی لێدوانی زۆر و قسە و لێکدانەوەی هەڵە و شەڕەکە لەکۆتایدا نەگۆڕدرێت بۆ جەنگی نێوان "پوتین و ئەمەریکا".

# هەژاری و ڕەگەزپەرستی

**(27)**

ئەم ناونیشانە دوو دیاردەی بەرچاوی گەورەی نێو ئەمەریکایە. ململانێی ڕەگەزپەرستی بەشێکە لەمێژووی خوێناوی و توندوتیژیی و ئازاربەخشی ئەمەریکا. ئەم دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بەپێی یاسا کۆتایی پێهێنرا، بەڵام لەئەنجامی ژمارەیەک هۆکاری سیاسی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دیاردەی (هەژاریی و ڕەگەزپەرستی) ماوە و ناوەناوەش دەردەکەونەوە.

زۆربەی ڕاگەیاندنەکانی ئەمەریکا و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و ڕاپرسییەکان بەڕاشکاوی ئاماژە بەم جۆرە دیاردانە دەکەن و لەهەمان کاتدا مەترسی پەرەسەندنی توندوتیژی و ڕەگەزپەرستی بەتایبەتی دوای ئەوەی (دۆلاند ترەمپ) بووە سەرۆکی ئەمەریکا ناشارنەوە، کە ئەم دیاردانە ئێستا لەدەرکەوتنەوەیەکی بەرچاوە، تاکو کار گەیشتە کوشتنی (جۆرج فلۆید) لەلایەن پۆلیس و هێرشەکانی سەر کەپیتۆل

لەلایەن لایەنگرانی ترەمپ و توندڕەوەکانەوە. لەهەمان کاتدا پەرەسەندنی ڕاستڕەوویی و گەڕانەوە بۆ جۆرێکی نوێ لەڕەگەزپەرستی و بەتایبەتی دژی پەنابەران لە ئەوروپا و ڕەشپێستەکان و پەناهەندە و جوو و موسلمانەکان لە ئەمەریکا سەریهەڵداوەتەوە.





Sidewalk Bubblegum ©1996 Clay Butler

https://sidewalkbubblegum.com/category/comics-about-/poverty-class-conflict

بەپێی سەرچاوەکان هەر تەنیا بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن پۆلیس هۆکار نییە بۆ پەرەسەندنی دیاردەی دەرکەوتن و گەشەکردنی ڕەگەزپەرستی هەرچەندە لەساڵی ٢٠١٩دا (١٠٩٨) کەس بەهۆی بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن پۆلیسەوە لەسەرتاسەری ئەمەریکا بوونەتە قوربانی و گیانیان لەدەستداوە. بەپێی داتاکان ساڵی ٢٠١٧ (٩٩.٨٪)ی زیندانەکان پڕبوون لەتاوانباران بەپێی زانیارییەکانی ساڵی ٢٠٢٠ (٢.٣ ) ملیۆن کەس لەزیندان بوون. (هیلاری کیلنتن) لەساڵی ٢٠١٥ ئاماژەی بەوە کردووە، کە "چارەگێکی زیندانییەکانی جیهان لە ئەمەریکان". بەپێی ڕاپۆرتی (بریزن پۆلیسی) لە ٧٤٪ی حووکمدراوەکان لەزیندانن و هێشتا بەتەواوی تاوانەکانیان ساخ نەبۆتەوە. هەندێکیان دەتوانن لەڕێگەی بەڵێنامەی بریکارەکانیان لەزیندان دەرچن، بەڵام ئەوانی دیکە پارەی پێویستیان نییە بۆ ئەوەی لەڕێگەی بریکارەوە لەزیندان دەرچن، بۆیە لەپشت دەرگاکانی زیندان دەمێننەوە. لە ١٣ ویلایەتی ئەمەریکا تەمەن بۆ دادگایی کردنی تاوانباران دیاریی نەکراوە، بۆیە دەتوانن منداڵ لەسەرووی تەمەنی هەشت ساڵی بەپێی بۆچوونەکانی (ئیکوال جەستس) لەژمارەیەک ویلایەت دادگایی بکرێن.

"خەونی ئەمەریکی" یەکێکە لەگوتن و دەربڕینە بەنێوبانگەکانە، زۆر کەس لەگەڵ جیاوازی ڕەگەز و نەژاد و ئایینەوە دەیەوێت بەم خەونە ئەمەریکییە بگات. کوشتنی (فلۆید) خەریکبوو ئەمەریکا دابەشی سەر دوو بەرەی توندی دژ بەیەک بکات. بەرەی چەپڕەوە مەدەنییەکان و ئەوانەی داکۆکی

لەئازادی ژیان و یەکسانی و دادپەروەریی لەنێوان نەژادە جیاوازەکان دەکەن، کە حزبی دیموکرات بەشێوەیەکی گشتی لایەنگیری ئەم ئاراستەیە. لەلایەکی دیکەش بەرەی ڕاسترەوی توندڕەوە، کە تاوانبار دەکرێن بە (ڕەگەزپەرستی) ئەمانەش پتر حزبی کۆماری هاوکارییان دەکات. هاوولاتیان وەکو کاردانەوە دروشمی (ژیانی رەشپێستەکان کێشەیە!!)یان بەرزکردەوە.




https://www.reddit.com/r/PropagandaPosters/comments/13sb1fq/will_require_a_delicate_balance_american_car/toon

ساڵی ١٩٦٤ بەپێی یاسای مافە مەدەنییەکان بەفەرمی کۆتایی بەسیاسەتی ڕەگەزپەرستی هێنرا، بەڵام کوشتنی (فلۆید) جارێکی دیکە ئەم مێژووە خراپەی بیری هاوولاتیان هێنایەوە و

لەتەک ناڕەزایەتی دەربڕین، لەهەندێک شوێندا توندوتیژیشی لێکەوتەوە. (مارتن لوسەر کینگ) لەگوتارە بەنێوبانگەکەیدا گوتی (من خەونم هەیە)، توانی ئەو سنوورە بشکێنێت و لەڕێگەی بزاڤێکی مەدەنی پشت ئەستوور بەڕەشپێستەکان و ئازادیخوازی دیکەی یەکسانیخواز توانی ئەم (خەونە) بەدی بهێنێت و بەپێی یاسا کۆتایی بەناکۆکی و توندوتیژی و نایەکسانی بهێنێت.

(جۆزیف ستینگلەر)ی زانای ئابووریناسی ئەمەریکی و خاوەنی نۆبل دەڵێت: "چینەکانی کۆمەڵگا هێشتا بەدەست جیاوازیی لەپرۆسەی فێرکردن و کار دەناڵێن، ئەمەش جیاوازییەکی گەورەی لەداهات و سەرمایە دروستکردووە، ئەمەش وایکردووە کارێکی ئاسان نەبێت لە "ڕیشەوە ڕەگەزپەرستی بەدامەزراوەیی کراو دەربهێنرێت" و چارەسەر بکرێت. جیاوازی ئابووری وایکردووە "سێ چارەگی ڕەشپێستەکان نەتوانن دەستیان بەخوێندنی زانکۆیی بگات".

پسپۆرێکی دیکە بۆ (دی دبەلیوی) ئەلمانی لەبارەی جیاوازیی ئابووری و ڕەگەزپەرستی دەڵێت: "ڕەگەزپەرستی تاکو ئێستاش هەیە. دوای هاتنی (دۆنالد ترەمپ) زیادی کردووە، و کۆچبەر و بێگانەکان دەکرێنە ئامانج، هاتنی (ترەمپ) جارێکی دیکە دەرفەتی بەتوندڕەوی لای سپیپێستەکان داوە بۆ ئەوەی پەنا ببەنە بەر توندوتیژی".

بەپێی داتاکان لەساڵی ٢٠١٧دا لە ئەمەریکا ڕێژەی هەژاری گەیشتۆتە (١٧.٨٪) ئەم ژمارەیە نیشانی دەدات، دۆخی نێو ئەمەریکا خراپترە بەراورد بەوڵاتەکانی وەکو مەکسیک و چیلی، کە خودی ئەمەریکا هاوکاریان دەکات. ژمارەکان ئاماژە بەوە

دەکەن (٣٨) ملیۆن کەس لەژێر هێلی هەژاریدا دەژین، لەنێو ئەو داتایانەدا (٢١٪)ی ئافرەتە ئەمەریکییە ڕەشپێستە بەڕەچەلەک ئەفریقییەکان لەژێر هێلی برسیەتیدا دەژین، ئەم ڕێژەیە بەراورد بە نەژادەکانی دیکە لەهەموویان پترە. پەتای کۆرۆنا دۆخەکەی خراپتر کردووە. بۆ نموونە لەویلایەتی ئیلینوی کە (١٤٪ ) دانیشتوانەکەی ڕەشپێستن، ڕێژەی مردووەکان بەم پەتایە (٤٢٪)یان لەڕیزی ڕەشپێستەکانن. تەنیا هەندێک ڕاپۆرت ئاماژە بەوە دەکەن، کە گەڕەکی ڕەشپێستەکان نەخۆشخانەکانیان لەئاستێکی نزمی خزمەتگوزاری دایە لەچاو ئەو شوێنانەی سپیپێستەکانی تێدا دەژین. تەنیا هەندێک ئاماژە بەوە دەکەن دوو کۆمەڵگەی جیاوازی نێوان سپی و ڕەشەکان لەنێو ئەم وڵاتە گەورە و پێشکەوتووەدا هەیە.

بەپێی زانیارییەکانی (ئەی بی سی نیوز)ی ئەمەریکی (ترەمپ) لەکاتی خۆکاندێکردندا داوای کردووە بڕی (١.٦) تریلۆن دۆلار لەبواری خزمەتی چاودێری کۆمەڵایەتی کەم بکاتەوە، لەپێناو چارەسەری کورتهێنانی بودجەی فیدرالیی، کە ئەم کەمکردنەوەیە نزیکەی (٤٥١) ملیار دۆلارە لەچوارچێوەی (میدیکێر)ی بواری تەندروستییەوە بووە.

ئەم بەرنامە خزمەتگوزاریی و کۆمەڵایەتی و تەندروستیانە کاریگەرییان لەسەر زەقبوونەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و توندوتیژی و تاوان و جیاوازی ڕەگەزیی و نەژادی دەبێت. هەندێک لەپسپۆڕەکانی بواری سیاسی و ستراتیژی و کۆمەڵایەتی ئەمە دەبەستنەوە بەهۆکار بۆ پەرەسەندنی ڕەگەزپەرستی و


پەرەسەندنی جیاوازی نەژادی لەنێوان ڕەش و سپییەکان و پەرەسەندنی ڕێژەی پتری هەژاری.
پێویستە لەم باسەدا ئاماژە بەهەندێک زانیاریی گرنگ لەبارەی پێناسەکردنی هەژاریی لەنێو ئەمەریکا بکەین، کە (جەزیرە) لەڕاپۆرتێکدا بڵاوی کرۆدتەوە "بەپێی پێوانەکان لەنێو ئەمەریکا هەر خێزانێک، کە پێکهاتووە لەچوار کەس داهاتەکانیان لە (٢٥.٧) هەزار دۆلار کەمتر بوو، یان خێزانێکی سێ کەسی (٢٠ ) هەزار دۆلار و خێزانێکی دوو کەسی (١٦.٢٤٧) دۆلار و کەسێک کەمتر لە (١٢.٧٤٨) دۆلاری داهاتی هەبێت ئەوە ئەو کەس و خێزانانە بەئاستی ژێر هەژاری دادەنرێن. کەمتر لە (١٢) ملیۆن منداڵ لە ئەمەریکا لەژێر هێلی برسیەتی دەژین و ( ١٤.٣) ملیۆن کەس لەنێو ئەمەریکا پشت بە ویلفەر، یان کارتی هاریکاری خۆراک دەبەستێت. بەشێوەیەکی وردتر بەپێی زانیارییەکانی ساڵی ٢٠١٨ لەنێو ئەمەریکا (١٢ ملیۆن و ٨٠٠ هەزار) منداڵ لەژێر هێلی هەژاریدا دەژین، واتە لەهەر پێنج منداڵێک یەک منداڵ لەم ئاستەدا دەژیت.
لەبیر نەکەین لەسەردەمی کۆرۆنادا (بایدن) بڕیاری دا بۆ کەمکردنەوەی هەژاریی و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی بێکاری و هاوکاری منداڵان لەچوارچێوەی یاسای چاودێری فیدرالی ٦٠٠ دۆلار وەکو هاوکاری بدرێتە بێکارانی سەردەمی کۆرۆنا، هەروەها بڕی هەزار و دووسەد دۆلاریش بدرێتە ئەو خێزانانەی هەژارن.
دیارە ئەمانە هیچیان نەیانتوانیوە کێشەی هەژاریی چارەسەر بکەن و ڕێژەی هەژاریی کەم بکەنەوە.

# بێشوێن و لانەوازەکان

## (28)

ئەمەریکا ژمارەی دانیشتوانی پتر لە ٣٠٠ ملیۆن کەس دەبێت و لەپەنجا ویلایەتی جیاواز پێکهاتووە، جوگرافیایەکی گەورە و وڵاتێکی بەهێز و ئابووریەکی بێ ڕکابەری لەجیهاندا هەیە. لەهەمان کاتدا کێشەی ئابووری و نیشتەجێبوون و بێ ماڵیان زۆرە. هەمیشە نیشانی دەدەن چین و بەرازیل و هەندێک وڵاتی دیکەی وەکو ڕوسیا دەیانەوێت شکۆ و هێز و توانای ئابووری و دواتریش پێگە و هێزی سیاسی ئەمەریکا سنووردار بکەن و تێکی بشکێنن. بەپێی زانیارییەکانی ساڵی ٢٠٢١ لە نێو ئەمەریکادا ٥٥٣ هەزار کەس شوێنی ژیان واتە ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوونیان نەبووە و لانەواز بوون. ڕێژەی ڕەگەزی پیاو لەنێو ئەم بێ شوێن و جێگایانە ٪٧٠یە. ڕێژەی سپیپێستەکان ٪٤٩یە. دەبێت ئامازەش بەوە بکەم، کە ڕێژەی هەژارەکان ٪١٠.٦یان لەڕەگەزی پیاو و لە٪١٣یان ئافرەتن.

بێکاری لەم ساڵانە بەتایبەتی دوای پەتای کۆرۆنا لەزیاد بووندایە. ساڵی ٢٠٢١ بەپێی زانیارییە فەرمییەکان ٢٣،١٠٣ هەزار کۆمپانیا مایەپووچ بوون و ٧٥٥ هەزار کەسیش مایەپووچ بوونی خۆیان لەکار و بەرهەمهێناندا ڕاگەیاندووە. ڕێژەی بێکاری لە ئەیلولی ٢٠٢١دا گەیشتۆتە ٣.٥٪. دەبێت بزانین جیاوازیی داهاتی تاکەکەس لە ئەمەریکا بەپێی ویلایەتەکان دەگۆڕێت.




https://www.kitsapdailynews.com/opinion/la-does-it-all-/for-homeless-except-solve-problem

ویلایەتی میرلاند، کە کەوتۆتە تەنیشت واشنتنی پایتەخت بەدەوڵەمەندترین ویلایەتەکان دادەنرێت و ڕێژەی داهاتی تاکە

کەسی لەساڵی ٢٠١٢دا گەیشتۆتە ٨٠،٧٧٦ هەزار دۆلار. دوای ئەویش ویلایەتی نیوجەرسی دێت، کە کەوتۆتە تەنیشت نیویۆرک، داهاتی تاکەکەسی ٨٠،٨٨ هەزار دۆلار بووە. هاوایش بەپلەی سێیەم دێت داهاتی تاکەکەسیی گەیشتۆتە ٧٧،٧٦٥ هەزار دۆلاری ئەمەریکی لە ساڵێکدا.




https://www.hannibal.net/archive/article/granlund-cartoon-holidays-and-homeless/article_cf24b784-49ce-5c5f-8323-134337486b01.html

ڤەرجینیای ڕۆژئاوا بەهەژارترین ویلایەت دادەنرێت و داهاتی ساڵانەی تاک ٤٣،٤٦٩ هەزار دۆلار بووە و ڕێژەی هەژاری ١٩.١٪ە و دەوومین ویلایەتیشە لەم بارەوە ڕێژەی هەژاری ١٩.٨٪ە. دوای

ئەوێ لەکەمترینەکانی داهاتی ساڵانەی تاک ویلایەتی میسیسپییە، ٤٣،٥٢٩ هەزارە دۆلارە و دوای ئەوانیش بەپلەی سێیەم ویلایەتی تیکساس دێت و داهاتی ساڵانەی تاک ٤٥،٨٦٩ هەزار دۆلارە، ڕێژەی هەژاری ١٦.٤٪ە.

ئەمە ئەو ژمارە و داتایانەیە، کە ئاماژە بەڕێژەی داهاتی تاکە کەسی لەساڵێکدا دەکەن، دەبێت ئامازە بەواقیعی کۆچبەران بکەین، کە ژمارەیەکی زۆریان لەم ڕێژەیە کەمتر داهاتیان دەست دەکەوێت.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەشی ئینگلیزی ڕویتەرز لە ١٣ ئەیلولی ٢٠٢٢ بڵاوکراوەتەوە، ڕێژەی هەژاری لەساڵی ٢٠٢١ بەرەو کەمبوونەوە چووە و دەڵێت و ئەم سەرچاوەیە دەبێژێت: "ڕێژەی هەژاری تەواوکەر لەساڵی ٢٠٢١ دا بۆ ٧.٨٪ دابەزیوە لە٩.٢٪ لە ساڵی ٢٠٢٠ دا پێداچوونەوەی بۆ کراوە، بەپێی ڕێوشوێنێک کە پشتگیری حکوومەت لەبەرچاو دەگرێت لەڕێگەی بەرنامەکانی وەک یارمەتی خۆراک، باج و پشکنینی هاندان پێشکەش دەکرێت." لەپێدانی زانیاری پتر لەمبارەوە هەمان سەرچاوەی پێشوو لە راپۆرتە هەواڵە شیکارییەکەیدا ئاماژە بەم زانیاریانە دەکات "ژمارەی ئەو کەسانەی لە هەژاریدا دەژین بەپێی ئەو ڕێوشوێنە نزیکەی ٤.٥ ملیۆن کەس دابەزیوە بۆ ٢٥.٦ ملیۆن کەس، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٢٠دا زیاتر لە ٣٠ ملیۆن کەس بوون، لەگەڵ کۆکردنەوەی باجەکانی وەکو باجی داهاتی بەدەستهاتوو و باجی منداڵان، کە بەشێکی گەورەی ڕەتکراوەتەوە، تەنیا ئەو قەرزانەی ساڵی ڕابردوو نزیکەی ٩.٦ ملیۆن کەسیان لەهەژاری ڕزگار کردووە و کەمبوونەوەی ئەم

ڕێژەیە لەنێو ئەو کەسانەدا کە تەمەنیان لە خوار ١٨ساڵی دایە پتر بەرچاو دەکەوێت. ژمارەی ئەو منداڵانەی لەهەژاریدا دەژین بۆ ٣.٨ ملیۆن کەس دابەزیوە، کە نزیکەی ٥٠% کەمیکردووە لە ٧.٢ ملیۆن منداڵ لەساڵی ٢٠٢٠. ڕێژەی هەژاری منداڵان لە ٩.٧% بۆ ٥.٢% دابەزیوە" ئەم زانیاریانە ئەوەمان نیشان دەدەن، کە سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئیدارەی (جۆ بایدن)ی سەرۆکی ئەمەریکا بەرەو ئەوەیە ڕێژەی هەژاریی کەم بکاتەوە و خزمەتی پتر بە منداڵان بکرێت و ئەو ژمارەیە بەرەو کەمبوونەوە بچێت، کە بە ژمارەیەکی خراپ و مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ژیانی ملیۆنان کەس دادەنرێت.

لەکاتێکدا لەو کاتەی ڕێژەی هەژاری لەنێو منداڵان لەکەم بوونەوەدایە، بەپێچەوانە لەنێو کەسانی سەرووی تەمەن ٦٥ ساڵی لەبەرزبوونەوەیە، (ڕۆیتەرز) ئەم زانیاریانەمان پێشکەش دەکات: " ژمارەی ئەو کەسانەی تەمەنیان ٦٥ ساڵ یان زیاترە لەبەراورد بەژمارەی هەژارەکانیی ساڵی ڕابردوو، ئەم ژمارەیە نزیکەی ٩٠٠ هەزار کەس زیادیکردووە و بەرزبۆتەوە بۆ ٦ ملیۆن کەس و ڕێژەی هەژاری لەنێو ئەم گرووپەدا لە ٩.٥٪ەوە بۆ ١٠.٧% بەرزبووەتەوە".


لەهەمان کاتدا بەپێی زانیارییەکانی (فۆکس نیوز) "بەهۆی ئەوەی بەشێکی زیاتری ئەو دانیشتووانە بەداهاتی جێگیر دەژین، ئەگەری زۆرە زیادبوونەکە لەبەر ئەوە بووبێت، کە ئەو داهاتانە لەگەڵ خێرابوونی هەڵاوساندا نەدەگونجان. لەماوەی ١٢ مانگدا تاکو مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢١، پێوەرەکانی نرخی بەکاربەر بەڕێژەی ٧٪ بەرزبووەتەوە و بەرزبوونەوەی

ساڵ بە ساڵ بەتێکڕا ٤.٧٪ بووە لەماوەی ئەو ساڵەدا، کە بەرزترینە لەبەراورد بەساڵی ١٩٩١ لەهەمان کاتدا ڕێژەی هەژاری فەرمی ئەمەریکا لەو کاتەی چاودێری هاندان، یان هەندێک بەرنامەی تری حکوومەت لەخۆناگرێت، گۆڕانکارییەکی کەمی بەخۆیەوە بینیوە و لەساڵی ٢٠٢١دا بەڕێژەی ١١.٦٪ لە ١١.٥٪ ، کە لەساڵی ٢٠٢٠دا پێداچوونەوەی بۆ کرابوو. بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی گیراونە بەر نزیکەی ٣٧.٩ ملیۆن کەس لەکۆتاییدا لەدۆخی هەژاری ژیاون، ئەمەش ٣٨٥ هەزار زیاترە لەچاو ژمارەکەی ساڵی ٢٠٢٠".

سیستەمی سەرمایەداری و دەوڵەت شێوەی ژیان و داهات و پێویستییەکانی پەروەردە و تەندروستی و هاتوچۆ و کار و پێویستی ساڵانەی تاکیان ڕێکخستووە. بەهۆی کاری زۆر و پێویستی دەستیکاری زۆر خەڵک لەنێو ئەمەریکا دەتوانێت بەئاسانی کار بدۆزنەوە و شێوەی ژیانی خۆیان بەپێی داهاتەکەیان ڕێکبخەن.

لەنێو ئەمەریکا ژمارەی هەژاران ژمارەیەکی گەورەیە، لەهەمان کاتدا بەهۆی دەرفەتی کار و شێوە ژیانی تاک لەم وڵاتە ئەم جیاوازییە لەشێوە و شێوازدا ڕەنگە بەئاسانی و بەڕوونی لەهەندێک بواردا بەدیار نەکەوێت، بەڵام کاتێک لەگەڵ کەسەکان گفتوگۆ دەکەیت باشتر کاریگەرییەکانی هەژاریی و شێوەی ژیان و بیرکردنەوەی خەڵکەکەت لەڕووی ئابووری و سەختی ژیان و داهات و بەهای کرێ و هەقی کار و نرخ بۆ ڕوون دەبێتەوە.

سیستەمی سەرمایەداری سالانە سەدان هەزار دەستی کاری نوێ لەپێناو پێدانی هەقدەست و کرێی کەمتر بە کرێکارەکان دەرەخسێنێت و دەهێنێتە نێو ئەمەریکا، تاکی ئەمەریکی بە سەعات کار دەکات، لەبەرانبەر هەر سەعاتێکدا بەپێی ویلایەت و کۆمپانیا و جۆری کارەکە هەقدەستی کارگەرەکان دەگۆڕێت. هەموو کەسێک دەبێت باجی کارکردن، باجی کڕینی خواردن و جلوبەرگ و کەلوپەلی پێویستی ڕۆژانەی بەرێژەیەک بەپێی یاسای باجی ویلایەتەکان بدات، باجی هاژۆتنی ئۆتۆمبێل و بیمەی ئۆتۆمبێل و ماڵ و شەقام دەدات. سیستەمی سەرمایەداری هەمیشە فکری لای قازانجی زۆرتر و پێدانی هەقدەستی کەمترە بەکرێکارەکان، تاکی ئەمەریکی بەردەوام لەکارکردنن، بەلای کەمەوە ڕۆژێ حەوت سەعات کار دەکەن و هەشیانە دوو کار دەکات.


The Development Of America's Homeless Population
Total number of homeless people in the United States by year
800,000
600,000
400,000
200,000
0
580,466
2007
2010
2015
2020
Source: U.S. Department of Housing and Urban Development
statista



The U.S. Cities With
The Most Homeless People
CoCs with the largest number of people experiencing homelessness in 2020*
New York City
NY
77,943
Los Angeles City & County
CA
63,706
Seattle/King County
WA
11,751
San Jose/Santa Clara City & County
CA
9,605
Oakland, Berkeley/Alameda County
CA
8,137
San Francisco
CA
8,124
San Diego City and County
CA
7,638
Phoenix, Mesa/Maricopa County
AZ
7,419
Santa Ana, Anaheim/Orange County
CA
6,978
District of Columbia
DC
6,380
Total Number Of Homeless Americans In January 2020
580,466
* CoC - Continuums of Care that are local planning bodies who coordinate homelessness services in certain areas
Source: U.S. Department of Housing and Urban Development
statista

# فراڤینەک لەگەڵ سەرۆک

## (29)

نووسەری گەورە و کاریگەری ئەمەریکی (تۆماس فریدمان) لەڕۆژنامەی (زی نیۆیۆرک تایمز) بەردەوام دەنووسێت، لەیەکێک لە نووسینەکانی لە ٢١ی ئایاری ٢٠٢٢دا باسی دیدار و نان خواردنێکی خۆی لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا (جۆ بایدن) دەکات و دەڵێت "سەرۆک لەکۆشکی سپی داوەتی کردم بۆ ئەوەی نانی نیوەڕۆی لەگەڵ بخۆم و لەنێوانماندا گفتوگۆیەکی درێژ هەبوو. ئەو نایەوێت هەموو قسەکانیان بڵاوبکاتەوە چونکە هەندێکیان نهێنییە و نایەوێت بڵاویان بکاتەوە، ئەو تەنیا ئاماژە بەم شتانە دەکات، کە هەستی پێکردووە. (فریدمان) دەیەوێت ئاماژە بەوە بکات کەناڵێکی وەکو (فۆکس نیوز)، کە (بایدن) بە گەمژە وەسف دەکات و پێی وایە ناتوانێت تەنیا دوو ڕستەش بەیەکەوە ببەستێت، هەڵەن. نەخێر سەرۆک توانی هاوپەیمانی ناتۆ و ڕۆژئاوا لە کەنەداوە بگرە تاکو فلەندا و ژاپۆنیش بەیەکەوە


ببەستێتەوە و پارێزگاری لەو دیموکراتییە بکات، کە (پوتین) لەڕێگەی هێرشە داگیرکارییەکەی دەیەوێت لەنێوی ببات".
نووسەری ئەمەریکی دەبێژێت "لەم نان خواردنەدا هەستم بەنیگەرانییەکانی (بایدن) کرد، ئەو نیگەرانییەی ئەگەر نەتوانێت ئەمەریکییەکان کۆبکاتەوە سەریەک، کەچی توانی هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ یەکبخاتەوە، چونکە سەرۆک بەر لەهەر شتێک دەیەوێت و مەبەستیەتی دووبارە و بەشێوەیەکی باشتر شتەکان لەناوەخۆی ئەمەریکا دروست بکاتەوە، بەرنامەکەشی ئەوەیە دەیەوێت لەماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا ٣٥٠٠ ملیار دۆلار بۆ وەبەرهێنان تەرخان بکات بۆ ئەوەی دەرفەتی گۆڕانکاری لەکۆمەڵگەی ئەمەریکی ڕووبدات و بوارە هەمەجۆرەکانی وەکو داینگە و چاودێری تەندروستی و وەبەرهێنان لەبواری نیشتەجێبوون و ڕێکخستنی کاروباری کۆچبەران و چارەسەرکردنی کێشەی ژینگە بکاتە خۆڕایی و پەرەیان پێ بدات.




https://theweek.com/cartoons/cartoons-joe-biden-debate-performance

(فریدمان) دەڵێت "ئۆکرەین توانی زیانێکی گەورە بە سوپای ڕوسیا بگەیەنێت، ئەمەش وای کرد ڕاهێنەرە ئەمەریکییەکان و ناتۆ بەخێرایی بگەنە شوێنی مەبەست و چەکی یەکجار کاریگەر بەشێوەیەکی خێرا و بەچڕی بگەیننە ئۆکرەین بۆ ئەوەی یەک سەربازی ئەمەریکی بکوژرێت. لەدرێژەی بابەتەکەیدا، کە لەدەمی فراڤین خواردن گوێبستی بوو، (فریدمان) دەنووسێت لەدوای ئیدارەی (جۆرج بۆش)ی باوک ئەوە یەکەمین ئیدارەی سەرکەوتووە، هەرچەندە ئەو توانی هاوکاری ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بکات و ئەلمانیا یەکبخاتەوە، بێ ئەوەی یەک

فیشەکیش بتەقێنرێت، یان قوربانی بەتەنیا ئەمەریکیەکیش بدات".
لەهەمان کاتدا دەڵێت (بایدن) کار دەکات بۆ یەکخستنەوەی توانای ئەمەریکییەکان، ئەوەش پەیوەندی بە "ئاشتەوایی و شەرعیەتی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە، لە سەرەتای دروستکردنی دەوڵەتی ئەمەریکا کاری پێ دەکەن. شەرعیەت و ئاشتەوایی لەگواستنەوەی دەسەڵات بەردی بناغەی دیموکراسیەتی ئەمەریکایە، ئەگەر ئەمە نەمێنێت، دەڕوخێین و دەکەوینە نێو ئاژاوەیەکی سیاسی و دارایی.
ئەم نووسەرە قسە کاریگەرە بێ ئەوەی بچێتە نێو شتە نهێنییەکانی ئەم خوانە، ئاماژە بەوە دەکات "بەجارێکی دیکە هەڵبژاردنەوەی ترەمپ و نوێنەرەکانی کۆمارییەکان لە کۆنگرێس، کە دەیانەوێت کۆچکردن سنووردار بکەن و پرۆسەی لەباربردنی کۆرپە ڕاگرن و باجی سەر کۆمپانیاکان کەم بکەنەوە و نەوتی پتر بەرهەم بهێنرێت و سنوور بۆ خۆڕۆشنبیرکردنی ڕەگەز و سێکس لەقوتابخانەکان دابنرێت و ڕێگە بەهاووڵاتیان بدرێت لەکاتی پەتاکاندا ماسک نەپۆشن" شتێکی باش نابێت. لەتەک ئەوەشدا نووسەر دەڵێت: "لەدوای نان خواردنەکە هەستم بە دڵتەنگی و نیگەرانی کرد".




https://www.economist.com/united-states/2023/08/31/joe-bidens-re-election-bid-is-in-trouble

هەردوو پارتی دیموکراتی و کۆمارییەکان لەنێو ئەمەریکا دەیانەوێت هاوکاری پتر بە ئۆکرەین بکرێت لەجەنگ دژی داگیرکارییەکانی ڕوسیا، لەم بوارەدا (بایدن) توانیویەتی تاکو ئاستێکی گرنگ بۆچوونی هەردوو پارتی سیاسی لێک نزیکبخاتەوە و بەیەک ستراتیژ مامەڵە لەگەڵ کێشەی ئۆکرەین بکەن. ئەنجوومەنی نوێنەران بە بەڵێی ٣٦٧ دەنگ و نەخێری ٥٧ دەنگ بڕیاری دا بەبڕی ٤٠ ملیار دۆلار هاوکاری ئۆکرەین بکرێت، لەکاتێکدا (بایدن) داوای ٣٣ ملیاری کردبوو. بەپێی زانیارییەکان ڕۆژانە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دۆلار لەلایەن ئەمەریکاوە هاریکاریی ئۆکرەین لەبواری ئابووری و سەربازی و مرۆیی دەکرێت.

دۆزی هاریکاریی ئۆکرەین یەکێکە لەو کێشانەی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بیروڕای هەردوو حزبی یەکخستووە و تەنیا بڕیاردراوە بەبڕی ٦ ملیار دۆلار هاوکاری ئۆکرەین بۆ کڕینی چەک و هۆکاری سوپای ئۆکرەین بکرێت، کە چەند ملیارێکیش بۆ ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانی چەکەکان و کەرەستە سەربازییە نوێیەکان و هاوکاری لۆجستی و هەواڵگری تەرخان کراوە. بڕی ٩ ملیار دۆلاریش بۆ چاوگێڕانەوە بۆ چۆنیەتی کۆگاکردن و هەڵگرتنی چەکە ئەمەریکییەکانی نێو ئۆکرەین بەتایبەتی موشەکی (ستینگەر و جافلین) تەرخانکراوە.

لەهەمان کاتدا دەسەڵاتی (جۆ بایدن)ی سەرۆکی ئەمەریکا زیادکراوە بۆ بەکارهێنانی توانا یاساییەکانی بۆ بەخێرا گەیاندنی چەک و هاریکاریی سەربازی بۆ نێو ئۆکرەین. پتر لە ١٤٠٠ موشەکی ستینگەری دژ بەفڕۆکە و ٥٥٠٠ موشەکی جافلینی دژ بەتانک و ٧٠٠ فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لەجۆرەی (سویچ بلەد)، تۆپهاوێژی هاوتزر و ٢٠٠ هەزار گوللە تۆپ. ٧٢ زرییپۆش بۆ ڕاکێشانی هاوتزر و ١٦ هەلیکۆپتەری جۆری می – ١٧ و سەدان زرییپۆشی دیکە و پتر لەحەوت هەزار چەکی بچووک و پتر لە ٥٠ ملیۆن گوللەی داوەتە ئۆکرەین. ١٢ هەزار کڵاوی دژ بە گوللە و ١٣ فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی لەجۆری فۆنیکس گۆست و بنکەی موشەکی بە لیزەر ئاراستەکراو و ڕاداری دژ بە تۆپهاوێژ و پاپۆری جەنگی و ڕاداری دژە هاوەن و چاودێری ئاسمانی و سیستەمی پەیوەندیکردن و ئامرازی بینینی شەو و وێنەگرتن و کەرەسەتی لەناوبردنی کەلوپەلی تەقاندنەوە و کەرەستەی

خۆپارێزی لەچەکی کیمیاویی و تیشکی ئەتۆمی و کەلوپەلی پزیشکی و کەرەستەی ژاوەژاوی ئەلەکترۆنی پێشکەش بکات.
(زیلینسکی) لەدیدارێکی لەڕێگەی ڤیدیۆەوە لەگەڵ کۆنگرێسی ئەمەریکا دەڵێت: سوپای ڕوسیا جینۆسایدی ئۆکرەینییەکان دەکات و جەنگێک دەکەن لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی تاوانی لەم جۆرە نەکراوە. داوا دەکەین سزای پتری ڕوسیا بدەن، پێویستە بەفەرمی دان بەوەدا بنرێت، کە ڕوسیا دەوڵەتێکی تیرۆریستە، ئەمەش دوای سەردانی وەفدێکی ئەمەریکی بۆ ئۆکرەین وەکو پرۆژەیەک بیری لێ دەکرێتەوە، کە ڕوسیا وەکو دەوڵەتێکی تیرۆریست بناسێنن.
(بایدن) ئەگەر لەئاستی نێوەخۆدا نیگەران بێت و ترسیان لەگەڕانەوەی (ترەمپ) هەبێت، لەهەمان کاتدا لەئاستی نێوەدوڵەتی توانیویەتی پێگەی ئەمەریکا بەهێز بکاتەوە و هاوپەیمانەکانی بەهێز بکاتەوە و لەدۆزی ئۆکرەین بۆچوونی هەردوو حزب لەیەک نزیک بخاتەوە و تەنیا وای لێهاتووە هەردوولا پێشبڕکێیانە لەبەدەستهێنانی هاوکاری پتر بۆ ئۆکرەین. بەکردەوەش لەئەنجامی ئەم سیاسەتە (بایدن) توانی ئەمەریکا لەجەنگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕوسیا بپارێزێت و لەهەمان کاتیشدا لەڕێگەی هاوکاری لۆجستی و دارایی و سەربازیی و بیناکردنەوەی ناتۆ بەشێوازێکی بەهێزتر و یەکگرتوو ڕوسیا تووشی کێشەیەکی قورس بکات. وای کرد ڕوسیا بکەوێتە بەردەم چەند سیناریۆیەک لەوانە جەنگی هەفتەیەک بگۆڕێت بۆ جەنگێکی درێژخایەن، بچێتە ژێر خواستی ناتۆ و ئەمەریکا و دان بەفەشەلی سەربازی بنێت، یان کردە

سەربازییەکانی لەم دوو کۆمارە سەربەخۆخوازە بووەستێنێت. لەتەک ئەوانەشدا سزاکان دژ بە ڕوسیا درێژە دەکێشێت و لە ئایندەدا ئەم سزایانە کاریگەریی لەسەر توانای ئابووری و سەربازیی و هەتا دۆخی دەروونی و فکری هاووڵاتیانیش دروست دەکات.


# چەک و توندوتیژی

## (30)

دوای ئەوەی هەرزەکارێکی نۆزدە ساڵی لە قوتابخانەیەک لە تکساس چەند منداڵێک بەر گوللە دەدات و دەیانکوژێت، لەنێوەخۆی ئەمەریکا و دەرەوەدا ڕۆژنامەکان هەواڵ و زانیاریی و شیکاری زۆریان لەبارەی چەک و پەرەسەندنی توندوتیژی بڵاوکردەوە. لەم بارەیەوە گۆڤاری (لۆبس)ی فەرەنسی ئاماژە بە دە هەقیقەت لەبارەی ئەم جۆرە ڕووداوانەی نێو ئەمەریکا دەکات، کە پەیامنێرەکەی لەنیۆیۆرک ئامادەی کردووە:

یەکەم: کۆمارییەکان ترسنۆکن پەیامنێری ئەم گۆڤارە لە نیۆیۆرکەوە نووسیویەتی "هەڵویستی نەگۆڕی کۆمارییەکان ئەوەیە دوای هەموو قەسابخانەیەک دەڵێن ئەمە کارەساتە و نرخەکەی پەیوەستە بە ئازادی چەک هەڵگرتن. دواتر داوای بووردن دەکەن و دەڵێن ئەمە پەیوەستە بەنەخۆشی عەقڵی تاوانکارەکە و ئەوی دیکەش پەیوەستە بەلاوازیی پرۆسەی چاودێری و پاسەوانی ناوچە بەئامانجکراوەکان". لە تکساس لەناوچەی ئۆفالدیی ١٩ منداڵ بوونە قوربانی، (جۆن سۆن)

ئەندامی ئەنجوومەنی پیران لە ویلایەتی ساوس داکۆتا گوتیەتی "خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو ئەو تاوانانە ئەوەیە ئەم کەسانە کێشەی عەقڵیان هەیە".




https://www.globaltimes.cn/page/202304/1289288.shtml

دووەم: پێویستە کەسانی چەکدار پاسەوانی باڵاخانەکان بکەن. داوا دەکەن پاسەوان لەشوێنە گشتییەکان و قوتابخانە و کەنیسە و سوپەر مارکێتەکان دابنرێت و یەک شوێنی سەرەکی بۆ چوونە نێو باڵاخانە و بازاڕ و شوێنەکان هەبێت. (پۆل کرۆگمان) خاوەنی نۆبلە لەبواری ئابووری لە (نیۆیۆرک تایمز) نووسیویەتی "١٣٠ هەزار قوتابخانە و ٤٠ هەزار سوپەر مارکێت و ژمارەیەکی زۆری شوێنی گشتیمان هەیە، ئەگەر پاسەوان لەم شوێنانە دابنرێت پێویستیمان بە ١٨٠ هەزار پاسەوان دەبێت، ئەمەش پێویستی بە پارەیەکی زۆرە".


سێیەم: دیموکراتەکان دەیانەوێت دەست بەسەر چەکدا بگیرێت: زۆربەی ئەمەریکییەکان پاڵپشتی ڕای دیموکراتەکان دەکەن، کە داوای لێکۆڵینەوە لەچۆنیەتی دەستخستنی چەکی هێرشکەر دەکات، هیچ هۆکارێک لەبەردەست نییە ڕێگە بە هاووڵاتیان بدات ئەم جۆرە چەکانە بەکاربهێنن. چارەسەری ئەم کێشەیە پێویستی بەهەموارکردنەوەی دەستوور هەیە، کە ڕێگە دەگرێت لەهەبوونی چەک، تەنیا ئەوانە نەبێت کەدۆخی تایبەتیان هەیە.

چوارەم: هەموو شتێک بۆ دیکتاتۆریەتی کەمایەتی دەگەڕێتەوە: ئەمەریکییەکان بەگشتی پاڵپشتی ئەوە دەکەن بەکارهێنانی چەک کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام کەمایەتی کە خاوەنی ٤٠٪ ئەندامە لەئەنجوومەنی پیراندا، دژی پڕۆژەکانی دیموکراتەکان دەوەستێتەوە و ناهێڵێت هیچ یاسایەک لەم بوارە تێپەڕێت. ئەمەش وا دەکات ئەمەریکا بێ چارەسەر بمێنێتەوە.

پێنجەم: نەرمی نواندی دادگای باڵا: کۆنەپارێزەکان لەدادگا زۆرینەن، ئەمەش دوور نییە ببێتە هۆکار بۆ دواکەوتنی هەر بڕیارێک و ببێتە ڕێگر لەبەردەم هەڵگرتنی ئاشکرای چەک. لەم نزیکانە دوور نییە دادگای نیۆیۆرک بڕیار بدات ئەگەر پێویستی کرد هاووڵاتیانی ئەم وڵاتە بەنهێنی چەک هەڵبگرن.

شەشەم: قەیرانی هاوبەندی نیشتمانی چەک: ئەم هاوبەندە پاڵپشتی هەڵگرتنی چەک دەکات و ساڵانە کۆنگرەی خۆی لە هیوستن لەماوەی دوو ڕۆژدا دەبەستێت، (ترەمپ) و حاکمی تکساس (گریگ ئابۆت) و (تید کرۆز) لایەنگیری ئەم هاوبەندییەن. ئەمانە توندڕەون و خاوەنی چەکن، ئەوانە

لەپێناو دەستکەوتی خۆیان لایەنگیری هەڵگرتنی چەکن بەشێوەیەکی ئاشکرا و دژی چاکسازیی دەستوورین.
حەوتەم: کارەساتەکان دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکەن: نزیکەی ٢٠ ملیۆن کەس لەنێو ئەمەریکا ساڵی ٢٠٢١ چەکیان کڕیوە، لەئەنجامی کارەساتی ناوچەی ئۆفالدی تکساس و ساندی هۆک ژمارەیەک منداڵ دەبنە قوربانی، کاردانەوەکان درێژە ناکێشت و لایەنگرانی هەڵگرتنی چەک هانی کارەساتی گەورەتر دەدەن.




https://www.cartoonmovement.com/collection/gun-culture

هەشتەم: ڕاگەیاندن بگۆڕن: هەواڵ و ڕووماڵی ڕووداوەکان هیچ ناکەن، هەر تەنیا ئەوەمان نیشان دەدەن کێ بکوژەکەیە. بۆچی وا هەڵسوکەتیان کردووە و چەکەکیان چی بووە و کێن ئەوانەی بوونەتە قوربانی کێن؟ ئەمە هیچ کێشەی تێدا نییە، کارێکی زۆر باشە و کۆمەڵگە و خانەوادەی قوربانییەکان ڕێزی دەگرن، بەڵام ئەوەی دەبێت هەستی پێ بکرێت وەکو پێویست لێکۆڵینەوەی لەخۆ نەگرتووە و ڕاپۆرتەکان وەکو پێویست ئاماژە بە بەرپرسیاریەتی سیاسی ناکەن، بۆیە جیهانی ڕاگەیاندن پێویستی بەپێداچوونەوە هەیە. ساڵی ٢٠١٢ (باراک ئۆباما) لەبارەی ڕووداوەکەی ساندی هۆک گووتی " پێویستە هاوکاری بکەین و دەبێت ڕێکاری دووبارە نەبوونەوەی ئەم کارەساتە بگرینە بەر". دوای دەساڵ (جۆ بایدن) دەڵێت: "پێویستە بجووڵێین" و جێگرەکەی دەڵێت "ئیدی بەسە پێویستە ئازایانە کار بکەین".


نۆیەم: هەرچەندە دەمێکە دەیانەوێت لەم بارەوە کارێک بکرێت، بەڵام هێشتا ئەوە نەبووەتە هاندەرێکی جددی، تاکو ئەمەریکییەکان دژی هەڵچوونی شێتانە و هاندان بجووڵێن. نووسەرەکەی گۆڤاری لۆبس دەڵێت: "مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕان دروست دەکەن ڕەنگە لەکاتی چاوەڕوان نەکراو ئەمە ببێت. ئەمەریکا کاری کردووە سزای لەسێدارەدان نەمێنێت و ڕێگە بە هاوسەرگیری هاوڕەگەزەکان دەدات، کە پێشتر کەس ئەمانەی ڕەچاو نەدەکرد، بەهیوای ئەوەی ڕێگەگرتن لە چەکیش ڕووبدات.

هەزارەها کەس لەپێناو ڕێگەگرتن لەبەکارهێنانی چەک و ناڕەزایەتی دەربڕین دژی کارەساتەکانی ئەم دواییە خۆپیشاندانیان لە واشنتن سازکرد، داوایان لەئەنجوومەنی نوێنەران کرد یاسایەك دابڕێژن ڕێگە لەم کارەساتانە بگرێت، ڕێکخراوی (خۆپیشاندان لەپێناو ژیانمان)، کە دوای کارەساتی ساڵی ٢٠١٨ قوتابخانەی ناوەندی بارکلاند لە ویلایەتی فلۆریدا دامەزراوە، ڕایگەیاندووە تاکو ئێستا ٤٥٠ خۆپیشاندانی دژی ئەم جۆرە ڕووداوانە و بەکارهێنانی چەک ڕێکخستووە هەر لەساڵی ٢٠١٨ لە واشنتن ١٧ کەس لەقوتابخانەی مێرگۆری ستۆنمان دۆگلاس لە بارکلاند کوژراون.

کردەی توندوتیژی چەکدارانە لەنێو ئەمەریکا بۆتە یەکێک لەو دیاردانەی ساڵانە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت و وەکو سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیان سەیر دەکرێت، بەڵام پێ ناچێت بەئاسانی بتوانرێت بەهۆی دابەشبوونی سیاسی هیچ یاسایەک بۆ قەدەغەکردنی هەڵگرتنی چەک دەربکرێت، کە هەنووکە هەزارەها کەس لەسەرتاسەری ئەمەریکا داوای دانانی یاسا و سنوورێک بۆ ئەم کێشە گەورەیە دەکەن.

دوای چەند ساڵ جارێکی دیکە خەریکە دادگا دێتەوە دەنگ، هەرچەندە داوا دەکرێت دادگا خۆی لەکێشەی ئایدیۆلۆژی بەدوور بگرێت، بەڵام هاوبەندی نیشتمانی چەک (ئێن ئار ئەی)، کە خاوەنی گەورەترین لۆبییە بۆ هەڵگرتنی چەک، دژی ویلایەتی نیۆیۆرکە، کە داوایان کردووە هەڵگران و بەکارهێنەرانی چەک هۆکارێکی فەرمی بۆ هەڵگرتنی چەکەکەی پێشکەش بکات.

هەندێک داوای بوژاندنەوەی یاسایێکی کۆنگرێس دەکەن، کە ساڵی ١٩٩٤ دەریکردووە لەبارەی بەکارهێنانی چەک، (بایدن) کاتی خۆی لەئەنجوومەنی پیران نوێنەری ویلایەتی دیلاوێر بووە کاری کردووە یاسایەک لەم بارەوە دەربکرێت، بەڵام بەرهەڵستکاری کۆمارییەکان و هەندێک لە کۆمارییەکان کارەکەی پووچەل کردەوە و دواتریش لەساڵی ٢٠١٣ هەمان ئەنجوومەن نەیتوانی هیچ بکات دوای ئەوەی ١٦ ئەندامی دیموکراتەکانیش چوونە پاڵ کۆمارییەکان و دەنگیان بەنەخێر بە یاساکە دا.




https://www.toonpool.com/cartoons/Legislation%20vrs%20NRA-guns._310287

(بایدن) لەدواین گوتاری خۆی لەبارەی ڕووداوەکەی تکساس گوتی "ئای خوایە، کۆمارییەکان ئەمە ڕەت دەکەنەوە یاسایەک دژی چەک هەڵگرتن دەرچێت، کارێکی نامەعقوڵە". لەهەمان کاتدا (لیندسی گراهام) سیناتۆری کۆمارییەکان گوتی "من ئامادەم لەگەڵ دیموکراتەکان کار بکەم بۆ گەیشتنە چارەسەر، بەڵام ئەمە لەگوتاری (بایدن) هیچ شوێنێکی نەبوو". هاوبەندی (ئێن ئار ئەی) ڕەخنەی گرتووە و دەڵێت "ئەوەی سەرۆک پێشکەشی دەکات دەبێتە پیشێلکردنی مافی هەڵگرتنی چەک، لای ئەوانەی مولتەزیمن بەیاسا و هیچ تاوانێکیان نییە". (نیوز ویک)یش لەڕاپۆرتێکیدا دەڵێت: "کۆمارییەکان ڕەخنەیان لە گوتاری (بایدن) هەیە، هەرچەندە (بایدن) گوتیەتی مەسەلەکە بەوەرگرتنەوەی چەک لەهیچ کەسێک نایەت و شێواندنی نێوبانگی ئەوانە نییە، کە خاوەنی چەکن"، بەڵام چاودێرەکان دەڵێن "سەرۆک بەئاشکرا داوای قەدەغەکردنی چەکی کردووە. هەندێکیش کە ڕەخنەیان لە (بایدن) هەیە دەڵێن لەسەرینی ئەم گوتارە پێویستە (بایدن) دادگایی بکرێت".

لەهەمان کاتدا نوێنەری کۆمارییەکان (کیل سلیگەر) لەویلایەتی تکساس دەچێتە پاڵ دیموکراتییەکان و داوای بەپەلە کۆبوونەوەی حکوومەت دەکات بۆ ئەوەی بەپەلە یاساییێك دابنرێت چەک قەدەغە بکرێت، ئەگەر نا دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت هەزارەها کەسی دیکە ببنە قوربانی.

مەسەلەی چەک و مافی بەکارهێنانی چەک لەهەموو خولێکی هەڵبژاردندا وەکو یەکێک لەپڕۆژە و بەرنامەکانی هەڵبژاردن لای کاندێدەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا و ئەوانی دیکەش لە

کۆنگرێس و سەنات بەکاردێت، جیاوازیی و ناکۆکی بەئاشکرا لەنێوان دیموکراتەکان و کۆمارییەکاندا هەیە. کارەساتی کوشتن و توندوتیژی، بەهۆی بەکارهێنانی بەئاشکرای چەک لەنێو ئەمەریکادابەزەقی هەیە.

# ترەمپ
# و
# بەڵگەنامە نهێنییەکان

**(31)**




وەزارەتی دادی ئەمەریکا لە ٨ی ئابی ٢٠٢٢دا بڵاویکردەوە هێزێکی نووسینگەی لێکۆڵنەوەی فیدراڵی (ئێف بی ئای)

لەهەڵمەتێکی پشکنیندا لەماڵەکەی (دۆناڵد ترامپ) سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا لە مارلاگۆ لە بالم بیکی ویلایەتی فلۆریدا دەستیان بەسەر ٣٠ کارتۆنی بەڵگەنامەی نهێنیدا گرتووە، کە لەنێو بەڵگەنامەکاندا بەڵگەنامەی زۆر نهێنی دەبینرێت. (دۆناڵد ترامپ)یش لەتۆڕی کۆمەڵایەتی (ترۆس) بڵاویکردەوە ئەو تۆمار و بەڵگەنامانە باری نهێنیان لەسەر لابراوە و لەگەنجینەیەکی ئاسایشدا پارێزراون، گوتیەتی پێویستی نەدەکرد پشکنین بۆماڵەکەی بکەن و (ئێف بی ئای) دەیتوانی و هەر کاتێك بیانویستبایە ئەو بەڵگەنامانەیان ڕادەست بکەین، ئەوە خۆمان دەمانکرد و ڕادەستمان دەکردن، نەك بکرێتە گەمەیەکی سیاسی و هەڵکووتنە سەر ماڵەکەم لە مارلاگۆ. وەزارەتی دادی ئەمەریکا ڕایگەیاند "ئێمە کاتێك داواکاری پشکنینی ماڵەکەی (ترامپ)مان بەرزکردەوە، کە لەلایەن (برۆس راینهارت) دادوەری دادگای فیدراڵی ڕەزامەندی لەسەردرا، گومانمان هەبوو (ترامپ) یاسای سیخوڕی فیدراڵی پێشێل کردبێت، کە بەپێی یاساکە قەدەغەیە زانیاری بەرگری نیشتمانی لای خۆی بپارێزێت، یان بیگوازێتەوە بۆ شوێنی دەرەوەی ئەو شوێنەی یاسا دیاریی کردووە". جەختیشی کردۆتەوە "مەترسی ئەوەمان هەیە ترەمپ چەندین یاسای دیکەی پێشێل کردبێت سەبارەت بەخراپ مامەڵەکردن لەگەڵ تۆمارە حکوومییەکاندا لەوانەش یاسای قەدەغەکردنی هەوڵی شاردنەوە، یان لەناوبردنی بەڵگەنامە حکوومییەکان بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئەو تۆمارانە نهێنین، یاخوود نا". (دۆناڵد ترامپ) ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)ی بەدرۆ

خستۆتەوە، کە گوایە ئۆفیسی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی بەدوای ئەو بەڵگەنامانەدا گەڕاون لەماڵەکەی (ترامپ)دا شاردراونتەوە و پەیوەندییان بەچەکی ئەتۆمییەوە هەیە. (ترەمپ) گوتیەتی: "پرسی چەکی ئەتۆمی بەڵگەنامەکان فێڵێیەکە و هیچی تر". ئەو بەڵگەنامە و کاغەزانەی (ترەمپ) ویستویەتی لە نێو ٣٠ کارتۆندا لەماڵەکەی خۆیدا دایان بنێت و دادگاش بەکارێکی نایاسایی دەزانێت، چی بوون؟ لێکۆڵەرەوانی سەر بە (ئێف بی ئای) ئاشکرایان کردووە دەستیان بەسەر ١١ بەش لەبەڵگەنامەدا گرتووە و ئەو بەڵگەنامانەشیان بۆ ٣ جۆر و بەش پۆلێن کردووە. لەوانە بەشێکیان بە زۆر نهێنی و هەستیار دیاری کردووە و ٤ جۆریشیان بە زۆر زۆر نهێنی و ٦ی دیکەشیان بەیەکجار نهێنی داناوە. شتەکانیش بریتین لەبەڵگەنامە و ئەلبوومی وێنە و یادداشت، کە بەدەستی خۆی نووسراون و لەنێویاندا دەستخەتێکی خۆی تێدایە، کە فەرمانی بەزەیی و لێخۆشبوونی دەرکردووە بۆ (رۆجەر ستۆن) هاوپەیمانی (ترەمپ) و چەند زانیارییەکیشی تێدایە، کە پەیوەندی بە (ئیمانۆیل ماکرۆن) سەرۆکی فەرەنساوە هەیە لەگەڵ چەندین ئەلبوومی وێنە و چەند یادداشتێك، کە (ترەمپ) لەماوەی دەسەڵاتەکەی لە کۆشکی سپی نووسیویەتی.




(ترەمپ) لە (تروث سۆسیال) میدیا گوتیەتی "ئەگەر شتێک لەمبارەوە ڕاست بێت و ئەم بەڵگانە هێندە نهێنی بن، چۆن ئەو شتانەیان هەروا بەئاسانی لەسەر زەوی نێو ماڵەکەم دەدۆزییەوە و چۆن دەکرێت شتی وەها گرنگ لەسەر زەوی بە بەرچاوانەوە دابنرێن..". پارێزەرەکانیشی گووتویایە "ئەم پشکنیانە کارێکی نەکردەیە و هیچ پێویست نەبوو و هیچ بنەمایەکی یاسایشی نییە". مەسەلەکە بەستراوەتە بەتاوانبارکردنی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا لەمەڕ چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەرشیفی سەرۆکایەتی و کەسییەکانی خودی خۆی لەشوێنێکی دڵنیاکەرەوەی پارێزراودا". دادگاش دەڵێت "ئەم کارەیان کردووە بۆ ئەوەی هەموو ئەو قسانە ئاشکرا بکەن و پشتڕاست بکەنەوە، کە لەبارەی ئەم باتەوە دەگوترێن"
لەکردەوەدا ئەم پرۆسەیە وەکو بەشێک لەتاوانبارکردنی (ترەمپ) بەکاردەهێنرێت و دیموکراتەکان بەتوندی بەدوای

ئەوەوەن لەڕووی یاساییەوە مافی خۆپاڵاوتن لەساڵی ٢٠٢٤ لە (ترەمپ) بستێننەوە، کە دەیەوێت بۆ جاری دووەم خۆی بۆ خووڵی داهاتووی سەرۆکایەتی ئەمەریکا کاندێد بکاتەوە. (ترەمپ)یش بەهەموو توانایەوە کار دەکات لەڕووی یاساییەوە ستۆی خۆی پاک بکاتەوە و هەموو ئەو تۆمەتانە ڕەت دەکاتەوە، کە دژی بەکاردەهێنرێن. (ترەمپ) هەتا ئێستاش بڕوای وایە لەهەڵبژاردندا ساختەکاری کراوە و لەهەمان کاتدا بەوەش تۆمەتباری دەکەن، کە هانی لایەنگرانی داوە هێرش بکەنە سەر کاپیتۆل لە ٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١دا.

(ترەمپ) دەڵێت: "حکوومەت دەمچەوسێنێتەوە و ئەوەی دەیکات دروست نییە، بۆیە داوا دەکات لایەنی سێیەم لە لێکۆڵینەوە لەبارەی بەڵگەنامەکان بەشدار بێت". دادگاش ڕایگەیاندووە "بەڵگەنامەکان ساختە نین و تەواون و موڵکی (ترەمپ) نین و ئەوەی داوای دەکات شتێکی پێویست نییە و ئەمە زیانێکی گەورە بە بەرژەوەندییەکانی حکوومەت و هەروەها ئاسایشی نەتەوەیی دەگەیەنێت". لەلایەک لایەنە فەرمییەکان (ترەمپ) تۆمەتبار دەکەن بەوەی بەڵگەنامەی نهێنی بردۆتەوە ماڵەکەی خۆی و مافی ئەوەی نییە ئەم بەڵگەنامانە بەم شێوەیە لای خۆی هەڵگرێت و ئەویش دەڵێت ئەم بەڵگەنامانە سیفەتی نهێنیان لەسەر هەڵگیراوە و چیتر نهێنی نین. کێشەکە باکگراوندێکی سیاسی و ململانێی نێوەخۆیی حزبەکانی تێدایە.




https://www.cleveland.com/darcy/2022/08/trump-taking-5th-records-darcy-cartoon.html

لەدرێژەی ئەم ململانێ و کۆششەی دادگا دەیکات دادوەر (ئیلین. ئێیم. کانون) ئەو ئافرەتەی (ترەمپ) لەدادگای باڵای داناوە، ڕایگەیاند ئامادەیە لەم لێکۆڵینەوانەدا وەکو  کەسی لایەنی سێیەم دابنرێت بۆ ئەوەی زانیاری پتر لەبارەی هەموو ئەو کەلوپەلانە پێشکەش بکرێت، کە دەستی بەسەردا گیراوە. لەدرێژەی ئەو زانیاریانەی لەبارەی ئەم کێشەیە بڵاودەکرێتەوە یەکێک لەلێکۆڵەرەوەکانی مەکتەبی پشکنین گوتیەتی "١٨٤ بەڵگەنامە، کە نیشانە و ئاماژەن بۆ شتی نهێنی لەنێو شتەکاندا هەیە و ئەو بەڵگەنامانە ئاماژەن بۆ زانیاریی لەبارەی دۆسیەی بەرگری نیشتمانی". سەرباری ئەوەش کارتۆنەکان بەدەستخەتی خودی (ترەمب) تێبینیان لەسەر نووسراوە و ئەویش پێداگرە

لەسەر ئەوەی ئەم بڕیارەی دادگا دەستی سیاسی تێدایە. (جۆ بایدن)یش گوتیەتی "هەست بەشەرمەزاری دەکەم لەبارەی ئەو هەڕەشانەی دژی مەکتەبی پشکنینی فیدرالی ئەنجام دەدرێت و داوای ڕاگرتنی ئەو هاوکاریانە دەکرێت، کە پێشکەش بە مەکتەبی فیدرالی دەکرێت ئەمەش هەندێک لەلایەنگرانی (ترەمپ) داوای دەکەن". مەبەستی هاوکاری ئەو بڕە پارەیە کە بۆ لێکۆڵینەوەکە تەرخان کراوە. لەتەک ئەو ململانێیەدا هەندێک لەوێنەی کارتۆنەکان ئاماژەی ئەوەیان پێوە دیارە، کە ئەمانە بابەتی نهێنین و هەندێکیشیان بەزۆر نهێنی دانراون.

تاکو نووسینی ئەم بابەتە ناوەڕاستی سپتێمبەری ٢٠٢٢ نەتوانراوە لەدادگا هاندانی ئاژاوە و هێرشکردنە سەر کاپتیۆل و هیچ شتێک لەدژی (ترەمپ) ساخ بکەنەوە، ئەمجارە لەڕێگەی ئەم بەڵگەنامانە دەیانەوێت دادگا بجوولێنن. ئەمەش دەبێتە مەترسی لەسەر دوارۆژ و مافی خۆپالاوتنی ترەمپ بۆ سەرۆکایەتی کۆمار. لەکاتێکدا داگا ڕاشکاوانە دەڵێت ئەم بەڵگەنامانە شتی نهێنین و گوتەبێژی کۆشکی سپیش گوتیەتی "ترەمپ لەماڵەکەی بەڵگەنامەی نهینی بەشێوەیەکی نایاسایی دەپەناییدا گل داوەتەوە، کە پەیوەستن بەزانیاری هەواڵگری و سەرچاوەکانیان نهێنین سەرباری نهێنییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا".




https://www.washingtonpost.com/opinions/2023/08/16/w/alt-handelsman-guest-cartoon-donald-trump

بەپێی ڕاپۆرتێکی (بی بی سی) بەریتانی هەندێک یاساناس ئاماژەیان بەمەکردووە، کە ئەگەر ئەو شتانەی لەبارەی گلدانەوەی هەندێک بەڵگەنامەی نهێنی لای ترەمپ ڕاست بێت "یاسا ڕێگا نادات جارێکی دیکە ترەمپ خۆی کاندێد بکاتەوە". لەمبارەوە (جۆزیف مۆرینۆ)ی داواکاری گشتی پێشوو لەوەزارەتی دادی ئەمەریکی گوتیەتی "سروشتی کارەکە و وردی و حەساسی لێکۆڵینەوەکان لەبارەی ماڵی بەڕێز (ترەمپ) لە مارالاگۆی کالیفۆرنیا ئاماژەکان ئەوە نیشان دەدەن بەرەو ئەوە دەچن هەندێک تۆمەت ئاراستەی سەرۆکی پێشوو بکرێت". یەکێکی دیکە لەمەکتەبی لێکۆڵینەوەکانی فیدرالی ئاماژە بەوە دەکات، کە "بەپێی یاسا ئەمە بەکردەوە تاوانکارییە، کە سەرۆکێک

بیەوێت تۆمار و دۆسیەکان و هەموو بەڵگەنامە و نامە ئەلەکترۆنییەکانی ڕادەستی ئەرشیفی نیشتمانی نەکات. نابێت ئەو شتانە لەماڵەکەی خۆی بپارێزێت، بۆیە بڕیاریان دا ئەم هەنگاوانە بگرنە بەر و بچنە نێو ماڵی ترەمپ". بەپێی دەقی نووسراوی بەشی ٢٠٧١ لە مادەی ١٨ی یاسای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاتووە "هەرکەسێک بەڵگەنامەی حکوومەتی لابێت بیشارێتەوە، یان لەناوی ببات و بیشێوێنیت، یان بە ئەنقەست لەناوی ببات دوور لەیاسا، ئەو کەسە ڕووبەڕووی سزای یاسایی بەپێژماردن، یان زیندانیی بۆ ماوەی ساڵێک دەبێتەوە، سەرباری دوورخستنەوەی لەهەر بەرپرسیاریەتییەکی فیدریالی". لەمبارەوە مێژوونووسی ئەمەریکی (مایکل بیشلوس) گوتیەتی "ئەگەر دۆنالد ترەمپ ئەم پێشێلکارییە یاساییەی کردبێت، ڕووبەڕووی سزادانی هەقیقی دەبێتەوە، لەڕاستیشدا لەنێو ئەو سزایانەدا ئەوەیە جارێکی دیکە مافی خۆ کاندێکردنی نابێت".

لەهەمان کاتدا یاساناسەکانی لایەنگرانی (ترەمپ) پێیان وایە ئەمەی ئەوانە باسی دەکەن ڕاست نییە، تەنیا (ڕەگەزنامە و کاتی مانەوە لەنێو ئەمەریکا و تەمەن) دەبنە ڕێگر لەبەردەم خۆ کاندێدکردن بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا. شارەزایەک بە (بی بی سی) ڕاگەیاندووە هیچ یاساییەک نییە ڕێگری لەخۆکاندێکردنی تاوانکاران بگرێت و نموونەی (جۆرج دەبلویو بۆش)ی هێناوەتەوە و دەڵێت ئەو ساڵی ١٩٧٦ بەلێخوڕینی ئۆتۆمبێل بەسەرخۆشی تاوانبار کرا و کەچی ڕێگەشی پێدرا خۆی کاندێد بکات. لەمبارەوە (بریان کالت) مامۆستای یاسای

دەستوور لە زانکۆی مشیگان دەڵێت "دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێوەری دیاریکراویان بۆ خۆ کاندێکردن بۆ سەرۆکی ئەمەریکا داناوە، کە ئەم پێوەرانە زۆر سادەن و دیاریان کردووە، کە کاندێد نابێت تەمەنی لە ٤٥ ساڵ کەمتر بێت و ناشبێت کەمتریش لەچواردە ساڵ لەنێو ئەمەریکا ژیا بێت، واتە لەماوەی چواردە ساڵ لەدەرەوەی ئەمەریکا نەژیابێت". ئەم مامۆستایەی زانکۆ لەدرێژەی بۆچوونەکانی دەڵێت هەر مادەیەک لە یاسا پێچەوانەی دەستوور بێت ئەمە پووچەڵە، بۆیە ئەو پێی وایە بەشی ٢٠٧١ لە مادەی ١٨ی یاسای ویلایەتە یەکگرتووەکان پێچەوانەی دەستوورە، کە پێشتر لەم بابەتە ئاماژەمان بەنێوەڕۆکی ئەم مادەیە کردووە. بۆیە ئەو پێی وایە ترەمپ مافی خۆ کاندێدکردنەوەی هەیە.

لەڕاپۆرتێکی (نیوزویک) لەناوەڕاستی مانگی ئەیلولی ٢٠٢٢دا بڵاوکرایەوە (دۆناڵد ترەمپ) توڕە دەبێت ئەو کاتەی وەزارەتی داد تانە لەبڕیارێک دەدات و هەوڵ دەدات ڕێگری لەناوبژیوانێکی سەربەخۆ بکات. ئەو گاڵتە بەهەنگاوەکەی حکوومەت دەکات لەچۆنیەتی بەفیڕۆدانی  کاتێکی زۆر و پارەیەکی ئەستوور و دەڵێت: "بۆیە ئێستا FBI  و بایدن و وەزارەتی داد و دزەپێکەرەکان بڕیارە ملیۆنان دۆلار خەرج بکەن، سەرباری کاتێکی زۆر و وزەیەکی گەورە".

ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست) دەڵێت: "شتەکان نهێنی یەکجار نهێنیان تێدایە، تەنیا ڕێگە بە بەرپرسە هەر گەورەکانی ئاسایشی نەتەوەیش نادرێت سەیریان بکەن، هەندێک لەو بەڵگەنامانە زانیارییەکانیان تەنیا بەفەرمانی سەرۆک، یان

هەندێک لە ئەندامەکانی ئیدارەکەی دەتوانرێت سەیر بکرێن. ئەم بەڵگەنامانە لەشوێنی تایبەت و لەنێو کەرستەی تایبەتدا دادەخرێن و دەپارێزرێن و کەس مافی بینیان نییە.
پشکنێەرانی (ئێف بی ئای) دەسەڵاتی ئەوەیان پێدراوە تەلەفۆنی کەسی دوو کەس لەنزیکەکانی (ترەمپ) بپشکنن لەوانە (بۆریس ئیبشتاین) ڕاوێژکاری نێوەخۆیی، کەهاوکاری بووە لە کاروباری یاسایی و (مایک رۆمان) کە ساڵی ٢٠٢٠ بەڕێوەبەری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ئەو بوون. ئەم دوو کەسە هاندەری سەرەکی (ترەمپ) بوون لەپێداگریی و مانەوەی لەدەسەڵاتدا. واتە سەریەشە سیاسییەکە لەبن سەری ئەم دوو ڕاوێژکارەی (ترەمپ) دابووە و ئەوان زانیارییان لەبارەی لیستی دەنگدان و یەکلابوونەوەی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان بە سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا داوە.
لەسەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ ئیدارەی ئەرشیف و بەڵگەنامەی نیشتمانی ئەمەریکی سەبارەت بەم دۆسیەیەی (ترەمپ) ئاشکرای کردووە "ترەمپ هەموو دۆسیە سەرەکییەکانی ڕادەست نەکردوون"، بۆیە ئیدارەی ئەم ناوەندە گرنگە ئێستا لەگەڵ وەزارەتی داد کار دەکەن بەڵگەنامەکان بۆلای خۆیان بگێڕنەوە. ئەم هەنگاوەش پشت بە بڕیارەکەی کۆنگرێس لە ١٣ی ئەیلول/ سپتێمبەری ٢٠٢٢ دەبەستێت کە داوای کردبوو پێداچوونەوەی خێرا بەهەموو پارێزراوە هەڵگیراوەکان و دۆسییە نیشتمانییەکاندا بکەن. سەرۆکی ئیدارەی ئەرشیفخانەکە (دیبرا وۆل) گوتیەتی "هەندێک موچەخۆری کۆشکی سپی کاری فەرمیان لەڕێگەی نامەی ئەلەکترۆنی کەسی خۆیان ئەنجام داوە، کە

تۆمار نەکراون، یان نەنێردراون بۆ حیساباتی فەرمی، ئەمەش پێشێلکردنی یاسای دۆسیە سەرەکییەکانە".
ئەمە دەرگایەکی دیکەی نوێی یاساییە دژی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا و ئیدارەکەی کراوەتەوە، لەکاتێکدا چەند ساڵە ئەرشیفخانەی بەڵگەنامە نیشتمانییەکان هیچ قسەیەکی لەم بارەوە نەکردووە. فشارە سیاسیی و یاساییەکان دژی (دۆلاند ترەمپ) لەزیادبوونەوە، دیموکراتەکان بەهەموو توانایانەوە کار دەکەن لە ڕێگەی کۆنگرێس و دامەرزاوە دەستووری و نیشتمانییەکانی ئەمەریکا مافی خۆپاڵاوتنەوەی جارێکی دیکە لە (ترەمپ) بستێنرێتەوە. وەکو لەوەپێشیش ئاماژەمان پێکرد هەندێک شارەزای یاسایی و دەستوور دەڵێن ئەمەی دەکرێت دژی دەستوورە و بنەمای گشتی خۆپاڵاوتن تەنیا سێ خاڵە و هیچی دیکە.
کاک (ترەمپ) دۆخەکەی تاکو دێت قورستر دەبێت، مەکتەبی لێکۆڵینەوەی فیدرالی بەپێی زانیارییەکانی نێو ڕاگەیاندنی ئەمەریکا دواین جار ئاشکرای کردووە کە پتر لە (١١) هەزار دۆسیەیان لای ئەم سەرۆکە دۆزیوەتە، کە (١٠٠) لەم بەڵگەنامانە بەنهێنی دانراون. بۆیە وەزارەتی داد بەتوندی و ڕژدییەوە لێکۆڵینەوە لەم دۆسیانە دەکات، کە پێیان وایە بەشێوەیەکی نایاسایی لای سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا لەماڵەکەی هەڵگیراون.
وەکو دەبینین ململانێیەکی سیاسی سەختە، هەردوو لایەنی ڕکابەری نێو گەمە سیاسییەکە کار دەکەن یاسا بەکاربهێنن، بەڵام تاکو ئێستا دیار نییە کامەیان دەیباتەوە.

# شرۆڤەکارانی ڕووسی: بردنەوە لە ئۆکرەین کارێکی نەکردەیە

## (32)

خەریکە دوای ماوەیەک لە دوورخستنەوەی ڕووداوە گەرمەکانی نێو ئۆکرەین لەچاوی ڕاگەیاندنەکان، بەڵام ئێستا دەزانین شەڕی ئۆکرەین بەسەختی و بەتەکتیک و ئەنجام و کاریگەریی نوێەوە درێژەی هەبووە، خەریکە لەم ڕۆژانەدا بەهۆی هێرشە پێچەوانەکانی سوپاسی ئۆکرەین دژی سوپای ڕوسیا و ڕزگاکرکردنەوەی پێوانەیەکی زۆری خاک لەدەست سوپای ڕوسیا، هەواڵەکان جارێکی دیکە دەبنەوە دەنگوباسی گەرمی ڕاگەیاندنەکان و زانیاریی و ڕەوشی ڕووداوەکانی جەنگەکە دەبێتەوە جێگەی بایەخی ڕاگەیاندەکان. لە گۆڤاری (نیوز ویک)ی ئەمەریکی (جیرار کاونگا) لە ١٢ی ئەیلولی ٢٠٢٢دا بابەتێکی سەرنجڕاکێشی لەسەر زاری بەرپرسێک و شارەزایەکی تەلەفزیۆنی ڕوسیا بڵاوکردۆتەوە و شارەزا ڕوسەکە دەڵێت "مەحاڵە" ڕوسیا لە ئۆکرەین بباتەوە، بۆیەشە داوای ئاشتی

دەکات. ئەم کەسەی ئەم لێدوانەی داوە ناوی (بۆریس نادژدین)ە و ئەندامی پێشووی پەرلەمانی ڕوسیا بووە و پێی وایە کارێکی نەکردەیە "مەحاڵە" ڕوسیا بتوانێت شکست بە ئۆکرەین بهێنێت و بۆیە داوای دانوستانەکانی ئاشتی کردووە. ئەم کەسە ڕاشکاونە وەکو ڕەخنەیەکی نائاسایی، بەڵام بەئاشکرا لەنێو تەلەڤزیۆنی ڕوسیا ڕەخنەی لەستراتیژیەتی سەرۆک (ڤلادیمێر پوتین) لەبارەی ئۆکرەین گرتووە. لێدوانەکانی (نادژدین) لە ڤیدیۆیەکدا زیاتر لە ٣.٢ ملیۆن جار بینراوە.

لای شرۆڤەکارانی ڕاگەیاندنی ئەمەریکا ئەم ژمارە زۆرەی بینەری ڤیدیۆکە و قسەکانی ئەم بەرپرسەی ڕوسیا "نیشانەی نائارامییە لەنێو ئەو شارەزایانەی لایەنگری کرێملینن" . ئەمەش لەکاتێک دایە هێرشەکانی ئۆکرەین دەستکەوتی گەورەی چاوەڕوان نەکراوی لێکەوتۆتەوە و ئەم قسانەی (نادژدین)یش لەهەمان کاڤدا مشتومڕێکی زۆری لەبەرنامەکەی تەلەڤزیۆنی ڕوسیا دروستکردووە.

ئەم بەرپرسە ڕوسە ئاماژە بەهەڵوێستی ئەو کەسانە دەکات، کە کاتی خۆی ئامۆژگاری (پوتین)یان کردووە و قەناعەتیان پێهێناوە ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجام بدات، ئەو کات پێیان وابووە ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکە کاریگەر و خێرا دەبێت و لەهاووڵاتیانی مەدەنی نادرێت و بەئاسانی دەچنە ژوورەوە و شتەکان بەرێکوپێکی بەڕێوەدەبرێت، کەچی ڕەوشەکە وا دەرنەچوو. بەئاسانی یەکێک بڕوای پێهێناوە ئۆکرەینییەکان خۆیان ڕادەست دەکەن، یان هەڵدێن و خۆیان دەشارنەوە. ئەم پسپۆرە دەڵێت "ئێمە ئێستا لەو شوێنەین دەبێت بزانین شێوازی جەنگی

کۆلۆنیالیزم، کە ڕوسیا لەم شەڕەدا ئەنجامی دا، لەڕێگەی بەکارهێنانی سەربازی گرێبەست و بەکرێگیراو و جووڵە نەکردن کارێکی نەکردەیە ئۆکرەین تێکبشکێنرێت. لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت "لەبیری نەکەین سوپایەکی بەهێز دژایەتی سوپای ڕوسیا دەکات، بەشێوەیەکی تەواو لەلایەن هەموو دونیاوە پشتیوانی دەکرێت و بەواتای ئابووری و تەکنەلۆژی لەنێویاندا ئەوروپاییەکان". بۆیە (نادژدین) لەوەلامی پرسیارێکی پێشکەشکارەکە دەڵێت "من پێشنیاری وەستاندنی شەڕ و هەنگاونان بۆ دانوستان دەکەم" لەپێناو چارەسەری پرسە سیاسییەکان.




https://tulsaworld.com/opinion/columnists/cartoon-russia-and-ukraine-targets/article_c14bbdb4-a3c6-11ec-9f28-9be906373bf5.html

(شۆن واکەر) لەڕۆژنامەی (گاردیان)ی بەریتانی وەکو بەشێک لە ڕۆژنامەنووسانی دیکەی ڕۆژئاوا سەرسام بووە بەم ڕەخنانەی (نادژدین) ئاراستەی ڕوسیای کردووە و ئاماژە بەوە دەکات "بۆریس نادژدین چەند ڕاستییەکی مەترسیداری ئاشکرا کرد، بۆیە دەپرسین زۆر بەسادەیی دەپرسین ئایا لەسەرینی ئەم قسانە بەم زووانە دەستگیر دەکرێت؟".
(ئیڤان تروشکن)ی پێشکەشکاری تەلەڤزیۆنی بەپێی ڕاپۆرتەکەی (نیوزویک)ی ئەمەریکی لەسەرەتای مانگی ئەیلولی ٢٠٢٢دا گوتیەتی "ئەو یارمەتییەی ئۆکرەین لە ڕۆژئاوا وەری دەگرێت، دەتوانێت ڕێگری لەبەدەستهێنانی خواستەکانی مۆسکۆ بکات". بەواتای (بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی تەواو). وەکو ئەم پێشکەشکارە ئاماژەی پێ دەکات تاکو "زلهێزی دەرەکی هەبێت و ئامادەبن خەڵک بنێرن و مێشکیان پڕ بکەن لەزانیاریی ڕیشەیی و بنەڕەتی، بەداخەوە ناتوانرێت سەرکەوتنێکی تەواو بەدەست بهێنرێت". ڕووداوەکانی هەفتەی یەکەمی دەستپێکردنی جەنگ نیشانی دا، (پوتین) دەستپێکێکی گونجاوی لەباری هەڵنەبژاردووە و نەکەوتنی کیف لەهەفتەی یەکەمی نەک تەنیا پێشهات و تێڕوانییەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا و جیهانی گۆڕی، بەڵکو بەربەستێکی گەورەشی لەبەردەم سوپای ڕوسیا و ستراتیژیەتی (پوتین) دروستکرد. ئەم هاوکێشەیە تاکو ئێستاش لەقازانجی بەرنامە بنەڕەتییەکەی ڕوسیا نییە، بیرۆکە و شێوازی کۆلۆنیالیزمی کلاسیکی توانای کۆتایی پێهێنانی شێرپەنجەکە (ئۆکرەین بەپێی لێدوانی ڕوسەکان)ی نییە. لەوە

دەچێت حیساباتەکانی (پوتین) و بەرپرسانی سوپای ڕوسیا تۆکمە و دروست نەبن.
لەسەرەتای مانگی ئەیلولی ٢٠٢٢ (جولیا دەیڤس) لەڕۆژنامەی (دەیلی بیست) ڤیدیۆیەکی بڵاوکردۆتەوە، کە تاکو ئێستا زیاتر لە ملیۆنێک و نیو بینەری هەبووە، دەری دەخات شارەزایەکانی ڕوسیا ڕەخنە لەچۆنیەتی بەڕێوەچوونی شەڕی ئۆکرەین دەگرن.
لەژێر وێنە ڤیدیۆیەکەدا ناوبراو ئاماژەی بەمەش کردووە "سەیری کۆکراوەکانی ئەم ڤیدیۆیە بکەن، کە پڕوپاگەندەکارانی ترساو لە کرێملین و هاوکات لەچەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی دەوڵەتیشدا بەشدار بوون، باس لەدەستکەوتە سەرنجڕاکێشەکانی هێزە چەکدارەکانی ئۆکرەین دەکەن لەچۆنیەتی وەرگرتنەوەی خاکی کۆنترۆڵکراوی ئۆکرەین لەلایەن سوپای ڕوسیا".
لەشیکردنەوەی ئەم هەواڵەدا چەند شتێکی گرنگمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، لەوانە:
ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا بەبایەخەوە سەیری ئەو ڕەخنە نوێیانە دەکەن، کە هەندێک لەپێشکەشکار و قسەکەر و شرۆڤەکارانی ڕوسیی لە (پوتین) و سوپای ڕوسیای دەگرن. لەهەمان گاڤدا ئاماژە بەبینینی ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئەو ڤیدیۆیانە دەکەن، کە بریتین لەڕەخنە دژی سوپای ڕوسیا و بەدەست نەهێنانی سەرکەوتنە گەورەکەی لەجەنگی ئۆکرەین. هەندێک گەیشتوونەتە ئەوەی بێژن پێویستە ڕوسیا دان بەسەرنەکەوتنی خۆی بنێت و دەست بەئاشتییەکی بەکردەوە بکات. لەهەمان کاتدا پێیان وایە بەهۆی هاوکارییە ئابووریی و

داراییەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا سوپای ڕوسیا ناتوانێت بەسەر سوپای بەهێزکراوی ئۆکرەین بەزانیاریی و تەکنەلۆژیا سەربکەوێت.

لەهەموو شتێک گرنگتر ئەوەیە، کە هەندێک لەشرۆڤەکارانی ڕوسیی پێیان وایە بیرۆکەی کۆلۆنیالیزم و بەکارهێنانی بەکرێگیراوەکان ناتوانێت سەرکەوتن مسۆگەر بکات و ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژئاوایش گریمانەی ئەوە دەکەن، ئەوانەی بەم جۆرە شیکاری دۆخی سوپای ڕوسیا لەنێو کەناڵەکانی ڕوسیا دەکەن، دوور نییە بخرێنە زیندانەوە.

# بەڕێوەبەری سی ئای ئەی:
# شەڕەکەی (پوتین) لاوازی سەربازی ڕووسیی ئاشکرا کرد

**(33)**

لە ڕاپۆرتێکی شیکاری گۆڤاری (نیوزویک)ی ئەمەریکی لە ٨ی ئەیلولی ٢٠٢٢دا لەبارەی بۆچوونەکانی (بیل بێرنز) بەڕێوەبەری (سی ئای ئەی) بڵاوکراوەتەوە و تێیدا هاتووە: لەشکرکێشییەکەی (ڤلادیمێر پوتین) بۆ سەر ئۆکرەین، بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی تیشک بخرێتە سەر کەموکوڕییەکانی سوپای ڕوسی. ( بێرنز) لەکۆنفرانسی ئاسایشی ئەلیکترۆنی لە واشنتۆن دی سی ئاشکرای کردووە "زۆر سەختە جگە لەشکستی پوتین پێشبینی هیچی دیکە لەم جەنگە بکرێت". گوتیشی: "نەك هەر لاوازی سوپای ڕوسیا ئاشکرا بووە، بەڵکو لەئەنجامی ئەمەشدا زیانێکی درێژخایەن بە ئابووری ڕوسیا و نەوەکانی ڕوس دەگات".

بەپێی هەواڵێکی شیکاری کەناڵی (سی ئێن ئێن) ئاماژە بەوەشکراوە دەبێت ڕوسیا باجێکی زۆر قورس بدات، پێشیان وایە

ئەمە لەماوەیەکی درێژدا بەدیار دەکەوێت. بێگومان بەپێی زانیارییەکانی ئەم گۆڤارە ئەمەریکییە لایەنە بەرپرسەکانی ڕوسیا لەوەزارەتی بەرگری ئامادە نین وەڵامیان بدەنەوە بۆ ئەوەی پتر لەبارەی ئەم زانیارییە و هەواڵانە شتەکان پشتڕاست بکرێنەوە. ئەمە لەکاتێکدایە ئۆکرەین ئیدیعای سەرکەوتنی بەئاشکرا دەکات و لەهێرشێکی بەرپەرچدانەوەی لە باشووری ئەو وڵاتە و لەناوچەی خارکیڤ. ڕاشکاونە ئاماژە بەسەرکەوتنی هێزەکانیان و ڕزگارکردنی هەندێک ناوچە گرنگ و ستراتیژی دەکەن. لەوە دەچێت پێشڤەچوونەکانی سوپاسی ئۆکرەین خێرا بن، کە لەمەزەندەی گەلێک لە شرۆڤەکاران نەبووبێت، وەکو چۆن بەرگری ئۆکرەین لە مەزەندە و حیسابی دەوڵەتەکان نەبوو. (ڤۆلۆدیمر زیلینسکی) سەرۆکی ئۆکرەین لە گوتاری شەوانەی خۆیدا ڕایگەیاند، لەماوەی هەفتەی ڕابردوودا، ئۆکرەین زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەی کۆنترۆڵکردۆتەوە، کە ئەم بەشە ڕزگارکراوە نزیکەی قەبارەی شاری نیویۆرک دەبێت، ئەمە ناوچە ئاوییەکانیش دەگرێتەوە و بەشێکیان ئازاد کراوەتەوە. لەڕاستیدا ئەم شکاندنەی سوپاسی ڕوسیا بەردەوامە و لە ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢دا سوپای ئۆکرەین ڕایگەیاندووە، کە دەستی بەسەر شارۆچکەی (لیمان)ی ستراتیژی داگرتۆتەوە، ئەمەش هەنگاونانە بەرەو ڕزگارکردنی ئەو ناوچانەی بە (شاری سێگۆشەیی) ناسراون و بریتین لەشارەکانی (سیفیرودونیتسک و لیستشانسک و روبیجی) ئەمانە هەموویان بەشارە گرنگەکانی هەرێمی لۆگانسکە دادەنرێن. ئەم شارۆچکەیە دەبێتە کۆسپێکی گەورەی بەردەم سوپای ڕوسیا لەهاتوچۆ بەشەمەندەفەر.

لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا ڕوسیا بەئاسانی هێڵی شەمەندەفەری لەم ناوچەیە بۆ هاوکاری و گواستنەوەی سوپاکەی بەکار دەهێنا، بەڵام بە ڕزگارکردنی شارۆچکەی (لیمان) ئاڵۆزییەکی قورس بۆ سوپاسی ڕوسیا دروست دەبێت.
(میخائیلۆ پۆدۆلیاک) ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری ئۆکرەین لەتویتێکدا ڕایگەیاند، دەستکەوتەکانی خارکیڤ دەری دەخات، کە توانای بەرەو پێشچوون و ڕزگاکردنی خاکیان هەیە و لەهەمان کاتدا دەبێت سەربازەکانی ڕوسیا لەم شوێنانە دەربچن.




https://www.chappatte.com/en/putins-war

ئاماژەی بەوەشکردووە و هەروەها دەریخستووە کە ئۆکرانیا دەتوانێت "بەشێوەیەکی کاریگەر چەکی مۆدێرن لە ڕۆژئاوا

بەکاربهێنێت".  ژەنەڕاڵ (مارک میلی) سەرۆکی سەرۆکی ئەرکانی هاوبەشی ئەمەریکا، لەکۆتایی مانگی ئەیلولی ٢٠٢٢ ڕایگەیاند تاکو ئێستا سیستەمی موشەکی تۆپخانەی جوولەی بەرز (HIMARS) کە لەلایەن ئەمەریکاوە دابین دەکرێت، بۆ لێدانی زیاتر لە ٤٠٠ ئامانج و بنکە و شوێنی سەربازی ڕوسیا بەکارهێنراوە.



https://x.com/cartoonmovement/status/1381502365539430400

مەودا و خێرایی فڕۆکەی HIMARS ، کە ئەمەریکا ١٦ دانەیان بۆ ئۆکرانیا ناردووە، ئاسانکاری و هێزی بەخشیوەتە هێزەکانی ئۆکرەین بۆ ئەوەی لەکۆگاکانی تەقەمەنی و بنکەکانی فەرماندەیی ڕوسیا بدەن. (میلی) ڕایگەیاند تەقەمەنی زیاتر بەشێک دەبێت لەدوایین پاکێجی هاوکاری سەربازی و ئەمنی بەبڕی ٦٧٥ ملیۆن دۆلار پێشکەش بە سوپای ئۆکرەین دەکرێت. ژەنەڕاڵی خانەنشینکراوی ئوسترالیا (میک رایان)یش ڕایگەیاند لەگەڵ هەڵسەنگاندنەکەی (بێرنز)دا هاوڕایە، چونکە ستراتیژی (پوتین) لەسەر بنەمای گریمانە "زۆربوونی کەموکوڕییەکان" دروستکرابوو. گریمانەکانی ئەوەبوو "ئۆکرەینییەکان شەڕ ناکەن، ئۆکرەین وڵاتێکی ڕاستەقینە نییە و ڕۆژئاواش ناتوانێت دەستێوەردان بکات، یان بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە ئەو کارە ئەنجام نادات".

(رایان) بە گۆڤاری سیاسی بەنێوبانگی ئەمەریکی (نیوزویک)ی گوتووە "لەبەرئەوەی سوپا پلاندانانیان لەسەر بنەمای ئەم شتانە دانا، ئەوان بەپێی ئەم هەڵانە هەنگاویان ناوە و ڕەچاوی پێکهاتەی هێزەکانیان نەکردووە"، ئاماژەی بەنەبوونی لۆجستیک و پشتیوانی ئاسمانی و باڵادەستی ئاسمانی کرد.

(رایان) نووسەری کتێبی جەنگی گۆڕدراو پێی وایە: لەسەدەی بیست و یەکدا ئەوان هەوڵی پێشڕەوییەکی فرەلایەنی مەترسیداریان دا، کە هەوڵیان نەدەدا دژی دوژمنێک کە پێیان وانەبوو شەڕ دەکات. هەڵە ستراتیژییەکان هوشدارییەکی گرنگە لەبارەی پلانە سەربازی و دیپلۆماسییە خراپەکەیان. لەم سەدە مەزنەدا ململانێ و ڕکابەری لەپێناو دەسەڵات گۆڕاوە، پێ

ناچێت هێزە مەزنەکان بتوانن بەهەمان ستراتیژی کلاسیکی و کۆن، یان بەسوپایەکی داگیرکارانەی پشت بەئەستوور بەتێڕوانینی کۆن و شێوازی کۆن و زانیاریی و گریمانەی هەڵە بتوانن وڵاتی بچووکیش داگیر بکەن.

ئەم شارەزایە گوتیەتی "بیرکردنەوەی ستراتیژی کاریگەر و سەرکردایەتی ستراتیژی، گرنگترە لەتاکتیکێکی باش". بۆیە زۆر لەئامارژە و شیکردنەوەی سەربازیی و ئەمنی و دیپلۆماسی و ئابوورییەکان پێیان وایە (پوتین) هەڵەیەکی گرنگی مێژووی کرد، نەیتوانی لەم وڵاتەدا ئەوە بەدەست بهێنێت، کە دەیویست ئەنجامی بدات.


هەرچەندە ناوە ناوە (پوتین) هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمیش دەکات، چوار هەرێمی لەڕێگەی ڕیفراندۆمێکی تایبەتدا بردە ژێربالّی خۆی، بەلاّم دیسان پێ ناچێت ئەمانە گریمانەی چارەنووسێکی باش بن بۆ تاقیکردنەوەی سوپای بەهێزی ڕوسیا. ئامارژەکان لەفەشەلی هەفتەی یەکەمی هێرشەکەی ڕوسیادا دەرکەوت ڕوسیا خزێنراوەتە نێو گەمەیەکی سیاسی و سەربازیی و ئابووری سەخت و ئالّۆز دەرچوونی بێ باجێکی گەورە نابێت.

## دوو کتێبی نوێ:

## ترەمپ لەنێو کۆشکی سپیش دەترسا ئێران بیکوژێت

**(34)**

لەناوەڕاستی ئەیلولی ٢٠٢٢ هەواڵی تازەترین کتێب لەبارەی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا لەچوار ساڵی دەسەڵات لەکۆشکی سپی بڵاوبوویەوە، لە کتێبێکیاندا قسە لەسەر ئەوە کراوە چۆن (دۆلاند ترەمپ) لەدوای کوشتنی (قاسم سلێمانی و ئەبو موهەندیس) لەنێو فڕۆکەخانەی بەغدا لەڕێگەی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، ئەو کات ترسی ئەوەی لێنیشتووە ئێرانییەکان بیکوژن، لەتۆڵەی کوژرانی سەرکردەی سوپای قودسی ئێرانی.




نووسەرانی پڕفرۆشترین کتێبی The Man Who Ran Washington، کتێبێکی نوێیان لەبارەی ژیانی (ترەمپ) لەکۆشکی سپی چاپکردووە و مێژوویەکی گەورە و بەردەوامی تەواوی سەرۆکایەتی (دۆلاند ترەمپ) و دەیان چیرۆکی تایبەتی

پشت پەردە لەنێو کۆشکی سپی لەخۆدەگرێت. باس و خواس و چیرۆکەکانی نێو ئەم کتێبە شتە بێماناکان تاکو شتە جددییە کوشندەکان لەخۆ دەگرێت. (پیتەر بەیکەر) لە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) و (سوزان گلاسەر) لە ڕۆژنامەی (نیویۆرکەر) چیرۆکی ئەو چوار ساڵە دەگێڕنەوە کە سەرۆکی بەهێزترین وڵاتی دونیا لەجەنگێکدا بووە لەگەڵ واشنتن. (بەیکەر و گلاسەر) دەڵێن "ترەمپ تەنیا لەمشتومڕێکەوە بۆ مشتومڕێکی دیکە نەدەچوو، ئەو فێری ئەوە بوو چۆن زیاتر لەو کەسانە بچێت، کە پێیان سەرسام بوو، بەڵام ئەوان کەسانێکی خۆسەپێنی بیانی بوون. ناوی کتێبەکە «The Divider: Trump in the White House 2017 - 2021». (دیڤایدەر)ە بەواتای (دابەشکەرەکە، ترەمپ لە کۆشکی سپیدا)، ئەم کتێبە ئێمە دەهێنێتە ناو ئۆفیسی هێلکەیی بۆ دیمەنی بێشوماری هەم گرژ و هەم کۆمیدی، کە پەیوەندییان بەخودی سەرۆکەوە هەیە. کتێبەکە ئاشکرای دەکات لەم ماوەیەدا خودی سەرۆک چەندە لەشەڕی ئەتۆمی لەگەڵ کۆریای باکوور نزیک بوویتەوە. ئایا (ترەمپ) داوای لەسەرۆک وەزیرانی ژاپۆن کردووە بۆ ئەوەی کاندیدی بکات بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ و زۆر شتی دیکەش، کە لەکردەوەدا کەسایەتی و هەڵسوکەوت و شێوازی بیرکردنەوە و خۆویستی ئەم سەرکردە گەورەیە ئەو شتانەی لێ دەوەشێتەوە، هەروەها کتێبەکە بەدواداچوون بۆ ئەو هەڵبژاردە ئەخلاقییانەش دەکات، کە ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبنەوە، کە لەدەوروبەری (ترەمپ)دان و چۆن پاساویان بۆ کارکردن بۆ پیاوێک هێناوەتەوە، کە بە ناشایستەیان دەزانی بۆ پۆستێکی

گرنگ و لەتەک ئەوەشدا لەکوێ و چۆن هێڵەکانیان کێشاوە. ئەم کتێبە (دیڤایدەر) لەسەر بنەمای دەستڕاگەیشتن بە یاریزانە سەرەکییەکان نووسراوە، کە خودی سەرۆک (ترامپ) دەگرێتەوە تاکو ئەفسەرەکانی کابینەکەی و ژەنەڕاڵە سەربازییەکان و ڕاوێژکارە نزیکەکانی خودی ئەم سەرۆکە و ئەندامەکانی بنەماڵەی خودی سەرۆک و سەرکردەکانی کۆنگرێس و بەرپرسانی بیانی و ئەوانی دیکەش، کە هەندێکیان تاکو ئێستاش هەرگیز چیرۆکی خۆیان نەگێڕاوەتەوە.

نووسەرەکان کێن؟


(پیتەر بەیکەر) سەرۆکی پەیامنێرانی کۆشکی سپییە و لە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) کار دەکات، شرۆڤەکاری سیاسییە لە کەناڵی (ئێم ئێس ئێن بی سی) کار دەکات و نووسەری کتێبی ڕۆژانی ئاگر و پێشێلکارییە. (سوزان گلاسێر) نووسەری ستافی ڕۆژنامەی (نیویۆرکەر)ە و نووسەری هەفتانەی "نامە لە واشنتۆنی ترەمپەوە"یە، هەروەها شرۆڤەکاری کاروباری جیهانییە لە کەناڵی (سی ئێن ئێن). یەکەم ئەرکیان وەکو ژن و مێردێک، سەرۆکی نووسینگەی مۆسکۆ بۆ ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) بووە، دواتر بوونەتە خاوەنی ئەو نووسیویانەی بەناوی کرێملین ڕایزنگ بڵاوبۆتەوە. بەهاوبەشی کتێبی The Man Who Ran Washington نووسیوە، کە یەکێکە لە پڕفرۆشترین کتێبەکانی (نیویۆرک تایمز)ە. ئەوان کوڕێکیان هەیە و لە واشنتن دی سی دەژین.

بەشێوەیەکی دیکە (پیتەر بەیکەر) نووسەری سیاسی ئەمەریکی و پەیامنێری ڕۆژنامەیە، کە ئێستا پەیامنێری کۆشکی سپییە بۆ ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) و نووسەری بەشداربووە بۆ گۆڤاری (نیویۆرک تایمز). ئەو بەرپرس بووە لەڕووماڵکردنی بابەت و هەواڵەکانی سەرۆک (ئۆباما) و ئیدارەکەی. پێش ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٨ پەیوەندی بە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ەوە بکات، (بەیکەر) بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ پەیامنێر بووە لە ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)، هەروەها لەسەردەمی سەرۆکایەتی (بیل کلنتۆن و جۆرج بۆش)دا ڕووماڵی هەواڵەکانی کۆشکی سپی کردووە. (بەیکەر) یەکێکە لە هاوبەشە سەرەکییەکانی نووسینەوەی چیرۆکی ڕاستەقینەی ئابڕووچوونەکانی (مۆنیکا لوینسکی) لەسەردەمی سەرۆکایەتی (کلنتن) و وەک نووسەری سەرەکی ڕۆژنامەکە لەکاتی ململانێ و جەنگی لێپێچینەوەکەدا کاری کردووە. لەخولی دووەمی سەرۆکایەتی (بوش)دا (بەیکەر) شەڕی عێراق و زریانی کاترینا و شەڕەکانی کاندیدکردنی دادگای باڵای ڕووماڵ کردووە. (بەیکەر) نووسەری هەندێک لە کتێبە پڕفرۆشەکانی( نیۆیۆرک تایمز)ە لەوانە: پێشێلکاری: لەناو لێپێچینەوە و دادگاییکردنی (ویلیام جێفرسۆن و کلنتن)، سەرهەڵدانی کرێملین: ڕوسیای (ڤلادیمێر پوتین) و کۆتایی شۆڕش. ڕۆژانی ئاگر: بوش و چینی لە کۆشکی سپی.

ئەم نووسەر و ڕۆژنامەنووسە خەڵاتی جیراڵد ئارِ فۆردی بۆ ڕووماڵکردنی باڵای سەرۆکایەتی بەدەستهێناوە بەهۆی ڕاپۆرتەکانی لەسەر (بوش). (بەیکەر) پانێڵستێکی بەردەوامە

لەهەفتەی واشنتنی کەناڵی PBS و میوانی بەردەوامە لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆییەکانی دیکەدا.
(سوزان بی گلاسێر) ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری هەواڵی ئەمریکییە، لە ١٤ی جێنیوەری ١٩٦٩ لەدایکبووە. ئەو ستوونی ئۆنلاین "نامە لە واشنتۆنی بایدن" لە گۆڤاری (نیویۆرکەر) دەنووسێت و دەستەی نووسەرانیەتی. لەماوەی خوولی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٦دا وەک سەرنووسەری گۆڤاری (پۆلیتیکۆ) کاری کردووە، سەرنووسەر و دامەزرێنەری گۆڤاری (پۆلیتیکۆ) بووە، هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری سیاسەتی دەرەوە بووە، کە لەماوەی بەڕێوەبردن و کارەکەیدا سێ خەڵاتی گۆڤاری نیشتمانیی بەدەستهێناوە. (گلاسێر) پێش ئەوەی پەیوەندی بە گۆڤاری سیاسەتی دەرەوە بکات، دە ساڵ لەڕۆژنامەی (واشنتن پۆست) کاری کردووە و لەوێ سەرنووسەری ڕۆژنامەی (پۆستی سەندەی ئاوتلۆک) و بەشەکانی هەواڵی نیشتمانی بووە، یارمەتدەر و هاوکاری سەرپەرشتیکردنی ڕووماڵکردنی لێپێچینەوەکانی (بیل کلنتن)ی داوە، سەرباری ڕووماڵکردنی شەڕەکانی عێراق و ئەفغانستان، وەکو هاوسەرۆکی بیرۆکەی مۆسکۆ کاری کردووە. ئەو نووسەرە لەگەڵ هاوسەرەکەی (پیتەر بەیکەر) کتێبی سەرهەڵدانی کرێملین: ڕوسیای ڤلادیمێر پوتین و کۆتایی شۆڕش (٢٠٠٥)یان نووسیوە و ئەو پیاوەی کە واشنتنی ڕاکرد: ژیان و کاتەکانی (جەیمس ئەی بەیکەر)ی سێیەم (ئایار ٢٠٢٠) . لەم ماوەیەدا کتێبێکی نوێیان بەناوی (دیڤایدەر) لەبارەی دەسەڵات و ژیانی (ترەمپ) و

لێپێچینەوە و نیهێنییەکانی ماوەی دەسەڵاتی ئەم سەرۆکەی ئەمەریکا نووسیوە.




(ماگی هابەرمان) کە پەیامنێری (نیۆریۆرک تایمز)ە کتێبێکی نوێی لەبارەی (ترەمپ) و شێوەی ژیان و حەزەکانی و شێوازی کارکردنی بەناوی Confidence Man: The Making of Donald Trump and The Breaking of America (پیاوی متمانە) بڵاوکردۆتەوە. ئەو نووسەرە دەڵێت هێندەی نەمابوو (ترەمپ) (ئیڤانکا)ی کچی و (گارید کوشنەر)ی زاوای لە کۆشکی سپی دەربکات، کە هەردووکیان دوو گەورە ڕاوێژکاری بوون، بەڵام (جۆن کیلی) سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپا توانی ئەم هەڵوێستەی (ترەمپ) بگۆڕێت و ساردی بکاتەوە و پێی گوتبوو لەجیاتی ئەوەی لەڕێگەی تویتێک لە تویتەر بڕیاری لادانیان و لەکارخستنیان بدات، پێویستە ڕووبەڕوو قسەیان لەگەڵ بکات. لەئامازە بەقسەکانی ئەو کاتی (سی ئێن ئێن) داوای کردووە

ڕاستەوخۆ لەمبارەوە لەگەڵ (ترەمپ) قسە بکات. ئەو نووسەرە دەڵێت "ترەمپ توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەم جۆرەی نەبوو، بۆیە زۆر کاری دیکەی لەم بوارە لەڕێگەی خۆدزینەوە چارە دەکرد". بۆیەشە لەئاکامدا کچەکەی و زاواکەی لە کۆشکی سپی دەمێننەوە. لەهەمان کاتدا (ترەمپ) زۆر شتی لەبارەی (کۆشنەر) دەگوت و بەجۆرێک لەگاڵتەکردن و لاقرتی باسی دەکرد. لەم کتێبەدا لەوەسفی (ترەمپ)دا گوتراوە"ترەمپ وەکو منداڵ وابوو". (هابەرمان) باسی ئاژاوەکانی نێو کۆشکی سپی لەسەردەمی دەسەڵاتی سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا دەکات. لەهەمان کاتدا کتێبە نوێیەکەی (هابەرمان) ئاماژە بەو زانیارییانە دەکات، کە چۆن (ترەمپ) لەحەفتاکان و هەشتاکاندا لەکەسێکی بواری جیهانی خانووبەرە کڕین و فرۆشتن و سیاسەت و ڕیکلام بەم شێوەیە بەرز دەبێتەوە و دەگاتە ئەم پلەیە لەسەرۆکایەتی ئەمەریکا خۆی ببینێتەوە. ئەم ئافرەتە نووسەر و ڕۆژنامەنووسە، کە شرۆڤەکارێکی سیاسیشە لە (سی ئێن ئێن) لەکتێبە تازەکەی نووسیویەتی "بۆ ئەوەی خەڵک بەتەواوی لە (دۆلاند ترەمپ) بگەن، یاخود لەسەرۆکایەتی و دوارۆژی سیاسی ئەو بگەن، پێویستە پێش هەموو شتێک ئەوە بزانن ئەم پیاوە لە کوێ هاتووە". بەپێی زانیارییەکانی کەناڵی (سی ئێن ئێن) ئەم کتێبە پڕە لەنموونە دروست، کە پەیوەندییان بەمێژووەوە هەیە و لەم کتێبەدا ئاماژە بەوە دەکرێت چۆن "ترەمپ ئارەزووی خۆ دەرخستنی لا دروستبووە، جەخت لەسەر مەسەلەی نەژادیی کراوتەوە، چۆن مەیلی بەلای کەسانی بەهێزدا چووە و ئامادە بووە بیروباوەڕی خۆی لەهەر چرکەیدا بگۆڕێت بۆ ئەوەی خۆی

لەگەڵ شتەکان بگونجێنێت". لەتەک ئەوەشدا (هابەرمان) لەم کتێبە نوێیەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە هەندێک جار کاغەزی گرنگی سەرۆکایەتیان لەئاوەدەستەکان دۆزیوەتە؛ کە لەنێو براون، ئەمەشی بەپشت بەستن بەزانیارییەکانی ئەو کەسانە بڵاوکرۆدتەوە، کە لەکۆشکی سپی بوون لەنێو ئیدارەی (ترەمپ)دا کاریان کردووە. ئەمەشی بە پێشێلکردن وەسفکردووە و بەلەناوبردنی تۆمار و ئەوراقە سەرەکییەکانی نێو کۆشکیشی داناوە. ئەم کتێبە باسی ئەوە دەکات چۆن (ترەمپ) ترسابوو بە کۆرۆرنا بمرێت و لەبەر ئەوە بڕیاری دابوو (تۆنی یۆرناتۆ)ی جێگری سەرۆکی ئەرکانی ئەوکات بڕیاری پێویست بۆ درێژەدان بە حووکم بدات، ئەگەر خۆی تووشی کێشەیەک هات. لەهەمان کاتدا (ترەمپ) لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٠دا فەرمانی بە (جۆلیانی) پارێزەری کردبوو "هەموو شتێک لەپێناو کۆنترۆلکردنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان بکات". نووسەری کتێبی (پیاوی متمانە) بەم جۆرە وەسفی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا دەکات "کەسێکی ئاڵۆزە و تێکەڵە، ئەو خاوەنی سیحرە و ڕێکوپێک و قۆزە و حەز لەجوانپۆشی دەکات و هاوسۆزە لەگەڵ خەڵکی دیکە، لەهەمان کاتدا (ترەمپ)ێکی خراپ هەیە، ئارەزووی پارەی زۆرە و حەز بە خۆفەرزکردن و دەسەڵات دەکات، خودی خۆی دەخاتە پێش هەموو شتێک" و دەڵێت (ترەمپ) نوکتە بازێکی خۆشیشە گاڵتەی زۆر دەکات لەوانە گوتیەتی (دادوەری پێشووی دادگای باڵا (ڕۆس بادر گینسبرگ) دەبێت چەند ساڵی دیکە بژیت، گوتیەتی حەز ناکەم لەو ئاودەستە دانیشم کە (باراک ئۆباما) لەکۆشکی سپیدا

بەکاریهێناوە. ئاماژە بەوە دەکات بەهێزترین پیاوی سەر ڕووی زەوی هەمیشە وەکو منداڵێک هەڵسوکەوتی دەکرد و بەشتی بێ ماناوە خەریک بووە و هەمیشە مژولی شتە پەراوێزەکان بووە، لەکاتی درێژەدان و درێژکردنەوەی بابەتاکان و باسکردنی شتەکان بەوردی و درێژییەوە ئارامی لەدەست دەدات و ئامۆژگاریشی ڕەتکردۆتەوە.

(ترەمپ) لەسۆشیال میدیای (تروس سۆشیال) هێرشی کردۆتە سەر ئەم کتێبە نوێیە و گوتیەتی ئەم کتێبە ژمارەیەک چیرۆکی دوستکراوی بێ پێداچوونەی تێدایە.

ئەمە بەشێکە لەژیانی سیاسی و هەروەها ئەو بنەما سەرەکی و گرنگانەی دیموکراسی لە ئەمەریکا لەسەر ڕۆنراوە و کاری پێ دەکرێت. قسەکردن لەسەر لایەنە نهێنییەکانی سەرۆکی ئەمەریکا بەکارێکی ئاسایی دەزانن، لەهەمان کاتدا یاسا ڕێگە نادات سوکایەتی بەکەسەکان بکرێت و زانیاریی نادروست و شێوێندراو بڵاوبکرێتەوە. لەهەمان کاتدا پانتاییەکی ئێجگار فراوان بۆ نووسین و بڵاوکردنەوەی زانیاریی و شیکردنەوە و لێکدانەوەی ڕووداوەکان و قسەکردن لەسەر ئەرک و فکر و کەسایەتی و شێوازی کارکردنی کەسایەتییە گرنگ و سەرەکی و دیارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیە.

بەشێوەیەکی دیکە هابەرمان کێیە؟

(ماگی لیندسی هابەرمان Maggie Lindsy Haberman ) ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکییە، لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ لەدایکبووە، پەیامنێری کۆشکی سپییە لەڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)، هەروەها شرۆڤەکاری سیاسییە لەکەناڵی (سی ئێن ئێن).

پێشتر وەک پەیامنێری سیاسی لەڕۆژنامەکانی (نیویۆرک پۆست) و (نیویۆرک دەیلی نیوز) و (پۆلیتیکۆ) کاری کردووە. ئەو بۆ ئەو بڵاوکراوانە لەبارەی (دۆناڵد ترەمپ)ەوە نووسیویەتی و لەڕووماڵکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن و سەرۆکایەتی و پۆستی سەرۆکایەتی لە ڕۆژنامەی (تایمز) بابەتی بڵاوکردۆتەوە و بەمەش ناوبانگی دەرکردووە. لەساڵی ٢٠٢٢ ئەم کتێبە نوێیەی لەبارەی (ترەمپ)ەوە نووسیووە و بەیەکێک لە پڕفرۆشەکان دادەنرێت.

ئامانجم لەم پێناسە کورتە ئەوەیە ڕۆژنامەنووس چۆن دەگاتە ئەو پلە و نێوبانگەی لەپێناویدا دەجەنگێت، چۆن و بە چ ڕێگە و شێواز و هۆکارێکەوە کتێب دەنووسێت و لەنووسینی کتێبەکانیاندا، کە کاریگەریی لەسەر ڕای گشتی و خوێنەر و دەسەڵاتی سیاسی و ڕەوشی کۆمەڵگە دروست دەکات، پشت بە چ دەبەستێت و زانیارییەکانی چۆن کۆ دەکاتەوە و بەچ شێوازێک دەنووسێت و دەئاخڤێت و چ جۆرە زانیارییەک بەکاردەهێنێت.

ئەو نووسەرانەی لەماوەی کاری ڕۆژنامەنووسیاندا بیر لەنووسینەوەی کتێب دەکەنەوە، بەشێوەیەکی گشتی لەنزیکەوە لەگەڵ ئەو کەسە بەرپرسانە ژیاون و لایەنە نهێنی و ئاشکراکانی ژیانی ئەوان دەزانن، لەپێناسەی بێزارکەر و پیاهەڵدان و شتی کەسی دوور دەکەونەوە و لەمەزاج و کاردانەوەی خودی خۆیان دەپارێزن و خۆیان لەهەموو ئەو نەستە خراپانە دادەبڕن، کە تووشی هەڵە و تێڕوانینی کورتبینانەیان دەکات.

نووسەرانی کتێبە نوێیەکان بەناوی (دابەشکەرەکە: ترەمپ لەکۆشکی سپی) و (پیاوی متمانە) خۆیان لەنزیکەوە، زۆر نزیک لەنێو هەموو ئەو ڕووداوانە ژیاون و بەشداریان لەگەیاندن و بڵاوکردنەوە و شرۆڤەکردنی هەواڵ و زانیارییەکانی ئەو سەردەمەی باسی دەکەن، کردووە. لەکتێبەکەیاندا باسی وردەکاری شتەکان دەکەن. لەگەڵ خودی سەرۆک ژیاون، لەگەڵ بەرپرسە گەورەکانی نێو ئیدارەی (ترەمپ) ژیاون و قسەیان لەگەڵیان کردووە و زانیارییەکانیان پشتڕاستکردۆتەوە و لێدوانەکانیان ساخ کردۆتەوە. واتە ئەو کتێبانەی نووسیوویانە لەنێو هەناوی ڕووداوە هەقیقییەکاندا دەستی پێکردووە و پەیوەندیی بەشتە ڕاستەقینەکان و چۆنیەتی بیرکردنەوەی سەرۆکەوە هەیە.
لێرەدا کتێب پرۆژە و پرۆسەیەکی پیشەسازیانەی بەرهەمهێنە، بەرهەم لەپێناو فرۆشتن و دەستخستنی زۆرترین داهات، لەهەمان کاتدا پیشەسازییە بۆ دروستکردنی ڕای گشتی و جووڵاندنی ئاراستە سیاسییە جیاوازییەکان. ئەویش لەڕێگەی پشت بەستن بە هەقیقەت و ڕاستی گێڕانەوە و شێوازی کارتێکەرانەی کاریگەر.

# (بایدن) خەرجی هەر دەقیقەیەکی لەدەنگداندا 2600 دۆلار بووە

## (35)

لە ١٥ی ئەیلولی ٢٠٢٢دا هەواڵی ئەوەی بڵاوبۆوە کە سەرۆکی ئێستای ئەمەریکا (جۆ بایدن) لەدەنگدانی پێشوەختەدا بەشدار بووە، تاکو ئێرە ئاساییە و ئەویش وەکو هەر هاووڵاتییەک مافی بەشداربوونی لەدەنگدان هەیە. ئەمە هەواڵە سەرەکییەکە نییە، بەڵکو هەواڵە سەرەکییەکە ئەوەیە ڕکابەرانی (بایدن) لە پارتی کۆماریدا ئەوەیان خستۆتە بەردەم ڕاگەیاندنەکان و دەپرسن بۆچی سەرۆک لەکاتێکدا پێش چەند ڕۆژێک بەر لەدەنگدان لە (دلێوەری) بووە و دەنگی نەداوە، کەچی دوای چەند ڕۆژێک لەپێناو دەنگدانی پێشوەختە بەفڕۆکەی تایبەتی سەرۆکایەتی کۆمار و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری پاسەوان و بەکارهێنانی

پۆلیسی نێوەخۆیی گەڕاوەتەوە ویلایەتەکەی خۆی و لەوێ دەنگی داوە، لەکاتێکدا ئەو دەیتوانی لەشوێنی دیکەشدا دەنگ بدات.



سەرۆک سەبارەت بە گەشتەکەی بۆ شوێنی ژیانی لە شاری (ویلنگتۆن) لە ویلایەتی (دیلاویر) لەپێناو دەنگدانی پێشوەختەی ویلایەتەکان سەردانی ئەم شوێنەی کردووە. ئەمە لەڕۆژی سێشمە ١٣ ئەیلول بوو، ئەو لەم گەشتەیدا فڕۆکەی بەکارهێناوە.

هەرچەندە کۆشکی سپی ڕوونکردنەوەی داوە سەبارەت بەم گەشتە، بەڵام گەشتەکەی پرسیارگەلێکی لەگەڵ خۆی هێناوە، و دەپرسن بۆچی ئەو کاتێک دەچێت دەنگی تایبەتی خۆی، وەکو کارێکی خودی ڕادەپەڕێنێت، فڕۆکەی سەرۆکایەتی و ئەم هەموو

خەرجییە زۆرە بەکاردەهێنێت و کۆمارییەکان بەوە تۆمەتباری دەکەن کە "پارەو پولی گشتی بەفیڕۆ دەدات". لەکاتێکدا ئەو دەیتوانی لەڕێگەی دەنگدانی ئەلەکترۆنی دەنگ بدات، ڕۆژنامەنووسان دەیانووسیت هۆکاری گەشتەکەی بەم شێوەیە بکەنە هەواڵ و زانیاری لەبارەوە بڵاوبکەنەوە، بەڵام نە کۆشکی سپی و نە (جۆ بایدن) هیچ وەڵامێکی ڕۆژنامەنووسانیان لەمبارەیەوە نەدایەوە. وەکو گوتمان گەشتەکە هەواڵ نییە، بەڵکو هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم شوێنە و شێوازی سەردانەکەی بەم شێوەیە لای ڕۆژنامەنووسان بۆتە هەواڵ.





https://www.washingtontimes.com/cartoons/tooning-/sleepy-joe-biden/bidens-secret-service

کۆمارییەکان ئەم دەرفەتە بۆ وروژاندنی ڕەخنە لەدەست نادەن و دەڵێن هیچ پێویست نەبوو سەرۆک لەم کاتەدا ئەم گەشتە ئەنجام بدات و لەسەر حیسابی باجەکانی خەڵک ئەم جۆرە سەردانە ئەنجام بدات، بەپێی زانیارییەکانی نێو میدیای ئەمەریکی و ڕۆژنامە جیهانییەکان گەشتەکە بریتیی بووە لەدوو گەشتی سەربازی و دوو ڕێوڕەسمی ئۆتۆمبێلی سەرۆکایەتی بۆ دابینکردنی ئاسایشی سەرۆک، لەکاتێکدا هەفتەی پێشوو (بایدن) بۆ بەسەربردنی پشووی هەفتانە، کۆتایی هەفتەی پێشوو لە ویلایەتی دیلاوێری بووە، هەر وەها دەیتوانی لەڕێگەی دەنگدانی ئەلەکترۆنی دەنگ بدات، یان لەو پێنج شوێنە کراوەیە دەنگ بدات، کە لەمانگی ئابەوە بۆ دەنگدانی پێشوەختە دیاریی کراون و بەردەوامیش کراوەن بۆ پێشوازیکردن لە دەنگدەران.

ئەم گەشتەی سەرۆک (بایدن)، کە فڕۆکەی سەرۆکایەتی و دوو ڕەتل لە ئۆتۆمبێل و دەیان کەس لە پۆلیسی ناوەخۆیی تێدا بەکارهێنراوە، ماوەی گەشتەکەش بەهاتن و چوون تەنیا نیو کاتژمێر بووە. ئەو فڕۆکەی سەربازی (بیونگ ٧٤٧)ی بەکارهێناوە، هەندێک لە کۆمارییەکان خەرجی ئەم گەشتەیان بە ١٠٠ هەزار دۆلار بۆ هەر سەعاتێک خەملاندووە، گوتویانە ئەم گەشتە پێچەوانەی ئەو بانگەشانەیە، کە کۆشکی سپی بڵاوی دەکاتەوە سەبارەت بەهەڵاوسان و پارێزگاریی لەخاوێنی ژینگە و چۆنیەتی ڕێگەگرتن لەبڵاوبوونەوەی ژەهر لە هەوا و ژینگەدا. لەمەش وردتر دەڵێن هەر دەقیقەیەکی گەشتەکەی سەرۆک (بایدن) ٢٦٠٠ دۆلاری تێچووە.

نەک هەر ئەوە ڕەخنەگران دەڵێن (بایدن) زۆربەی کاتی پشووەکانی لە ویلایەتی دێلاویری و ٤٠٪ی کاتی فەرمی سەرۆکایەتی لەپشوو بەسەر دەبات.

ڕۆڵی ڕاگەیاندن ورووژاندنی بابەتە جدییەکانە، بڵاوکردنەوەی زانیاریی نوێ و ڕەخنە و نارەزایەتیی لایەنە ڕکابەرەکانە، بێ ئەوەی سنووری مەسەلە خودی و کەسییەکان ببەزێنرێت. بەپێی زانیاریی نێو ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا لەژێر فشاری ڕۆژنامەکان گوتەبێژی کۆشکی سپی (کارین جان بییر) ناچار بوو لەڕۆژی چوارشەممە ١٤ ئەیلوولی ٢٠٢٢ ڕوونکردنەوەیەک پێشکەش بکات و بڵێت " لای باشتر بوو خۆی ڕاستەوخۆ لەوێ دەنگ بدات، لای گرنگە ئەو مافە دەستورییەی خۆی جێبەجێ بکات و لەم گەشتەشیدا هەر لەوێ لەنزیکەوە قسەی لەگەڵ کارمەندان و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدانەکە کردووە، وەکو پێشەنگێکی هاندەریش بۆ بەشداری دەنگدان ئەم گەشتەی کردووە".




https://pressofatlanticcity.com/opinion/letters/voice-of-

گوتیشی: "سەرۆکەکانی دیکەش بۆ دەنگدان سەردانی ویلایەتەکانی خۆیان کردووە و ئەمەش کارێکی ئاساییە، هیچ شتێکی ناسروشتیش لەم گەشتەی (بایدن)دا نییە، ئەم دەنگدانەی سەرۆک نامەیەکی بەهێزە بۆ ڕای گشتی".

بەم جۆە هەواڵی دەنگدانی سەرۆکی ئەمەریکا دەکرێتە هەواڵ و بەدواداچوونی بۆ دەکرێت، لەکاتێکدا خودی دەنگدانەکە هەواڵ نییە، بەڵکو شێوازی گەشتەکەی و ئەو بڕە پارەیەی لەم گەشتەدا خەرجی دەکات و ئەو فڕۆکەیەی بەکاریهێناوە و لەگەڵ دوو ڕەتل لە ئۆتۆمبێل و بەکارهێنانی سەدان پۆلیس بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی لەکاتی سەردانەکەی سەرۆکدا بۆتە جێگەی بایەخی ڕۆژنامەکان. واتە گرنگی هەواڵ لەو خاڵە

دەست پێ دەکات چەندە زانیاریی نوێ، بابەتی نوێ و تازە و جددی پێشکەش بەخوێنەران دەکات. لەڕوونکردنەوەکەی کۆشکی سپیشدا جەخت لەسەر (سروشتی بوونی گەشتەکە و نەبوونی هیچ شتێکی ناسروشتی و نا یاسایی و نەریتی ئاسایی شێوەی دەنگدانی سەرۆکەکانی دیکە و ئینجا گرینگی دان بە کارمەندانی سەرپەرشتیاری پرۆسەی دەنگدانەکە و ڕای گشتی و دەرکەوتنی سەرۆک لەکاتی دەنگدان بۆ هاندانی دەنگدەر ئاماژە پێ دەکرێت بۆ ئەوەی پتر بەشداری لەپرۆسەکە بکەن.

ئەم هەموو شتە، لەتەک ناکۆکی لەنێوان دیموکرات و کۆمارییەکان لەنێو هەواڵێکی کورتی چەند دێڕیدا بەرجەستە کراوە، کە خوێنەر و گوێگر دەتوانێت لەزۆر بواردا شیکاری ئەم جۆرە هەواڵ و زانیاریانە بکات. گرنگتر لەهەموو شتێک ئەوەیە دیموکراسیەت پشت بە یاسا و ئەتەکێت و تەکنیک و شێوازی باوی گونجاوی دوور لەهەڕەشە و سوکایەتی و ناوزڕاندن دەبات. پێشمان دەڵێت دیموکراسیەت بە زمانی داتا و زانیاریی ورد و دوور لەشێواندن دەدوێت، بۆیە پێمان دەڵێت لەم گەشتەیدا (بایدن) نزیکەی سەد هەزار دۆلاری خەرج کردووە و لەهەر دەقیقەیەکدا نزیکەی ٢٦٠٠ دۆلاری خەرجی بووە. لەکاتێکدا بانگەشەی (پاراستنی ژینگە) دەکات و (باجی خەڵک) بۆ ئەم جۆرە گەشتانە بەکاردەهێنێت.

# کێشەی بایدن تەمەن نییە، بەڵکو..!!

## (36)


لە ڕۆژی ١٦ی ئەیلولی ٢٠٢٢ دا (گیربرت ستوب) لە رۆژنامەی (واشنتن تایمز)دا وتارێکی لەبارەی توانا و لێهاتوویی و کێشەی تەمەن و گرفتە جەستەیی و هەڵە زمانەوانییەکانی سەرۆکی ئێستای ئەمەریکا بڵاوکردۆتەوە. ئەم ڕۆژنامەنووسە ئەمەریکییە لەڕوانگەی ڕەخنەگرتن لە (بایدن) و تواناکانی ئەم سەرکردەیە لەبەڕێوەبردن و قسەکردن و لێدوان و وزەی کارکردن بۆچوونەکانی بڵاوکردۆتەوە. ئەوەی لای من جێگەی لەسەر وەستانە ئەمەریکییەکان وتارەکەیان بەئاسایی وەرگرتووە، چونکە دیموکراتی و ئازادی ڕۆژنامەگەریی وەکو نەریتێکی پتەوی نێو ئەمەریکا وایە، کەچی ڕاگەیاندنەکانی ڕوسیا ئەم بابەتەیان بۆ مەبەستێکی قووڵتر و وەکو فیکەی مەبەستدار قۆزتۆتەوە و مەبەستێکی جیایان لەمەبەستی خودی نووسەرە ئەمەریکییەکە بەکارهێناوە و پێیان وایە ڕەخنەگرتن لە (بایدن) بەواتای بێ دەسەڵاتی و خراپی ئیدارەی ئەم سەرۆکەی ئەمەریکا دێت.




https://behindthelines.moadoph.gov.au/cartoonists/mark-knight

(بایدن) لەمانگی نۆڤێمبەر (تشرینی دووەم)دا یادی هەشتا ساڵەی لەدایکبوونی دەکاتەوە، ئەو ڕەخنەی زۆری بەهۆی بەتەمەن داکەوتنی لێ دەگیرێت، لەکاتێکدا، وەکو نووسەرەکە دەڵێت "کێشەی سەرەکی سەرۆکایەتی ئەو، پێچەوانەی سیاسەتەکانییەتی". ئەگەر جارێکی دیکە (بایدن) بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژێردرێتەوە ئەوە تەمەنی دەبێتە ٨٦ ساڵ، ئەمەش بۆتە جێگەی نیگەرانی لای دیموکراتەکان و کۆمارییەکان. نوێنەرێکی دیموکراتەکان لە کۆنگرێس بەناوی (دین فیلبس) گوتیەتی سێیەکی سیاسییەکانی وڵات تەمەنیان لەسەرووی ٨٠ ساڵییەوەیە، لەهەمان کاتدا (ئینجی کریگ)ی

دیموکراتیش گوتیەتی "پێویستە نەوەیەکی نوێ لەسەرکردە دروست بکرێت".




https://www.reviewjournal.com/opinion/drawing-board/cartoons-what-democrats-really-think-about-/biden-2024-2743066

هەرچەندە (د. ڕۆبەرت باتلەر)ی خاوەنی خەڵاتی (بۆلیستەر) پێی وایە (سەرکردە بەتەمەنەکان زۆرجار بەشێوازی خۆیان وڵات لەقەیرانەکان دەرباز دەکەن. لەهەمان کاتدا ڕۆژنامەنووس (ستوب) پێی وایە ئەو کێشانەی هەن ئەو کۆسپانەی هەمیشە لەبەردەم کارەکانی (بایدن) دەردەکەون، پەیوەندییان بەتەمەنی ئەم سەرۆکەوە نییە، بەڵکو پێویستە سەرۆکی ئێستای ئەمەریکا بەرپرسیاریەتی ئەو کارەساتانە لەستۆ بگرێت، کە بەرهەمی سیاسەتی ئەون لەبوای وزە و ئابووری و باج و ژینگە و

کۆچەوە لەم ماوەیە بەڕوونی بەدیار کەوتووە و جێگەی ڕەخنەلێگرتنن. سەرباری ئەوەی کار دەکات یاسای هەڵبژاردن لە ئەمەریکا بگۆڕێت بۆ ئەوەی دەرفەتی پتر لەبەردەم گزی و فزی دروست بکات.

ئەم نووسەرە دەڵێت "کێشەی بایدن تەمەن نییە، تاکو ببێتەوە سەرۆک" بەڵکو دەبێت لەهەڵبژاردنی داهاتوو بدۆڕێت، چونکە وەکو پێویست توانای سەرۆکایەتی نییە، سیاسەتی ناوەخۆی فاشیلە و لەهەڵوێستی دەرەکی فاشیلە، بۆیە ئەو وا وەسفی سیاسەتی (بایدن)ی کردووە کە "ئەمەریکا پاش هەموو شتێکە".

ئەمە دەربڕین و بۆچوونێکی ئاساییە لەنێو ڕاگەیاندنی ئەمەریکا و چۆنیەتی وەسفکردنی سیاسەت و پێگە و کەسایەتی سەرۆک و ئەو ململانێیەی بەردەوام لەنێوان دیموکرات و کۆمارییەکان لەپێناو گۆڕانکاری لەدەسەڵات و شێوازی بەڕێوەبردن و سیاسەت لەئارا دایە. ئەوەی سەیرە و جێگەی سەرنجە ئەو بایەخە زۆرەی ڕاگەیاندنی ڕوسیایە بەم وتارە و بەکارهێنانیەتی وەکو ئەوەی نارەزایەتییەکی ئێجگار گەورە و کاریگەر لەنێو ئەم وتارە هەبێت و ئەمەریکا لەبەر (خۆسەپاندن و تاکرەوی بایدن) بووبێتە دۆزەخێکی ترسناک و ئەم وڵاتە بەرەو وێرانە هەنگاو بنێت.

بۆچوونەکانی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن لە ئەمەریکا شتی لەمە توندتر و قوڵتریان تێدا بڵاو دەکرێتەوە، بڵاوکردنەوەکانیش پەیوەندییان بەیاسای ڕادەربڕین و ململانێی ئازادی سیاسی و دروستکردنی ڕای گشتییەوە هەیە، نەک ئەو مەبەست و

وێناکردنەوەی ڕاگەیاندنەکانی ڕوسیا دەیانەوێت دروستی بکەن. لێکدانەوە و بەکارهێنانەوەی گوتاری وتارەکەی (ستوب) لەلایەن ڕاگەیاندنی ڕوسیاوە پەیوەندی بەنەبوونی ئازادی سیاسی و ڕا دەربڕین لە ڕوسیا هەیە، نەک گوتنی هەقیقەتێک، کە شتێکی شاراوە و کاریگەر و نەگوتراوی نێو ئەمەریکا بێت.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەم ڕەخنەگرتن و نوکتە و پلار لە ئەمەریکا دژی سەرۆکی وڵات شتێکی سروشتی و ئاساییە، ڕاگەیاندنەکان هەمیشە بەدوای هەڵە و لادان و ڕیسوابوونەکانی باڵادەستانی ئەم وڵاتە دەگەڕێن، بەڵام لە ڕوسیادا ئەم زەمینە و توانا و دەرفەتە لەئارادا نییە، تاکو بتوانن بەم ئاشکراییە نووسەران و ڕۆژنامەنووسان دژی سەرۆکی وڵاتەکەیان بنووسن و ڕای خۆیان بەئازادانە دەربڕن، بۆیە بەگامێش کردنی مێش کارێکی ئاساییە لە ڕوسیا، بەڵام لە ئەمەریکا مێش مێشە و گامێشیش گامێشە.

# ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا

# و


# پەیداکردنەوەی جەماوەر

# (37)

ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنووسیی وردم لە ڕۆژنامەی (شەرق ئەلئەوسەت)ی لەندەنی بەرچاو کەوت، ئاماژە بەناکۆکی و ململانێ و کاریگەریی و پیشەی پیشەسازیی و سەرمایەداری لەنێو ڕاگەیاندنەکانی ئەمەریکا و ئاراستەیەکی نوێ بۆ خۆدابڕاندن لەکاریگەرییەکانی حزب خوێندەوە. لێرەدا بەشێکی سەرەکی و بنەڕەتی ئەم بابەتە جێگە دەکەمەوە، کە پێم وایە زانیاریی نوێ و وەسفکردن و ئەرکی ڕاگەیاندن و بیرکردنەوە لەشێوازێکی نوێی پەیوەندی نێوان حزب و ڕۆژنامە لە ئەمەریکا دەخاتە بەر دیدی خوێنەر.

ئەم ڕاپۆرتە لە ١٢ی ئەیلولی ٢٠٢٢ لە ژمارە (١٥٩٩٤) ئەم ڕۆژنامەیە بڵاوکراوەتەوە، کە لایەن (ماتیاس دویفز و ئیلی یو) لە واشنتنەوە ئامادەکراوە.


دیارنییە لەکاتێکی کەمدا کۆتایی بەداواکردنی (بێلایەن بوون) لەنێو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا بهێنرێت. بەلای کەمەوە ئەو داوای بێلایەنبوونە پەیوەندی بە ئەنجامەکانی سیاسەتی هەڵبژاردنەوە هەیە، لەچوارچێوەی ئەو جیاوازییە سیاسییەی لەم قۆناغەدا دەرکەوتووە و پەیوەستە بە دیموکراسیەتی ڕۆژئاواوە.




https://www.syracuse.com/opinion/2024/08/editorial-cartoons-for-aug-18-2024-presidential-campaign-rally-crowd-sizes-stuck-in-space.html

بەپێی بۆچوونی هەندێک لەچاودێران ئەمە دەبێتە هۆکار بۆ چاککردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر لەڕێگەی باشتربوونی دۆخی بەرهەمهێنان و قازانج. ئەم بانگەشانە هەندێک شێوەی (پاککردنەوە) لەخۆ دەگرێت. ئەم سیاسەت و ئاراستەیەش، کە بانگەشەی (پاککردنەوە و خۆساخکردنەوە) لەخۆدەگرێت، مەزەندە دەکرێت تەنیا دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی لیبرالی و چەپخوازەکان بگرێتەوە، کە بەشێوەیەکی گشتیش ئەم دوو ئاراستەیە لەسەر دیموکراتەکان حیساب دەکرێن. کەچی ئەو دامەزراوانەی سەر بەڕاستڕەوە و کۆمارییەکانن بەگشتی (سەقامگیر) دێنە بەرچاو، هەندێک کەس ئەم سەقامگیرەش بەدەستکرد و ساختە ناو دەبەن و پێیان وایە بەگشتی (ئاژاوەیەکی) گەورە ڕووبەڕووی کۆمارییەکانە.
ئەم بۆچوونە ئەو نەخشەمان نیشان دەدات، کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ئەمەریکا چۆن دابەشبوون بەسەر بەرە سیاسییەکاندا، چۆن گروپی لیبرال و ڕاستڕەو پەیوەندییەکی پتەویان بەفکر و سیاسەت و شێوازی بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆژیای حزبەکان لە ئەمەریکا هەیە. بانگەشەی هاندانی ڕاگەیاندنی بێلایەن و سەربەخۆ، ڕاگەیاندنێک کە (پاکبکرێتەوە) لەم پەیوەندییە سیاسیانەی کاریگەرییان لەسەر کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن دروستکردووە، یەکێکە لەو داواکاریانەی لەپێناو چاکسازیی کار و ئەرکی پیشەیی ڕاگەیاندن گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت. لەکردەوەشدا لەجیهانی سەرمایەداریدا ئەمە پەیوەستکراوە بەپرۆسەی (بەرهەمهێنان و قازانج). واتە ڕاگەیاندن پیشەسازییەکی گرنگی بەرهەمهێنان و قازانجە،

هەواڵ دابەش ناکرێت، بەڵکو دەفرۆشرێت، ڕاپۆرتە هەواڵ و شیکارە هەواڵ و وێنە و کەناڵەکانی تیڤی وەکو ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپکراوەکان دەفرۆشرێن و خەڵک لەڕێگەی کڕینی کێبلی تی ڤییەوە دەتوانێت لەماڵەکانیدا سەیری تەلەڤزیۆن و بەرنامەی تی ڤییەکان و کەناڵەکان بکەن. واتە مەسەلەکە بەگشتی پەیوەستە بەپرۆسەی ئابووری بەرهەمهێنانەوە لەبواری بازرگانی و پیشەسازییدا.




/https://newspapers.org/editorials-and-cartoons

جارێکی دیکە گفتوگۆیەکی نوێ لەبارەی فرۆشتن و کڕینی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمەریکا لەلایەن سەرمایەدارانی


ئەوروپاوە هاتۆتە ئاراوە. ئیمپراتۆریەتی ڕاگەیاندن (مەردۆخ) بەنێوبانگە، کە بەشێکی گرنگ و سەرەکی ڕاگەیاندنی لە ئەمەریکا و وڵاتانی دیکەش بەدەستەوەیە. سەرمایەدارە ئەوروپییەکان دەیانەوێت بەتێڕوانین و سیستەمێکی نوێتر لەبواری ڕاگەیاندن کار بکەن ئەویش بەدیهێنانی "بێلایەنی پترە، کە لەواقیعدا سەرکەوتنی پتر بەدی دەهێنێت". ملیۆنێر (ماتیاس دوبڤنەر)ی سەرۆکی گروپی (ئیکسل شبرینگەر) ی ڕاگەیاندنی ئەلمانی، لە تەموزی ٢٠٢٢دا بەبڕی یەک ملیار دۆلار پێگەی ئەلەکترۆنی ڕۆژنامەی (پولیتیکۆ)ی ئەمەریکی کڕیووە، ئەم ملیاردێرە ستراتیژ و خواست و ویستی جیهانی و نێودەوڵەتی هەیە، کە پشت بەوە دەبەستێت (دەستی حزبەکان لەکاری ڕۆژنامەنووسی دوور بخاتەوە). هەرچەندە وەکو ڕاپۆرتەکەی ئەم دوو نووسەرە ئاماژەیان پێکردووە ئەمە کارێکی ئاسان و ڕێگە بۆ تەختکراو نییە. (دۆبڤنەر) لەدەستپێکی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٠دا لەنامەیەکدا گوتبووی "نوێژ دەکەم و لەخوا دەپاڕێمەوە دۆلاند ترەمپ بباتەوە". هەرچەندە دواتر ئاشکرای کردبوو، کە ئەمەی وەکو جۆرێک لەگاڵتە لەگەڵ فەرمانبەرەکانی کردووە، بەڵام نایشارێتەوە ئەو بەئاشکرا دەیەوێت ناخی خۆی دەربڕێت و بەڕوونی قسە بکات. بێلایەنبوون، یان خۆ داپچڕاندن لەپەیوەندی حزبایەتی و کارکردن بەشێوەیەکی سەربەخۆ و دوور لەمەزاج و فشار و خواستی لایەنە سیاسییەکان یەکێکە لەو داواکاریانەی پەیوەندی بە دیموکراتەکانەوە هەیە، ئەوان داوای (بێلایەنبوون) لەکاری ڕۆژنامەنووسی دەکەن و ناویان لەم پرۆسە و پڕۆژەیە

ناوە (پاککردنەوە). ئەم داواکارییە لەواقیعی دیموکراتییەکان بۆ خۆدوورگرتنە لەخۆبەستنەوە بە حزبەکان و ڕێگەگرتنیشە لەدابەشبوونی کۆمەڵگای ئەمەریکا بۆ دوو ئاراستەی جیاواز. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە کۆمارییەکان کەمتر لە دیموکراتەکان لایەنگیری (بێلایەنی لەپیشەی ڕۆژنامەنووسی) دەکەن. بەپێی ئەو زانیاریانەی ئاماژەی پێ دەکرێت، خۆبەستنەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە حزبەکان هۆکارێکە بۆ هاندان و ڕێگەخۆشکردن بۆ دابەشبوونی کۆمەڵگای ئەمەریکی بەسەر دوو بەرە و حزب و کۆمەڵگای جیاواز، چارەسەرەکەش لەوە دەبینن (ڕۆژنامە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەرەو بێلایەنبوونی پتر) بچێت.

منیش وەکو نووسەری ئەم بابەتە پێم وایە لێرەدا پرسیارێکی فرە جددی دێتە پێشەوە، ئەگەر ئەم گومان و گریمانانە لەبارەی ئازادترین ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا هەبێت، دەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە تازە گەشەکردووەکان و دواکەوتووەکان چ جۆرە پەیوەندییەک لەنێوان ڕۆژنامە و حزبەکان و دامەزراوە فەرمییەکان هەبێت و پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و سیاسەت و دەسەڵات و حزبەکان چۆن بێت؟ بێگومان پەیوەندییەکی ئاڵۆز و گوماناوی و خۆسەپێنە، ڕاگەیاندن لەزۆر وڵاتدا ئامراز و کەرەستەیەکی بێ بەهایە بەدەست حزبەکانەوە.

ئێمە لەبەشەکانی دیکە ئەم بابەتەماندا دەربارەی دۆخ و ململانێی نێوەخۆی هەنووکەی ئەمەریکا قسەمان لەزۆر شتی دیکە کردووە، داتا و ڕووداو و لێدوان و زانیاریی وردمان لەبارەی

کێشە و ناکۆکی و دابەشبوون و فکری سیاسی و بیرکردنەوەی ئەمەریکییەکان ئاماژە پێکردووە. نوێبوونەوەی حزب و دروستبوونی نەوەی نوێ و پێداگری نەوەیەکی بەتەمەن لەنێو حزبەکاندا بۆچی بالادەستە، حزب چۆن کۆمەڵگای دابەشکردووە. ئەم پرۆژە تازەیەی (پاککردنەوە) ڕەنگە یەکێک بێت لەو ڕێگریانە هەتا لەنێو حزبی دیموکراتی ئەمەریکاشدا ببێتە ڕێگر لەبەردەم قبووڵکردن و هاندانی بیرۆکەی (بێلایەنبوون) لەکاری ڕاگەیاندن. دوای هاتنی (دۆلاند ترەمپ) بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا وەکو بازرگان و کەسێکی سەرمایەدار نەک حزبی، بیرۆکەی لەم جۆرەش لەلایەن سەرمایەدارانی دیکە لەبواری ڕاگەیاندن گفتوگۆی لەبارەیەوە دەکرێت و هەنگاوی بۆ دەنرێت.




https://www.tampabay.com/opinion/2023/12/11/editorial-/cartoons-monday-times-wire-services

(ترەمپ) وەکو سەرمایەدار لەپێناو بەرهەمهێنان و قازانج لەنێو پرۆسەی سیاسی هەڵسوکەوتی دەکرد. بۆ نموونە لەسەردانی بۆ سعودیە بەئاشکرا گوتی ئەی خەڵکی ئەمەریکا من سەدان ملیۆن دۆلارتان بۆ دەهێنمەوە نێو ئەمەریکا، من بەخۆڕایی و بێ بەرانبەر هاوکاری سەربازیی و ئەمنی پێشکەشی هیچ وڵاتێک ناکەم، دەبێت ئەوانە هەقی ئەم خزمەتگوازییەمان پێ بەخشن، کە لەهەر بوارێکدا پێشکەشیان دەکەین. واتە بیرۆکەی (بەرهەمهێنان و قازانجی سەرمایەدارانە لەبواری سیاسی) پەیڕەو دەکرد. هەندێک توێژەر پێیان وایە حزبی دیموکراتیش بۆ چارەسەری کێشە فکریی و سیاسییەکانی نەیانتوانیوە چارەسەرێکی هەقیقی بۆ ئەم دابەشبوونە بدۆزنەوە، چونکە ئەوانیش "دەرگایان بەڕووی قسەکەرە نوێیەکانیان داخستووە، چونکە تاکو ئێستا دامەزراوە کلاسیکییە باوەکە باڵادەستە. هەندێک لەم قسانە بۆچوونی ڕەخنەگرانی ئەم بوارەیە. بەپێی داتاکان هەندێک لەوتار و نووسینەکانیان هانی ئەم بێلایەنبوونە دەدەن، هەشیانە ڕەخنەی لێ دەگرێت، لەپێناوی ئەوەی ڕاگەیاندن متمانە بەم ئاراستەیە کەمتر بکاتەوە.

لەم ساڵانەی دوایدا ژمارەیەکی زۆری پەیامنێری هەواڵ و ڕاگەیاندنی ئەمەریکا لەبواری ئەلەکترۆنی و ڕادیۆ و ڕۆژنامەی نووسراو خۆیان کردۆتەوە شرۆڤەکاری سیاسی، لەم بوارەشدا لەلایەن ئیدارەی دەزگاکان و جەماوەرەوە بڕشتیان پەیداکردووە داواکاریان لەسەرە. بەپێی ڕاپۆرتەکەی ئەم ڕۆژنامەیە

لەهەمان گاڤدا ڕێژەی بینەر لەدابەزینە، ئەمەش پەیوەندی بەلەدەستدانی متمانەوە هەیە. بۆیە بەپێی ئەم ڕاپۆرتە هەواڵییە شیکارییە، کە لە واشنتن ئامادەکراوە ئاماژە بەوە کراوە "زەنگی بەدەستخستنەوەی جەماوەر لێیداوە".

کێشەیەکی دیکە لەبواری ڕاگەیاندنی ئەمەریکا وازهێنانە لەکەناڵە بەنێو بانگەکانی ڕاگەیاندنی ئەمەریکا. بۆ نموونە لە تۆڕی کەناڵی (سی ئێن ئێن)دا کۆچی بەکۆمەڵی کارمەندانی بەرچاو دەکەوێت، یان ئەوانەی لەکارەکانیان دووردەخرێنەوە. لەوانە ئەستێرە دیارەکانی بواری ڕاگەیاندن وەکو (برایان ستیلتەر) ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی (سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان) کە بەرنامەیەکی شیکاری هەواڵییە و سێ دەیەیە پێشکەشی دەکات و پەیامنێرە بەنێوبانگەکەی کۆشکی سپی (جۆن هارووود)، کە لەم دوایانە دەستی لەکارکێشایەوە. ئەم دیاردانە کاریگەری لەسەر بینەر و ڕێژەی جەماوەری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەبێت. دەبێت ئەوەش ئاماژە پێ بکەین ئەو کارمەندانەی لەم دەزگایانە کار دەکەن هەندێکیان بە ملیۆنان دۆلار داهاتی ساڵانەیان دەبێت.





https://www.chappatte.com/en/images/media-enemy

لەوەتای (کریس لیخت) لەم کەناڵە بەرپرسیاریەتی وەرگرتووە، بەوە تۆمەتبار دەکرێت، دەیەوێت ئەو کەسانە لەکارەکانیان دوور بخاتەوە، کە ڕەخنە لەسیاسەتی (دۆلاند ترەمپ) دەگرن. ئەو لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت ئەو متمانە بەهێزەی جەماوەر بگێڕێتەوە، کە ماوەیەکە لاوازبووە و لەپاشەکشەیە. ئەو دەڵێت "ئامانجم ئەوەیە وێنەیەکی جددی نوێی پتر بێلایەن لە ئایدیۆلۆژیا دروست بکەم". ئەمەش هاوتا و یەکسانە لەگەڵ بۆچوونەکانی (دێڤید زاسلاڤ)ی سەرۆکی دامەزراوەی ئێم (وورنەر برۆس) و لەلێداونێکدا ئاماژەی بەوە کردوە "بێ ترس قسەکردن لەسەر دەسەڵات. ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دۆخەی

ئێستا هەیە، گومان لەبیرکردنەوەی بەکۆمەڵ و ڕۆشنبیرکردنی بینەر و خوێنەران نییە، لەگەڵ هەقیقەتی ڕوون و ئاشکرا و شیکردنەوەی کاریگەر، هەمیشەش ئەمە لەڕێگەی ڕێزگرتن لەبیروباوەڕی جیاواز دەبێت".
بیرۆکەی (لیخت) لەهاندان و ڕاکێشانی (فرەبوون و خەڵکی جیاواز) لەکاتی بەشداریکردن لەگفتوگۆکانی (سی ئێن ئێن) کرانەوەیەکی تازەی لەبەردەم بینەر دروستکردووە سەبارەت بەڕای گشتی. ئەمەش بەواتای دەرگاکردنەوە دێت بەڕووی بەشداری پتری سیاسییەکانی کۆمارییەکان و ڕاستڕەوەکان.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتەی لەڕۆژنامەی شەرق ئەلئەوسەت بڵاوکراوەتە بەشداری (ئەوانی دیکە لە بیروبۆچوونە جیاوازەکان)، یان (ڕای جیاواز) لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کۆنەپارێز و ڕاستڕەوەکان، هەتا ئێستاش بەشدارییەکی جددی و هەقیقی نییە. بەشداری ڕکابەرانی (ترەمپ) لەکەناڵی (فۆکس نیوز)، کە سەر بە کۆمارییەکان و کۆنەپارێزەکانە بەشێوەیەکی گشتی، تەنیا ئەو کەسانە ڕێ پێ دەدات و دەگرێتەوە کە نزیکن لەخۆیان، تەنیا ئەو کەسانەش ناگرێتەوە کە لەنێو حزبی کۆماریدا ڕکابەری (ترەمپ)ن. هەر لەم نزیکانە ئەوەمان بینی کاتێک وەزیری داد (ولیام بار) بڕیاری دا ماڵەکەی (دۆلاند ترەمپ) لە(مارالاگۆ) بپشکنن بەهۆی بەڵگەنامە نهێنییەکانەوە، نەیانهێشت ڕەخنەگرانی دژ بە (ترەمپ) بیروڕای خۆیان بڵاوبکەنەوە.
دوای دەستبەکارکردنی نوێنەرە ئەلمانییە ئەوروپییەکە

(ماتیاس دوبڤەر) کە یەکێکە لە ملیاردێرەکانی بواری ڕاگەیاندن و نیگەرانی خۆی لەبارەی ڕۆژنامەگەری ئەمەریکا ڕاگەیاندووە، گوتیەتی ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا بەرەو دابەشبوون دەچن و بەرەو چەپڕەوی هەنگاو دەنێن لەوانە (نیۆیۆرک تایمز) بەرەو ئەم ئاراستەیە دەچێت. ڕاگەیاندنی کۆنەپارێزیش بەدوای (ئەلتەرناتیڤی هەقیقەت)ی ترەمپیزمدا دەگەڕێت . (دۆبڤنەر) گوتیەتی ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی (پۆلیتیکۆ) دەرفەتێکی گەورەی لەبەردەم دایە بۆ بەدیهێنانی کاریگەریی و بەدەستهێنانی بەشێکی گەورەی بەرهەمهێنان لەنێو بازاڕی ئەمەریکادا، بۆیە بەدوای کۆکردنەوەی پسپۆرەکانی بواری ئەلەکترۆنییە، چونکە ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی بەرەو ئەم ئاراستە ئەلەکترۆنییە هەنگاو دەنێت. بۆیە گوتیەتی "دەمانەوێت ئەوە بسەلمێنین، کە تۆ بێلایەنی و لەواقیعدا ئەمە هەڵوێستێکی زۆر سەرکەوتووترە، ئەمەش هەلومەرجێکی گەورە و هاودژێکی گەورەشە لەهەمان کاتدا".




https://iziefrao.blogspot.com/2017/08/the-evolution-of-media.html

(دۆیڤەر) چۆن و بەچ شێوەیەک دەیەوێت پێناسەی ڕۆژنامەی (دوور لەدەسەڵاتی حزب، یان ناحزبی) لەنێو واقیعی دابەشبوونی سیاسی توند لەنێو ئەمەریکا بکات؟ ئەم ملیاردێرە هەموو شتەکان لەڕوانگەی بەرهەمهێنان و قازانج شی دەکاتەوە و پێی وایە (ترەمپ) ژمارەیەکی هەنگاوی گرنگ لەنیوەی ئەم سەدەیەدا ناوە، کە جێگەی بایەخ و سەرنجی ئەوانە، لەوانە (بەرگری لە دیموکراسیەت و ئازادی لەڕووبەڕووبوونەوەی روسیا و چین) و (هاندانی هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ بۆ ئەوەی بەشداری پتر بکەن) و (چاکسازی باج) و (کۆششەکانی بۆ ئاشتی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)، سەرباری (ڕووبەڕووبوونەوەی کۆنترۆل و دەستبەسەرداگرتنی تەکنەلۆژیا)، هەرچەندە ئەو بەشێوەیەکی

نافەرمی دان بەفەشەلی ئەم سەرۆکەی ئەمەریکا دەنێت لە (ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا و ژینگە)، ئینجا دەڵێت (لەپەنجا ساڵی ڕابردوودا هیچ ئیدارەیەکی ئەمەریکا بەقەد ترەمپیان نەکردووە). (دیبڤەر) دەیەوێت بێتە نێو بازاڕی ئەمەریکا.

لەهەمان کاتدا چەپڕە و میانڕەو و لیبرالییەکان بەگومانەوە سەیری بۆچوونەکانی (دوبڤەر) دەکەن، پێیان وایە بۆچوونەکانی پەیوەستە و نزیکە لەڕۆژنامەی (بیلد)ی ئەلمانی ڕاستڕەوی ئاژاوەگێڕ، ئەمە پڕ فرۆشترین ڕۆژنامەیە لە ئەوروپا و سەر بەگروپی (ئیکسل شبرینگەر)ە.

با بزانین ئەم سیاسەتەی بانگەشەی (بێلایەنبوون) و (پاککردنەوە) لەنێو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لەوانەش (سی ئێن ئێن) دەکات، دۆخەکە لەنێو ڕاگەیاندنی ئەمەریکا بەرەو کوێ دەبات؟. لەکاتێکدا (ترەمپ) بەنیازە لەخولی داهاتوودا خۆی کاندێد بکاتەوە.

ئەمە یەکێکە لەو باسە گرنگ و جددیانەی دەمێکە لەبارەی ئەرک و پیشە و ئاراستە سیاسییەکانی ڕۆژنامەکان لەبڵاوکردنەوەی هەواڵ و شیکردنەوە و لێکدانەوەی هەواڵەکان و بڵاوکردنەوەی زانیاری گفتوگۆی لەبارەیەوە دەکرێت. کۆمەڵگای ئەمەریکا بەهۆی ململانێی سیاسی و ئەو شێوازەی (ترەمپ) کاری پێ دەکات، هەندێک جاریش ڕاگەیاندن بە (ترەمپیزم) ناوی دەبات، دابەشبوونێکی سیاسی زەقی دروستکردووە. ئەم دابەشبوونە دەبەستنەوە بەشێوازی کارکردن و پەیوەندییە

ئاشکرا و نادیارەکانی نێوان ئایدیۆلۆژیای سیاسی حزبەکان و هاندانی لایەنە سیاسییەکان لەچۆنیەتی قووڵکردنەوەی ئەم دابەشبوونە سیاسییەی لەنێو دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن هەیە.

لەم ماوەیەدا شیکردنەوەی فکری چەپخوازیی و لیبرالیزم کە نزیکن لە دیموکراتەکان و کۆنەپارێز و ڕاستڕەوەکان کە نزیکی کۆمارییەکانن برەوەی سەندووە. لەهەمان کاتیشدا لەبیری نەکەین ڕاگەیاندن کاریگەرییەکی زۆری لەدابەشکردنی کۆمەڵگای سیاسی دروستکردووە، کە هەمیشە وەکو پرۆسەیەکی بازرگانی و پیشەسازیی هەڵسوکەت دەکەن و ئەوان بەرهەمهێنن و بەدوای بەدیهێنانی سەرمایەوە و قازانجی زۆرترن. بۆیە هەست پێ دەکرێت چۆن دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەنرخی ئێجگار گەورە دەفرۆشرێن، یان کارمەندە کاریگەرەکانیان بەکرێ و پارە و بودجەیەکی زۆر کار دەکەن .

# ئەمەریکییەکان
# ترەمپیان پێ باشترە... یان بایدن هیچی نەکرد؟

## (38)

لەکۆتایی مانگی ئەیلولی ٢٠٢٢ (نیوزویک)ی ئەمەریکی لە بابەتێکی شیکاری کە پشت بەڕاپرسیەک و هەندێک داتای (گروپی ترەفەلگەر Trafalgar Group) بەستووە ئاماژە بەهەندێک لەبۆچوونەکانی هاووڵاتیانی ئەمەریکا دەکات و ئەوە نیشان دەدات، کە لەم ڕاپرسیەدا خەڵک پێیان وایە لەدواین ساڵی دەسەڵاتیدا (دۆلاند ترەمپ) کارەکانی باشتر و گونجاوتر لەئێستای (جۆ بایدن) بەڕێوەبردووە. بەواتایەکی دیکە وەکو ئەم دەزگا ڕۆژنامەنووسییە ئەمەریکییە ئاماژەی پێکردووە "هاووڵاتیان لەدواین ساڵی حووکمڕانی (ترەمپ) پتر لەئێستا هەستیان بەدڵنیایی کردووە". ئەم لێکدانەوە و بۆچوونە پێ ناچێت خزمەتی ئەو ئاراستەیە بکات، کە (جۆ بایدن) دەیەوێت وەکو ستراتیژێک بۆ مانەوە لەدەسەڵات و خۆ کاندێد کردنەوەی پشتی پێ ببەستێت، یان پێگە و بیرۆکە و پێگەی ترەمپ و کۆمارییەکان پتر لەق بکات.

ڕاپرسییەکە دەڵێت زۆربەی ئەمەریکییەکان لەساڵی ٢٠٢٠دا پتر لەئێستا هەستیان بەدڵنەوایی کردووە، کە ئەو ساڵە (دۆلاند ترەمپ) لە حووکمدا بووە. ٦٩٪ ئەمەریکییەکان هەستیان بەدڵنیایی کردووە، کەچی تەنیا ٢٧٪ دەڵێن ئێستا هەست بەدڵنیایی دەکەین، ٥٪ ئەوانەی بەشدارییان لەڕاپرسییەکە کردووە دەنگیان نەداوە، یان دڵنیا نەبوونە چ وەڵامێک هەڵبژێرن.




Waiting for a Bump in the Polls

https://www.sunjournal.com/2024/06/22/editorial-/cartoon-for-saturday-june-22-2024

ئەم ڕاپرسییە لەبنەڕەتدا و بەئامانجی پێشوەختە لەنێو ڕیزەکانی دیموکراتەکان و کۆمارییەکان واتە هەردوو حزبی ئەمەریکا ئەنجام دراوە، لەکاتێکدا زۆربەی کۆمارییەکان ٨٦.٨٪یان بەڕوونی وەڵامیان داوەتەوە و دواین ساڵی دەسەڵاتی (ترەمپ)یان بەساڵێکی متمانەدار و دڵنیایی و ئارامی

لەبەڕێوەبردن هەڵبژاردووە، لەکاتێکدا دیموکراتەکان لەهەمبەر ئەم پرسیارە و چۆنیەتی وەڵامدانەوە و هەڵبژاردنی وەڵامەکان و دەربڕینی هەستی خۆیان سەربارەت بەدڵنیایی لەنێوان ماوەی دەسەڵات و حووکمڕانی (ترەمپ و بایدن) لەشێوەی بەڕێوەبردنی وڵاتدا جۆرێک لەدابەشبوونیان پێوە دیارە، ٤٧.٨٪ دیموکراتەکان لەوەڵامەکانیاندا ئاماژەیان بەوە کردووە لەساڵی ٢٠٢٢دا هەست بەدڵنیایی دەکەن، لەکاتێکدا ٤٤.٩٪ ئاماژەیان بەوە کردووە، کە دڵنیایی لەساڵی ٢٠٢٠دا پتر بووە. لەهەمان کاتدا ٧٪ی دیموکراتەکان بەشدارییان لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە نەکردووە. لەهەمان کاتدا بێلایەنەکان ٦٤.١٪ گوتوویانە لەهیچ ساڵێکدا هەستیان بەدڵنیایی نەکردووە، کەچی ٣٩.٩٪ گووتویانە هەست بەدڵنیایی دەکەن.

دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم ڕاپرسییەکان لەنێو ئەمەریکا بایەخێکی هەیە و بەشێوەیەک بەڕێوەدەچن، کە سیاسییەکان دەتوانن لەئەنجامی پشت بەستن بەئەنجامی ڕاپرسییەکان بڕیار بدەن، یان لێکۆڵینەوە لەچۆنیەتی بڕیاردان بکەن و لەدروستکردنی ڕای گشتی و بەدیهێنانی کاریگەریی لەسەر چۆنیەتی بەرێوەبردن و دەربڕینی هەست و نەستی هاووڵاتی و ئینجا چۆنیەتی بیرکردنەوە و هەڵبژاردنی دوا بڕیاریان پشت بەم ڕاپرسیانە ببەستن، کە ناوەندە متمانەدارەکان ئەنجامی دەدەن.




https://darylcagle.com/2024/01/10/biden-bashing-and-/trump

ئەم ڕاپرسیەی ئاماژەمان پێکردووە لە ١٧-٢٠ سپتێمبەری ٢٠٢٢ ئەنجام دراوە بەپێی زانیارییەکانی ئەم گروپەی، کە ڕاپرسیەکەی ئەنجام داوە ٣٩.٣٪ ئەوانەی بەشداربوون لەڕاپرسییەکە دیموکراتەکان بوون و ٣٥.٦٪یشی کۆماریەکانن و ٢٥.١٪یش بێلایەنەکانن، کە حزبی نین.


بەپێی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسیانە جەماوەری سەرۆک (بایدن) لەم چەند مانگە (ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢) بۆ ٣٦٪ دابەزیوە، بۆیە گریمانەی ئەوە دەکرێت پارتی دیموکراتی زۆرینە لەکۆنگرێس و سەنات لەدەست بدات، کە ئێستا ململانێیەکی توند لەنێوان هەردوو لایەن هەیە.

لە ڕاپرسیەکی دیکە کە (ڕۆیتەرز و ئیبسۆس) لە ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ بڵاویان کردۆتەوە، هاتووە تەنیا دوای پێنج هەفتە لەڕاپرسی یەکەم و ئەمەریکییەکان بەڕێژەی ٤٠٪ لەگەڵ شێوازی ئیدارەی (بایدن) و ڕاپەڕاندنی کارەکانی دان، لەکاتێکدا تەنیا پێنج هەفتە پێش ئیستا ٤١٪ گوتبوویان شێوازی کارکردنی باشە و لایەنگریی ئەویان کردبوو.

لەم ڕاپرسیەدا باسی دڵنیایی و ئاسایش و ئەمانەت دەکرێت، واتە ڕاپرسییەکە پەیوەندی بەدۆخی ئارامی و ئاسیش و تاوانەوە هەیە، ئەوانەی بەشدارن حزبییەکان و بێلایەنەکانن.

لەتەک ئەم زانیاریانەی ڕاپرسییەکە دەری دەخات، پەیمانگای یاسایی و سیاسی گشتی و (ناوەندی برینان) بۆ دادپەروەریی ئامارژەیان بەوە کردووە لەکاتی بڵاوبوونەوەی کۆڤیید- ١٩ لەساڵی ٢٠٢٠دا، ڕێژەی تاوانەکان و توندوتیژی لەزیادبوون دابووە.

زانیارییەکانی دیکەش ئاماژە بەوە دەکەن، کە لەساڵی ٢٠٢٠ بەدواوە، تاوانی توندوتیژی لەسەرتاسەری ئەمەریکا پەرەی سەندووە و زیادی کردووە.




https://www.chappatte.com/en/guns-america

نوێترین زانیاریی لەبارەی توندوتیژی و هەڵبژاردن ئەو وتارەیە، کە (سۆزان کۆلینز)ی سیناتۆری کۆمارییەکان لە ١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ لەڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) بڵاویکردۆتەوە و دەڵێت "ئەگەر سیناتۆرێک، یان نوێنەرێک بکوژرێت، تووشی سەرسام بوون نەبن، هەڕەشەلێکراوێک دەڵێت "سەرەتا بەتەلەفۆن هەڕەشەیان دەکرد، ئێستا بەهەڕەشە و توندوتیژی ڕاستەقینە". (ئادەم کینزینگەر) کە یەکێکە لەئەندام کۆنگرێسەکان و دژایەتی (دۆلاند ترەمپ)ی کردووە و بەر لەئێستا هەڕەشە دەنگییەکانی بڵاوکردۆتەوە. ئەو لەتەمووزیساڵی ڕابردوو گوتیەتی "توندوتیژی دژی چینی سیاسی لەبەراورد بەساڵانی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە لەو هەڕەشانەی بڵاوی کردۆتەوە پێی دەڵێن "دەزانین خێزانەکەت

لەکوێیە و بەدوای تۆدا دەگەڕێین، ژن و منداڵەکانت دەستگیر دەکەین...". لەدوای ئەویش (پرامیلا جایاپاڵی)یش، کە کەسێکی پێشکەوتنخوازە ناچاربووە پەیوەندی بەپۆلیسەوە بکات، چونکە کەسێک بەدەمانچەوە لەبەردەم ماڵەکەی هاتوچۆی کردووە.

دوای ئەوە (لیز چێنی) نوێنەری کۆمارییەکان دوای ئەوەی دەچێتە نێو لیژنەی لێکۆڵینەوە لە (دۆلاند ترەمپ) لە حزبەکەی لادەبرێت، بۆیە ئێستا لەم خووڵەی هەڵبژاردنەکان ناتوانێت بەشداری هیچ کۆبوونەوەیەکی گەورەی جەماوەری بۆ هەڵبژاردنەکان بکات، چونکە بەکوشتن هەڕەشەیان لێکردووە.

بەپێی زانیارییەکانی نێو ڕۆژنامەی (نیۆیۆرک تایمز) لەمانگی یەکی ٢٠١١دا (گابی گێفۆردز) بەهۆی تەقە لێکردنەوە، گولەیەک بەر سەری دەکەوێت لەو کاتەی لە تۆکسۆن لەگەڵ هاووڵاتیان کۆدەبێتەوە، تەقەی لێکراوە. بەپێی ئامارەکانی پۆلیس (مترۆپۆلیتان) کە بەرپرسە لەپاراستنی گیانی کاندێدەکانی کۆنگرێس ئاماژە بەوە کراوە، کە هەڕەشەکان لەزیاد بوونە لەساڵی ٢٠١٧ (٣٩٣٩) کەس بووە، کەچی ساڵی ٢٠٢١ گەیشتۆتە (٩٦٢٥) کەس. پسپۆڕێکی ئاسایش (ک. کامپبێل) ئاماژە بەوە دەکات "هەڕەشە لەهەموو ئاستەکاندا دژی کاندێدەکان لەزیادبوونە" بۆیەشە نیگەرانی خۆی لەگروپە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان دەربڕیوە و ئەم هەڕەشانە دەبەستێتەوە بە هێرشەکانی سەر کاپیتۆل و تۆڵەکردنەوە لەلایەن ئەو گروپانەی بەشێکیان گیراون و دادگایی دەکرێن.

لەهەمان کاتدا (ڕەچەل کلاینڤیلد)، کە پسپۆڕێکی سیاسییە دەڵێت لەدوای ڕووبەڕووبوونەوەی (ترەمپ و بایدن)

لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٠دا جۆرێک لەوەرچەرخان دروستبووە و کۆمارییەکان نایشارنەوە "پێشوازی لەتوندوتیژی وەکو ئامرازێکی سیاسیی دەکەن". تەنیا هەندێک ئاماژە بەوە دەکەن لەنێو ڕیکلامەکانی هەڵبژاردنەکاندا بەپێی سەندوقی چالاکی پێشکەوتنخوازی ئەمەریکا ئەمساڵ ١٠٤ ڕیکلام بڵاوکراونەتەوە، کە کاندێدێکی کۆنەپارێز دەمانچە، یان تفەنگی بەدەستەوەیە. بەپێی وتارەکەی ئەم ڕۆژنامە ئەمەریکییە لەنێو هەندێک لەو ڕیکلامانەدا کاندێدەکانی کۆمارییەکان چێژ لەدەمانچە بەکارهێنان وەردەگرن. (ڕەچەڵ کلاینڤێلد) لەبەردەم کۆنگرێس ڕایگەیاندووە "ئەمڕۆ زۆرینەی ئەو کەسانەی توندوتیژی سیاسی، یان ڕێکخراو ئەنجام دەدەن، بەفەرمی پەیوەندییان بەهیچ گرووپێکی توندڕەوەوە نییە".

وەکو دەبینین ئەم واقیعە سیاسییە و دابەشبوونی سیاسی و ململانێی توند لەنێو ئەمەریکا هەیە، نیشانی دەدات توندوتیژی سیاسی خەریکە دەبێتە دیاردەیەکی باو، بۆیە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەڕێگەی ڕاپرسی و گوتار و بابەتی هەمەجۆر دەیانەوێت لێکۆڵینەوە لەو دیاردەیە بکەن، کە دەبێتە هەڕەشەیەکی جددی لەنێو ئەمەریکا و وەکو لەوتارەکەی (نیۆیۆرک تایمز)دا هاتووە "بیروباوەڕ و چالاکی توندوتیژی بۆتە شتێکی باو".

# کچە ڕۆژنامەنووسێک
# بەهۆی ڕەخنەیەک، کارەکەی لەدەست دەدات

## (39)


لامان سەیر نەبێت ڕەخنەگرتن لەهەندێک کەسایەتی و دەسەڵاتداری باڵا و مەزن هەندێک جار نەک لەڕۆژهەڵاتی گرگرتووی سەرکوتکراو ببێتە سەریەشە و هۆکار بۆ بەرهەمهێنانی دژە فشار و ببێتە هۆکار بۆ لەدەستدانی کاری خاوەن ڕەخنەکە و زیندانی، بەلکە ئەمە لە ئەمەریکای دیموکراسی و ئازادیشدا هەیە. پێتان سەیر نەبێت، ئەگەر مرۆڤ نەیتوانی لەکات و شوێنی خۆیدا ڕەخنە بگرێت، ڕەنگە تووشی کێشە ببێت، یان هەندێک جار وەرگرەکانی مەبەستە هەقیقییەکەی نێو ڕەخنەکە بەئاقارێکدا دەبەن، کە هیچ تخوبەکیان ناکەوێتەوە سەر یەک. دیارە بەرپرسەکان لەزۆر شوێنی ئەم جیهانە مەزنەدا پیرۆزن و نابێت ڕەخنەیان لێ بگیرێت! تەنیا هەندێکیان وەکو دەسەڵات و پلەدار و هێزدارێکی پیرۆزتر لە پیرۆز خۆیان پێناسە دەکەن.

ڕۆژنامەیەکی ئەمەریکی نووسیویەتی ڕۆژنامەنووس (ئەمبر ئەثی) بەهۆی بڵاوکردنەوەی تویتێک ، کە وەسفی (کامێلا هاریسی) جێگری سەرۆکی ئەمەریکای کردووە و لە پێناسە و وەسفەکەیدا پێی دەڵێت: "کامێلا هەر وەکو ئەوە وایە موچەخۆری کۆمپانیای یو بی ئێس UBS بێت، ڕەنگی قاوەیی چۆن سوودت پێ دەگەیەنێت؟". ئەم پلارە لەبارەی ئەو جلکە ڕەنگ قاوەییە بووە، کە جێگری سەرۆکی ئەمەریکا پۆشیویەتی، لەچوارچێوەی ئاهەنگی گوتاری یەکێتی لە ئازاری ٢٠٢٢دا.



بەپێی بۆچوونەکانی ڕۆژنامەنووس (ئەثی) لەپێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ژمارەیەکی زۆر هەمان جلکی (هاریس)یان وەکو گاڵتەپێکردن و فشەنمایش بەکارهێناوە "هەندێک لەبەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە چوکلێتی قاوەییان چوواندووە" هەندێکی دیکەش دەپرسن ئەم خانمە بۆچی ئەم ڕەنگەی پۆشیووە، کە هەمان ڕەنگی کورسیەکەیەتی. بەپێی ئەم کورتە نووسینەی ڕۆژنامەنووسەکە، کە لە گۆڤاری (زی

سبیکتاتور) بڵاوی کردۆتەوە ئەم پێکچوواندنەی لەدیماهیدا وەکو گاڵتەپێکردن و بە کارێکی نەگونجاوی پێشێلکارانە دانراوە. لەم نووسینەدا (ئەپی) جێگری سەرۆکی ئەمەریکای بە کرێکارانی کۆمپانیای (یو بی ئێس) چوواندووە، کە کۆمپانیایەکە کار لەبواری گوستنەوە و پۆست دەکات و مووچەخۆرەکانی جلکی قاوەیی دەپۆشن و کۆمپانیاکەش دروشمەکەی ئەوەیە "چۆن ڕەنگی قاوەیی سوودت پێ دەگەیەنێت؟". ڕۆژنامەنووسەکە دەڵێت لەسەرەتای بڵاوکردنەوەی تویتەکەمدا هیچ ڕەخنەیەک و ناڕەزایەتییەکم ڕووبەڕوو نەکرایەوە، تەنیا دوای ئەوە نەبێت ڕەخنەم لەو ناڕەزایەتییانە گرت، کە لە زانکۆی (نۆرس تکساس) داکۆکیان لەو "منداڵانەی ڕەگەزی خۆیان گۆڕیووە" دەکرد. دوای ئەوە لەلایەن گروپێکی چەپڕەو کراومەتە ئامانج و دەیانەوێت زارۆکەکان وەکو کەرەستەیەکی ئەزموونگەرایی بەناوی "جەختکردنەوە لەسەر جۆری کۆمەڵایەتی" بەکاربهێنن.




https://www.wctrib.com/opinion/cartoons/editorial-cartoon-for-aug-18-2024-1

ڕۆژنامەنووسەکە دەڵێت: "ئەو بۆتە قوربانی ئەو بێدەنگییەی لەپێناو سوکایەتی دەستیان پێکردووە". ئاماژەش بەوە دەکات ئەم هێرشانەی لەلایەن ئەو گروپانەوە ئەنجام دەدرێن، لە ڕادیۆی (دەبلیو ئێم ئەی ئێل)ەوە دەستی پێکردووە، کە خوودی خۆی لەم ئێزگەیە کار دەکات، هێرشەکان دژی ئەو لە گۆڤاری (زی سبیکتاتور) ئەنجام دەدرێن و قسە لەبارەی تویتەکەی ئەو دەکەن و هێرش دەکەنە سەر خودی ئەم ڕۆژنامەنووسە هاوکارەی خۆیان و بە "ڕەگەزپەرست" وەسفی دەکەن. لەئاکامی ئەو ڕووداوە لە ٩ی ئازاری ٢٠٢٢دا ئەم ڕۆژنامەنووسە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەلایەن کۆمپانیای (کۆمولوس میدیا)، کە خاوەنی ئێزگەی ڕادیۆیە پێوە دەکرێت و پێیان گوتووە کە ئیدی ناتوانێت چی دیکە لەم ڕادیۆیە کار بکات، هۆکارەکەشی

ئەو ڕەخنەیە بووە، کە ئاراستەی (هاریس)ی جێگری سەرۆکی ئێستای ئەمەریکای کردووە.
پێیان ڕاگەیاندووە ئەم تویتە "ڕەگەزپەرستانەیە"، کە دەربارەی (هاریس) بڵاوی کردۆتەوە و هیچ دەرفەتێکیشیان بە (ئەثی) ئافرەتە ڕۆژنامەنووسەکە نەداوە بەرگری لەخۆی بکات.
دوای ئەوە (ئەثی) گوتوویەتی "ڕەخنەی سیاسی هیچ بەهایەکی نییە، ئەگەر هەقیقەتی تێدا نەگوترێت لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی خاوەن دەسەڵاتەکان بێ ترس لەو سزایەی بەدوایدا دێت". دوای ئەوە هەندێک لەوانەی لەم بارەوە قسەیان کردووە گوتیانە "هیچ ڕەگەزپەرستییەک لەتویتەکەیدا نییە" و "مەبەستی ڕەنگی جلوبەرگەکەی بووە، نەک ڕەنگی پێستی هاریس".
لەهەمان کاتدا گۆڤاری (فۆگ) وێنەی (کامالا هاریس)ی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا وەکو ئەستێرەیەک لەبەرگی یەکەمی گۆڤارەکەیان بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بەڕەنگێکی کراوە لەکاتێکدا خۆی ڕەشپێستە، ئەمەش بۆتە جێگەی مشتومڕ دژی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە، کە ڕەنگی پێستی ئەم کەسایەتییە باڵا و خاوەن پێگە مەزنەیان بەشێوەیەکی کراوە، واتە بەدەستکاریی لەڕەنگی دەموچاوی بڵاوکردۆتەوە، ئەمەش بۆتە جێگەی تووڕەیی خوێنەران و تیمی کاری جێگری سەرۆکی ئەمەریکا (جۆ بایدن).




https://stablediffusionweb.com/prompts/harris-cartoon

(ریچارد لۆکۆمب)ی نووسەر لەڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی لەوتارێکدا نووسیەتی گۆڤاری (فۆگی) ئەمەریکی خۆی تووشی دۆخێکی ئاڵۆزکردووە لەنێو ئەو گەردەلوولە ڕەخنەگرانییەی بەهۆی کەمێک کاڵکردنەوەی ڕەنگی پێستی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا تووشی بووە.

لەوێنەکەدا (هاریس) لەبەردەم پەردەیەکی حەریری لەڕەنگی گوڵ وەستاوە، ئەمەش لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا تووڕەیەکی زۆری دروستکردووە، پێیان وایە ئەمە نەگونجاوە و هەروەسا دەبێژن ئەم وێنەیە بەکامێرا نەگیرابایە باشتر بوو، ئەگەر بەکامێرای تەلەفۆن بچریکێندرایە گەلێک گونجاوتر دەبوو.

نووسەرەکەی گاردیان دەڵێت بەهۆی خۆسەپاندن و باڵادەستی سپیپێستەکان و ئەو شێوازەی ڕەشپێستەکانی لەسەر بەرگی گۆڤارەکاندا پێ نمایش دەکرێت، هۆکارە بۆ درێژەکێشانی ئەم کێشەیەی چەند ساڵێکە وەکو دۆزێک بەرجەستە بووە، لەهەمان گاڤیشدا ڕەخنە باران بکرێت. وەکو چۆن لەساڵی ٢٠١٩دا دەرهێنەری فیلمی سینەمایی (میلینا میشوکاس) گوتی "لە نێو پیشەسازی ڕاگەیاندندا ڕەشپێستەکان پێویستیان بەڕێژەیەکی گەورەی تیشک و ڕووناکییە، یان هەر ڕێگەیەک بۆ کرانەوەی ڕەنگیی پێستیان". لەهەمان کاتدا نووسەری ئەم بابەتەی گاردیان ئاماژەی بەقسەی بەرهەمهێنی سینەمایی بەڕەگەز ئەفریقی (برادفۆرد یانگ) کردووە، کە دەڵێت "هەست بەوە ناکەم و لەگەڵ ئەوە نیم ئەم شێوازەی لەوێنەگرتنی خەڵکی ڕەشپێشتدا لەفیلمەکان بەکاردەهێنرێت. بڕوام وایە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی هوشیاریی". لەبەر ئەوەشە (ئانا وینتۆر) بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤارەکە ڕەخنەباران کراوە و پەیامنێری گۆڤاری (نیۆیۆرک تایمز) گوتیەتی "دڵنیام کە (ئانا) هیچ هاوڕێیەک یان دۆستێکی لەنێو ڕەشپێستەکان نییە، ئەگەر من بم دەتوانم وێنەی (هاریس) بەخۆڕایی و بێ بەرانبەر بە تەلەفۆنێکی سامسۆنگ بگرم، بڕواشم وایە وێنەکە لەوەی ئەوان، کە لە گۆڤاری فۆگ بڵاویان کردۆتە زۆر باشتر دەبێت". نووسەرەکەی (گاردیان) ئاماژە بە بۆچوونێکی لەمەوپێشی (ئانا وینتۆر) دەکات، کە لەبارەی کێشەی ڕەنگ و ڕەگەزەکان بڵاوی کردبۆوە و تێیدا ئاماژەی کردووە "گۆڤاری فۆگ دەرفەتی تەواوی بەنووسەر و ڕۆژنامەنووس و وێنەگر و دیزاینەری ڕەشپێست

نەداوە، بۆیە ئێمە هەڵەمان لەبڵاوکردنەی وێنە و چیرۆکەکانمان کردووە، کە سوکایەتی، یان دژی پێکەوەژیان بووە، بڵاوکردۆتەوە، بۆیە دەمەوێت لەم بوارە بەرپرسیاریەتی تەواو لەئەستۆ بگرم". هەرچەندە گۆڤاری (فۆگ) هەولیدا ئەم ڕەخنانەی لەبارەی وێنەی (هاریس) دژیان بڵاودەکرێتەوە، بایەخەکەی کەم بکاتەوە، بەڵام نەیانتوانی هیچ هەنگاوێکی سەرکەوتووانە بۆ سارکردنەوەی تووڕەیی و ڕەخنەی خوێنەرەکانیان بنێن. نووسەر لەبارەی وێنەی سەر گۆڤارەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە "هاریس و تیمەکەی بڕیار دەدەن چ جۆرە جلکێک بپۆشێت و پرچی چۆن دابهێنێت و چۆن سۆراو و سپیاو بکات، بۆیە بڕیاریان داوە کراسێکی نافەرمی لەبەر بکات و پانتۆل و پێڵاوێکی وەرزشکاریانە بەکاربهێنێت و کراسێکی دیکەی نیمچە شۆڕی ڕەنگ شینی ئاسمانی لەوێنەی دووەمدا لەبەر بکات".

ڕۆژنامەکە ئاماژە بەوەش دەکات (هاریس) لەو بڕوایەدا نەبووە وێنەکەی لەبەرگی ئەم گۆڤارەکەدا بڵاوبکرێتەوە، ئەو لەجلوبەرگێکی شین و لەبەردەم باکگراوندێکی ڕەنگ زێڕیی وەستاوە، گۆڤارەکە بڕیاری هەڵبژاردنی ئەم وێنەی داوە و دوای بڵاوبوونەوەی وێنەکە لەبەرگی یەکەمی گۆڤارەکەدا تیمی کاری (هاریس) گوتوویانە ئەگەر بمانزانیبایە ئەو وێنەیە دەستکاری دەکرێت ڕێگەمان نەدەدا بڵاوبکرێتەوە بۆیە دوای بڵاوبوونەوەی وێنەکە تیمی (هاریس) پێناخۆشبوونی خۆیان دەربڕی.

لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە بڵێین لەهەموو شوێنێکی دونیادا ڕۆژنامە و گۆڤارەکان سروشتییە هەڵە بکەن، ڕەخنەیان لێ

بگیرێت و بکەونە ژێر فشاری خوێنەر و لەهەمان کاتدا ڕووبەڕووی دەسەڵاتدران ببنەوە. وێنە و دەربڕینی بیروڕایەک دەبێتە مایەی ڕەخنە و لێپێچینەوە و دەرکردنی ڕۆژنامەنووسان لەکارەکانیاندا.

بڵاوبوونەوەی وێنەی (هاریس) و بایەخدان بەم ئافرەتە لەڕۆژنامە و گۆڤارەکان پێچەوانەوەی ڕەخنەکانی تیمی جێگری سەرۆکی ئەمەریکایە، (دۆلاند ترەمپ) بەجۆرێکی دیکە تووڕە دەبێت و ڕەخنە دەگرێت، کە "بۆچی هیچ لەگۆڤارە بەنێوبانگەکانی ئەمەریکا بایەخیان بەخێزانی ئەو (میلانا ترەمپ) نەداوە، کە یەکێکە لەنمایشکەرانی جلوبەرگ لەو کاتەی ئەو چوار ساڵ لەدەسەڵاتدا بووە".

لەبەر بەکارهێنانی وشەی (قاوەیی) و ئاماژەکردن بەوێنەی ڕەنگی جلوبەرگی کرێکارانی کۆمپانیای گواستنەوە و پۆستی ئەمەریکی (تیمی هاریس) تووڕە دەبن و ڕۆژنامەنووسەکە بە (ڕەگەزپەرست) تۆمەتبار دەکەن و بەم هۆیەشەوە لەکارەکەی لە ئێزگەی ڕادیۆ دەردەکرێت. وێنەی دووەمیش کە لەبەرگی گۆڤارێکدا بڵاوکراوتەوە و هەندێک ڕەنگی دەموچاوی (هاریس)یان سپی پات کردۆتەوە و واتە دەستکاری ڕەنگی سروشتی دەموچاویان کردووە، بەجۆرێکی دیکە ئەم وێنەیەش دەبێتە هۆکار بۆ تووڕەبوونی (هاریس) و تیمەکەی و بەدەستکاری ڕەنگی سروشتی (هاریس) گۆڤارەکە ڕەخنەباران دەکرێت و ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی دەبێتەوە.

هونەری ڕۆژنامەنووسی هەر تەنیا شێوە باوە دیارەکە نییە، کە چاو دەیبینێت و چێژ وەردەگرێت، بەڵکو نێوەڕۆک و مەبەست و

واتا و پەیامی نێو گوتاری هەر دەقێک (نووسین، یان وێنە) بێت. بەکارهێنانی وشە پەیوەندی بە مەبەست و واتاوە هەیە، هەروەها مەبەست بنەمای گەیاندنی گوتارە. بۆیە ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمەریکاش بەهۆی بەکارهێنانی هەندێک وشە و شێوازی وەسف و دەربڕین و بەکارهێنانی وێنە توشی گرفت و لێپێچینەوە و سزادان و ناڕەزایەتی و ڕەخنە دەبن.

# ترس و تۆقاندنی سیاسی و کاندێدەکان

## (40)

هەندێک لەم توندوتیژییە سیاسییە لەم دوایانەدا لە ئەمەریکا هەستی پێ دەکرێت، ناتوانرێت تا کۆتایی بشاردرێتەوە. لە ٣ی نۆڤێمبەری ٢٠٢٢دا سەرۆکی ئەمەریکا (جۆ بایدن) لە گوتارێکی لەبەردەم ڕاگەیاندنەکان و ڕای گشتی بەئاشکرا و بەوشە و قسەکردنێکی کراوە گوتی: پێویستە ئەمەریکییەکان لەدژی توندوتیژی سیاسی و ترساندنی کاندێدەکان یەکبگرن، هوشداریشی دا لەو توندڕەوییەی کۆمارییەکان نیشانی دەدەن پێش دەستپێکردنی دەنگدانی هەڵبژادانەکانی کۆنگرێس. لە گوتارێکی تەلەڤزیۆنیدا سەرۆکی ئەمەریکا ڕاشکاوانە ئەم قسانەی کرد و ئاشکرای دەکات، کە توندوتیژی سیاسی لەنێو ئەمەریکا پیادە دەکرێت و پێویستە ئەمەریکییەکان لەدژی بووەستنەوە، گوتیشی پێویستە بەرەنگاریی ئەم کێشەیە ببینەوە، ناتوانین پشتی تێ بکەین و ناشتوانین وای نیشان بدەین ئەمە هەر بۆخۆی چارەسەر دەبێت.




https://www.dallasnews.com/opinion/editorials/2022/07/
/04/editorial-cartoon-2024

ئەم گوتارە دوای ئەوە هات کە لە ٢٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ لەماڵی خۆیدا لە (سان فرنسیسکۆ) هێرش کرایە سەر هاوسەری (نانسی پیلۆسی) سەرۆکی کۆنگرێسی ئەمەریکا و بە سەختی بریندار کراوە و ئەو کەسەی چۆتە نێو ماڵی ئەم بەرپرسە ئەمەریکییە گوتیەتی "کوا نانسی لە کوێیە". بەپێی ئاخاوتنی پۆلیس هێرشکراوەتە نێو ماڵی (نانسی پیلۆسی) تەمەن ٨٢ ساڵ و لەئەنجامی ئەم هێرشەدا هاوسەرەکەی بریندار بووە و لەنەخۆشخانە نەشتەرگەری بۆ کراوە. بەپێی شیکردنەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لایەنە بەرپرسەکانی ئەمەریکا ئەم هێرشە پەیوەندی بە سیاسەتی (ترساندن و تۆقاندنی سیاسیی دژی کاندێدەکان لەپێش پرۆسەی دەنگدانی هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسەوە هەیە). هەڵبژاردنی پێشوەختەی ئەمەریکا (نیوە)

لە ٨ی نۆڤێمبەر لەسەرتاسەری ئەمەریکا بەڕێوە دەچێت، ئەمەش لەکردەوەدا پەیوەندی بەو دابەشبوونە سیاسییە هەیە، کە ئێستا ئەمەریکا دووچاری بووە. (پیلۆسی ٨٢ ساڵ) یەکێکە لەو سەرکردە دیارانەی دیموکراتەکان ماوەی چەند ساڵە بەدوای یەکدا سەرۆکایەتی کۆنگرێس دەکات و یەکێکە لەو ئافرەتانەی کاریگەریی لەنێو سیاسەتی ئەمەریکا و بەتایبەتیش لە کۆنگرێس هەیە.

پۆلیس ڕایگەیاندووە کەسێکیان بەناوی (دێڤید دیباب ٤٢ ساڵ) دەستگیرکردووە، هەر ئەم کەسە پێشتر ژمارەیەک تاوانی کوشتن و دەستدرێژی بەچەک و مامەڵەی خراپ لەگەڵ کەسانی بەتەمەن و لێدان و ژمارەیەک تۆمەتی تاوانکارانەی دیکە ئەنجام داوە. (بۆل پیلۆسی) هاوسەری ئەم ئافرەتە بەرپرسە بەکوتەک هێرشی کراوەتە سەر و بەسەختی لەسەری و جەستەی بریندار بووە.

ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە کردەی توندوتیژی لە ئەمەریکا لەزیادبوونەوە و لەهەندێک شوێندا سیاسییەکان و خێزانەکانیان دەکرێنە ئامانج. پۆلیس ئاماژە بەوە دەکات ئەم جۆرە هێرش و هەڕەشانە، کە بریتییە لەتوندوتیژی دژی ئەندامانی کۆنگرێس و بەرپرسە سیاسییەکان لەزیادبوونە و لەساڵی ٢٠١٧دا ( ٣٩٣٩) حالەت تۆمارکراوە و لەساڵی ٢٠٢١دا حالەتەکان گەیشتۆتە (٩٦٢٥ ) هەزار.

تاوانبار (دوباب) بەپێی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەی فیدرالی (ئێف بی ئای) گوتیەتی: "نانسی پیلۆسی بەرپرسە لەو هەموو درۆیانەی کە حزبی دیموکرات بانگەشەی بۆ دەکات، دانی بەوەشدا ناوە


ویستویەتی سەرۆکی کۆنگرێس بڕفێنێت، کە بەرپرسی دووەمە دوای سەرۆکی ئەمەریکا و جێگرەکەی، دەڵێت ئەگەر نانسی ڕاستییەکانی پێ بڵێت ئەوە ئازادی دەکرد، ئەگەر نا ملی دەشکاند". ئەمە قسەی تاوانکارەکەیە. بۆیە دادوەر (برۆک جێنکینز) لە ویلایەتی سان فرانسیسکۆ بەفەرمی تۆمەتی هەولدانی کوشتنی داوەتە پاڵ تۆمەتبار و لەوش دڵنیابوونە "لەنێو ماڵەکەیدا سەرۆکی کۆنگرێس ئامانجی تاوانەکە بووە" و "هاندانی سیاسیش لەپشت ئەم کارە بووە" بۆیە داوای کردووە "پێویستە خەڵک لەکاتی پێشکەشکردنی گوتارەکانیان ئاگایان لەقسەکانی خۆیان بێت، لەهەمان کاتدا قەوارەی گوتارە سیاسییەکانیش کەم بکرێنەوە".

شەوی ٧ی نۆڤێمبەر (نانسی پیلۆسی) لەدیدارێکی تۆڕی تەلەڤزیۆنی (سی ئێن ئێن)ی ئەمەریکی لەبارەی هێرشکردنە سەر هاوسەرە تەمەن ٨٢ ساڵییەکەی گوتی: "ئەمە کاریگەریی لەسەر دواڕۆژی سیاسی ئەو دەبێت و ئەوەی ڕوو دەدات هەمووی پەیوەندی بەهێرشەکانی سەر کەپیتۆل هەیە و بەشێکە لەو خۆڵەمێشەی لەئەنجامی زانیاریی نادروستەوە سەریهەڵداوە، ڕێگەمان لەبەردەمدا نییە بۆ بەردەوام بوون و پاراستنی سەلامەتی خێزانەکانمان، کە ژیانیان لەمەترسیی دایە، گوتیشی دەنگدان لە هەڵبژاردنی بەیانی ڕۆژی سێشەممە لە ٨ی نۆڤێمبەری ٢٠٢٢دا واتە دەنگدان بۆ بەرگری لەدیموکراسیەت".

لەبیری نەکەین (دوباب)ی تۆمەتبار، کە دانیشتووی شاری ریتشمۆندی ویلایەتی کالیفۆرنیایە لەتۆڕە کۆمەلایەتییەکاندا بیرۆکە و بۆچوونی ڕاستڕەوەکانی لەبارەی (تیۆری موئامەرەی

هەڵبژاردنەکان) بڵاوکردۆتەوە، سەرباری بڵاوکردنەوەی موئامەرەی سیاسی.

CARTOON MOVEMENT



https://cmdailycartoon.substack.com/p/political-violence

لەزۆر شوێنی دونیادا توندوتیژی سیاسی هەیە، بەڵام بڕواکردن بەوەی لەوڵاتە دیموکراتەکاندا بەهۆی ناکۆکی سیاسی ئەم جۆرە کردەوانە ڕووبدات، جێگەی گومانە. بەڵام بەپێی ژمارەکان و بەپێی هەموو ئەو ڕاگەیەندراو و گوتارە فەرمیانەی لەوڵاتێکی دیموکراتی وەکو ئەمەریکا دەبیسترێت، کردەوەی توندوتیژی لە زیادبوونە و لەم چەند ساڵەی دوایدا بەئاشکرا دابەشبوونێکی زەق لەنێو شەقامی سیاسی ئەمەریکا بەرچاو دەکەوێت، ئەم دابەشبوونەش وەکو هۆکارێکی سیاسی گەورە حیسابی بۆ دەکرێت، کە کاریگەریی لەسەر پاشەکشەی دیموکراسی دەبێت، توندوتیژی سیاسی دژی کاندێدەکان و سیاسییەکان لەم وڵاتەدا مایەی نیگەرانی و پرسیار و دەیان گریمانەیە.
ئەم هەڵسوکەت و ئاراستە توندڕەوییەی لەزیادبوونە، نیشانی دەدات، کە دیموکراسیەت بەتەنیا ناتوانێت چارەسەری ئەو کێشانە بکات، کە شەقام بەرەو دابەشبوونی سیاسی دەبات، هەروەها دیموکراسیەتیش وەکو ڕێباز و ئاکام و ئەخلاق ناتوانێت چارەسەری بنەڕەتی هەموو ئەو کێشانە بکات، کە کۆمەڵگا دووچاری قەیران و کێشە دەکات. واتە گریمانەی ئەوە دەکرێت دیموکراسیەت یەکێکە لەو دروشم و بانگەشە سەرەکیانەی هەموو مرۆڤایەتی بەبنەمای چارەسەری دوور لە توندوتیژی سیاسی کێشەکانی دادەنێن، پێ دەجێت خودی دیموکراسیەتیش گومان هەڵگر بێت و نەتوانێت کۆتایی بنەڕەتی و یەکلاکەرەوە و لۆژیکی بێت بۆ هەموو جۆرە کێشەیەک.
دابەشبوونی سیاسی لەنێو ئەمەریکای دیموکراسی گومانی لە دیموکراسیش پەیداکردووە، بۆیە سەرۆکی ئەمەریکا نایشارێتەوە

کە (بەکارهێنانی توندوتیژی و هەڕەشە دژی سیاسییەکان مەترسیدارە) بەواتای ئەوەی ئەمە لەنێو ئەمەریکادا هەیە و پیادە دەکرێت و بەپێی ڕاپۆرتەکانی پۆلیسیش ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەم حالەتانە لەساڵی ٢٠٢١ گەیشتۆتە (٩٦٢٥ ) جار.

# هەڵبژاردنەکانی نۆڤێمبەری 2022
# ڕەچاونەکردنی ڕەچاونەکراوەکان

## (41)

هەڵبژاردنەکانی ئەم ساڵ ٢٠٢٢ ئەنجامی ڕەنگە ڕەچاونەکراوەکان بێت، خودی (بایدن) لەپێش ئاشکراکردنی کۆتایی دەنگەکان ڕەچاوی ئەو ئەنجامەی بۆ دیموکراتەکان نەکردبوو، پێی وابوو ئەمجارە ئەگەر پاشەکشەشیان کردبێت، وەکو هەڵبژاردنەکانی پێشوو دەنگەکانیان کەمی نەکرووە، واتە بەدۆڕان ڕازیی بوو، بەڵام دۆڕانێکی سووکتر. هەندێک لە دیاردە و گۆڕنکاریی و شتە ڕەچاونەکراوەکان باس دەکەین:

کەمایەتییەکان و هەنگاوی نوێ

وەکو دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامارژەیان پێکرد "شەپۆڵە سوورەکە" ڕووی نەدا، بەواتایەکی دیکە ئەوەی کۆمارییەکان لەهەڵبژاردن دابوویانە بەردەمی داس وا دەرنەچوو، ئەوەی دیموکراتیەکانیش

لێی دەترسان وا نەقەوما. بۆیە چاودێرەکانی لەئەنجامی ئەو شتە ڕەچاونەکراوەی، کە ڕەچاو دەکرا ئەنجامێکی دیکەی هەبێت، چەندین پرسیار لەبارەی چارەنووسی کۆمارییەکان دەکەن.
لەهەمان کاتدا کەمایەتییەکانی نێو ئەمەریکا پێش ئەم هەڵبژاردنە کۆمارییەکانیان بەشوێنی ئارام و پاڵپشتی بنەڕەتی خۆیان دەزانی، بەپێی هەندێک ڕاگەیاندن ئەمجارە کەمایەتییەکان پتر پێگە و دەنگی خۆیان لەڕیزی دیموکراتەکاندا بەرجەستە کردووە و پێیان وایە کۆمارییەکان بەرەو "سپییەکان" دەچێت. هەندێکیش ئەمە دەبەستنەوە بە بیرکردنەوەی "دۆڵاند ترەمپ" و لەهەمان کاتدا دەرکەوت لایەنگرەکانی ترەمپ نەیانتوانی وەکو پێویست لە هەڵبژاردنەکان دەنگ بهێنن.

ترەمپ ڕەخنە باران دەکرێت

بەهۆی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن (ترەمپ) ڕەخنە باران کرا، چونکە ئەمەی ڕوویداوە ڕەچاونەکراو بوو، لەنێو ڕەچاوکردنە زۆرەکانی دیکەدا، کە نەک هەر خودی کۆمارییەکان، بەڵکو دیموکراتەکانیش پێیان وانەبوو دەتوانن ئەم سەرکەوتنە بەدەستبهێنن. (دێڤید ئۆروبان) گەورە ڕاوێژکاری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ٢٠١٦ گوتی "کۆمارییەکان لە زۆر ولایەتی گەورەدا لەپێناو سەرکەوتن پشتیان بە ترەمپ بەستبوو، بەڵام ئەمە بەدی نەهات". ئەندامی پێشووی کۆنگرێس (پیتەر گینگ) کە

یەکێکبوو لەلایەنگرەکانی (ترەمپ) دەڵێت: "بەمتمانەیەکی بەهێزەوە پێم وایە دەبێت (ترەمپ) نوێنەرایەتی کۆمارییەکان نەکات". لەهەمان گاڤدا (کایلی ماکنانی) کەیەکێک بووە لە سکرتێرەکانی ڕۆژنامەنووسی کۆشکی سپی و داکۆکیکەرێکی سەرسەختی (ترەمپ)ە، گوتیەتی "پێویستە سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا بڕیاری خۆکاندێدکردنی بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دووابخات". بەهەمان شێوە (مایک سیر نوڤیتیش)ی پارێزگار دەڵێت: "پێویستە لەمڕۆ بەدواوە هیچ کەسێک مل بۆ ترەمپ شۆڕ نەکات". لەنێو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمەریکا هێرشێکی ڕەخنەگرتنی توند دژی (ترەمپ) دەستی پێکردووە، لەنێویاندا (فۆکس نیوز) بەوە ناسراوە دکۆکیی لە (ترەمپ) دەکات و گوتیەتی "ترەمپ لەبواری سیاسیدا لەلاوازترین دۆخ دایە".
لەهەمان کاتدا هەندێک لە کۆمارییەکان وەکو (ئیلیز ستیڤانیک) و (جی دی ڤانس) کە دوو بەرپرسی کۆمارییەکانن، دەڵێن "پێویستە ترەمپ خۆی هەڵبژێرێت".
(ترەمپ) نە بێ دەنگ دەبێت و نە وازیش لە گلەییە ڕاستەوخۆکانی دەهێنێت و دەڵێت ئەمەی کراوە ساختەکارییە و گلەیش لە دۆسەتەکانی خۆی دەکات، کە هانیان داوە پاڵپشتی کەسانی دۆڕاو بکات و دەڵێت "دۆسەتکانم هانیان دام پاڵپشتی کەسانی دۆڕاو بکەم". لەنێویاندا ئامازە بە کەسێکی وەکو (موحەمەد ئۆز) دەکات لە ویلایەتی پەنسلڤانیا و نەیتوانی دەربچێت.
بایدن ستایشی دیموکراسیەت دەکات

سەرۆکی ئەمەریکا (جۆ بایدن)یش ستایشی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی نۆڤێمبەری ٢٠٢٢ دەکات کە "خولی نیوەی هەڵبژاردن" ناسراوە دەکات و دەڵێت "ئەمە ڕۆژێکی نوێیە بۆ دیموکراسیەت و دەنگدەری ئەمەریکی و بایەخی بە مەسەلە سیاسییەکان و پاراستنی دیموکراستە دا، سەرباری نیگەرانیان لەبارەی تاوانکردن و پەرەپێدانی ئازادیی هەڵبژداردن و دەنگدەرکانمان، هاوکاری بەرنامە ئابوورییەکان و دووبارە ڕۆنانەوەی ڕێگا و پردەکان دەکەین سەرباری چارەسەری کێشەی ژینگە و دانانی باج لەسەر کۆمپانیا دەوڵەمەندەکان".




https://www.indystar.com/picture-gallery/opinion/columnists/varvel/2018/11/06/gary-/varvels-cartoons-voters/1778458002

(بایدن) لە ڕەچاوکردنێکی ڕەچاونەکراودا، کە پێی وابوو (کۆمارییەکان) زۆرینە لە کۆنگرێس بەدەست دەهێنن گوتی: "من هاوکاریان دەبم و نیەتی خۆی بۆ هەڵبژاردنی ٢٠٢٤ دەربڕی". هەر لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەی لە کۆشکی سپی لەبارەی ئەنجامی پێشوەختەی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند "هەست بە هیوا لەپرۆسەی هەڵبژاردن دەکات و ڕاستە دیموکراتەکان ژمارەیەکی کەمی کورسییەکانیان لە ئەنجوومەنی نوێنەران لەدەستداوە، بەڵام بەراورد بە چل ساڵی ڕابردوو لە هەڵبژاردنەکاندا ئەمە کەمترین ژمارەی لەدەستدانی کورسییەکانیەتی".

هێزی نوێی گەنج و ئافرەت لە کۆنگرێس

ئەمجارە لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس و ئەنجوومەنی پیراندا کەسانی نوێ و گەنج بۆ پێگەی دروستکردنی بڕیار و ئەم دوو ناوەندە گرنگەی ئەمەریکا هەڵبژێردران. زۆربەی هێمای "مێژوویی بوون"یان بەرزکردۆتەوە، چونکە ئەوکەسانە پێیان وایە دیوارە کۆنەکەیان ڕووخاند و لە هەڵبژاردنەکان بردیانەوە. ئەمجارە هەردوو حزب ژمارەیەکی بەرچاویان لەئافرەت و گەنج لەنێو لیستەکانیاندا هەبوو، ژمارەیەکی دیاریش لە ڕکابەرییەکانی هەڵبژاردن بردیانەوە. ئەو گەنجانەی لەم دوایانە لەدایک بوون و خۆیان وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی نوێ وەسف دەکەن، ئەمجارە بەڕێژەی ١٨٪ لەهەڵبژاردنەکان دەرفەت و چانسی بردنەوە و وەرگرتنی پێگەی سیاسی و

نوێنەرایەتیان چ لە ویلایەتەکانیان بێت، چ لە کۆنگرێس و ئەنجوومەنی پیران بەدەستهێنا.




https://theweek.com/cartoons/645324/political-cartoon-2016-election-hillary-clinton

دیموکراتەکان (ماکسویل فروست)ی تەمەن ٢٥ساڵیان وەکو بچووکترین نوێنەر هەڵبژارد و لەڕکابەرییەکانیش بردییەوە، ئەم کەسە لەمێژووی نوێنەرایەتی ئەمەریکا بەبچووکترین کەس لەڕووی تەمەنەوە دادەنرێت. ئەو لەدوای ساڵی ١٩٩٦ لەدایک بووە و یەکێکە لەچالاکوانە سیاسییەکان لە ویلایەتی فلۆریدا. لەهەمان کاتدا (ویس مۆری تەمەن ٤٤) ساڵ وەکو یەکەمین حووکمڕانی ڕەشپێست لە ویلایەتی ماریلاند لەسەر لیستی دیموکراتەکان لەدەنگدان بردییەوە، بەمەش (مۆر) دەبێتە یەکەمین حووکمڕانی ڕەشپێست لە ئەمەریکا. لەهەمان کاتدا (سارە ستاندزر تەمەنی ٤٤) یەکەمین ئافرەتە لەسەر لیستی

کۆمارییەکان لەم هەڵبژاردنە دەبێتە حاکمی ویلایەتی ئەرکنساس، پێشتر گوتەبێژی کۆشکی سپی بووە لەسەردەمی (ترەمپ)، کچی (مایک هکابی) حاکمی پێشووی ئەرکنساسە. هەروەها دادوەری گشتی (مۆرا هیلی تەمەن ٥١)ساڵیش لەسەر لیستی دیموکراتەکان بۆتە حاکمی ویلایەتی ماساتشوش و (بیکا بالینتی تەمەن ٥٤) ساڵیش، کە خۆی لەسەر دیموکراتە لیبرلاییەکان حیساب دەکات وەکو یەکەمین ئافرەت نوێنەرایەتی کورسییەکەی فیرمونت لە ئەنجوومەنی نوێنەران دەکات.



https://www.dreamstime.com/illustration/young-voters.html

(مارکواین مۆلین تەمەنی ٤٥) ساڵیش لەسەر لیستی کۆمارییەکان، کە سەر بە هۆزی (شیرۆکییە) و یەکێکن لە دانیشتووانە ڕەسەنەکانی ئەمەریکا، بووە ئەندامی ئەنجوومەنی پیران. ئەمە دەبێتە یەکەمین سیناتۆر لەدوای ماوەیەکی درێژ و

دەبێتە یەکەمین کەسیش لە ویلایەتی ئۆکلاهۆما دوای یەک سەدە نوێنەرایەتی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکەی بکات. لەهەمان کاتدا (کاسی هۆکۆلی تەمەن ٦٤) ساڵیش وەکو ئافرەتێک لەسەر لیستی دیموکراتەکان وەکو حاکمی نیۆیۆرک دانرا. لەهەمان کاتدا (کاتی بریتی تەمەن ٤٠ ) ساڵیش وەکو ئافرەتێک لەسەر لیستی کۆمارییەکان وەکو یەکەمین ئافرەت لە ویلایەتی ئاباما دەبێتە نوێنەر لەئەنجوومەنی پیران و ئەم ئافرەتە پارێزەرە و پێشتریش وەکو بەرپرسێکی باڵا لە کۆنگریس کاری کردووە.
لە ویلایەتی پەنسلڤانیاشدا (سەمەر لی ٣٤ ساڵ) وەکو یەکەمین ئافرەتی ڕەشپێست دەبێتە ئەندامی کۆنگرێس و یەکێکە لەڕێکخەرەکانی کرێکاران. (دیلیا رامیریز ٣٩ ساڵیش) وەکو یەکەمین نوێنەرانی لاتینییەکان لەویلایەتی ئیلینۆی دەبێتە ئەندامی کۆنگرێس، ئەمەیان کچی دایک و باوکێکی پەناهەندەی گواتیمالایە.

دوای ئەوەی سەرنج دانێکی خێرای ئەم زانیاریانەی نێو ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا، ئەوە دەبینین، کە چۆن ئەمجارە ئافرەت و پیاوی گەنج دەرفەتی زۆریان بۆ ڕەخساوە تاکو بگەنە پلەیەکی باڵا لەنێو ئەمەریکا، بەپێی بۆچوونەکانی (دیبی والش) وەکو بەڕێوەبەری ناوندەنێکی ئەمەریکی بۆ ئافرەت و سیاسەت لە زانکۆی ڕۆتگیرز لە ویلایەتی نیوجەرسی، لەسالانی داهاتوودا پێشبینی دەکریت ئافرەتە ئەمەریکییەکان ڕۆڵی گەورەتر ببین و دوور نییە لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٤یشدا لە ڕکابەری سەرۆکایەتی ئەمەریکا موفاجەئاتی لەم جۆرە ببینرێت.




https://www.indystar.com/picture-gallery/opinion/columnists/varvel/2018/11/06/gary-/varvels-cartoons-voters/1778458002

نزیکەی ٣٠٪ گەنجانی پێگەیشتوو لەنێوان تەمەنی ١٨ بۆ ٢٩ ساڵدا لەهەڵبژاردنی ئەمجارەی ساڵی ٢٠٢٢دا دەنگیان داوە، ئەمەش دووەم بەرزترین ڕێژەی بەشداریکردنی گەنجانە لەماوەی سێ دەیەدا. بەپێی توێژینەوەیەکی نوێی سەنتەری زانیاری و توێژینەوە لەسەر فێربوون و بەشداریکردنی مەدەنی لە زانکۆی تافتس، یانCIRCLE "ڕوونە کە گەنجان کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر خوولی ساڵی ٢٠٢٢ هەبووە"، لە ڕاپۆرتەکەدا ژمارەکان ئاماژە بەوە دەکەن ڕێژەی

بەشداریکردنی گەنجان لەهەندێک ویلایەتدا کە بنکە و شوێنی توندی یەکلاکەرەوەی ڕکابەرییەکانی دەنگدانن زیاتر بووە، بۆ نموونە لە ویلایەتی فلۆریدا، جۆرجیا، میشیگان، کارۆلینای باکوور، نیو هامپشایر، نیڤادا، ئۆهایۆ، پێنسیلڤانیا و ویسکۆنسێن، ڕێژەی بەشداریکردن بۆ ئەم گرووپە بەپێی تەمەنیان بە ڕێژەی ٣١٪ بەشدارییان کردووە، ئەمەش ڕێژەیەکی پێوانەییە، لە کاتێکدا بەشێوەیەکی گشتی و لە دەنگدانەکانی پشتووتردا بەشدیاریان تەنیا لە ٢٨٪ بووە.

بەپێی سەرچاوە بڕواپێکراوەکان کە هەمیشە بەداتا و ژمارەی وردەوە دەئاخڤن دەڵێن: لەم خوڵەی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢٢دا، ٨٩٪ گەنجانی ڕەشپێست و ٦٨٪ گەنجانی لاتینی دەنگیان بەکاندێدەکانی دیموکراتەکان داوە، لەکاتێکدا ٥٨٪ گەنجانی سپیپێست بەشداری دەنگدانیان کردووە. لەکۆی ٨.٣ ملیۆن گەنجی تازە کە مافی بەشداری و دەنگدانی هەیە لەخوڵی ساڵی ٢٠٢٢دا، نزیکەی ٣.٨ ملیۆن گەنجی فرەڕەنگی ڕەگەز و ڕەچەلەک جیاواز، کە ٢ ملیۆن لاتینین، ١.٢ ملیۆن گەنجی ڕەشپێستن، ٥٠٠ هەزار ئاسیایین و ٨٠ هەزاریی دیکەش لەبنەچەدا ئەمریکین بەشداریان لەم پرۆسەی دەنگدانە کردووە.

# یەکەم قوتابی ڕەشپیست
# لە ئەمەریکا دەچێتە زانکۆ..!!؟؟

## (42)

لە ٣٠ ئەیلول/ سپتێمبەری ١٩٦٢، دە هەزار سەربازی ئەمەریکی بەفەرمانی سەرۆکی ئەو کات (جۆن کیدنی) بەرەو شاری (ئۆکسفۆر) لە ویلایەتی (مسیسیبی) لەخوارووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جووڵەی پێکرا و بەڕێکخرا، ئەمەش بۆ ئەوە بوو تاکو یەکەمین قوتابی ڕەشپێست بەناوی (جێمس مریدیس) بتوانێت بچێتە نێو حەرەمی زانکۆی مسیسیبی، ناردنی هێزی سوپا بۆ ئەوەبوو بڕیاری دادگای باڵای فیدرالی جێبەجێ بکرێت.

لای هەمووان ڕوونە ئەو کات چەوسانەوە و جیاوازییەکی گەورە لەنێوان سپی و ڕەشەکان لەئارادابوو. ئەم بڕیارەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کاری تێکدەرانە و ئاژاوە لە شارەکەدا.

لە خۆپیشاندان و بەیەک دادانەکانی ئەوێ ڕۆژی دوو کەس کوژران، یەک ڕۆژ دواتر (میریدیس) توانی بچێتە نێو زانکۆ و

دەست بەوەرزی خوێندنی خۆی بکات، شان بەشانی ئەو نارەزایەتییە مەدەنیانەی ئەو کات دژی رەگەزپەرستی لەئارادابوو. چیرۆکێکی سەیر، نارەزایەتی ئەو کات توندوتیژیشی بەخۆوە بینیبوو، بزاڤی مەدەنی لەپێناو سرینەوەی یاساکانی رەگەزپەرستی و بەدیهێنانی یەکسانیی لەنێوان سپیپێست و رەشپێستەکانی نێو ئەمەریکا لەبەهێزبوون دابوو.



https://aaregistry.org/story/first-black-graduates-from-ole-miss/

سەد ساڵ بەر لەو رووداوە لە ١٨٦١دا دوای هەڵبژاردنی (ئیبراهام لینکۆلن) بەسەرۆکی شازدەهەمی ئەمەریکا، ویلایەتەکانی خوارووی ئەمەریکا پێبەپێ خۆیان لە بڕیارەکانی فیدرالی جیادەکردەوە لەپێناو پاڵپشتیکردنی دامەزراوەکانی

کۆیلایەتی، ئەو کات (مسیسیبی) ڕایگەیاند "ئێمە بارودۆخمان پەیوەستە بەدامەزراوەکانی کۆیلایەتی، گەورەترین دەستکەوتی دارایمان لەوە دەست دەکەوێت".
بەپێی سەرچاوە مێژووییەکانی نێو ئەمەریکا و ئەو زانیاریانەی ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا لەبارەی ئەم بیرەوەرییە بڵاوی دەکەنەوە، لە ماوەی ٣١ ساڵدا ٢٨٦٧ ڕەشپێست بێ دادگایی کردن لەسێدارە دراون. بێگومان ئەو کات هیچ بکوژێک نەدراونەتە دادگا بۆ ئەوەی سزای یاسایی بدرێن، بزاقی مەدەنی لە چلەکان و تاکو کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەم درێژەی کێشا و داوایان دەکرد هەموو ئەمریکییەک بەپێی دەستوور مافەکانی پارێزراو بێت، بێ ڕەچاوکردنی ڕەنگ و نەژاد و ڕەگەز و ڕیشەی نەتەوەیی.
ئەم قوتابییە ڕەشپێستە سەربازی هێزی ئاسمانی ئەمەریکی بووە، کاتێک داوای خوێندن پێشکەشی زانکۆ دەکات، وەردەگیرێت، بەڵام دواتر بۆیان ئاشکرا دەبێت ئەمە ڕەشپسێتە، بڕیاری قبوڵکردنەکەی هەڵدەوەشێننەوە، بەڵام دادگای باڵای فیدرالی بڕیارەکەی زانکۆ ڕەت دەکاتەوە و بڕیارێک لەقازانجی (میریدیس)ی قوتابی دەردەکات و بەمەش ئەم قوتابییە دەبێتە یەکەمین قوتابی ڕەشپێست کە بەپێی بڕیاری دادگا دەچێتە زانکۆی مسیسیبی و لەوێ دەست بەخوێندنی ئاسایی خۆی دەکات. نەک هەر ئەوە لە ٢٨ی ئەیلولی ١٩٦٢ بڕیارێک بەسزای ١٠ هەزار دۆلار و دوورخستنەوەی لەکار دژی پارێزگاری ئەو کاتی شارەکە دەردەچێت، کە بەردەوام دەستی لەکاروباری یاسا وەرداوە و هانی ڕەگەزپەرستی داوە و ڕێگربووە لەخوێندنی

قوتابییە ڕەشپێستەکان. بۆیە (کیندی) ناچاربووە لە ٣٠ ئەیلوول ١٩٦٢ لەڕێگەی ناردنی دە هەزار سەرباز بۆ ئەوەی ئەم قوتابییە بچێتە نێو زانکۆ فەرمانێکی تایبەتی بۆ جووڵاندنی هێزی سەربازی دەرکردووە.
ئەم پیاوە ڕەشە، کە ڕۆڵێکی دیاری لەنێو بزاڤی مەدەنی هەبووە لەدایکبوونی ٢٥ حوزەیرانی ١٩٣٣یە، لە گەرەکی (کوسیوسکو)ی ویلایەتی (مسیسیبی) لەدایکبووە و یەکەمین قوتابی ڕەشپێستە دەچێتە نێو زانکۆ مسیسیبی بۆ ئەوەی دەست بەخوێندن بکات و لە ١٩٥١- ١٩٦٠ خزمەتی سەربازی لەهێزی ئاسمانی ئەمەریکی کردووە و ساڵی ١٩٦٠-١٩٦٢ لە زانکۆی جاکسۆنی حکوومی خوێندوویەتی پێش ئەوەی بچێتە زانکۆی مسیسیبی. ساڵی ١٩٦٣ لەزانستە سیاسییەکان بڕوانامە بەدەست دەهێنێت و لەساڵی ١٩٦٦ جارێکی دیکە لەچوارچێوەی بزاڤی "دژی ترس" نێوبانگ پەیدا دەکاتەوە و هانی کاندیدە ڕەشپێستەکان دەدات بۆ ئەوەی بەشداری سیاسی لەنێو وڵاتدا بکەن. لە بەپێ ڕۆیشتنێکی مێژوویی کە درێژییەکی ٢٢٠ میل بووە، لەنێوان شاری (ممفیس) لەویلایەتی تێنسی بۆ شاری (جاکسۆن) لە ویلاتەی مسیسیبی، لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٦٦ بەگولەیەکی نیشانشکێن بریندار دەبێت و دواتر دەگەڕێتەوە نێو بزاڤە مەدەنەییەکان. هەمان ساڵ بیرەوەرییەکانی بەناوی سێ ساڵ لە مسیسیبی لە چاپخانەی زانکۆی ئیندیانا بڵاو دەکرێتەوە.
مەبەستمان لەبیرهێنانەوەی ئەم چیرۆکە مێژووییە گرنگە ئەوەیە هیچ بزاڤێکی مەدەنی دژی ڕەگەزپەرستی و توندوتیژی و فاشیەت لەهیچ کوێیەکی دونیا بەئاسانی و بێ قوربانی و بێ

ڕووبەڕووبوونەوە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. دەیان و هەزاران فیلم و کتێب و دۆکۆمێنت لەبارەی بزاڤی مەدەنی و جیاوازیی ڕەگەزپەرستی لەنێو ئەمەریکا و لەبارەی مێژووی چەوسانەوەی کۆیلە ڕەشەکان بڵاوکراوەتەوە، وەکو بەشێک لەمێژووی ئەم وڵاتە دەخوێندرێت و بایەخی پێ دەدرێت. لەهەمان کاتدا تاکو ئەمڕۆش هەست بەجیاوازیی لەنێوان پێکهاتەکانی ئەمەریکا دەکرێت، لەم ماوەی دوایدا زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاماژە بەمەترسی دەرکەوتنەوەی ئاراستەیەکی ڕاستڕەوی توندڕەو لە ئەمەریکا دەکەن، کە ئەمەش دەبێتە سەرەتایەکی مەترسدار بۆ دابەشبوونی شەقامی ئەمەریکی و سنووردارکردنی دیموکراسیەت و پەرەسەندنی ناکۆکی و گەڕانەوە بۆ توندوتیژی. بەشێک ئەمە بەململانێی نێوان دیموکراتەکان و کۆمارییەکان دەبەستنەوە.